سیروان کاوسی

کۆبەرهەم - ژمارە 2

# زنجیرەی وتار

# و وتووێژ

# لە گەڵ

# ڕاگەیاندنی کوردی

چاپی یەکەم، کۆنکان - تایلاند

مانگی جۆزەردانی 2019

سیروان کاوسی

# کۆبەرهەم (ژمارە 2)

## زنجیرەی وتار و وتووێژ
## لەگەڵ ڕاگەیاندنی کوردی

کۆنکان- تایلاند 2019

ناوی پەرتۆک: کۆبەرهەم – ژمارە 2

نووسەر: سیروان کاوسی

رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی

چاپی یەکەم، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ،

تایپ و ئامادەکردنی پەرتۆک: سیروان کاوسی

ئەژمار: .........

مافی چاپکردنەوەی بەدەست نووسەرە.

# پێرست

ئەم پەرتۆکە پێشکێشە بۆ ......................................... ل 7

مێژووی لائیسیتە، سیکۆلاریزم و بیری بنچینەگری ئیسلامیی ......................................................................... 11

بیرەوەرییەک و، چەند دێڕیک لەیادی 24 ساڵەی ''ئەنفال' دا! ................................................................... 31

لەشەڕ و پێکدادانی حیزبایەتییەوە بۆ ململانێی زاراوە و ئەلفوبێی ''سۆرانی''، ''لاتینی''.................................. 41

دیمانەی ''ڕۆناهی TV''، لەگەڵ سیروان کاوسی ............ 72

دیمانەی ڕۆژنامەی ''هاووڵاتی'' لە گەڵ سیروان کاوسی 82

هۆکارەکانی تێرۆری سەکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا سۆیلەمەر ، لەپاریس ................................................ 92

وتووێژی نووچەنێت لە گەڵ سیروان کاوسی ................ 99

لاپەڕەیەک لە مێژوویەکی ونبوو، ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی گەلێکی نووستوو ..................................... 104

کەمپینی بایکۆت کردنی هەموو جۆرە شتوومەکی
تركی ........................................................... 160

چەند دێڕێک لەبارەی''ئاڵا''ی کوردستانەوە ................ 163

وتووێژی رۆژنامەی خەبات لەگەڵ سیروان کاوسی....... 171

وتووێژ لە بارەی پرسی رفراندۆم و، سەربەخۆیی کوردستان
................................................................... 174

هەڵوێستی ژمارەیەک لە نیشتمانپەروەرانی کوردستان، لە
بارەی راپرسیی باشووری کوردستان .......................... 184

پیرۆزبایی نامە و، ئاماژەیەک بۆ دۆخی پڕ مەترسی دوای
راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان .............................. 195

چەن وشەیەک لەبارەی نیشتمانفرۆشان و دۆخی ئێستا 205

وتووێژی ''گۆڤاری پۆلیتییاجۆرنال - ژمارە 2، لەگەڵ سیروان
کاوسی ........................................................... 211

## پێشکێشە بۆ:

ئەم پەرتۆکە پێشکێش دەکەم بەو کەسەی لە سەرووی تینوتێی خاک بۆ ئاو، گیا بۆ هەتاو، زیندانیی بۆ ئازادیی، لە سەرووی باوەڕی پێڕەوکاری هەر ئاین و ئاینزایەک، دەیپەرستم و پیرۆزترینە لام.



پێشکێشی دەکەم بە یەکەم مامۆستای ژیانم، فێری زمانی شیرینی کوردی کردم، فێری کردم شتێک لە سەرووی ماڵی دنیا و پووڵ و سامانەوەیە، ئەویش سەربەرزانە و ئاوڕوومەندانە ژیانە. پێشکێشی دەکەم بەو کەسەی ماڵ و سامان و هەرچی هەیبوو،

کەوتە بەر شاڵاوی لەشکری مرۆڤخۆرانی سەردەم، جگەرگۆشەکانی دوویان لە شاخ و یەکیان مێردمنداڵێکی پانزەساڵ لە نێو دۆزەخی شەمشەمەکوێرە، خۆشی لە گەڵ هاوسەری زەردەشت ئاسای و کوڕێکی بچکۆلانە و دوو کیژووڵەی خەمباری هەناسە ساردی چاو بە فرمێسک، لە شەوێکی سەهۆڵبەندان و بەستەلەکی زستانی سەقز، راگوێزران، کلوو کلوو بەفری رێگەی بێبڕانەوە هەتا بیابانەکەی **''فوولاد شاری ئەسفەهان''**، فەرشی سپی بۆ راخستن.

ئەم پەرتۆکە پێشکێشی دەکەم بەو کەسەی ساڵانێکە ''ئاڵا هەتاو گەشەکەی'' لەنێو گلێنەی چاوی حەشاری داوە ، لەگەڵ هەڵهاتنی بوومەلێڵی بەیانیی، هەڵیکا و جێژنی هاتنەدی ئاواتەکانی بگێڕێ.

ئەم کەسە مەزن و پیرۆزە دایکمە. دایکی پیرۆز و مەزنم. **ئامینە خانمی تانجمیری**. ماوەی مانگێکە لە جێدا کەوتووە و، لە بەربەرەکانێی سەخت دایە لەگەڵ جەڵتەی مێشک.

دایە گیان، بە درێژایی هەموو چرکەیەکی پێنج ساڵ دەسبەسەریت، بە قەد هەموو ئەو چرکە و ساتانەی لەبەر دەرکی زیندان چاوەڕێی دیداری تەواری بەرزەفڕی کچت دەکرد، بە گۆمی فرمێسکی دەیان ساڵەت، بە درێژایی بست بە بستی سەدان فرسەخ هاتووچۆی کەژ و شاخان و ئەم دیو و ئەو دیوی نیشتمانت، پێت ماچ دەکەم، سەری رێزت بۆ دادەنەوێنم.

دایە گیان، گەورەیی تۆ و کەسایەتیی بەرزی تۆیە، هەر کە نەخۆش کەوتی، منداڵانی دەسپەروەردەت، نەوەکانت و خزمانت

پێکەوە وەک گلێنەی چاوی خۆیان، وەک کۆرپەیەکی ساوای تازە لەدایکبوو، خزمەتت دەکەن. خۆ دەبینی سەدان هاوڕێ و ناسیاری دوور و نێزیک دێنە سەردانت. تەنانەت دەروێشە شەیداکەی ئازادیی وڵات، لە سەقزەوە خۆی گەیاندەلات و، بە کوڵ گریا و وتی: **''شین بۆ دایکی کورد دەگێڕم، ئاوای بەسەر هاتووە!''.** ئەمانە هەمووی وەرامێکە بۆ رابردووی پاک و خاوێنت، بۆ بوێری و ئازایەتی و هەست و هەڵوێستی بەرزت، بۆ دڵسۆزیی لە رادە بەدەرت.

دایە گیان، ئەم پەرتۆکە، دڵۆپێکە لە زەریای خەم و ئاواتی بەرزت. چڵەپۆشێکی نێو خەرمانی ژیانی پڕ لە چەرمەسەریتە، پێشکێشی تۆی مەزن و بوێر و ئازا و دڵسۆزی دەکەم. بە جەستە لێک دوورین و، ناتوانم هەموو بەیانییەک پێت ماچ بکەم و سەری رێزت بۆ دانەوێنم، بەڵام خۆشت دەزانی بە هەست و هزر بۆ ساتێکیش لێک دانەبڕاوین.

هیوامایە ئاواتی دەیان ساڵەت بێتەدی. تاریکی و شەوەزەنگ بڕوێتەوە، لە ئاسۆوە رۆناکیی سەرهەڵدا، بە دیداری یەک شادبینەوە، هەوای ئازادی هەورامان و ژاوەرۆ و هەموو وڵات هەڵمژینەوە.

**خۆڵ و تۆزی ژێر پێت:**

**سیروان**

**دووشەمە: 12/6/2019**

# مێژووی یاسای جیاکردنەوەی ئاین
# لەدەوڵەت و دەسەڵاتدارێتیی سیاسی
# لائیزیزم Laizizm سێکۆلاریزم Secularizm
# و، بیری بنچینەگری ئیسلامیی
# <u>Islamisme Fundamentalisme!(*)</u>

پەرلەمانی فەرانسە، ساڵی 2005 ی زاینیی، یادی 100 ساڵەی پەسندکردنی **''یاسای لائیسیتە'' (Laîsîtê)** ی کردەوە. چەند مانگێک پێش ئەم یادکردنەوە مێژووییە، سێ زانا و کۆمەڵناس و پسپۆڕی جیهانیی بەناوی **خاتوون میشولین میلۆ ( Micheline Milot)** لەوڵاتانی **کانادا، بەڕێز ژان بۆبرۆ (Jean Baubêrot) لە وڵاتی فەرەنسا، بەڕێز رۆبێرتۆ بلانکارت (Robert Blankarte) لەوڵاتی مەکزیک**، دوای پێداچوونەوە و شیکردنەوەی یاسا کۆنە پەسندکراوەکەی پەرلەمانی فەرەنسا کە ساڵی 1905 بڕیار درابوو لەسەری، گەلێک تێبینی و بۆچوونی تازەیان خستەسەری و، ناردیان بۆ 250 کۆمەڵناس و زانا و مامۆستای زانستگە لە وڵاتانی **ئینگلیز، ئەمریکا، ئەڵمانیا، نۆروێژ، سوێد، هۆڵەند، رووسیا و ئارژانتین** و ...هتد، کە ئەمانەش هەڵسەنگاندنی وردیان کرد لەسەری و، بۆچوون و زانیاریی خۆیانیان خستەسەر پڕۆژەکە و، ناردیانەوە بۆ فەرەنسا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دوای پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانی فەرەنساوە، بەناوی **''یاسای**

**لائیسیتە'' لەسەدەی 21** لە سەرتاسەری جیهان کاری پێ بکرێ و، هەوڵ بدرێت بۆ جێبەجێکردنی. پاشان دەقی پرۆژەیاساکە، بە زمانەکانی **فەرەنسی و ئینگلیزی و سپانی و رووسی و چینی و ژاپۆنی و عەرەبی** و چەندین زمانی دیکە بڵاوکرایەوە.

ئەورۆکە 112 ساڵ بە سەر یاسای لائیزیزم تێدەپەڕێت، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەتیی لە رۆژهەڵاتی ناڤین، دیکتاتۆری و چەوساندنەوەی رەگەزی و ئاینی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و، بێڕیزی کردن بە مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی گەلانی بندەست لەوانە نەتەوەی کورد، بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

**''لائیزیزم''** لەزمانی فەرەنسا **''لائیسیتە''** ی پێدەگوترێت، لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و، مانای جیاکردنەوەی ئاینی هەیە لە حکوومەت و دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی. لائیسیتە لە وڵات و کۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵدەدا کە حکوومەت رەوایەتی **(شرعیت)** ی خۆی لە ئاین، یان ئاینزایەکی تایبەتەوە وەرناگرێ و، تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە، دەتوانن بە سەربەستیی سوود لەو مافانە وەربگرن کە بە پێی یاسای دێمۆکراتیکی وڵاتەکەیان بۆیان رەچاوکراوە.

**لائیسیتە لە 3 خاڵی بنگەهین پێکهاتووە:**

**1-** سەربەخۆیی تەواوی حکوومەت و ناوەندەگشتییەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر ئاین.

**2 -** هەر کەس ئازادە لە بیروباوەڕ و پاراستن و پێڕەوکردنی ئاین، یان ئاینزای خۆی، هەروەها ئەگەر باوەڕی ئاینیی نەبێت.

**3 -** هیچ چەشنە هەڵاواردن و جیاوازییەک دانانرێت لەنێوان ڕەگەزی ژن و پیاو، ڕەنگی پێست، ئاین، ئیدۆلۆژی سیاسی و نەتەوە. تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە بەپێی یاسا خاوەنی مافی یەکسانن.

لائیسیتە پاوانی هیچ کولتوور و نەتەوە و کیشوەرێکی تایبەت نییە و، نیازێکی گشتیی کۆمەڵگەی جیهانییە کە بتوانێت دنیایەکی دوور لە هەر جۆرە دیکتاتۆری و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئاینی و چینایەتیی بۆ وەچەکانی داهاتوو لە ئاستی هەموو جیهان دابین بکات.

بیری لائیزم سەرچاوە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ **شۆڕشی 1789 ی فەرەنسا** و بزووتنەوەکانی دژ بەکلێسەسالاریی لەسەدەی هەژدە، کە ڕێخۆشکەربوون لەهەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی **پاریس** لەساڵی 1871 و لاپەڕەیەکی گەش و نوێی لەبەردەم ئازادیخوازانی نەک هەر فەرەنسا، بەڵکو تێکڕای ئۆرووپا کردەوە و **یەکەمجار لەلایەن پەرلەمانی فەرەنساوە لەساڵی 1905 یاسای جیاکردنەوەی ئاین لە حکوومەت پەسندکرا**. کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی بیست هاوکاتبوو لەگەڵ پەرەسەندنی بیری ئازادیخوازی و پێشخستنی ئازادیی کۆمەڵایەتیی لەکیشوەری ئۆرووپا و پاشەکشەکردنی پاپا و کلێسە لە حکوومەت و دەسەڵاتدارێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی. بەڵام ئەم پاشەکشەکردنە لە ئاستی ئۆروپا وەکیەک نەبوو، چۆنکە **لەوڵاتانی باکووری ئۆروپا وەکو نۆروێژ و سوێد و دانمارک و فنلاند، هەروەها لە ئاڵمانیا و ئینگلیز، کە پرۆتستانتیسم (1*) و**

**ڕێفۆرماسیۆنی مەسیحیی، مێژوویەکی 500 ساڵەی لەنێویاندا هەیە، چینی ئایینی وەک باقی شوێنەکانی دیکەی ئۆرووپا لەلایەن پێشکەوتنخوازانەوە پەلامار نەدرا، هاوکات خێراتر توانییان لە دەسەڵاتی کلێسە کەم بکەنەوە و ناچاریکەن ملکەچی یاسایەک بێت کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە پەسنددەکرێت، لەمەوە بیرێکی سیاسیی نوێ بەناوی ''سێکۆلاریزم'' هاتەکایە. ئەگەرچی سێکۆلاریزم وەک لائیزیزم ئاین و دەوڵەتی لەیەکدیی جیاکردەوە، بەڵام ڕێی لەبەردەم چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی چینی ئاینیدا نەگرت.**

لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەکانی رۆشنبیریی ئۆرووپا کە بە **''ڕێنێسانس''** نێویڕۆیوە، لە سایی سوودوەرگرتن لەو دێمۆکراسییەی کە ئازادیخوازانی ئۆرووپا بە خوێنی خۆیان بە دەستیان هێنابوو، چینی ئاینی توانی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا ڕێکبخا و، حیزب و ڕێکخراوە و تلویزیۆن دابنێ و چاپەمەنیی بڵاوبکاتەوە و لە ئاستی هەموو ئۆرووپا بە ناوی پارتی **دێمۆکراتمەسیحییەوە** لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی بکات.

**بەکورتی دەتوانین سێکۆلاریزم لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا پێناسە بکەین:**

**1-** جیاکردنەوەی ئاین لەبەڕێوەبەرێتیی کۆمەڵگە و حکوومەت. تێکڕای ناوەندە گشتییەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر ئایندا سەربەخۆن و، لەیاسادا ئاین وەک پرسێکی کەسی (شەخسی) چاویلێدەکرێت.

**-2** سێکۆلاریزم بەواتای گواستنەوەی هەموو ئۆرگان و ناوەندەگشتییەکانی کۆمەڵگەیە، لەئاینەوە بۆ چوارچێوەی نائاینیی.

لە روانگەی **''کارڵ شمیت (**)''** ەوە، سێکۆلاریزم ئاڵوگۆڕ پێکردنی فەلسەفە و پەروەردە و کولتوور و سیاسەت و ئابووری و دەسەڵاتدارێتیی سیاسییە، لە کلێسەوە بۆ دەوڵەتی مۆدێرنی نائاینیی.

بەکورتی، لە سایی ئەم دوو دیاردە سیاسی وکۆمەڵایەتییەوە **(لائیزیزم و سێکۆلاریزم)** حکوومەتەکانی رۆژاوای ئۆروپا و چەن وڵاتێکی دیکە لە دنیا توانیویانە ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ تێکڕای دانیشتوانی وڵاتەکانیان دابین بکەن، لێ، ماوەی چەندساڵێکە لەوڵاتانی **سکاندیناویا،** لە **ئەڵمانیا، ئینگلیز** و **فەرەنسا** و بەگشتی لە رۆژاوای ئۆرووپا، ئێمە شاهیدی پەرەسەندنی رەوتێکی رەگەزپەرستانەین و، کەشێکی دژ بەپەنابەران پەیدابووە. هەروەک هاوینی رابردوو لەوڵاتی نۆروێژ فاشیستێک بەناوی **''برێڤیکس'' Breviks** بەنیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەرامبەر سیاسەتەکانی حیزبی دەسەڵاتداری سوسیالدێمۆکرات، بۆمبێکی بەهێزی لەبەردەم نووسینگەی سەرۆکوەزیراندا تەقاندەوە، پاشان هێرشیکردە سەر جێژنی لاوانی پارتەکە لە دورگەیەکی دەرەوەی ئۆسلۆ بەڕێوە دەچوو، بەدەسرێژی گوللە هەشتا لاوی کوشت و چەندەهای دیکەشی بریندارکرد.

ئۆرووپا کە بەناوەند و چاوکانیی ئازادی ودێمۆکراسی نێوبانگی هەیە و، رۆلێکی مەزنی لەپێشخستنی ئازادی و دێمۆکراسی

لەکیشوەری خۆی و لەئاستی هەموو جیهان گێڕاوە و، لەپێشی هەموویانەوە، وڵاتی فەرەنسا کە بە دایک و لانکەی بیری لائیسیتە دەناسرێت، ئەوڕۆکە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پەرەپێدان بەبیری رەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی ئاینیی دەستیان هەیە، کە ئەمەش بەتەواوەتیی بەپێچەوانەی هەموو ئەو یاسا و پرنسیپانەیە کە بناخەی سیستەمی سێکۆلاری رۆژاوای ئۆرووپای لەسەر بنیادنراوە. بۆ نموونە، **دەولەتی سارکۆزیی** لە بەرامبەر پەنابەرانی دانیشتووی فەرەنسا کە زۆرینەیان لەوڵاتانی **ئاسیا و ئەفریقاوە** هاتوون، بەئاشکرا پشتیوانیی لە رێکخراوەکانی توندئاژۆی وڵاتەکەی دەکات. یان **خاتوون ئەنجێلا مێرکل (Angela Merkel) سەرۆکی ئەڵمانیا لە بۆنەی رێکخراوی لاوانی پارتی دێمۆکراتمەسیحیی وڵاتەکەیدا دەڵێت: ''ئێمە لەگەڵ بەهاپیرۆزەکانی ئاینی مەسیحیدا جۆشدراوین و هەر کەسێک ئەمە پەسندنەکات، ناتوانێت لێرە بژیت...!''**

**ئەمە لەکاتێکدا بەپێی یاسای رژێمەکانی سێکۆلاری وڵاتانی ئۆرووپا، تێکڕای دانیشتوانی وڵات سەرەڕای جیاوازیی رەگەزی و ئاینی و نەتەوەیی و بیروباوەڕ، دەبێ مافیان وەکیەک پارێزراوبێت.**

سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی لە **پورتۆگال و یۆنان و سپانیا** و هەروەها لە **فەرەنسا و ئینگلیز** و پەرەسەندنی رێژەی بێکاریی زەوینەی خۆشکردووە بۆ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی لەنێو گەلانی ئۆرووپا دژ بە حکوومەتەکانیان. هاوکات، **''حیزبەکانی راست''** کە لەسەر بنچینەی دژایەتیی رەگەزی و پاراستنی بەرژەوەندیی

چینەکانی خاوەندەسەڵات دامەزراون، تێدەکۆشن رووی دژایەتییەکان بەرەو لای پەنابەرانی دانیشتووی ئۆروپا راکێشن. بەردەوامی و پەرەسەندنی زیاتری ئەم دیاردەیە بەپلەی یەکەم زیان لە سیستەمەکانی سێکۆلاری ئۆرووپا دەدا، ئەوجا زیانی بۆ پەنابەرانیش دەبێت کە زۆرینەیان دەیان سالە نیشتەجێی ئۆرووپان و رۆڵی بەرچاویان هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و خزمەتگوزاریی.

## جیاوازیی نێوان زانست و ئاین!

پاش خوێندوەی ئەو چەن دێرەی سەرەوە لەبارەی سیکۆلاریزم و مێژووەکەی، جیاوازیی نێوان ئاین و زانست دەخەینەڕوو کە چاوکانی و بناخەی بیری لائیسیتە و سیکۆلاریزمی لەسەر داڕێژراوە!

**''ئاشکرایە، بنچینەی هەموو ئاینێک لە میتۆلۆژیا و باوەڕەوە هاتووە، باوەڕکردن بەرووداوگەلێک کە لەسەرووی توانای جەستە و بیری مرۆڤەوە بێت، وەک کرداری پەرجۆ (معجزە). مرۆڤی خاوەنباوەڕ، خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەر و بێسنووری بەرامبەر باوەڕەکەی هەیە و، ئاینی خۆی بەڕاست و رەوادەزانێ و رێ بەخۆی و بەکەسی دیش نادات بەچاوی شکوگومانەوە بڕوانێتە ئاین و باوەڕەکەیەوە. ئاین لە خۆشەویستی و ئەڤینی بێسنوورەوە سەرچاوەدەگرێ کە بەزۆر بەریناگیرێ و لەنێو نابرێت. باوەڕ بەپێچەوانەی زانست، بەتاقیکردنەوە و بە بەڵگە ساخناکرێتەوە و، مشتومڕی لەسەرناکرێت. باوەڕی باوەڕداران**

**نەگۆڕە و، بەتێپەڕبوونی چاخ و سەدەکان دەقەکانی وەک خۆی دەمێننەوە''.** (ئەم کۆپلە تۆخکراوەی سەرەوە، بە هێندێک گۆڕانەوە لە لاپەڕە (3) ی پەرتۆکی **(فەسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا''** لەنووسینی **دوکتۆر جەمال نەبەز** وەرگیراوە،

بە پێچەوانەی ئاینەوە، زانست لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی بەردەوام و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و هەڵوەشاندنەوە و سەر لە نوێ داڕشتنەوە و پشتبەستن بە ئەزموون و داهێنان پەیدادەبێت. زانست لە هەموو ئەو دیاردانە دەکۆڵێتەوە کە لە دنیای خۆی و دەرەوەی خۆیدا دەیانبینێت، یان بیریان لێدەکاتەوە. هەر لەمەشەوە بووە، هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی لە هەموو بوارەکاندا پێیگەیشتووە و لەداهاتوودا پێیدەگات، لەزانستەوە سەرچاوەیان گرتووە.

## رۆژهەڵاتی ناڤین و سێکۆلاریزم!

سیستەمی سیکۆلاریزم و بیر و کولتووری پێکەوەژیانی جیابیرانی سیاسی و ئاین و ئاینزاجیاوازەکان و گەلەجیاوازەکان لە دنیای ئیسلام بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناڤین بە تایبەتی، لەبەر دوو هۆکار، بوونی نییە و، دەبێ بڵێین هێشتا زۆریماوە ئەم دیاردە پێشکەوتووە کە ناوی ئازادی و یەکسانییە، لەدەرگەی وڵاتانی ئیسلامیی بدات. چۆنکە سەرجەمی ئەو رژێمانەی دەسەلاتی وڵاتانی ئیسلامییان بەدەستە، کۆمەڵەرژێمێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆر و پاوانخواز و دژ بە ئازادین و، دەولەتانی

ڕۆژاوا لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان، چاوپۆشییان لە ستەمکاریی ئەم ڕژێمانەیە بەرامبەر خەڵکی خۆیان و گەلانی دەوروبەر و بندەستیان کردووە. ئەمەش وایکردووە، سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ولاتانی ئیسلامیی بە دواکەوتویی بمێنێتەوە و، لەباتی هاتنەکایەی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەندیکای جۆراوجۆری سەربەخۆی پیشەیی، تاکە حیزبێک و تاکە سەرۆک و بنەماڵەیەک، دەسەڵاتی وڵات و حکوومەتی بەدەستبێ. لەسەرووی ئەم کێشانەوە، فەرهەنگی چەقبەستووی سەدان ساڵەی هۆزایەتی و ئاینیی، سەرتاپێی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتانەی تەنیوە و، باڵی بەسەر ئاسمان و زەوینی دنیای ئیسلامدا کێشاوە. زیاتر لە سەت سالە، تەواوی ئەو بزووتنەوە و شۆرشانەی لەنێو گەلانی موسڵمان دژ بە کۆلۆنیالیزم و، ڕژێمەکانی ستەمکاری خۆیان هەڵگیرساون، بە بیروباووەڕی ئیسلامی و سەرۆکایەتییەکەشی لەلایەن شێخ و مەلا و بنەماڵە ناسراوەکانی ئاینی ئیسلام و ڕێکخراوەی ئیسلامییەوە ڕێبەرێتیی کراون. لەهێندێک لەم ولاتانی ئیسلامیی، لەڕێگەی کودەتای سەربازییەوە، ڕژێمی **''نیوە لائیک - نیوە ئیسلامیی''** دامەزرێندراوە و، پاڵیداوە بە یەکێ لە زلهێزەکانەوە، وەک لە **میسر و پاکستان و لیبی و سووریا و ئەفغانستان و ڕژێمی حەمەڕەزاشای ئێران ڕوویدا کە ئەمەی دواییان لەڕێگەی کودەتا و بەنەخشەی ئینگلیز و ئەمریکا و لابردنی دەوڵەتی محەمەد موسەدق سەرۆکوەزیرانی ئێران لەساڵی 1953 هاتەوە سەر تەختی پاشایەتیی.**

جا ئەم رژێمە وابەستە و دەسکردانەی ئیمپریالیزم و زلهێزەکان، بەلاساییکردنەوە لە سیستەمی سیاسیی رۆژاوا و ئەو دێمۆکراسییەی لەرۆژاوا هەیە، هێندێک ئازادیی کۆمەڵایەتییان دا بە خەڵکی خۆیان، وەک کردنەوەی سینەما و پەرەپێدانی لقوپۆپەکانی هونەر و ئازادیی پۆشینی جلوبەرگ و خواردنەوەی کهۆلمەنی و کردنەوەی باڕوقومارخانە و کردنەوەی گەڕەکی لەشفرۆشی و، هاتنی تەکنۆلۆژیا لە ڕێگەی کۆمپانیا بیانییەکان و کردنی کۆمەڵگەی ئیسلامیی بە بەکارهێنەری کەلووپەلی بیانیی. ئەمانە بەتێکرا روخساری ئەو کۆمەڵگانەی گۆڕی، بەڵام ناخ و قووڵایی کولتووری ئەم کۆمەڵگانە وەک خۆی مایەوە، چۆنکە رژێمەکانی وڵاتانی ئیسلامیی، بەزانایيەکی تەواو و بۆ خاتری هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان و هێشتنەوەی گەلی خۆیان لە ناهۆشیاری و دواکەوتوویی، کارێکی بناخەی و ریشەییان لە وڵاتانی خۆیان نەکرد و هەرچییکیانکرد پرۆپاگەندە و چاوبەستن و فریودانی خەڵکی خۆیان بوو. لاساییکردنەوەی سەقەتی کولتووری رۆژاوایی، زەوینەیەکی لەباری رەخساند بۆ گەشەسەندنی بیری بنچینەگری ئیسلامیی لەڕێگەی مزگەوتەکان و نێوەندەکانی پەروەردەی ئیسلامیی، لەلایەن بەشێ لە موسڵمانانی توندئاژۆی وڵاتانی ئیسلامییەوە، بەناوی جیهاد لەدژی وڵاتانی زلهیز و رژێمەکانی وابەستەیان لە نێوچەکە و بڵاوکردنەوەی بیری گێڕانەوەی دەسەڵات و سەروەریی موسڵمانان لەڕێگەی دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامیی، کە بە پێی یاسا و نەرێتی سەرەتاکانی ئیسلام بچێ بەڕێوە. لەبەر ئەوە

وەک چۆن لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا لەئێران، رژێمێکی بنچینەگری ئیسلامیی شیعە بەڕێبەرێتیی ئایەتۆڵلا خومەینیی دامەزرا و، دواتریش لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستویەک، حکوومەتێکی توندئاژۆی سوننە بەناوی ''داعش'' سەریهەڵهێنا و چەن ساڵێک بوو بە گەورەترین کێشە و مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، لە داهاتووشدا دەبێ لەنێو دنیای ئیسلامدا، چاوەڕوانی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەکانی دیکەی توندئاژۆی ئیسلامیی بین.

مێژووی ئیسلامی سیاسیی سەرەتا و چاوکانییەکەی لەلایەن کەسێ بەناوی**''حەسەن ئەلبەنا''** وە دامەزرا، کە خەڵکی ولاتی **میسر** بوو. ئەم کەسە لە ساڵی 1928 لەشاری **قاهیرە**، لەگەڵ ژمارەیەک لە قوتابییەکانی، بزووتنەوەیەکی ئیسلامییان دامەزراند بەناوی **''ئەخوان ئەلموسلمین'' (برایانی موسڵمان).** دروشم و ئامانجی رێکخراوەکەشیان، بریتیبوو لە: **''خودێ ئامانجمانە، رەسووڵی خودێ رێبەرمانە، قورئان بەرنامەمانە، جیهاد و تێکۆشین کارمانە، شەهیدبوون ئارەزوومانە''.** رێکخراوەکە، دوای دامەزرانی، لەمیسر بوو بە گەورەترین حیزبی سیاسی و حەشێمەتێکی زۆری لێ کۆبووەوە و، لەنێو دنیای ئاینزای سوننەشدا پەرەیسەند و، هەرچی لایەنگیرانی ئیسلامی سیاسییە، بە پێڕەویکردن لە ڕێبازی ئەخوانەکان، یان بە هاندان و پشتگیریی ئەخوانەکان لە وڵاتانی خۆیاندا حیزب و پارتی ئیسلامییان دامەزراند. ئەم شەپۆلی ئیسلامیگەرێتییە و چالاکبوونی ئیسلامی سیاسیی لە ماوەی نێزیک بە سەت ساڵی رابردوو، رۆڵێکی

گەورەی گێراوە لە راکێشانی شۆرشگێران و دژبەرانی رژێمەکانی ئیسلامیی بۆ لای رێکخراوەی ئاشکرا و نائاشکرای توندئاژۆی ئیسلامی و دوورخستنەوەی چینی لاوان و خوێندەوار لەو سیستەمە هاوچەرخانە و دێمۆکراتیکەی لە ئەورووپادا هەیە.

یەکێ لەم رژێمانەی ولاتانی ئیسلامیی سالانێکی زۆر توانیی لای وڵاتانی دێمۆکرات و گەلانی ناوچەکە، بە رژێمێکی لائیک و سیکۆلار خۆی بداتەناسین، رژێمی ترکیای تازە بوو بە سەرۆکایەتیی **''مستەفا کەمال'' (ئەتاترک).** مستەفا کەمال، هەر دوای دامەزرانی حکوومەتەکەی لەکۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1923، ئاین و سیاسەتی لەیەک جیاکردەوە و ئەلفوبێی ئارامیی گۆری بۆ لاتینی و رێیکردەوە بۆ سازکردنی چەن حیزبێکی سیاسیی کە بەپێی یاسای وڵات چالاکیی سیاسیی بنوێنن. ئەم گۆرانە بنەڕەتییانە لە سیستەمێکی شەشدانگ ئیسلامی سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانلییەوە بۆ رژێمێکی نائاینیی، کاریکردە سەر زۆرینەی لێکۆلەر و سیاسەتکاری نێوچەی و جیهانیی، کە رژێمی ترکیا بە رژێمێکی سیکۆلار بدەنەقەڵەم. **بەڵام هەموو ئەوانەی شارەزای یاسا و نێوەرۆکی سیستەمی دێمۆکراتی و سیکۆلاریزمن، ئەو راستینەیان باشدەزانی کە رژێمەکانی یەکلەدواییەکی ترکیا بە درێژایی سەت ساڵی رابردوو هیچیەکێ لەو مەرجانەی تێدا نەبووە و نییە کە لەسیستەمەکانی لائیک و سێکۆلاردا پێرەودەکرێن. سیستەمی سیاسیی ترکیا بە ئیدۆلۆژیی رەگەزپەرستانەی یەک نەتەوە و یەک وڵات و یەک زمان دامەزرا و هەوڵیدا نەتەوەکانی بندەستی، لەنێو رەگەزی**

**خۆیدا بتوێنێتەوە و، مافیانی پشتگوێخست. ئەم سیاسەتی فێڵبازانەی ترکیا ئیمڕۆکە داوێنی گرتووە و دوای هاتنەسەرکاری ئیسلامییەکان بەسەرۆکایەتیی ''رەجەب تەیب ئەردۆگان''، ترکیا کەوتووەتە دۆخێکەوە بەئاشکرا دژایەتیی هەموو پرنسیپ و یاساکانی پەسندکراوی نێونەتەوەیی دەکا و، وەک سەردەمی عوسمانلی، ئیدۆلۆژیی ئاینی و ئیدۆلۆژیی رەگەزپەرستانەی ترکی تێکەڵ بەیەککردووە و، جیا لەسەرکوتی بەردەوامی نەتەوەی کورد، لەسالانی رابردووشدا رۆڵی گەورەی گێراوە لە یارمەتیدان و پەروەردەی رێکخراوەکانی توندئاژۆی ئیسلامیی لەناوچەکە.**

ماوەی پتر لە ساڵێکە شەپۆلێکی بەرین و مەزنی جەماوەریی لە دژی رژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیی، لە وڵاتانی عەرەبی سەریهەڵداوە، بەڵام ئەوی کە بە کۆسپی گەورە لە بەردەم گەلانی وڵاتانی عەرەب بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێمۆکرات دادەنرێت، گرنگتر لە رژێم و سەرۆکەکانیان، ئەو کۆسپ و تەگەرە ئاینی و فەرهەنگی و مێژووی و ئابوورییانەن کە لە نێو ئەم وڵاتانەدا مێژوویەکی دێرینیان هەیە و، بوونەتە هۆی ئەوە کە لە چاخەکانی کۆن و ئێستاشی لەگەڵ بێ، چەند کەسانێک ببن بەمیری سەرپر بەسەریانەوە و، لەڕۆژانێکی وەک ئەمڕۆشدا کە لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی زاینیدا دەژین، دیکتاتۆری و **تئۆکراسی ئاینیی (***)** کە رۆڵێکی مەزنی لە هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی هەیە، لەبەرگ و شێوازێکی تازەدا

سەرهەڵێنێتەوە و، هەوڵبدات بۆ سەرپەرشتیکردنی راپەڕینی گەلانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتیی.

گەلانی عەرەب و تێکڕای وڵاتانی ئیسلامی - لەگەڵ باشووری کوردستان کە ئەوڕۆکە لەلایەن کورد خۆیەوە دەبرێبەڕێوە، بۆ گەیشتن بە دێمۆکراسی و ئازادییەکی راستینە، **سێ ئەرکیان لەپێشە:**

**1-** جیاکردنەوەی ئاین لەحکوومەت، سەربەخۆیی تەواوی ئۆرگانەکانی سیاسی و نێوەندەکانی کۆمەلایەتیی لەبەرامبەر ئایندا. هیچ ئاینێک بە ئاینی فەرمیی (رەسمی) ولات نەناسرێت. حکوومەت لەبەرامبەر هەموو ئاین و ئیدۆلۆژییەکاندا بێلایەن بێت.

**2-** ئازادیی بیروباوەڕ چ ئاینی، چ نائاینیی. تێکڕای دانیشتوانی ولات لە ئەنجامدانی چالاکیی سیاسی و ئاینیی خۆیاندا سەربەست و ئازاد بن.

**3-** هیچ چەشنە جیاوازی و هەڵاواردن (تبعیض) ێک لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ، رەگەزی ژن و پیاو، نەتەوە و ئایندا نەکرێت. تێکرای دانیشتووانی ولات خاوەنی مافی یەکسان بن.

لەکۆمەڵگەی وڵاتانی ئیسلامی - بە کوردستانی ئێمەشەوە کە خاوەنی زۆرینەیەکی موسڵمانین، سێ جۆرە بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز سەبارەت بە جۆری رژێم و دەسەڵاتدارێتیی سیاسی بەدیدەکرێت:

**1- دەستەی یەکەم** پێڕەوانی بیری بنچینەگری ئیسلامین و، بۆ هێنانەسەرکاری رژێمێکی ئیسلامیی تێدەکۆشن کە بەپێی یاسا و دەستووری ئیسلامیی ببرێبەڕێوە. قورئان و یاسا و ڕێسای ئیسلامیی بە سەرچاوەی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دادەنێن. لە باشووری کوردستان **''یەکگرتووی ئیسلامیی''** بۆ ئەم ئامانجە تێدەکۆشن.

**2- دەستەی دووەم** ئەو بەشەن کە پرۆپاگەندە بۆ دامەزرانی رژێمێکی دێمۆکراتی ئیسلامی دەکەن و، دەڵێن رژێمی ئیسلامیی دەتوانێت لەگەڵ مۆدێرنیزم و گۆڕانکارییەکانی تازەی جیهان خۆی بگونجێنی و مافی دامەزرانی سەندیکا و رێکخراوەی پیشەیی و کۆمەڵایەتیی بەرەسمی بناسێ، رێز لە مافی مرۆڤ و بیروباوەڕی جیاواز بگرێت. لایەنگرانی ئەم بیرکردنەوەیە، رژێمی ئێستای تورکیا بەنموونە دەهێننەوە، کە توانیویەتی سەرکەوتووانە لەماوەی ئەم چەن سالەدا وڵاتی تورکیا ببابەڕێوە و رێژەی گرانی و بێکاریی کەم بکاتەوە و، گەشە بەئابووریی وڵاتەکەی بدات.

**3- دەستەی سێیەم**، دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی و هەر چەشنە دەستێوەردانی چینی ئاینی لەکاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا رەتدەکەنەوە و، بەزیان بۆ سەر کۆمەڵگە و وڵاتی دەزانن و بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سێکۆلاری فرەحیزبی - پەرلەمانیی تێدەکۆشن و باوەڕیانوایە هیچ جۆرە گۆڕان و چاکسازییەک لە حکوومەتی ئیسلامیدا روونادا، چۆنکە حکوومەتی ئاینیی لە بنەڕەتدا باوەڕی بە ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانیی نێوان رەگەز و مرۆڤەکان نییە و کۆمەڵگە لە

دواکەتووییدا دەهێڵێتەوە و، بۆ مانەوەی خۆی، ناکۆکی و دوژمنایەتیی ئایینیی پەرەپێدەدات.

روون و ئاشکرایە، دێمۆکراسی و هزر و کولتووری ئازادیخوازانە لە پڕۆسەیەکی مێژووی و لە ئەنجامی کارپێکردنی بەردەوامە لە نێو هەر نەتەوەیەکدا پێدەگات. لەبەر ئەوە گەلانی نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین بۆ گەیشتن بە دێمۆکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، رێگەیەکی دوور و درێژیان لە بەردەمدایە. با چاوەڕوان بین، راپەڕینی گەلانی نێوچەکە، بە وتەی چاودێرانی سیاسیی، هاتنی **''بەهاری عەرەبی''**، ئایە دەتوانێت کۆتایی بە سیستەمەکانی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ بهێنێ؟ یان **''بەهاری ئیسلامیی''** لێ شین دەبێ و، ئیدۆلۆژیی ئاینسالاری و ئیسلامیگەرێتی لە نێوچەکە زیاتر پەرەدەستێنێ؟

## سێکۆلاریزم و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد!

بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بەدرێژایی سەدەی رابردوو لە نێوەرۆکی خۆیدا لە دژی کۆیلەتی و دیکتاتۆری و چەوساندنەوە و جێنۆسایدی بەردەوامی بووە و، هیچکاتێک جیا نەبووە و نییە لە خەبات بۆ وەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری و ئازادیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی. هیچ نەتەوەیەک هێندەی نەتەوەی کورد لە واتا و نێوەرۆکی دیکتاتۆری و شەوەزەنگ و رەشەکوژی و بێمافیی تێنەگەیشتووە و، بەدرێژایی مێژووی دابەشبوونی، بندەستی کۆمەڵەرژێمێکی رەگەزپەرستە کە

مێژوویان پڕە لە خوێنڕشتن و کاولکاری و داگیرکاری و بچووکترین مافێکیان بۆ گەلانی بندەستیان بەڕەوا نەزانیوە. هەر بۆیە، کورد چەند پێویستی بە سەربەخۆیی و رزگارکردنی خاکەکەیەتی، هێندەش پێویستی بەوەیە لەوڵات و نیشتمانێکدا بژی، چیدیکە لەلایەن هیچ سەرکردە و حیزب و هێزێکی خۆیی و بێگانەوە، لەسەر بیروباوەڕی سیاسی و ئاین و ئاینزا و هزر و رامانی جیاوازەوە ئازار نەدرێ، سووکایەتی پێنەکرێ و، تووشی راوەدوونان و گرتن و گوللەبارانکردن نەیەت.

لەپاش دەیانساڵ قوربانیدان و ماڵوێرانیی، نەتەوەی کورد لە بەشێکی نیشتمانەکەی لە باشووری کوردستان، سەرەڕای هەموو کەمایەسییەک کە هەیەتی، خاوەنی نیمچە دەسەڵاتێکی سیاسییە بەناوی (حکوومەتی هەرێمی کوردستان). حکوومەتی هەرێم دەتوانێ ببێت بە جێی هیوا و رۆناکی و رێپێشاندەری نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان، بە مەرجێک، لەباتی حیزب، حکوومەت و پەرلەمان بکرێنە نێوەند و سەرچاوەی بڕیاردانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەموو ئۆرگانەکانی دیکەی ولات. لە یاسادا هیچ ئاین، یان ئاینزایەک نەکرێتە ئاینی فەرمی و ئاینەکانی دیکە بە نافەرمیی لە قەڵەم نەدرێن. ئاین وەک پرسێکی "کەسیی" دابنرێ و، ئاین و حکوومەت بەفەرمیی لە یەکدیی جیابکرێنەوە. حکوومەت سەبارەت بە ئاینەکان بێلایەن بێ و راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پشتگیریی لەهیچ ئاینێک نەکات. هەموو جۆرە بیروباوەڕێک

ئازادبێت، بەمەرجێک پەنا نەباتە بەر توندوتیژی و زمانی هەڕەشە و سووکایەتیی بەکارنەهێنێت.

**دوا وتە، جێی داخە، چەندین کەناڵی سەتەلایت و لۆکاڵی (نێوچەیی) حیزبیی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دامەزراون، بەڵام حکوومەت خۆی تاکە تەلەفزیۆنێکی دانەناوە کە زمانڕەوشی هەموو پێکهاتەجیاوازەکانی کوردستان بێ و تێبکۆشێت بۆ پەروەردەکردنی تاکی کورد لە ڕووی هۆشیاری نەتەوەیی و فەرهەنگی و رۆشنبیری و کولتووری و، ڕێزلێنان لە بیروباوەڕی جیاواز و، دێمۆکراسی و بیری ئازادیخوازیی بڵاوبکاتەوە..**

# <u>ژێدەر</u>

**(*) – پرۆتستانتیسم: (Protestantism)** یەکێکە لە لقەکانی ئاینی دیان (مەسیحی) و سەرەتا لەسەدەی پانزەی زاین لەلایەن قەشەیەکی ئەڵمانی بەناوی **''مارتین لۆتر''** وە پەیدابوو. زۆرینەی پێڕەوانی ئەم ئاینزایە لە باکووری ئەورووپا دەژین. پرۆتێستان بەو بەشە لەپێڕەوانی ئاینی مەسیحی دەگوترێ کە لە بەرامبەر بەشێک لە یاسا و دەستووری پاپا و کلێسەی رۆم وەستانەوە و داوای چاکسازی و گۆڕانیان دەکرد . مێژووی پێڕەوانی ئەم ئاینزایە بۆ سەدەی پانزەی زاین دەگەڕێتەوە.

**(**) – کارل شمیت** (**Carl Schmitt**)، سالی 1888 لەشاری پلێتەنبێرگ لە ئاڵمانیا هاتووەتەدنیا و لەمانگی ئاپریلی ساڵی 1985 لەشارەکەی خۆی کۆچیدواییکردووە. کارڵ شمیت مافناس، فەیلەسووف و، لێکۆلەر و شرۆڤەکارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانایەکی بەناوبانگی سەدەمی بیستەم بوو. بەرهەمێکی زۆری دوای خۆی بەجێهێشتووە و زۆربەی زانا وشرۆڤەکارانی بەناوبانگی ئەورووپا وەک واڵتەر بنیامین، لێئۆ شتراوس، یۆرگن هایەرماس، فریدریش هایک و چەندین زانای دیکە لەبارەی روانگەی سیاسی و کۆمەلایەتیی کارڵ شمیتەوە لێکدانەوە و بۆوچونی خۆیان بلاوکردووەتەوە. فەلسەفەی سیاسی کارل شمیت و بەرهەمەکانی لەسەدەی بیستەمدا کارکردنی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی سیاسیی رژێمەکانی ئەورووپا بەتانیبەتی و

جیهان بە گشتیی دانا. زۆربەی نووسینەکانی ڕەوایەتیدانە بە فاشیزم و، دژایەتیکردنە لەگەڵ ''دێمۆکراسی لیبراڵ''، (دێمۆکراسی ئازاد).

**(***)** - **تێئۆکراسی ئاینیی (Theocracy)** بەکوردییەکەی دەسەڵاتدارێتیی ئاینیی دەگەیەنێت. وشەی تێئۆکراسی لەبنەڕەتدا یۆنانییە و مانای حکوومەتی خودای هەیە و، بە حکوومەتێک دەگوترێ کە خودا و ئاینێکی تایبەت بەسەرۆک و خاوەنی ڕژێم وکۆمەڵگە دەزانێ و، خودا لەڕێگەی نوێنەرەکانییەوە حکوومەت دەکات، بۆنموونە **وەلی فەقیە** لەرژێمی ئیسلامیی ئێراندا دەڵێ، نوێنەری خودا و ڕەسوولی خودا وئیمامەکانی شیعەیە. هەروەها لەوڵاتی سعوود بنەماڵەی **''ئال سعوود''** خۆیان بەنوێنەری خودا و پەیامهێنەری ئیسلام دەدەنە قەڵەم و ڕژێمێکی ئاینسالار بەڕێوە دەبەن.

***- ئەم وتارە. ڕێکەوتی 10/4/2013 لە ماڵپەڕی ئەمڕۆ، ماڵپەڕی ''ڕۆژهەڵات – بۆکان''، لە ماڵپەڕی ''کۆنگرە'' و لە چەندین ماڵپەڕی دیکەشدا بڵاوکرایەوە.**

## بیرەوەرییەک و،
## چەند دێڕیک
## لە یادی 24 ساڵەی کارەساتی ''ئەنفال' دا!

**''ئەنفال'' وشەیەکی عەرەبییە و نێوی سورەتی ''٨''ی قورئانە.** ئەنفال مانای دەسکەوت و تاڵانوبڕۆی جەنگە و، ئایەتەکە لە دوای سەرکەوتنی لەشکری **''موسڵمانان''** بەسەر **''کافران''**، لە ئەنجامی جەنگی **''بەدر''** وە هاتووە.

لە رژێمی بەعسی عەرەبی رەگەزپەرست و داگیرکەریشدا، **''ئەنفال''** نێوی زنجیرەهێرشێکی بەربڵاوی سەربازیی بوو بۆ سەر کوردستان بە مەبەستی قڕکردنی یەکجارەکیی نەتەوەی کورد.

**''ئەنفالی یەک''** نیوەشەوی 30/9/1983 بەڕێوە چوو، بە هۆیەوە 8000 هۆزی بارزانی شوێنبزرکران. زنجیرەی ئەنفال 14/4/1988 تاکو 26/10/1988 درێژەی کێشا. لە ئەنجامی هێرشی دڕندانەی سوپای داگیرکەری عێراق، دانیشتووانی هەزاران گوندی کوردستان کۆکرانەوە، ماڵ و سامانیان بە تالان برا، 182000ژن و منداڵ و پیر و لاوی کورد لە نێو لم و زیخەڵانەکانی عێراقدا زیندەبەچاڵ کران، دەیانهەزاری دیکەش لە قەساوخانەی **''نۆگرەسەلمان''** و زیندانەکانی دیکەی عێراق، خرانە ژێر شکەنجە و سووکایەتی و دەستدرێژی و، رۆژی سەمونێک و ئاوی پیس دەرخواردیان دەدرا، بۆ ئەوەی زۆر نەژین و شاهیدی مەرگی یەکتری بن. هەزاران منداڵ و بەساڵاچووی نێو بەندیخانەکان

لەماوەیەکی کەمدا مردن و، جەستەی بێگیانیان دەبووە خۆراکی سەگگەلی دەڤەرەکە، بۆ خواردنی گۆشتی لاشەی کوردان لە دەوروبەری زیندانەکان کۆببوونەوە.

زانیاریی تەواو لە بارەی کۆمەڵکوژیی **''ئەنفال''** وە لە پاش راپەڕینی مەزنی بەهاری 1991 کەوتنە دەستی کورد کە قەوارەکەی چوارملیۆن لاپەڕەیە، بەکێشی 14هەزار کیلۆ بەڵگەنامەبوون و، لەنێو ئەرشیڤی داودەزگەکانی سیخوڕی و چەوسێنەری **ئەمن** و **ئیستخبارات** و بنکەکانی فەرماندەیەتیی سوپای عێراق لە کوردستان و عێراق کەوتنە دەستی کوردەوە. نێزیکی دەتەن لەلایەن **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە** دەستییەسەرداگیرا، **پارتی دێمۆکراتی کوردستانیش** توانی دەستبگرێت بەسەر چوارتەن بەڵگەنامەدا. لەمانگی گوڵانی ساڵی 1992، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرێکی ئەو بەڵگەنامانەی دا بە رێکخراوەی **Middle East Watch ''میدڵ ئیست واچ''**. ئەم نێوەندە گوتووبێژی لەگەڵ 250 کورد ئەنجامدا کە لە کاتی کۆمەڵکوژییەکاندا توانیبوویان خۆیان رزگار بکەن. زانیاریی ئەم کەسانە لەگەڵ بەڵگەنامەکان لە پەرتۆکێکی 270 لاپەڕەیی، لەلایەن نێوەندی **''میدڵ ئیست واچ''** وە بەزمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاوکرایەوە. ناوەندەکە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیدا ئاوا باسی پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد دەکات: **''پرۆسەی ئەنفال هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ گەلکوژیی جوولەکەکان بەدەستی نازییەکانەوە نییە!''**.

بەسەرهاتی ئەنفالکراوان، هەزاران چیرۆکی دڵتەزێنی شاراوەی لەگەڵە کە لە ژێر لم و زیخەڵانەکانی کاکیبەکاکیی وڵاتی عەرەبدا گۆڕکراون. گێڕانەوەی بیرەوەریی ئەو تاک و تەرا کەسانەی لە پرۆسەی ئەنفالی بەدناو رزگاریان بوو، چیرۆکی دڵتەزێنی خۆیان و کۆیلەتی گەلەکەیان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بۆ جیهان ئاشکراکرد.

**لێرەدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لەکتێبی ''میدڵ ئیست واچ'' لەبیرەوەریی یەکێک لە ئەنفالکراوەکان بەناوی ''محەمەد'' رادەکێشم کە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ باشوور و وەک سەدانکەسی دیکە، دوای گەڕانەوەی، گیراوە و لەلایەن هێزەکانی رژێمەوە بەرەو چارەنووسی نادیار نێردراوە!**

- - -

''**لەدالانەکە** دانیشتبووم، بیرم لە چارەنووسی نادیاری خۆم و بێدەسەلاتی و بەشمەینەتیی گشت زیندانییەکان دەکردەوە. لە پشتمەوە ترپەی پێیەک رایچڵەکاندم... کە لامکردەوە، پیاوێکی چاوشینی ریشسپی بالابەرز لێم نێزیکبووەوە، پاش سلاوکردن و هەواڵپرسینم، لەتەنیشتمەوە لەسەر زەوییە رووت و رەقوتەقەکە دانیشت.

گوتی: **ناوم عەونییە، خەڵکی گەرمیانم!**

**- سەرچاوم هاتی خاڵۆ عەونی.**

**باوکەکەم بیستم خەڵکی هەڵەبجەی!**

**- بەڵێ وایە مامە عەونی.**

**بۆچی هێناویانی بۆ ئێره؟!**

- گوتم: **پاش کیمیابارانکردنەکە، نەمانتوانی لەئۆردووگاکانی ئێران هەڵبکەین، لەبەر ئەوە بەچاکمانزانی بگەڕێینەوە بۆ کوردستان.**

کوڕەکەم، خۆزیا بەخۆزیای خوا منیش بە ماڵ و مندالەوە لە سەر خاکی خۆمان بە بۆمبای کیمیایی بکوژرایەتم!

- وامەڵێ خاڵۆ عەونی گیان، ئەوەی لە ئێمە روویدا یا خوا نە لە ئێوە و، نە لە هیچ مرۆڤێکی سەر ئەم زەوییەش روونەدات! ئەی ئێوەیان بۆ هێناوە بۆ ئێره؟

- **مامە عەونی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی**: داخم گرانە رۆڵە.... کوڕەکانم هەر پێنجیان ژنیان هێنابوو. کچەکانم هەردووکیان شوویان کردبوو. بەگشتیان خاوەنی 43 منداڵ بوون. لەپڕ رۆژێک جەیش و جاش بەسەرکردەیەتیی **''عەمید بارق''** لە گوندەکەمان نێزیکبوونەوە، دەستیانکرد بە تەقە و، تۆپبارانکردنی گوندەکە و دەوروبەری. گشتمان شپرزەبووین. کوڕەکانم و کچەکانم لەگەڵ منداڵەکانیان هەموویان روویانکردە شیوەکەی بەردەم ئاوایی کە بۆ رۆژی تەقووتۆق و تەنگانە لەوێدا پەناگەیەکمان تێدا دروستکردبوو.

تەقە کەمکەم زیادیکرد تاکوو هەموویان بەرەو حەشارگەکە رۆیشتن، بەڵام من و **''سەلما''** ی ژنم، وتمان پیربووین و کەس کاری بەسەرمانەوە نییە، بۆیە لەنێو ماڵەکەدا ماینەوە. بینیم کایەنی ماڵەکەمان دەسووتێ، منیش بۆ رۆژی رەش هەندێک پارەم لەوێدا شاردبووەوە، خێرا رامکرد تا دەریکەم. لەژێر بنمیچی

کایەنەکەدا منداڵێکی تەمەن چوارساڵم بینی بە سڵەمینەوە لەنێو چڕەدووکەڵدا بوو، بەکوڵ دەگریا و هەنسکی دەدا، ئاگرەکەش خەریکبوو لێی نێزیکدەبووەوە. ئیتر لەسۆزی گریانی ئەو منداڵە پووڵەکەم لەبیر چوویەوە، بەهەڵمەت باوەشم پێداکرد و لە ئامێزم گرت و، هێنامەدەرەوە. لەم کاتەدا سەیری شیوەکەم کرد، دیم جەیش و جاشەکان پەناگەکەیان دایە بەردەسڕێژی گوللە و چەکی **''ئارپی جی''**. ئەوجا بنزین و نەوتیان پێدارژاندن و ئاگریان بەردایە جەستەی هەموویان. ئا لەو کاتەدا، مەرگ و سووتانی هەموویانم بەچاوی خۆم بینی. لەپڕ چەندین سەرباز و جاش دەوریانگرتم و، بە چمکی فەقێیانەکەم راکێشیانکردم بۆ نێزیک ئۆتۆمۆبیلێکی ''ئیڤا''، سەرمبەرز کردەوە بینیم ژنەپیرەکەی خۆشمی تێدایە. چەن ویستیان منداڵەکەم لێبستێنن، بەڵام من نەمدانێ و هەڵمدایە نێو ئیڤاکەوە. سەلمای خێزانیشم خێرا گرتییە ئامێز و منیشیان سەرخست. لەنێو ئیڤاکەدا رایانگرتین، ئاگریان لە تەواوی ماڵانی گوند بەردا. پاشان لەگەڵ چەن پیر و پەککەوتەی دیکەی ئاواییەکەمان، بردمانیان بۆ سەربازگەی **چەمچەماڵ**.

رۆژی دوایی بردمانیان بۆ **''تۆپزاوا'' ی کورکووک**. لەوێش سێ رۆژ ماینەوە. لەم ماوەیەدا کەمێک هاتینە سەرخۆمان. ئەوساتە زانیم مناڵەکە کوڕەزامە و، منداڵی کوڕی سێیەممە. ئیتر بۆنی هەموویانم نا بەم منداڵەوە. گوتم: **''سوپاس بۆ خوا یەکێکیانم بۆ دەرچووە، ئەم لەشە بچکۆلانەیە کەمێک سوکنایی دڵم دەداتەوە!''.**

خواردنمان سەموونی ڕەق بوو. دەبوایە تەڕم بکردایە بۆ ئەوەی بخووسێت و منداڵەکە بتوانێت بیخوات. خۆمان دڵمان گیرابوو، نەماندەتوانی هیچ بخۆین. دوای سێ ڕۆژەکە، بردمانیان بۆ **''سەماوە''** و، هەر ئەو ڕۆژە هاوردمانیان بۆ ئەم زیندانە لەم بیابانە!

لێرە ئیتر من بووم بەدایک و باوک بۆ منداڵەکە. ڕۆژی تەنیا یەک سەموونمان هەبوو بۆ خواردن. کە منداڵەکە برسی دەبوو، ناچار پەنام دەبردە بەر ئاودەسەکە و، لەوێ دەگەڕام، بوایە یەک – دوو سەمونی کۆن و تەڕ و کەڕاویم دەدۆزییەوە، ئەوجا بە چەقۆیەک دامدەتاشی تاکو پیسی و کەڕووەکەم لێدەکردەوە، بە ئاو کەمێک تەڕمدەکرد و دەمکرد بەخواردنی ژەمێکی منداڵەکە. هێشتا بەم ژیانە ڕازیبووم، چۆنکە ئەم منداڵەم لەگەڵدا بوو، وامدەزانی هەموو کوڕەزا و کچەزاکانم لەگەڵدان.

ڕۆژێک گەرما زۆری بۆ هێناین. منداڵەکەم بردە بەردەم تانکیی ئاوی حەوشەکەوە بۆ ئەوەی دەستێکی تەڕ بەدەموچاویدا بێنم. کاتێکمزانی **''ملازم حەجاج''** لە ژوورەکەیەوە کە بە سەر هۆڵەکانی زیندانەکاندا دەیڕوانی، تەماشایکردین، نەڕەی لێهەڵسا، ترس شڵەژاندمی و ڕامکردە دواوە و خۆم تێکەڵی زیندانییەکانی دیکە کرد، بەلام فریای منداڵەکە نەکەوتم و جێمهێشت. منداڵەکە بە نەڕەی حەجاج و هەڵاتنی من زیاتر ترسا و بە چواردەوری خۆیدا دەیڕوانی و دەقیژاند. ملازم حەجاج هات و ڕووبەڕووی منداڵەکە وەستا. منداڵەکە بەدەم گریانەوە لێیدەڕوانی. حەجاج هاواریکرد: **''ئەمە منداڵی کێیە!؟ ئەمە سەگی کێیە؟''**

منیش پێم لەجەرگی خۆم نا، چوومە پێشێ و گوتم: **گەورەم منداڵی منە.** گوتی: **بۆچی بێدەنگ نابێت؟ بۆ ناترسێت من دەبینێت!؟** منیش وەرامیمدایەوە: **قوربان منداڵە لەهیچ تێناگات!** لەم کاتەدا **حەجاج** کێبلەکەی دەستی بەرزکردەوە و، زۆر بێبەزەییانە و بەدەم جنێودانەوە کێشای بەپشتی ئەو بەستەزمانەدا و تەختی زەوی کرد. بەوەشەوە نەوەستا بەهەموو هێزییەوە بە پۆستاڵەکەی هەڵیدا بەدەمی منداڵەکە و، دەمی چەقاندە نێو قوڕەچڵکاوەکەی بەر تەنەکەی ئاوەکەوە...

خاڵۆ عەونی بۆ چەن ساتێک بێدەنگبوو، ئەوجا دای لە پرمەی گریان، لەکاتێکدا فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنەخوار گوتی: **مەرگی ئەم ... مەرگی ئەم منداڵەشم بەچاوی خۆم بینی...!**

منیش هەردوودەستم لەئەژنۆم گیرکرد، سەرمنا بە ئەژنۆکانمەوە... بۆ کڵۆلی و داماویی خاڵۆعەونی و خۆم و کەسوکار و شارەکەم **گریام...''.**

- - -

خوشکوبرای ئازیزی کوردم، هەر لە شۆرشەکەی **شێخ عوبەیدوڵڵا شەمزینیی** لەساڵی 1887 کە بە قۆناخی نوێێ شۆرشی رزگاریخوازیی گەلەکەمان دەژمێردرێت، نەتەوەی کورد لە هەموو بەش و پارچەکانیدا دەیان جار جێنۆسايد و راگوێزانی زۆرەملێ بەرامبەر پێڕەوکراوە، بەلام هیچکاتێ نەیتوانیوە ئەم کارەسات و جێنۆسایدانەی بەسەریدێن، بکاتە هەوێن و دینەمۆی یەکگرتن و رزگارکردنی خۆی و نیشتمانەکەی. دەیان نەتەوەی

بندەست، لەوانە نەتەوەی جوو گەلکوژی و نەهامەتییەک بەسەریانهات، کردە هەوێنی یەکگرتن و راکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی و بە ئازادی و سەربەخۆیی گەیشتن، بەڵام ئێمەی کورد، کۆمەڵکوژییەکانی رابردوومان نەک هەر لەبیرچووەتەوە، بەڵکو لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زاین و، دوای رووخانی رژێمی ئەنفالچی عێراق و پاش بێدەرەتانبوونی رژێمی داگیرکەری تورک لەبەرامبەر شۆرشی بورکانئاسای باکووری کوردستان و، پاش گوشاری بەربڵاوی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێران، سەرۆکی حیزبەکانمان جەخت لەسەر پارێزگاریکردنی جوگرافیای سیاسی ولاتانی داگیرکەر دەکەنەوە، رژێمی رووخاویان بۆ دادەمەزرێننەوە، درۆشمی ناسیاسییانە و نازانستانە و نانەتەوەییانەی وەک **''برایەتی''** و **''پێکەوەژیانی هاوبەش''** و **''دێمۆکراتیزەکردنی رژێمی تورک''** و **''گەڕانەوە بۆ پەیامەکەی ئایەتۆڵلا خومەینی''** و **''فیدراڵی''** و **''خودگەردانی''** و **''فیدراسیۆنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست''** و،... هتد بەگوێی نەتەوەی کوردی سەرلێشێوێندراو و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و نەیارانی کورددا دەدەن. داسەپاندنی ویست و ئامانجی سەرۆکایەتیی حیزبەکان بەسەر نەتەوەی کورددا، تاکو ئەمڕۆ یاریکردن و بڕێزیکردن بووە لەگەڵ ویست و داخوازیی لەمێژینە و چارەنووسی نەتەوەی چارەرەشی کورد.

**سەرۆکایەتیی کورد چۆن دەتوانێت قەرەبووی هەڵەکانی رابردووی کاتەوە!**

لە پێوەندیی لەگەڵ بریندار و کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا، چاککردنی لایەنی دەروونی کەسووکاری ئەنفالکراوان، باشکردنی باری ژیان و گوزەرانیان، دادگەییکردنی تەواوی سەرۆکجاش و ئەو بەکرێگیراوە کوردانەی بەشداریی ئەنفالکردنی نەتەوەکەیان کردووە، ئەوجا دەستنیشانکردنی کۆمیتەیەکی کارا لەلایەن حکوومەت و پەرلەمانەوە بەناوی **کۆمیتەی بەجێنۆسایدناساندنی ئەنفال لەئاستی نێونەتەوەیی**، سازکردنی لۆبی و، راکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ ئەم مەبەستە بە ئامانجی پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەریزی ئەو ئەرکە گرنگ و مێژوویی و نەتەوەییانەیە کاربەدەستانی هەرێم دەبوو وەک خاڵی بنگەهینی بەرنامەی سیاسیی حکوومەتەکەیان دەستنیشانیکەن. ئێستاش دێر نەبووە ئەگەر بەهزر و باوەڕی نەتەوەییەوە لە دەساڵ تاقیکردنەوەی شکستخواردووی پێکەوەژیان لەعێراقی تازە ئەزموونیان وەرگرتبێت، ئەوا لەباتی سەرقاڵکردنی بێسەمەری خۆیان و نەتەوەکەیان بە جێبەجێکردنی یاسا و مادەی 140 و... هتد، پلان داڕێژن بۆ گێڕانەوەی خێرای ناوچەداپڕێندراوەکان و خۆشکردنی زەوینەی رێفراندۆمێک بەچاودێریی کۆمەلەی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی دنیای ئازاد، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بتوانێ لەئازادیدا دەنگ بۆ ئازادی و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیبدات. بەکورتی،

رزگاربوونی کورد لەبندەستی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، تاکە رێگەچارەی نەتەوەیی و مرۆڤی و ژیرانەیە کە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی لەهەڕەشە و پاکتاوکردنی رەگەزیی لەلایەن داگیرکەرانی خوێنڕێژ و فێڵزان و پیلانگێڕییەوە دەپارێزێت!

**هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی کوردستان!**

**هەرشەکاوەبێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**

***- ئەم وتارە، رێکەوتی : 16/4/2013 لە ماڵپەڕی کۆنگرە، لە گۆڤاری ''قەقنەس'' (ژمارە1)، لە ماڵپەڕی ''ئیمڕۆ'' بڵاوکرایەوە.**

## له شەڕ و پێکدادانی حیزبایەتییەوە،
## بۆ ململانێی
## زاراوە و ئەلفوبێی ''سۆرانی''، ''لاتینی''!

**(ئەم وتارە، مانگی خەرمانان (سێپتەمبەر) ی 2012 لەماڵپەڕی ''کۆنگرە'' ئەمڕۆ''، ''رۆژهەڵات – بۆکان'' و، چەن ماڵپەڕێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە!)**

سەرەتای مانگی خەرمانان (سێپتەمبەری 2012)، لەلایەن **''گرۆی پێشدەستی بۆ پاراستنی زمانی کوردی''**، راگەیاندنێک بەناوی **''زمان و ئەلفوبێی کوردی: لەنێوان شێواندن و چارەسەری زانستیدا''** بڵاوکرایەوە و، تاکو رۆژی 9/9/2012 **چوارسەد و حەفتاویەک** مامۆستای زانستگە، سەرۆکی حیزب، نووسەر و شاعیری ناودار، ئەندام پەرلەمان، کەسایەتیی نەتەوەیی، مامۆستای ئایینی، هونەرمەند و رۆشنبیری باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، بە نیشانەی پەسندکردنی، راگەیەندراوەکەیان واژۆکردووە.

**تێبینیی 1:** بۆکورتکردنەوەی ناوی **''گرۆی پێشدەستی بۆ پاراستنی زمانی کوردی''**، بەدوو پیتی **گ. پ.** ناویدێنم!

**تێبینیی 2:** ئەو دێڕانەی بەرەنگی **''رەشی تۆخ''** نووسراون، لەنووسراوەکەی **گ. پ.** دەرهێنراون!

**گ. پ.** سەرەتا ئاماژە دەکات بە بەڕێوەچوونی دوو کۆنفرانس، لە **هەولێر** و **دیاربەکر** بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی

زمانی کوردی بەڕێوەچوون، بەڵام بەوتەی **گ. پ.** سەرکەوتوو نەبوونە، چۆنکە بانگێشتی بەشداربووانی هەردوو کۆنفرانسەکە، بەپێی پێوەری سیاسی بووە، نەک پێوەری زمانەوانی و زانستی. ئەوجا **گ. پ.** دوای رەخنەگرتن لەو دوو کۆنفرانسە، لە ژێر ناوی دڵسۆزیکردنی بۆ پارستنی زمانی کوردی و گەشەپێدانی زمانی کوردی و ئاماژەکردن بە موسڵمانبوونی زۆرینەی کورد و، پێشکەوتن و دەوڵەمەندبوونی نووسینی کوردی''**سۆرانی**'' و هێنانەوەی چەندین بەڵگەی نابابەتانەی دی، **وازهێنان لە ئەلفوبێی ''سۆرانی'' بەهێڵی سۆر دادەنێ** و داوا، لە هەردوو بەشی باکوور و رۆژاوای کوردستان دەکات بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی (سۆرانی) دەسپێبکەن و، واز لە ئەلفوبێی لاتینی بهێنن کە لەلایەن رژێمی ئەتاترکەوە بەزۆر سەپێندراوە بەسەر باکووری کوردستاندا....!

لێرەدا بۆ چوونە نێو کاکڵی باسەکەوە، بە پێویستیدەزانم بە ئاگاداریی ئەم بەڕێزانەی **گ. پ**. بگەیەنم، ئەلفوبێی لاتینی هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەوە، لەلایەن چەندین زانای کورد، بە ناوی **''محەممەد باشقە''، ''تۆفێق وەهبی''، ''ئەحمەد موختار جاف''، ''جەمال عیرفان'' و ''ئەحمەد بەهجەت قەراخی''** کە خەڵکی باشووری کوردستان بوون، لە گەڵ **''بەدرخانییەکان''** کە خەڵکی رۆژاوای کوردستان بوون، هەروەها **''دوکتۆر سەعیدی کوردستانی''** خەڵکی شاری **سنە** لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دواتر لە نیوەی سەدەی رابردوودا دوکتۆر **جەمال نەبەز،** ساڵانێک لە بنج و بناوانی زمانەکەیان کۆڵیوەتەوە و، بەکارهێنانی ئەلفوبێی

لاتینیان بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان پێشنیازکردووە. لەبەر ئەوە با بەشێوەیەکی راست و پاگژ ئەم راستینە دیرۆکییە بنووسرێتەوە و، بەدەمارگرژی و خۆشەویستیی بۆ زار و بنزار و ناوچەیەک ئەو مێژووە نەشێوێندرێت.

پاش ئەم رۆنکردنەوەیە سەبارەت بە چۆنێتیی دەستپێکردنی ئەلفوبیی لاتینی لە باکوور و رۆژاوای کوردستان، سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی کۆپلەیەک لە راگەیەندراوەکەی **گ. پ.** رادەکێشم:

**گ. پ.** دەڵێ: **(... دەوڵەمەندکردن و نوێکردنەوەی زمانی کوردی پێویستییەکی مێژوویی، ژیاری و زانستییە. پێشکەوتن و گۆڕانکاری و گەشەکردنی خێرا لە هەموو بوارە زانستییەکاندا دەمانخاتە بەردەم ئەو بەرپرسیارەتییەی کە دەبێ زمانی کوردی بتوانێت خۆی لەگەڵ پێشکەوتنی بوارەکانی زانست و زانیاریی ئەم سەردەمەدا بگونجێنێت. خۆگونجاندنێکی وەها تەنیا بە دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئەو زمانە کوردییە ستانداردەی کە ئێستا هەیە جێبەجێ دەکرێت و دەبێ لەو ڕووەوە ئەزموونی کوردستانی باشوور بکرێتە بنەمایەک بۆ هەموو نەخشەکانی پێوەندیدار بە داهاتووی زمانی کوردییەوە.... هەر لەم پێوەستەدا دەبێ نرخی مێژوویی و زمانەوانیی ئەزموونی ''حوکوومەتی کوردستانی جەنووبی''، کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی هەردوو بەشە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات بکرێتە پاڵپشتێکی مەعنەوی و زانستی. ئەو ئاژاوە زمانەوانی و فەرهەنگییەی لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی دەستتێوەردانی کەسانی بێئەزموون و کەمئەزموونەوە پەیدا**

**بووه، دەبێتە تەگەرەیەکی جیددی لە بەردەم پێشکەوتنی زمانی کوردیدا.)**

هێژای گۆتنە، ئێمە هێشتا رێگەیەکی زۆرمان لەبەرە بگەینە ئەو کوردییە ستانداردەی کە وا **گ. پ.** ئاماژەی پێدەکا و، ئەزموونی باشووری کوردستانی پێدەکاتە نموونە و بنەما! ئەوە راستە لەباشووری کوردستان ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و رۆژنامەی کوردی بڵاودەکرێنەوە، چەندین رادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنیمان هەن، حیزبەکانی رۆژهەڵاتیش هێندێکیان، جگە لەرۆژنامە و ماڵپەڕی حیزبی، خاوەنی کەناڵی ئاسمانین، بەڵام هەرلایەن و حیزبێک لەنووسین و پەیڤیندا شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە. تەنانەت ئەو کەناڵەتەلەفزیۆنی و رۆژنامە و ماڵپەڕانەی کە سەر بە حکوومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکانن، نووسین و پەیڤینیان زۆر لە یەکترەوە جیاوازن، زمانی پەیڤین و نووسینی هێندێکیان زۆر دوورە لە ڕێزمان و داڕشتنی کوردییەوە. هێشتا پەرتۆکی قوتابخانەکانی ژێردەسەلاتی پارتی و یەکێتی وەکیەک نین، ئەمە لە کاتیکدا هەردوولایان بەهاوبەشیی یەکتر ئەو حکوومەتە دەبەنبەڕێوە. دوای بیست و چەن ساڵێک بە سەر دامەزرانی حکوومەتی هەرێم، هێشتا خاوەنی نێوەندێکی زمانەوانیی زانستی نییە کە لە زانایانی زمانەوانیی هەموو پارچەکان و هەرێمەکانی کوردستان پێکهاتبێت... هۆی بوونی ئەم ئاژاوە و پشێوییەی کە ئەوڕۆکە لە زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم پارت و حیزب و رێکخراوە کوردییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتیی، کە بە هۆی پێڕەوکردنی بیری حیزبایەتیی، گوێیاننەداوەتە ئەوەی کەسانی شارەزا و

پسپۆری زمانەوانیی میدیاکانیان سەرپەرشتیی بکەن. زۆر دەگمەنن ئەو کەسانەی لە میدیای حیزبەکاندا کاردەکەن، بە شێوازێکی زانستیی شارەزای زمانەکەی خۆیان بن. لەبەر ئەوە لە پێش هەرشتێکدا **گ. پ.** با لە باتی دانانی **''هێڵی سۆر''** بۆ ئەلفوبێی **''لاتینی''**، داوا لە حکوومەتی هەرێم بکا، هەوڵێکی نەتەوەیی و کردەیی بدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە کە بەرەوڕووی زمانی کوردی بووەتەوە! پێشکەوتنی زمانی کوردی بە بڕیاری دڵسۆزانە و نەتەوەییانەی حکوومەتی هەرێم و دامەزراندنی نێوەندێکی زانستی- زمانەوانیی دەکرێت کە لە کەسانی دڵسۆز، شارەزا و نیشتمانپەروەر پێکهاتبێت.

لە کۆپلەیەکی دیدا، **گ. پ.** دەڵێ: **(... هەر لەم پێوەستەدا دەبێ دوو ڕاستیی گرنگ و گەوهەرین جەخت بکرێن، کە تێگەیشتنیان مەرجێکە بۆ بیرکردنەوەی ڕاست و چارەسەری ڕاستی کێشەکان. یەکەم: کورد، گەلێکی ڕۆژهەڵاتییە و زۆرینەی موسڵمانە و لە ڕووی مێژوو، جۆگرافیا و شارستانەتییەوە بەشێکە لەوان؛ دووەم: زمانی کوردی بەشێکە لە خێزانی زمانانی ئێرانی، کە ئەویش دەچێتەوە سەر گرۆی زمانانی هیندۆئەورۆپایی. ئەو سێ لایەنە بنچینەی ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد و زمان و فەرهەنگی کوردن...)**

وەک دەبینین لێرەدا ئاستی تێڕوانینی کووری **گ. پ.** دەگاتە لووتکە و، لێدوانی دانسقانە دەکا و تیشکدەخاتە سەر دوو ڕاستیی گەوهەرین و گرنگ و مێژوویی و دەنووسێ: یەکەمیان: **''کورد گەلێکی ڕۆژهەڵاتی و زۆرینە موسڵمانە! دووەم: زمانی کوردی بەشێکە لە خێزانی زمانانی ئێرانی....!''**

**گ. پ.** که هەستاوە بە ئەرکێکی وا پیرۆز بۆ جێبەجێکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی، دەبوو بیزانیبایە. ئەم ئەلفوبێی ئێستا عەرەب پێیدەنووسێت، نەهی عەرەبە و نەهی ئیسلام، بەڵکو لەزمانی **''ئارامیی''** جووەکانەوە وەرگیراوە! بۆچی دەبێ بۆ عەرەب رەوابێ، زمان و ئەلفوبێیەکەی لە جووەوە وەربگرێت، رژێمی ترکیای خاوەن ئیمپراتۆرێتی کۆنی موسڵمانی سوننە، ئەلفوبێی فەرەنسا وەربگرێ و بەهێندێک بیرازکارییەوە بیکاتە ئەلفوبێی فەرمیی زمانەکەی!؟ بۆچی بۆ زۆرێک لە وڵاتانی موسڵمانی ناعەرەب لەدنیای ئیسلام رەوابێ ئەلفوبێی خۆیان پێڕەوبکەن، بەڵام بەبۆچوونی زانایانی خاوەنڕابردووی گەلەکەمان کە تاکو ئەمڕۆ ژمارەیان گەیشتووەتە چوارسەد و حەفتاویەک کەس، وازهێنان لە ئەلفوبێی ئارامیی – عەرەبی – سۆرانی، بە نیشانەی یاریکردن بە ئاگر دابنرێ و، بە ناڕەوا لەقەڵەم بدرێ!؟

کۆڕ و نێوەندێکی زمانەوانیی پسپۆڕ و شارەزا، لەرق، یان لە خۆشەویستیی زار و ئاین و بنزارێک، یان بۆ رازیکردنی دەرودراوسێکانی، ئەلفوبێ بۆ زمانی نەتەوەکەی هەڵنابژێرێت، بەڵکو ئەلفوبێیەک پەسنددەکات کە فێربوونی دژوار و چەتوون نەبێ و رێخۆشکەر بێت بۆ نێزیککردنەوەی پارچەکانی کوردستان لە یەکدی. چۆنکە ساخبوونەوە لەسەر رێزمان و ئەلفوبێیەکی هاوبەش، یەکگرتنی کورد خێراتر دەکا و، لە گەلێک لایەنەوە خزمەتی بەرژەوندیی گشتی نەتەوەی کورد دەکات. بوونی زۆرینەی کوردی موسڵمان، وەک موسڵمانانی ناعەرەبی وڵاتانی

دیکە، هیچ کێشە نییە و کوردیش دەتوانێ قورئان بە ئەلفوبێکەی خۆی بخوێنێت.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، زمان و مێژوو و شارستانێتی و فەرهەنگی کورد، بەشێک نەبووە و نییە لە زمان، مێژوو، شارستانێتی و فەرهەنگ و جۆگرافیای دراوسێکانی کە ترک و عەرەب و فارسن. زمان و مێژوو و فەرهەنگی ترک و عەرەب لەکوێ و، کورد لەکوێ؟! پاشان ساخبوونەوەی کورد خۆی لەسەر ئەلفوبێیەک کە لە خزمەتی پێشخستنی یەکێتیی نەتەوەیی و زمانی یەکگرتوویدا بێت، چ پێوەندییەکی بە زمانەئێرانی و هێندئۆروپاییەوە هەیە؟! ئایە ئەو گەلانەی وا خزمایەتیی زمانییان لەگەڵ کورددا هەیە، پرسورایان کردووە بەکورد بۆ گۆڕینی ئەو کۆمەڵە ئەلفوبێیە جیاواز لەیەکانەی کە ئەمڕۆ هەیانە...!؟

**گ. پ.** هەروەها دەڵێ: **(...گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی یا بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی دوو جۆر ئەلفوبێ لە بەشە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا، دەبێت وەک هێڵی سوور ببینرێت و نابێت بە هیچ جۆرێک بخرێتە بەرباس یا نەخشەی بۆ دابنرێت. ئێمە گۆڕینێکی وەها بە مەترسییەکی گەورە دەزانین بۆ سەر ئاسایشی زمان و نەتەوەی کورد. سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی یاریکردنە بە ئاگر. ئەلفوبێی کوردی یەکێکە لە نرخە پیرۆزەکانی نەتەوایەتیمان و دەبێ بپارێزرێت. ئێمە وەک باوەڕی خۆمان و بەپێی تێگەیشتنمان لە ئەزموونی گەلانی دەوروبەر لە بواری زمانەوانیدا پێمان وایە چارەسەری ڕاست و زانستی ئەوەیە**

**له کوردستانی باکوور، که له سەرەتای ئەزموونی بەکارهێنانی زمانی کوردیدایە، دەست بکرێتە بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی، بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵێکدا بتوانن خۆیان لە ئەلفوبێی لاتینی و لە فەرهەنگی سەپێنراوی کەمالیزم ڕزگار بکەن. بەڵام هاوکاتیش ئەوە جەخت دەکەین کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک بۆچوونی خۆمان بەسەر کەسدا ناسەپێنین و زمانەوان و کوردیزانانی کوردستانی باکوور خۆیان دەتوانن لەو ڕووەوە بڕیار بدەن...).**

بەڕاستی، ئێمەی کورد لەدانانی **''هێڵی سۆر''** بۆ خۆمان زۆر وەستا و کارامەین، بەڵام لە بەرامبەر ئەو پرس و کێشانەی پێوەندییان بە چارەنووسمانەوە هەیە، وەک مادەی 140، ناوچەکێشەلەسەرەکان، پرسی کەرکووک، بڕیاردان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس، پێکهێنانی نێوەندی ستراتیژی نەتەوەیی و .. هتد، بە ناکارامەی و گێلانە و سەرزارەکیی باسیان لێوەدەکەین. ڕۆژێک کۆمەڵێک پەیدادەبن، لە سروودی نەتەوەیی **''ئەی ڕەقیب''** ی هەڵدەپێچن، کۆمەڵێکی دیکەش لە **''ئاڵا''**، ئێستاش نۆرەی زاراوە و ئەلفوبێیە!

دانانی هێڵی سۆر بۆ لاتینی، دژایەتیکردنێکی ئاشکرایە لەدژی بەشی گەورەی نیشتمانەکەمان کە باکووری کوردستانە و، دژایەتی سێ ملیۆن کوردی ڕۆژاوای کوردستانە. پێداگریی زەق و توند و دوور لەژیربێژیی (منطق) ی **گ. پ.** سەبارەت بە ئەلفوبێی لاتینی، جگە لە کێشە و ناتەباییانەوە و دڵخۆشکردنی

داگیرکەرانی کوردستان و، رازیکردنی هێندێک موسڵمانی تەنگەتیلکە و بەکرێگیراو، کە دژی سەربەخۆیی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردین و، بەتەمان رژێمێکی وەک سعوودی و تاڵەبان و کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە کوردستان دامەزرێنن، چ دەستکەوتێکی دیکەی نییە و نایبێت.

بڕیاردان و هەوڵدان بۆ داسەپاندنی هەر جۆرە ئەلفوبێیەک لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، بڕیارێکی نابەرپرسیارانەیە و تەنیا زیان لەو نیوەچڵە هەست و بیرە هاوبەشە نەتەوەییە دەدات کە چەن ساڵێکە لەهەموو بەشەکانی کوردستان سەریهەڵداوە. نەتەوەی کورد لە بارودۆخی هەستیار و چارەنووسسازی ئەوڕۆدا پێویستی بەخۆپاراستن و پێکهێنانی ناوەندێکی گشتگیری کوردستانیی هەیە کە بتوانێت پارێزگاریی لەخەبات وبەرخۆدانی هەموو بەشەکانی نیشتمانەکەمان و دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان بکات.

بێگومان لەبەشەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان ساڵانێکی دوورودرێژە بەشێوەزاری سۆرانی دەنووسرێ و کورد خاوەنی بەرهەم و گەنجینەیەکی گەورەیە، هاوکات دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت کە دوو بەشی دیکەی کوردستان لەم ئەلفوبێیە تێناگەن و، ناتوانن سوود لە بەرهەمی بەشەکانی ناوەڕاست و خوارووی کوردستان ببینن. ئەوەشدەزانین نووسینی کوردی لاتینی لەباکووری کوردستان هێشتا سەرەتاکانیەتی، بەڵام دەبێ لەڕوانگەیەکی نەتەوەیی و درێژخایەن بیر لەکێشەی زمان بکەینەوە، وەک رێگەیەک بۆ گەیشتن بە یەکێتیی نەتەوەیی.

لەم دۆخەی ئێستادا ئەمە ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە بووجەی پێویست تەرخان بکات بۆ پێکهێنانی نێوەندێکی زانستی – زمانەوانی و زانایانی وەک مامۆستا **جەمال نەبەز و دوکتۆر کوردستان موکریانی و دوکتۆر زرێ یوسف پۆڤە** کوردی کوردستانی سۆری پێشوو و دانیشتووی ئێستای رووسیا کە چەندین بەرهەمی لەسەر زمانی کوردی و زاراوەی **هەورامی** و **لوڕی و سۆرانی** نووسیوە، لەگەڵ زمانەوانانی شارەزا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لەهەموو بەشەکانی کوردستان لە باکوور و رۆژاوا و کرمانجی ناوەڕاست کە بەهەڵە ناوینراوە **''سۆرانی''**، لە هەرێمەکانی کرمانجی خواروو کە لە راگەیەندراوەکەی **گ. پ.** دا ناویان نییە، وەک **کرماشان و خانەقین و ئیلام تا لوڕستان و بەختیاری** کۆبکرێنەوە. ئەم ناوەندە پێویستە سەربەخۆ بێ و، خۆی دووربگرێت لە نێوچەگەرێتی و زاراوەپەرستی و کێشەی حیزبی و سیاسیی. زاراوە و بنزاراوەی هەموو نێوچەکانی کوردستان شەنووکەو بکەن و وشەی بێگانەی لێ بژار بکەن و، ئەلفوبێیەک بۆ هەموو کوردستان پەسند بکەن. پاشان حکوومەتی کوردستان بیکاتە بڕیار بۆ هەموو نێوەند و ئۆرگانەکانی وڵات بەگشتی. بێگومان بەچەن قۆناخێک و لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەتوانرێت هەموو بەرهەم و بڵاوکراوەیەک وەربگێڕدرێنە سەر ئەو ئەلفوبێیەی کە نێوەندی زمانەوانیی پەسندی دەکات، تەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانرێت رێ لەبەردەم کێشەیەکی نانەتەوەیی و دژ بەکوردی تازەدا بگیرێت کە ئەو جارەیان بەناوی زاراوە و ئەلفوبێ وە، خەریکە لە کوردستان سەرهەڵدەدات...

لەخوارەوە دەقی ڕاگەیەندراوەکەی **''گرۆی پێشدەستی بۆ پاراستنی زمانی کوردی''**، لەگەڵ لیستەی ناوی ئەو بەڕێزانەی واژۆیان لەسەر کردووە بۆ ئاگاداریی زیاتری ئێوەی بەڕێز بڵاودەکەمەوە!

.....................

**گرۆی پێشدەستی بۆ پاراستنی زمانی کوردی**

**زمان و ئەلفوبێی کوردی: لەنێوان شێواندن و چارەسەری زانستیدا**

**پێنجشەممە, 13 ی مانگی نۆ, 2012**

**لە ماوەی چەند مانگی ڕابوردوودا دوو کۆنفرانس، لە هەولێر(پاییزی 2011) و دیاربەکر (بەهاری 2012)، ڕێک خران بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکانی زمانی کوردی و تێڕوانینی ئاسۆی داهاتووی. دوو دیاردەی زۆر ئاشکرا لەو دوو کۆنفرانسەدا جێگەی پرسیارن و ناکرێ هەر وا بە ئاسانی چاوپۆشییان لێ بکرێت:**

**یەکەم: هەردوو کۆنفرانس خۆپێشاندانی سیاسی بوون زیاتر لەوەی ببنە هەلێک بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکانی زمانی کوردی و دۆزینەوەی چارەسەری زانستیی وا کە بەرژەوەندیی نزیک و دووری نەتەوەی کورد و زمانەکەی بکاتە پێوەری بنەڕەتی. ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردن و تەنانەت بانگهێشتنی بەشداربووان بەپێی پێوەرێکی سیاسی بوو نەک زمانەوانی و زانستی.**

**دووەم: ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر بۆ کۆنفرانسەکان بانگ کرابوون، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زمانەوان و کوردیزانە ناسراو و جیددی و زانستکارەکان بانگ نەکرابوون و بە ئاشکرا دوور خرابوونەوە. لە کۆی دووسەد کەسی بەشداربووی کۆنفرانسی هەولێر و سێسەد کەسی بەشداربووی کۆنفرانسی دیاربەکر، ئەوانەی کە بە ڕاستی دەکرێ وەک زمانەوان و کوردیزان ناو ببرێن لە 10 کەس زیاتر نەبوون.**

هەردوو کۆنفرانس کارەکانی خۆیان بە بڵاوکردنەوەی هەندێ ڕاسپێری کۆتایی پێ هێنا کە لە ناوەڕۆکدا دەربڕی بیرکردنەوەیەکی سیاسی بوون، نەک نەخشەکێشانی ئێستا و داهاتووی زمانی کوردی. گەوهەری ڕاسپێرییەکان دوو بنەما بوون؛ یەکێکیان هەڵوەشاندنەوەی ئەو زمانە ئەدەبییە ستاندارده بوو کە ساڵانێکە بووەتە بنەڕەتی یەکێتیی نەتەوەیی و دووەمیش سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی بەسەر زمان و فەرهەنگ و شارستانەتیی کورددا.

لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا و بە خوێندنەوەی ئەو گەشەکردنە قووڵەی لە هەموو بوارەکاندا ڕوو دەدات، دیارە بیرکردنەوە لە داهاتووی فەرهەنگ و زمانی کوردی و دانانی نەخشەیەک بۆ بەهێزکردن، دەوڵەمەندکردن و نوێکردنەوەی زمانی کوردی پێویستییەکی مێژوویی، ژیاری و زانستییە. پێشکەوتن و گۆڕانکاری و گەشەکردنی خێرا لە هەموو بوارە زانستییەکاندا دەمانخاتە بەردەم ئەو بەرپرسیارەتییەی کە دەبێ زمانی کوردی بتوانێت خۆی لەگەڵ پێشکەوتنی بوارەکانی زانست و زانیاریی ئەم سەردەمەدا بگونجێنێت. خۆگونجاندنێکی وەها تەنیا بە دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئەو زمانە کوردییە ستانداردەی کە ئێستا هەیە جێبەجێ دەکرێت و دەبێ لەو ڕووەوە ئەزموونی کوردستانی باشوور بکرێتە بنەمایەک بۆ هەموو نەخشەکانی پێوەندیدار بە داهاتووی زمانی کوردییەوە. هەر لەم پێوەستەدا دەبێ نرخی مێژوویی و زمانەوانیی ئەزموونی ''حوکوومەتی کوردستانی جەنووبی''، کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی هەردوو بەشە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات بکرێتە پاڵپشتێکی مەعنەوی و زانستی. ئەو ئاژاوە زمانەوانی و فەرهەنگییەی لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی دەستتێوەردانی کەسانی

بێئەزموون و کەمئەزموونەوە پەیدا بووە، دەبێتە تەگەرەیەکی جیددی لە بەردەم پێشکەوتنی زمانی کوردیدا.

هاوکاتیش زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە ناکرێت و نابێت ڕابوردووی هەزارساڵەی زمانی نووسینی کوردی هەڵوەشێنینەوە و فەرهەنگ و شارستانەتی و بەرهەمی سەدان ساڵی ئاوەز و مێشکی مرۆڤی کورد بسڕینەوە و لە سفرەوە دەست پێ بکەین. هەر بیرکردنەوە و نەخشەیەک ئەو ڕابوردووە نەکاتە بنەڕەت و پاشخان، ئەنجامەکەی دەمانگەیێنێتە کارەساتێکی ڕەشی وا کە هەڕەشە لە هەبوونی نەتەوە و نیشتمانی کوردیش دەکات.

ئامانجێکی دیکەی نەخشەکێشیی زمانی کوردی دەبێ پڕکردنەوەی درزی نێوان زاراوا و دیالێکتە کوردییەکان بێت بە هیوای نزیکبوونەوە و بەهێزبوونیان لە چوارچێوەی یەکێتیی زمان و فەرهەنگ و نیشتمان و نەتەوەی کورددا. ڕاسپێری و ئاخاوتەکانی ئەو دوو کۆنفرانسە هاندەرن بۆ فراوانترکردنی درزی نێوان زاراواکانی کوردی، نەک نزیکبوونەوەیان لە یەکدی.

پێشخستن و گەشەپێدان و بەستانداردکردنی زمانی کوردی دەبێت بەشێک بێت لە سیاسەتی فەرهەنگیی [Cultural Policy] و، بە هیچ شێوەیەک لێی جیا ناکرێتەوە. داپڕینی کێشەکانی زمان لە کێشە گشتی و بنەڕەتییەکانی فەرهەنگ نەک هەر چارەسەری ناکات، بەڵکە کۆسپ و لەمپەری دیکەیش دەخاتە بەردەم ڕێڕۆی پێشکەوتنی.

هەر لەم پێوەستەدا دەبێ دوو ڕاستیی گرنگ و گەوهەرین جەخت بکرێن، کە تێگەیشتنیان مەرجێکە بۆ بیرکردنەوەی ڕاست و چارەسەری ڕاستی کێشەکان. یەکەم: کورد، گەلێکی ڕۆژهەڵاتییە و زۆرینەی موسڵمانە و لە ڕووی مێژوو، جۆگرافیا و شارستانەتییەوە بەشێکە لەوان؛ دووەم: زمانی کوردی بەشێکە لە خێزانی زمانانی ئێرانی، کە ئەویش

دەچێتەوە سەر گرۆی زمانانی هیندۆئەورۆپایی. ئەو سێ لایەنە بنچینەی ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد و زمان و فەرهەنگی کوردن.

ڕێکخستنی کۆنفرانس بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی دەبێ یانەیەک بێت بۆ ئەو کەسانەی لە بواری زمانناسی و کوردیزانیدا شارەزان و دەتوانن بە ڕێوشوێنی زانستییانە لەو باسانە بکۆڵنەوە و بیر بکەنەوە.کۆکردنەوەی سەدان کەس هەر لەبەر ئەوەی دەتوانن بە کوردی بنووسن یا بدوێن، لە خۆپێشاندانێکی سیاسی بەولاوە هیچی دیکە نییە و ناتوانێت کێشەکانی زمانی کوردی چارەسەر بکات. ئەو دەیان دەستگا و دامەزراو و مەکۆ و ناوەندانەی بە ناوی فەرهەنگ و زمانی کوردییەوە دامەزراون و لەو کۆنفرانسانەدا بەشداری دەکەن، بەشی هەرە زۆریان ڕوواڵەتی دەرەوەی گرۆ و ڕێکخراوی سیاسین و دەبنە هۆی دروستبوونی تەگەرەی زیاتر و پەرتەوازەبوونی توانست و وزەی زانستیی کوردیزان و زمانەوانەکان.

ئێمە کە ئەم بانگەوازەمان ئیمزا کردووە، دەمانەوێ زۆر دڵسۆزانە ڕوو بکەینە هەموو نووسەر، زمانەوان، رووناکبیر، کوردیزان و فەرهەنگناسانی کوردستان و ئەوەیان بۆ ڕوون بکەینەوە کە کێشەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی بەو جۆرە کۆنفرانسانەی تا ئێستا ڕێک خراون، چارەسەر ناکرێن و دەبێ بە شێوەیەکی زانستی و بنەڕەتانە بیریان لێ بکرێتەوە و کاریان بۆ بکرێت. هاوکات ئێمە دەمانەوێ ئەم بنەمایانە جەخت بکەین لەپێناوی تێگەیشتنێکی ڕاستتر و گشتلایەنەدا:

- بابەتەکانی زمانی ستاندارد، زمانی ڕەسمی و زمانی خوێندن دەکرێ لە کۆبوونەوە یا کۆنفرانسی زانستیدا بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و کەسانی شارەزا، بە کۆمەک و هاوکاریی دەستەڵاتی سیاسی، بگەن بە ڕێککەوتن و هاودەنگی لەبارەیانەوە و میکانیزمێک بۆ ڕێکخستن و کارپێکردنیان بدۆزرێتەوە.

- کێشەی زمانی کوردی پێوەندیی بە هەموو نەتەوەی کورد و داهاتووی سیاسی و فەرهەنگی و شارستانەتیی کوردەوە هەیە. ئێمە لە کاتێکدا بە هەموو شێوەیەک پشتگریی هەوڵ و خەباتی گەلەکەمان دەکەین بۆ ئازادکردن و بەڕەسمیبوونی زمانی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، هاوکاتیش زۆر بە گرنگی دەزانین کە تایبەتمەندییەکانی هەر بەشێکی کوردستان لە بەرچاو بگیردرێن و هیچ بەشێک ڕێگە بە خۆی نەدات سیاسەتی زمانیی خۆی بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بسەپێنێت.
- ناکرێ ئەلفوبێ وەک ئامانج تەماشا بکرێت، بەڵکە هۆیەکە و ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕاستنووسین و چاکتر دەربڕینی دەنگەکانی زمانێک و هەروەهایش بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی فەرهەنگ و شارستانەتیی نەتەوەیەک. ئەلفوبێی لاتینی بە هیچ جۆرێک ناتوانێت وەرامدەرەوەی دەنگ و فۆنیمەکانی زمانی کوردی بێت. تەنانەت بۆ زاراوای کرمانجی، کە ئەلفوبێیەکە لە بنەڕەتدا تەنیا بۆ نووسینی ئەو زاراوایە دروست کراوە، ئەلفوبێی لاتینی بەش ناکات چونکە پێنج دانە فۆنیم لە کرمانجیدا هەن، کە لەو ئەلفوبێیەدا هیچ هێمایەکیان بۆ دانەنراوە. ئەگەر باسی کوردیی ناوەندی بکەین، ئەوا حەوت فۆنیم هەن کە لە ئەلفوبێیەکەدا هێما یا حەرفێکیان بۆ دانەنراوە.
- کورد لە ماوەی هەزار ساڵی ڕابوردوودا یەک ئەلفوبێی سەرەکیی بۆ نووسینی زمانەکەی بە کار بردووە و هەر هەموو ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەو ئەلفوبێیە نووسراوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا بەشی هەرە زۆری تێکست و بەرهەم و داهێنانی کوردی (تا سنووری 85%) بەو ئەلفوبێیە دەنووسرێت. لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمدا دوو ئەلفوبێ بەسەر بەشێک لە نەتەوە و زمانی کوردیدا سەپێنران: ئەلفوبێی لاتینی لە لایەن ڕێژیمی کەمالیستی تورکیاوە بەسەر کوردی

تورکیادا سەپێنرا و ئەلفوبێی کریلیکیش لە لایەن ڕێژیمی ستالینەوە بەسەر کوردی سۆڤییێتدا. گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی یا بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی دوو جۆر ئەلفوبێ لە بەشە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا، دەبێت وەک هێڵی سوور ببینرێت و نابێت بە هیچ جۆرێک بخرێتە بەر باس یا نەخشەی بۆ دابنرێت. ئێمە گۆڕینێکی وەها بە مەترسییەکی گەورە دەزانین بۆ سەر ئاساییشی زمان و نەتەوەی کورد. سەپاندنی ئەلفوبێی لاتینی یاریکردنە بە ئاگر. ئەلفوبێی کوردی یەکێکە لە نرخە پیرۆزەکانی نەتەوایەتیمان و دەبێ بپارێزرێت. ئێمە وەک باوەڕی خۆمان و بەپێی تێگەیشتنمان لە ئەزموونی گەلانی دەوروبەر لە بواری زمانەوانیدا پێمان وایە چارەسەری ڕاست و زانستی ئەوەیە لە کوردستانی باکوور، کە لە سەرەتای ئەزموونی بەکارهێنانی زمانی کوردیدایە، دەست بکرێتە بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی، بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵێکدا بتوانن خۆیان لە ئەلفوبێی لاتینی و لە فەرهەنگی سەپێنراوی کەمالیزم ڕزگار بکەن. بەڵام هاوکاتیش ئەوە جەخت دەکەین کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک بۆچوونی خۆمان بەسەر کەسدا ناسەپێنین و زمانەوان و کوردیزانانی کوردستانی باکوور خۆیان دەتوانن لەو ڕووەوە بڕیار بدەن.

- داوا دەکەین سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی تەنیا لەگەڵ کەسانی زمانەوان و کوردیزان و ڕووناکبیر و نووسەر و زانستکارانی جیددیدا هاوکاری بکات.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم ڕاستییانە دەخەینە بەردەم توێژی ڕووناکبیر و خوێندەواری کورد، بە پێویستی نازانین ئەو دەیان و سەدان بەڵگە زانستییانەی دەبنە پاڵپشتی بیر و بۆچوونەکانمان لێرەدا پێشکەش بکەین. بەڵام لە چوارچێوەی کۆبوونەوە یا کۆنفرانسێکی زانستیدا

دەتوانین بەرگری لە ناوەڕۆکی ئەم ڕوونکردنەوەیە و لە سەرجەمی هەڵوێستە زمانەوانییەکانمان بکەین.

گرۆی پێشدەستی بۆ پاراستنی زمانی کوردی

ئاسۆ گەرمیانی، ئەحمەد باوەڕ، ئەحمەد قازی، ئەمجەد شاکەلی، ئەمیر قازی، بەختیار ئەمین، بەدران ئەحمەد حەبیب، پشکۆ نەجمەدین، جووتیار تۆفێق هەورامی، خەبات عارف، رزگار شێخانی، رەفیق سابیر، سوداد رەسووڵ، سەلام ناوخۆش، شێخ عومەر غەریب (میر ئاکرەیی)، شێرکۆ بێکەس، عاسی رەباتی، فەرهاد شاکەلی، فەرەیدوون ئەرشەدی، فەهمی کاکەیی پ. د. فواد حەمە خورشید، کاوە ئەمین، لەتیف هەڵمەت، عومەر عەسری، محەمەد موهتەدی، موحسین جوامێر، ناسر رەزازی، نەریمان خۆشناو.

لیستی ناوی ئیمزاکردووان بۆ بانگەوازی پاراستنی زمان و ئەلفوبێی کوردی

(پاشکۆی یەکەم)

سەرنج: لەم پاشکۆیەدا ناوی ئەو بەڕێزانە تۆمار کراوە کە تا ئەمڕۆ [9-9-2012] بانگەوازەکەیان ئیمزا کردووە. هەر کەسێکی دیکەیش بیەوێ پشتگریی ئەم بانگەوازە بکات، دەتوانێت ناو و پیشە و جێی دانیشتنی خۆی بنێرێت بۆ یەکێک لەو دوو ئیمەیڵەی لە سەرەتای بانگەوازەکەدا نووسراون.

1. حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین دادوەر لە دادگای تەمیز سلێمانی.
2. جەمال عەبدول پسپۆڕی زمان، نووسەر، پارێزگاری پێشووی سلێمانی و وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری و مافی مرۆڤ سلێمانی. 3. فەیسەڵ دەباغ ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی هەرێم، لێکۆڵەر هەولێر. 5- دۆکتۆر مەلا بەشیر حەدداد ئەندامی پارلەمانی کوردستان، خوتبەخوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات هەولێر. 5. عەدنان کەریم هونەرمەند سوێد. 6. هۆمەر دزەیی ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراق، نووسەر، هونەرمەند

**هەولێر. 7. کاکەمەم بۆتانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد چیرۆکنووس و ڕۆماننووس هەولێر. 8. د. محەمەد کەمال مامۆستا و لێکۆڵەر لە زانکۆی ماڵبۆرن ئاوسترالیا. 9. سۆزان شیهاب نووری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەولێر، سلێمانی. 10. ناسک تۆفیق عەبدولکەریم ئەندامی پارلەمانی کوردستان هەولێر. 11. بەیان ئەحمەد نووری ئەندامی پارلەمانی کوردستان هەولێر. 12. نەژاد عەزیز سورمێ شاعیر، وەرگێڕ،ئەندامی پارلەمانی کوردستان هەولێر. 13. سەرهەنگ فەرەج ئەندامی پارلەمانی کوردستان هەولێر. 14. ئارام قادر نووسەر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارلەمانی کوردستان هەولێر. 15. عوزێر حافز ئەندامی پارلەمانی عێراق. 16. بەکر حەمە سدیق ئەندامی پارلەمانی عێراق. 17. عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد ئەندامی پێشوی پارلەمانی کوردستان دەربەندیخان. 18.سەڵاح حەمید ڕەمەزان ئەندامی پێشووی پارلەمانی کوردستان کفری. 19. د. جەبار ئەحمەد حەسەن سە رۆکی بە شی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر. 20. د. محەمەد مەحوی پسپۆری زمان، مامۆستای زانکۆ سلێمانی. 21. مەلا عومەر چنگیانی نووسەر، مامۆستای ئایینی هەولێر. 22. سەلام عەبدوڵلا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات هەولێر،سلێمانی. 23. محەمەد عەلی سوڵتانی نووسەر، کلاسیکناس کرماشان. 24. شێخ موحەممەد شاکەلی ڕاوێژکاری ئاینیی سەرۆکی هەرێم شاکەل، هەولێر. 25. د. ئەنوەر قادر محەمەد مامۆستای زانکۆ سلێمانی. 26. مامۆستا شەماڵ موفتی ئەکادیمی، پسپۆڕ لە بواری ژینگە سلێمانی. 27. ئەحمەد موفتی ئەندازیار، ڕووناکبیر دهۆک، سوێد. 28. ڕێبین هەردی نووسەر، ڕووناکبیر سلێمانی. 29. ئەبوبەکر کاروانی نووسەر، وەزیری پێشووی حکوومەتی هەرێم سلێمانی. 30. حەمە سەعید حەسەن نووسەر کوردستان، سوێد. 31. بەڕۆژ ئاکرەیی شاعیر، نووسەر، وەرگێڕ هەولێر. 32. مەهاباد قەرەداغی نووسەر، چالاکوانی مافی مرۆڤ هەولێر. 33. د. مارف عومەر گوڵ مامۆستای زانکۆ سلێمانی/ کۆیە. 34. د. هەڤاڵ**

ئەبوبەکر مامۆستای زانکۆ، نووسەر، ڕووناکبیر سلێمانی. **35**. شکۆ عەلی عەسکەری دیزاینەر، هونەرمەندی شێوەکار سوێد. **36**. د. موسەننا ئەمین مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتوو سلێمانی. **37**. ڕەزوان گولی نووسەر دهۆک، سوێد. **38**. حاجی کاروان نووسەر، بانگخواز کەرکووک. **39**. محەمەد فەریق حەسەن نووسەر کۆپنهاگن/ دانمارک. **40**. حامد محەمەد عەلی نووسەر، ڕۆژنامەنووس هەولێر. **41**. عەبدولڕەحمان فەرهادی نووسەر هەولێر. **42**. عەلی محەمەد فەقێ وەزیری پێشووی عێراق. **43**. حەسەن پێنجوێنی نووسەر، چیرۆکنووس سلێمانی، ئاوسترالیا. **44**. هیوا زەندی زمانەوان سوێد. **45**. ڕێبوار کەریم وەلی نووسەر، ڕۆژنامەنووس هەولێر. **46**. خالید سلێمان نووسەر، ڕۆژنامەنووس گەرمیان، سلێمانی. **47**. نیهاد قازی نووسەر، چالاکوانی مافی مرۆڤ هۆڵەندە. **48**. دۆکتۆر تۆفیق ئاڵتونچی نووسەر سوێد. **49**. مستەفا ساڵح کەریم نووسەر، ڕۆژنامەوان، وەرگێڕ سلێمانی. **50**. ڕەئووف بێگەرد چیرۆکنووس، وەرگێڕ سلێمانی. **51**. سەلام مەنمی چیرۆکنووس سلێمانی. **52**. مستەفا عەبدوڵڵا نووسەر سلێمانی. **53**. تاهیر ساڵح سەعید چیرۆکنووس سلێمانی. **54**. یاسین قادر بەرزنجی نووسەر، شانۆکار سلێمانی. **55**. فوئاد مەجید میسری نووسەر سلێمانی. **56**. پ. د. جەزا تۆفیق لێکۆڵەری ئەکادێمی سلێمانی. **57**. کۆزاد محەمەد ئەحمەد لێکۆڵەر لە بواری مێژووی کۆن و ئەسیریۆلۆجی ڕۆتردام/هۆڵەندە. **58**. حەکیم کاکەوەیس نووسەر حەسار/سوێد. **59**. محەمەد پاکژ شاعیر، ڕۆژنامەنووس سلێمانی. **60**. ئازاد قەزاز نووسەر، پسپۆڕی فەلسەفەی ئاین و ڕۆحیگەری هۆڵەندە. **61**. غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا نووسەر، ڕۆژنامەنووس کەرکووک، سلێمانی. **62**. حوسێن کاکەیی هونەرمەندی شێوەکار بەلجیکا. **63**. جەلال دەباغ ڕۆژنامەنووس، نووسەر سوێد. **64**. دۆکتۆر فرسەت ڕۆژبەیانی پسۆر لە ڕۆژهەڵاتناسی ومێژووی کورد بەرلین/ئەڵمانیا. **65**. بەختیار ڕەشید شێوەکار سلێمانی. **66**. ئاسۆس جەمال قادر نووسەر کۆپنهاگن/ دانمارک. **67**.

حوسامەددین یاسین سەرداری پارێزەر، ڕۆژنامەنووس هەولێر. 68. توانا ئەمین نووسەر، چیرۆکنووس کوردستانی باشوور. 69. سەڵاح ڕەئووف مامۆستای مۆسیقا و ئاوازدانەر هۆڵەندە. 70. ڕووناک شوانی مامۆستای زمانی کوردی سوێد. 71. سەلام محەمەد شاعیر سوێد. 72. حامید درووی وەرگێڕ، مێدیاکار سوێد. 73. ساقی بارزانی ڕۆژنامەنووس /نووسەر ئەمەریکا. 74. محەمەد کوردۆ سەرنووسەری گۆڤاری هەنار سلێمانی. 75. دکتۆر ئازاد مورادیان لێکۆڵەر ئەمەریکا. 76. ئاری کاکەیی نووسەر، بێژەر لە سەتەلایتی نەورۆز سوێد. 77. فوئاد قەرەداغی نووسەر سلێمانی. 78. عەدالەت عەبدوڵڵا سەرنووسەری گۆڤاری واڵا پرێس سلێمانی. 79. کاوە میسری وەرگێڕ، لێکۆڵەر سوێد. 80. کەریم تاقانە نووسەر، وەرگێڕ سوێد. 81. کەمال چۆمانی ڕۆژنامەنووس هیندستان. 82. سەعید عارف باپیر نووسەر و وێنەکێش ستۆکهۆڵم/ سوێد. 83. سەعید کاکەیی توێژەر، مامۆستای زانکۆ ئەمەریکا. 84. چیمەن شەریف نووسەر بریتانیا. 85. عەبدولقادر محەمەد ئەمین ڕۆژنامەنووس ئەمەریکا. 86. سیامەک نەجەفی نووسەر، زمانزان کەنەدا. 87. د. گوڵمراد مورادی نووسەر، چالاکوانی سیاسی و مامۆستای زانکۆ ئەڵمانیا. 88. نەژاد سیوەیلی نووسەر کەنەدا. 89. نەوزاد شێردڵ نووسەر، هونەرمەند کەنەدا. 90. سەڵاح سالار ڕۆژنامەنووس. 91. ڕەوشت محەمەد شاعیر، ڕۆژنامەنووس سلێمانی. 92. ئازاد هۆمەر وەرگێڕ سوێد. 93. ئیدریس سیوەیلی نووسەر، ڕۆژنامەنووس سلێمانی. 94. عەباس بۆسکانی مامۆستای زانکۆ سلێمانی. 95. حەمە مەنتک نووسەر، ڕەخنەگری ئەدەبی هەولێر. 96. حەمەڕەشید هەرەس شانۆکار سلێمانی. 97. ستارە عارف نووسەر، ڕۆژنامەنووس سلێمانی. 98. خەسرۆ پیرباڵ نووسەر، دیپلۆمات هەولێر، فینلاند. 99. محەمەد بەرزنجی وەرگێڕ ئەڵمانیا. 100. شاڵاو حەبیبە نووسەر سلێمانی. 101. سەرکەوت ڕەسوول شاعیر هەولێر. 102. دیاکۆ هاشمی وەرگێڕ، بەڕێوەبەری بەرنامەی فێرگەی زمانی کوردی لە

ئاسۆسات سوێد. 103. عیماد عەلی محەمەد ڕۆژنامەنووس. 104. عەزیز شێخانی نووسەر، مامۆستای زانکۆ فینلەندە. 105. سلێمان دڵسۆز نووسەر، وەرگێڕ خانە/ڕۆژهەڵاتی کوردستان. 106. عەتا موفتی ڕۆژنامەنووس لەندەن/ بریتانیا. 107. ئەحمەد عارف نووسەر سلێمانی. 108. ئاراس وەلی چالاکوان لە بواری سیاسەت و پرسی کۆمەڵگا، فۆتۆگرافەر سلێمانی. 109. میترا ئاریان نووسەر، چالاکوانی بواری مافی ژنان بەلجیکا. 110. ئەڤین عەزیز نووسەر، ڕۆژنامەنووس. 111. تاریق هێدی پێداگۆگ، زمانناس نەرویج. 112. هیوا قادر شاعیر، ڕۆماننووس سلێمانی. 113. فارووق هۆمەر چیرۆکنووس، مامۆستا کەنەدا. 114. هەینی قادر نووسەر، سەرپەرشتیار هەولێر. 115. سەدیق عوسمان نووسەر، مامۆستا هەولێر. 116. د. مەغدید حاجی نووسەر، مامۆستای زانکۆ هەولێر. 117. لوقمان سەلیم ئەحمەد مامۆستا هەولێر. 118. د. مەهدی قادر مامۆستای زانکۆ لە بەشی مێژوو هەولێر. 119. لوقمان فارووق نووسەر، مافپەروەر هەولێر. 120. نایف شێخانی نووسەر، هونەرمەند، مامۆستا هەولێر. 121. هەڵۆ بەرزنجەیی نووسەر، وەرگێڕ ئەڵمانیا. 122. هاشم کۆچانی نووسەر سوێد. 123. ڕەفیق ساڵح ئەحمەد سەرۆکی بنکەی ژین سلێمانی. 124. عەبدوڵڵا قادر دانساز وەرگێڕ ستۆکهۆڵم/سوێد. 125. کاروان کاکەسوور نووسەر دانمارک. 126. ئازاد عەلی ئیسماعیل مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕی دەروونزانی هەولێر. 127. ئامانج شاکەلی نووسەر، وەرگێڕ هەولێر. 128. نالی پێنجوێنی ڕۆژنامەنووس سویسرا. 129. فەهد گەردەوانی نووسەر، ڕۆژنامەنووس ستۆکهۆڵم/ سوێد. 130. خلوود مەحموود ئەندازیاری کۆمپیوتەر سوێد. 131. دوکتۆر دانا مەحموود سوێد. 132. دانا حوسێن عەزیز ڕۆژنامەنووس. 133. غازی حەسەن نووسەر، ڕۆژنامەنووس هەولێر. 134. تەیب جەبار شاعیر، ئەندازیار سلێمانی. 135. کەنعان مەدحەت نووسەر، وەرگێڕ سوێد. 136. حەمید ئەبوبەکر بەدرخان ڕۆژنامەنووس، بەرپرسی دەزگای بەدرخان هەولێر. 137. ئیبراهیم باجەڵان نووسەر

**خانەقین. 138. عەبدوڵڵا حەسەن قادر نووسەر کەلار. 139. مستەفا سەعید عەلی نووسەر و وەرگێڕ کەلار. 140. دکتۆر فەرهاد قادر مامۆستای زانکۆی گەرمیان کەلار. 141. فاتح سەلام محەمەد شاعیر کفری. 142. ئەحمەد شاکەلی نووسەر کەلار. 143. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل نووسەر دووزخورماتوو. 144. دکتۆر بەیان مانی مامۆستای زانکۆ و هونەرمەندی شێوەکار کەلار. 145. ڕەحمان خانی ڕۆژنامەنووس دەربەندیخان. 146. فەرەیدون سامان شاعیر، نووسەر هەولێر. 147. محەمەد حەسەن قادر هونەرمەند کەلار. 148. نامیق باباخان هونەرمەندی شێوەکار کەلار. 149. خەڵەف غەفوور ڕۆژنامەنووس کەلار. 150. ساڵح هەلاج شاعیر کەلار. 151. مەڵا تەحسین گەرمیانی نووسەر کەلار. 152. دکتۆر جەلال سەعدوڵڵا حەسەن مامۆستای زانکۆی گەرمیان کەلار. 153. ئاری عوسمان خەیات نووسەر کفری. 154. سامان کەریم ڕۆژنامە نووس کفری. 155. عومەر شەریف نووسەر کفری. 156. بێستوون سەلام ڕۆژنامەنووس کفری. 157. قادر ئیسماعیل ڕۆژنامەنووس کفری. 158. ئەمەل باجەڵان ڕۆژنامەنووس خانەقین. 159. وەلی شەریف حسین وەندی نووسەر خانەقین. 160. حەسەن هەیاس هونەرمەند خانەقین. 161. دڵشاد ئەنوەر ڕۆژنامەنووس کەلار. 162. ساڵح میروەیسی ڕۆژنامەنووس گەرمیان. 163. حسێن مەحموود علی مامۆستای زانکۆی گەرمیان کەلار. 164. تەها سلێمان شاعیر کەلار. 165. دکتۆر ئومێد بەرزان برزۆ مامۆستای زانکۆی گەرمیان کەلار. 166. دارا حەمید مامۆستای زانکۆی گەرمیان کەلار. 167. ئەحمەد محەمەد قادر ڕۆژنامە نووس کەلار. 168. سمکۆ سابیر ڕۆژنامەنووس کەلار. 169. ئازاد عوسمان ڕۆژنامەنووس کەلار. 170. حامید کۆنەپۆشی مامۆستای زانکۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. 171. ئیحسان حەسیب ئاکرەیی ڕۆژنامەنووس ئاکرێ. 172. عەلی لەبریز وەرگێڕ، فەرهەنگنووس ستۆکهۆڵم/سوێد. 173. د. موحسین ئەحمەد عومەر نووسەر، مامۆستای زانکۆ هەولێر. 174. دانا ڕەئووف نووسەر، شانۆکار**

ستۆکهۆڵم/سوێد. 175. سالار حیسامی بەڕێوەبەری نووسین لە ڕۆژنامەی میدیا هەولێر. 176. نەهرۆ (کامەران وەلی عەلی) نووسەر نەرویج. 177. زاهیر باهیر نووسەر بریتانیا / لەندەن. 178. سارا عومەر شاعیر، نووسەر دانمارک. 179. عومەر عەلی مامۆستای زانکۆ بریتانیا. 180. بێستوون مینە ئەدیب چۆمان. 181. کاروان محەمەد فەتاح چیرۆکنووس سلێمانی. 182. یووسف ئەحمەد محەمەد خوێندکاری ماجستێر لە ئەدەبی کوردی کەلار. 183. میقداد شاکەلی خوێندکاری ماجستێرلە جیۆگرافیای مرۆیی گەرمیان. 184. هەرێم عوسمان مەعروف ڕۆژنامەنووس سلێمانی. 185. محەمەد تاڵب نووسەر بریتانیا. 186. ئیبراهیم ساڵح محەمەد نووسەر بیرمینگهام /بریتانیا. 187. ئەحمەد ڕەجەب نووسەر، ڕۆژنامەنووس سوێد. 188. رۆژ دیلان داسوک پسپۆڕ لە بواری ئای تی سوێد. 189. هەژار کامەلا نووسەر ڤیەننا / نەمسا. 190. دۆکتۆر هیوا کۆیی دکتۆر سوێد. 191. دۆکتۆر بەیار عومەر بەرزنج سوێد. 192. ئەسعەد قەرەداغی هونەرمەند، نووسەر سوێد. 193. نەوزاد عەزیز خدر نەرویج. 194. موحسین ع ماجدی مامۆستای زمان لە زانکۆی لەندەن بریتانیا. 195. ڕەزا شوان نووسەر نەرویج. 196. سەلاح محەمەد شاکەلی نووسەر شاکەل، سلێمانی. 197. کاوە عومەر عەلی مامۆستای زمانی ئینگلیزی بریتانیا. 198. لەتیف فاتح فەرەج نووسەر کەرکووك. 199. د. ئیبراهیم عەبدولڕەحمان جاف مامۆستای زانکۆی گەرمیان خانەقین. 200. ئومێد شێخ ڕەحیم تاڵەبانی مامۆستای زانکۆی گەرمیان خانەقین. 201. دکتۆر محەمەد زەهاوی مامۆستای زانکۆی گەرمیان خانەقین. 202. دڵشاد محەمەد غەریب مامۆستای زانکۆی گەرمیان کەلار. 203. دڵشاد ئەحمەد خاوەنی کتێبفرۆشیی شێروانە کەلار. 204. عەبدوڵلا حەمید ڕۆژبەیانی نووسەر کەلار . 205. دکتۆر ئیبراهیم قادر جاف مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین هەولێر. 206. سیامەند کەریم مامۆستای زانکۆی گەرمیان کەلار. 207. محەمەد مەردان مەجید سەرنووسەری گۆڤاری کەلەپووری کورد سلێمانی. 208.

ساڵەح ئەحمەد شەریف سەرپەرشتیاری پەروەردەیی گەرمیان. 209. تایەری سەید عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتیی کەلار گەرمیان. 210. نەوزاد محەمەد ئیبراهیم مامۆستای پەیمانگای کۆمپیوتەری کەلار گەرمیان. 211. مەحموود کەریم ئەحمەد سەراوی مامۆستای زانكۆ سلێمانی. 212. عوسمان عەبدولقادر هونەرمەند کەلار. 213. دانا عەسکەر شاعیر کەرکووك. 214. ڕێبوار زەنگەنە نووسەر کەرکووك. 215. ئارام شوانی ڕۆژنامەنووس کەرکووك. 216. ئکۆ شوانی ڕۆژنامەنووس کەرکووك. 217. سۆران کەریم ڕۆژنامەنووس کەلار . 218. ئارام ئیکرام مەلا عەلی ڕۆژنامەنووس کەلار. 219. مەحموود محەمەد ناسر هونەرمەند کەلار. 220. سەربەست ئەحمەد هونەرمەند کەلار. 222. دۆکتۆر ئیسماعیل نەجمەدین زەنگەنە مامۆستای زانكۆ گەرمیان. 223. فەرشید شەریفی چیرۆكنووس هەورامان/ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. 224. د. فائیز ئەبوبەکر قادر مامۆستای زانكۆ هەولێر (فائیزی مەلا بەکر). 225. تامان شاکر نووسەر، ڕۆژنامەنووس هەولێر. 226. حەیدەر عەبدوڵڵا نووسەر، مامۆستا هەولێر. 227. شوان کاکەیی خوێندکاری دۆکتۆرا لە بواری پزیشکی بریت. 228. ڕێبوار حەسەن چالاکوانی ژینگە و پرسی ئاشتی و یەکسانی سوێد. 229. غازی محەمەد شاعیر کەرکووک. 230. ئاری ئازاد نووسەر. 231. سامان ساڵح فەرەج ڕۆژنامەنووس عەربەت/سلێمانی. 232. یاسین محەمەد شاعیر، وەرگێڕ سلێمانی. 233. هاوژین عومەر کەریم خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی بەیان و ماڵپەڕی بەیان پرێس سلێمانی. 234. د. سەلاحی گەرمیان نووسەر، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ توێژەری زانستی دەروونی و دەروونناس سیدنی/ئوستralیا. 235. فارووق هۆمەر چیرۆکنووس، وەرگێڕ. 236. فازڵ قەرەداغی نووسەر، لێکۆڵەر سلێمانی. 237. سەعدییە خەلیلی مامۆستا ئۆپسالا/ سوێد. 238. جەلیل عەباسی نووسەر، شاعیر، وەرگێڕ. ئاڤێستاناس هەورامان/ڕۆژهەڵاتی کوردستان/هەولێر. 239. ڤیان مەجید فەرەج نووسەر، بەرپرسی

سێنتەری نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر سلێمانی. **240**. ئەژی جەمال سەرنووسەری گۆڤاری هاواری خەڵک سلێمانی. **241**. فایەق سەعید پەروەردەزان سوێد. **242**. کوێستان فتووحی چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان . **243**. چێنەر عوسمان میکائیل هونەرمەند سلێمانی. **244**. نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا نووسەر سلێمانی. **245**. حەیات مەجید پەرخی شاعیر سلێمانی. **246**. جەمال ئەحمەد نووسەر لە بواری مێژوو هەولێر. **247**. سورەیا عەباس مامۆستا گوێتەنبۆرگ/سوێد. **248**. سیروان ئیسماعیل وەرگێڕ مانچێستەر/بریتانیا. **249**. مەریوان حەمەدەروێش سالح مامۆستای زانکۆ، زانستی سیاسەت سلێمانی. **250**. ئیسماعیل ئیسماعیلزادە شاعیر، نووسەر ئۆسلۆ/نەرویج. **251**. جوامێر محەمەد ڕەشید خوێندکاری ماستەر مۆسکۆ/ڕووسیا. **252**. مستەفا حەیدەری ئیمامی مزگەوت سوێد. **253**. ئاڵا ستریدسمان مامۆستای زمان سوێد. **254**. سۆزان بندیان وەرگێڕ سوێد. **255**. حەیدەر حەیدەری ڕۆژنامەنووس سوێد. **256**. ئەمین حەیدەری مامۆستای زمان سوید. **257**. کەمال ڕەئووف ڕۆژنامەنووس، مامۆستا سوێد. **258**. ڤانا محەمەد کۆمەڵناس سوێد. **259**. زانا محەمەد حەمید کۆمەڵناس سوێد. **260**. ئەحمەد محەمەد مامۆستای زمانی کوردی سوێد. **261**. دانا حسێن نووسەر سوێد. **262**. مەلا سامان حەسەن محەمەد زانای ئایینی سوێد. **263**. زیاد هەورامی سیاسی سوێد. **264**. عومەر ئەحمەد قادر کەلاری مامۆستا سوێد. **265**. ئاکۆ محەمەد سابیر شاعیر سوێد. **266**. محەمەد بەرزنجی ڕۆژنامەنووس سوێد. **267**. دڵخواز کەرکووکی مامۆستا سوێد. **268**. بەڕێز محەمەد عوسمان هەورامی مامۆستا سوێد. **269**. بەرهەم ڕەئووف پارێزەر سلێمانی. **270**. بەیان لەتیف ئەحمەد خوێندکاری زانستی ئیسلامی سلێمانی. **271**. جەمال ئەحمەد نووسەر، مامۆستا سوێد. **272**. ژیان مەحموود مامۆستا سوێد. **273**. دانا ڕەسوول خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی سوێد. **274**. شادان کەرکووکی خوێندکاری زانکۆ سوێد. **275**. سۆزان جەمال ڕەئووف پارێزەر سلێمانی. **276**. سروە

جەمال ڕەئووف مامۆستا سلێمانی. 277. ڤیان جەمال ڕەئووف ڕۆژنامەنووس، پەیامنێری تەلەڤیزیۆن سلێمانی. 278. هیوا جەمال ڕەئووف خوێندکاری زانکۆ سلێمانی. 279. تریفه حسێن مامۆستا سوێد. 280. حەسیبە شێخ لەتیف مامۆستا سلێمانی. 281. ئاڤان بەرزنجی خوێندکاری زانکۆ سوێد. 282. بەناز شێخ محەمەد قەرەداغی شاعیر سلێمانی. 283. میران شارباژێڕی چالاکوانی مەدەنی نەرویج. 284. شادان سەعید مامۆستا نەرویج. 285. گوڵاڵە محەمەد مامۆستا سوێد. 286. مەلا ئیسماعیل دیانەیی زانای ئایینی سوێد. 287. سیروان ئیسماعیل دیانەیی خوێندکاری زانکۆ سوێد. 288. سەروەت خالد مامۆستا سوێد. 289. مەلا ڕەئووف قەرەداغی مامۆستا قەرەداغ. 290. ئامانج ئیبڕاهیم ڕەسوول نووسەر سوێد. 291. ئارام ئیبراهیم ڕەسوول خوێندکاری زانکۆ سوێد. 292. ئاسۆ قەرەداغی مامۆستا سوێد. 293. چنار قادر خوێندکاری زانکۆ یۆتۆبۆری/سوێد. 294. د. بەیار عومەر مستەفا دۆکتۆر سوێد. 295. سالار محەمەد سابیر نەقشبەندی ئابووریناس هەولێر. 296. پەخشان سامی ئابووریناس هەولێر. 297. مەزن عوسمان پسپۆڕی زمان لەندەن/بریتانیا. 298. مستەفای سەید مینە مامۆستای زانکۆی ڕاپەرین، پسپۆری بواری شیعر، زمان، ئەدەب، فەرهەنگنووسی سەنگەسەر. 299. عوسمان سەلیم موحەمەد (شەریف وەرزێر) شاعیر، نووسەر ڕانیە. 300. شێرزاد هەینی نووسەر ستۆکهۆلم/سوێد. 301. یاسین ئەحمەد زەنگەنە ڕۆژنامەنووس، سەرنووسەری گۆڤاری برەو سلێمانی. 302. سەلاحەدین عەباسی نووسەر مەهاباد. 303. ڕابەر فاریق شاعیر هەولێر. 304. ئەمیر موحەممەدی نووسەر فینلەندا. 305. ئارام حاجی مامۆستای زانکۆ سلێمانی. 306. هێمن خورشید دۆکتۆر، شاعیر، نووسەر سموود/کەلار. 307. قانع خورشید نووسەر، مامۆستا سموود/کەلار. 308. موحەمەد ئەمین مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی سلێمانی. 309. بێستوون ژاڵەیی چالاکوان، ڕۆژنامەنووس کەلار. 310. چۆمان حەمە تەقێدین

نووسەر سلێمانی. 311. د. یەحیا عومەر ڕێشاوی مامۆستای ڕاگەیاندن سلێمانی. 312.نەوشێروان حوسێن سەعید خوێندکاری دکتۆرا لە سیاسەت لە زانکۆی نیوکاسڵ بریتانیا. 313. سەیوان ئازەری وەرگێڕ، خوێندکاری زانکۆ سنە. 314. ئەڤین سالار نەقشبەندی وەرگێڕ هەولێر. 315. نەجیبە سابیر مامۆستا هەولێر. 316. د. تاریق حەمەمین دۆکتۆر سوێد. 317. نیهایەت ساڵح ئەندازیاری کۆمپیوتەر سوێد. 318. وەفا قادر سوڵتان ئیمام و خەتیب سوێد. 319. دەرسیم هەستیار مامۆستا سوێد. 320. نەریمان حەمەڕەشید مامۆستا سلێمانی. 321. ئەمیر عەزیز هەڵەبجەیی خانەنشین سوێد. 322. ڕۆژ ئەوڕەحمان نووسەر سوێد. 323. سازان شەریف ڕۆشنبیر سوێد. 324. ئازاد ئەمیر هەڵەبجەیی مامۆستا سوێد. 325. ئیحسان محەمەد حوسێن شارەزووری ڕۆشنبیر سوێد. 326. کانی هەڵەبجەیی مامۆستا سوێد. 327. کاوان عوسمان نەسروڵلا مامۆستا سوێد. 328. شەعبان زاخۆیی مامۆستا زاخۆ- سوێد. 329. ماکوان عوسمان مامۆستا سوێد. 330. پێشڕەو عەلی خوێندکاری ماستەر سلێمانی. 331. ئاسۆ بابان نووسەر لەندەن/بریتانیا. 332. دارا حاجی محەمەد خوێندکاری ماستەر مالیزیا. 333. حەسنا حەمەمین هەورامی مافناس سلێمانی. 334. شوان میرزا ڕۆژنامەنووس سلێمانی. 335. دانا عەبدوڕەحمان مامۆستا سوێد. 336. فەرهەنگ عەبدوڕەحمان ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ سلێمانی. 337. ئەنوەر هۆژەبری وەرگێڕ، شاعیر، مێدیاکار تاران/ئێران. 338. پشتیوان مەحمود کاکە شێخ نەقشبەندی نووسەر هەولێر. 339. دادیار ئازاد مەعرووف مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی ڕەواندز. 340. ڕێواس ئەحمەد نووسەر سوێد. 341. فازڵ مورادی خوێندکاری دکتۆرا ئەڵمانیا. 342.عەلی کەریم نووسەر، سەرۆکی ئەنستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکان مرۆڤ هەولێر. 343.شەریف فەلاح نووسەر، وەرگێڕ، بەرپرسی بەشی کوردی، فەرهەنگ و هونەر لە ئاژانسی کوردپا سنە. 344. مستەفا ڕابەر وەرگێڕ هەولێر. 345. د. دیدار محەمەد ئەمین نووسەر، پسپۆڕێ نەخۆشییە

دەروونییەکان هەولێر. 346. د. محەمەد ئەمین قادری دۆکتۆر مەهاباد-سوێد. 347. دانا مەلا محەمەد شەمەیی مامۆستا سلێمانی. 348. ڕێبەر لەتیف هەڵەبجەیی خوێندکاری زانکۆ چیک. 349. فەرانەک ئەحمەدی شاعیر سنە، ئەڵمانیا. 350. عومەر عەلی محەمەد ئەمین نووسەر، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی سلێمانی. 351. عوسمان عەلی محەمەد ئەمین مامۆستای زمانی کوردی سلێمانی. 352. سەڵاح شێخ سدیق ڕۆژنامەنووس سوێد. 353. موحەممەد حەمەسالح تۆفیق نووسەر، بەڕێوەبەری وەزارەتی کار و کۆمەڵایەتی سلێمانی. 354. ڕەشاد مستەفا سوڵتانی مامۆستا سوێد. 355. هەدیە حەمەڕەئووف محەمەد وەرگێڕ بریتانیا. 356. هێمن ڕەئووف شاعیر کەنەدا. 357. جەلیل کاکەوەیس نووسەر هەولێر. 358. تاهیر حاجی حەسەن نووسەر هۆڵەندە. 359. حەمە کاکەڕەش شاعیر سوێد. 360. گوڵاڵە نووری شاعیر، نووسەر، وەرگێڕ ئەمەریکا. 361. دڵشاد عەبدوڵڵا شاعیر هەولێر. 362. ئەردەلان هەڵەبجەیی وەرگێڕ سلێمانی. 363. موفید عەبدوڵڵا نووسەر، ڕۆژنامەنووس بریتانیا. 364. موحەممەد عەلی وەلی ڕۆژنامەنووس کەلار. 365. عیسا چیایی شاعیر، وەرگێڕ کەلار. 366. لوقمان خەیاڵی مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان کەلار. 367. هەژار فەقێ سلێمان خوێندکاری ماستەر بەشی ئەدەبیات سموود/کەلار. 368. خالید محەمەد ڕۆژنامەنووس هەولێر. 369. چرا عەبدوڵڵا ڕاگەیێنکار، پێشکەشکاری بەرنامە لە کەناڵی سپێدە هەولێر. 370. عادل محەمەد عەبدوڕەحمان خوێندکاری زانکۆ فرانسا. 371. ڕێبوار عەلی نووسەر، زمانناس سلێمانی. 372. عوسمان سەنگاوی ڕاگەیێنکار و بەرپرسی دەزگای خەندەی نازدارن. 373. کەریم مستەفا نووسەر، بەرپرسی ماڵپەڕی فەلسەفە بۆ منداڵان ئۆسلۆ/نەرویج. 374. برایم جەهانگیری نووسەر، ڕۆژنامەنووس کەنەدا. 375.عەلی دەروێش کاریکاتۆریست، ڕەخنەگری سینەمایی کەرکووک. 376. دلێر ڕەفیق ساڵەح توێژەری کۆمەڵایەتی سلێمانی. 377. کاوە قوڕەیشی ڕووناکبیر بۆکان. 378. جەلیل ئازادیخواز نووسەر،

ڕۆژنامەنووس ئەمەریکا. 379. نوورەدین عەبدوڵڵا ڕەمەزان خوێندکاری ماستەر پاریس/فرانسا. 380. محەمەد حاجی عابد هەورامی بانگخواز سوێد. 381. عەلی ساڵح میران نووسەر، ڕۆژنامەنووس هەولێر. 382. دارا حەمە ئەحمەد مامۆستا، نووسەر سلێمانی. 383. سۆران عومەر ڕۆژنامەنووس، چالاکوانی مەدەنی سلێمانی. 384. کەمال نووری مەعرووف لێکۆڵەر لە بواری مێژووی کۆن وشارەزای شوێنەوار سلێمانی. 385. سەلام مستەفا شاعیر، نووسەر سلێمانی. 386. کامیل عومەر ڕۆژنامەنووس. 387. سوارە قەڵادزێی شاعیر، وەرگێڕ، نووسەر سلێمانی. 388. کامل محەمەد قەرەداغی شاعیر، ڕۆژنامەنووس، نووسەر . 389. عەبدولخالید سابیر کەریم ڕۆژنامەنووس، مێژوونووس. 390. فوئاد محەمەد ئەمین سەراج چیرۆکنووس، شانۆنامە سلێمانی. 391. محەمەد عەلی عارف هەورامی نووسەر، ڕۆژنامەنووس. 392. محەمەد ساڵح سەعید نووسەر، ڕۆژنامەنووس سلێمانی. 393. ئەحمەد ڕەزا شاعیر، رەخنەگر. 394. لوقمان محەمەد ڕەشید شاعیر. 395. بەکر عومەر عەلی مامۆستای زانکۆ. 396. مەحموود فەتحوڵڵا ئەحمەد مامۆستای زانکۆ سلێمانی. 397. شێرکۆ حەمەئەمین قادر مامۆستای زانکۆ. 398. بێستوون عەلی کەریم مامۆستای زانکۆ سلێمانی. 399. ئالان ئەحمەد عەلی جێگری داواکاری گشتی سلێمانی. 400. ڕووپاک خدر کەریم ڕاگەیێنکار سلێمانی. 401. د. شیلان عومەر حوسێن پسپۆڕی زانستی بەراورد سلێمانی. 402. شەماڵ ئەبوبەکر چالاکوانی مەدەنی و مامۆستای زانکۆ سلێمانی. 403. نەورۆز نەوزاد چالاکوانی مەدەنی دانمارک. 404. خۆشی جەلال مامۆستا سلێمانی. 405. ئازاد محەمەدزادە ڕاگەیێنکار و چالاکی مەدەنی. 406. یووسف عیزەدین ڕۆماننوس، وەرگێڕ، نووسەر سلێمانی. 407. ئاسۆ فەتحوڵڵا ئەندازیار. 408. گۆران عەباس شاعیر سلێمانی. 409. هەژیر عەبدوڵڵاپوور نووسەری قاموسی هەژیر (فارسی -کوردی) بەرپرسی بەشی بەرهەمهێنانی کوردکەناڵ سەقز- کۆیە. 410. دڵشاد ئەحمەد حەمەدەمین خوێندکاری دکتۆرا،

سکرتێری لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی هەولێر. **411**. ئەحلام فەتاح خوێندکاری زانکۆ دهۆک ـ نەرویج. **412**. ڕێبوار نەسروڵڵا حەبیب ڕاگەیێنکار هەڵەبجە. **413**. بەشدار ئەبووبەکر ڕاگەیێنکار بازیان. **414**. نەوزاد عەزیز خدر بەڕێوەبەر سلێمانی ـ نەڕویج. **415**. ئەحمەد محەمەد عەزیز ڕاگەیێنکار کەلار. **416**. ئارام ئەحمەد عەزیز ڕاگەیێنکار سلێمانی. **417**. عومەر محەمەد تەیب ماموستا سلێمانی، نەرویج. **418**. یادگار ئیسماعیل محەمەد ڕاگەیێنکار سلێمانی. **419**. ئیدریس ئیبراهیم نەژاد ڕاگەیێنکار نەغەدە. **420**. مەنسوور عەزیزی ڕاگەیێنکار نەغەدە. **421**. شاکر محەمەد یاسین دەرمانساز دهۆک ـ نەرویج. **422**. عەبدولکەریم عەبدوڕەحمان ڕووناکبیر خانەقین ـ نەرویج. **423**. سەمیرە ساڵح سەعید خوێندکاری زانکۆ دهۆک ـ نەرویج. **424**. مەولوود بەهرامیان ڕاگەیێنکار بۆکان. **425**. عوسمان عەباس ڕاگەیێنکار سەردەشت. **426**. حەیدەر جەمیل جاف نووسەر هەولێر. **427**. تەیب سەعید عەبدوڵڵا دەرچووی کۆلێژی شەریعە دهۆک، نەرویج. **428**. سۆران سێوکانی نووسەر سلێمانی. **429**. حەسەن حەمەکەریم نووسەر، مێژووناس هەڵەبجە. **430**. نەبەز هەورامی شاعیر تەوێڵە. **431**. گۆران عەباس شاعیر بیارە. **432**. محەمەد جەلیل عەلی بەڕێوەبەری نووسینی بانگی حەق پێنجوێن. **433**. مەولوود بەهرەنگ ڕاگەیێنکار شنۆ. **434**. محەمەد ئەحمەد ساڵح یارمەتیدەری پزیشک نەرویج. **435**. نەشوان زوبێر ماموستا دهۆک. **436**. عوسمان عەبدوڵڵا ئەندازیار نەرویج. **437**. ئاراس مەجید ڕەحیم خوێندکاری زانکۆ نەرویج. **438**. حاجی زرنکی ماموستا دهۆک، نەرویج. **439**. سالم حاج نووسەر، ڕۆژنامەنووس دهۆک. **440**. د. ئومێد بارزان ماموستای زانکۆ کەلار. **441**. د. ئیبراهیم عەبدوڕەحمان ماموستای زانکۆ کەلار. **442**. دلێر ئیبراهیم ڕۆژنامەنووس لە ڕێکخراوی زماننامی هەولێر. **443**. کۆچەر ئەنوەر نایف ڕۆژنامەنووس لە ڕێکخراوی زماننامی هەولێر. **444**. د. فارووق قەرەداغی ماموستای زانکۆ کەلار. **445**. باباڕەسووڵ نووری ڕەسووڵ ماموستای زانکۆ هەولێر. **446**. هەمزە حوسێن

مامۆستای زانکۆ قەڵادزێ. 447. عومەر موهتەدی وەرگێڕی کوردی، فارسی ، سوێدی سوێد. 448. پەروین میرزایی مامۆستای زمانی ئینگلیزی، زمانەوان جوانڕۆ/ کرماشان. 449. سابیر ڕێکانی چالاکوانی مەدەنی دهۆک، سوێد. 450. شیلان ڕێکانی چالاکوان دهۆک، سوێد. 451. ویداد دەربەندیخانی مامۆستا سوێد. 452. دڵسۆز عەزیز چالاکوانی بواری مافی ژنان سلێمانی، سوێد. 453. مەحموود یونس چالاکوان دهۆک، سوێد. 454. زیاد عوسمان خوێندکاری زانکۆ دهۆک. 455. مەلا عوسمان سپینداری زانای ئایینی دهۆک، سوێد. 456. بێوار موحسین خوێندکاری زانکۆ دهۆک، سوێد. 457. ئازاد موحسین خوێندکاری زانکۆ دهۆک، سوێد. 458. کەوسەر موحسین خوێندکاری زانکۆ دهۆک، سوێد. 459. یونس سلێمان ئەحمەد نووسەر، مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی زەڕایەن/شارەزوور. 460. عەباس شوان نووسەر فینلەندا. 461. ڕێزان مەجید شەریف دانەری کتێبێکی ئەلفوبێی کوردی سلێمانی. 462. ئەندازیار عوسمان حەمە ڕەشید نووسەر سلێمانی. 463. ئیبراهیم میکە عەلی ئەردەلانی نووسەر لە هزری سیاسی سلێمانی. 464. سەردار ئەمین چالاکوانی مەدەنی و مافی مرۆڤ لەندەن/ بریتانیا. 465. د. ئەرشەد مەعرووف پزیشک سوێد – کوردستان. 466. عادل شاسواری شاعیر، ڕۆژنامەنووس سلێمانی. 467. عەبدولکەریم ئەحمەد نووسەر، ڕۆژنامەنووس هەولێر. 468. فە همی حەمە تۆفیق ڕۆژنامەنووس و مامۆستا سلێمانی. 469. بەدرەددین عوسمان مافناس سلێمانی. 470. حەمید حەمە تۆفیق مامۆستا هەڵەبجەی شەهید. 471. جووتیار فایق مامۆستا هەڵەبجەی شەهید.

**دیمانەی ''ڕۆناهی'' (کۆمار تی ڤی)، لەگەڵ سیروان کاوسی نووسەر و کەسایەتیی نەتەوەیی، پێشکێشکاری بەرنامە: ڕێبوار نەڵاسی**

**ڕێکەوت: 7/11/2012**

**بەڕێز سیروان کاوسی، ئەمکاتەتان باش. زۆرجار باس لە بیروباوەڕی نەتەوەیی دەکرێت. وەک یەکەم پرسیار لەبەڕیزتان:**

**- بیری نەتەوەیی لای بەڕێزت چ واتایەکی هەیە و بە کێ دەوترێت نەتەوەیی؟**

**و:** سڵاوورێزی گەرم بۆ بەڕێزت و بۆ بینەرانی خۆشەویستی کۆمار تی ڤی.

پێش لێدوان سەبارەت بە بیری نەتەوەیی، با بزانین نەتەوە یان میللەت چییە؟

**نەتەوە بە کۆمەڵەخەڵکێک دەگوترێ کە خاوەنی مێژووی هاوبەش، زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، فەرهەنگ و داونەرێت وکەلەپووری هاوبەش بن.**

کورد لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی، مێژوویەکی هەزارانساڵەی هەیە، خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەیە کە پێیدەگوترێت: نەتەوە. **ئەوجا بیری نەتەوەیی چییە؟**

لەنێو کورددا وشەی بیری نەتەوەیی زۆر بەکار دەبرێ و، زۆرینەی حیزب و ڕێکخراوەکانیش هەوڵدەدەن لای جەماوەر خۆیان بە نەتەوەیی پێشاندەن و، ئەم وشەیە بۆ مەبەستی بەرژەوەندیی حیزبیی بەکار دێنن!

**بیری نەتەوەیی بەمانای بیری دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆناڵی کوردییە**. ئەم دەوڵەتە ناسیۆناڵەش واتای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و، بوونی ناسنامە و کیانی سەربەخۆی کوردییە لەسەر نیشتمانەکەی کە ناوی کوردستانە. بیری نەتەوەیی پشتگیری و بانگەواز بۆ ڕەوابوونی ئیدۆلۆژی و چین و ئاین و ئاینزایەکی تایبەتی نێو کۆمەڵگە ناکا، بەڵکوو بۆ رزگاریی کورد تێدەکۆشێت بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، چۆنکە هەرتاکێکی کورد ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیە و ناتوانرێت لە خاک و نەتەوەکەی جیاکرێتەوە. کە وابوو بیری نەتەوەیی، بیرێکی گشتگیری کوردستانییە. تێکڕای نەتەوەی کورد بەهەموو پێکهاتە جیاوازەکانییەوە دەتوانن لەنێو بەرە و ناوەندێکی کوردستانیدا خەبات بۆ ئازادی و رزگاریی نیشتمانەکەیان بکەن. ئەم روانینە بنەمای بیری زانستانەی نەتەوەیی کوردییە.

**گەلی کورد لە چوارچێوەی هەریەکێ لە بەشەکانی کوردستان کە بەسەر داگیرکەراندا دابەشکراوە، هەر جۆرە مافێکیش بەدەست بێنێ، بە هاووڵاتی ئێرانی و ترکی و سووری و عێراقی دەدرێتە قەڵەم، نەک بە هاووڵاتی کوردستانیی، هەر بۆیە ئەو خەبات و چالاکییانە ناچنە خانەی بیروباوەڕی نەتەوەییەوە لە چوارچێوەی جۆگرافیای سیاسی داگیرکەرانی کوردستان، بەناوی ''فیدرالی'' و ئۆتۆنۆمی'' یان هەر وشەیەکی چەوتوچەوێڵی دیکە بەگوێی نەتەوەی کورددا دەدرێن و جەماوەری کوردی پێ چەواشە دەکرێن.**

**پ 2- ماوەیەکە ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا گەمارۆی ئابوورییان خستووەتەسەر ئێران، ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی پووڵی ئێران و سەرهەڵدانی گرانی. مەبەستی رۆژاوا لە خستنەسەر گۆشاری ئابووریی سەر ئێران بۆ رووخاندنیەتی، یان بۆ ئەوەیە ناچاریبکەن واز لەپڕۆژە ئەتۆمییەکەی بهێنێت!؟**

**و:** ماوەی زیاتر لە سی ساڵ بەتایبەتی لە سەردەمی سەرکۆمار **محەمەد خاتەمی**، ئەمریکا هەوڵیدا لەڕێگەی دیالۆگ و وتووێژەوە ئێران بهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ و، گرژی و ئاڵۆزیی نێوانیان ئاسایی بکاتەوە. بەڵام رژێمی ئێران سیاسەتی خۆنێزیکردن و پێوەندیی لەگەڵ رووسیا و چین و وڵاتانی ئەورووپای پێرەوکرد. ئێران بەدرێژایی ئەو ساڵانە نەک هەر لەگەڵ ئەمریکا ئامادەی گفتوگۆ نەبوو، بەڵکو بەردەوام دژایەتیی کردووە. ئەم سیاسەتەی ئێران لەڕۆژی ئەمڕۆدا، وەک رابردوو برەوی نەماوە، چۆنکە بارودۆخی سیاسیی جیهان و ناوچەکە بە تەواوەتیی گۆڕاوە و، ئەمریکا سەرەنجام توانی بەرەیەکی هاوبەش لە گەڵ ئەورووپا و هاوپەیمانەکانی لە دژی ئێران پێکبێنێ و پێکەوە بڕیاربدەن گوشاری ئابووریی بەربڵاوتر بخەنە سەر ئێران. بەماوەیەکی کەم دوای ئەم بڕیارە هاوبەشەیان، رێگیرا لەهەناردەکردنی نەوت و، نرخی تمەن بەڕێژەیەکی زۆر دابەزی و، پێداویستییەکانی رۆژانەی خەڵک بەردەوام گرانتر دەبن.

بێگومان گوشاری ئابووریی هاوبەش لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە بۆ سەر ئێران، بەخێرایی نابێتە هۆی رووخانی رژێمی

ئیسلامیی، بەڵام زەوینەخۆشدەکات بۆ پەرەسەندنی ناڕەزایەتیی جەماوەریی لە سەرتاسەری ئێران، دیارە مەبەستی سەرەکیی ئەورووپا و ئەمریکا ئەوەیە لەپێشدا پشێوی و گرانی و ناڕەزایەتیی لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا بڵاوبکەنەوە.

بابەتی پڕۆژەی ئەتۆمیی، چەکێکە بەدەست وڵاتانی رۆژاواوە. ئامانجی سەرەکیی پلانی ئەمریکا و ئەورووپا، رووخاندنی رژێمی ئیسلامیی ئێرانە، چۆنکە رژێمی ئێران نەک هەر بە تەمایە دەستی بەچەکی ئەتۆم بگا، بەڵکوو لە ڕۆژی ئەوڕۆدا گەورەترین مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئەورووپا لەناوچەکە، بەردەوام سەرقاڵی ناردنی چەکوچۆڵ و پوول و تەرخانکردنی بووجەی زۆرە بۆ رژێمەکانی دیکتاتۆر و رێکخراوەکانی تێرۆریستیی لەئاستی هەموو جیهان.

لە کۆتاییەکانی مانگی ئۆکتۆبەر (رەزبەری ئەمساڵ) فڕۆکەکانی ئیسرائیل کارگەیەکی دروستکردنی چەکیان لە وڵاتی سۆدان بۆمبارانکرد، چۆنکە ئەو کارگەیە لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دامەزرابوو، چەکی بۆ **حەماس وحیزبوڵڵا** دروستدەکرد. ئەمە تەنیا نموونەیەکە بۆ زانینی مەترسییەکانی ئێران بۆ سەر رۆژاوا.

بەکورتی، ستراتیژی تازەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، گۆڕینی رژێمەکانی دیکتاتۆر و دێمۆکراتیزەکردنی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. رووخانی رژێمی ئیسلامیی نیزێکە و دوای دیاریکردنی چارەنووسی سووریا، ئەوجا بەدڵنیاییەوە نۆرەی رووخاندنی رژێمی ئیسلامیی ئێرانە.

**پ 3- پێتانوایە دوای رووخانی رژێمی ئێران، چ بەرە و هێزێک دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەدەست؟**

**و:** لەراستیدا باسکردن لەسەر ئەم پرسیارە کاتی زیاتر هەڵدەگرێت. دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی لەساڵی 1979، کاربەدەستانی رژێم بۆ سەقامگیرکردنی بناخەکانی رژێمەکەیان، هەڵیانکوتایە سەر بنکەوبارگەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان لە سەرتاسەری ئێران، هەزاران ئەندام و لایەنگری سەر بە حیزبەکانیان لەنێو برد و دەستیانکرد بە دەرکردنی کەسانی دێمۆکرات و ئازادیخواز و جیابیرانی کۆماری ئیسلامیی لە نێوەندەکانی لەشکری و خزمەتگوزاری و پەروەردە و ئابووریی. ئەم سیاسەتە دوای مردنی ئایەتۆڵڵا خومەینیی تاکوو ئەمڕۆ لەلایەن ئایەتۆڵڵا خامنەی و دەوڵەت و کاربەدەستانی ئێرانەوە پێڕەو کراوە و دەکرێت. لەبەر ئەوە هیچ لایەن و بەرەیەک لەنێو ئێراندا نەما کە بتوانێت هەر لە چوارچێوەی ئەو سیستەم و رژێمەدا بە شێوازێکی قانوونی و بەئاشکرا تێبکۆشێت بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی جەماوەری نارازیی. هەرچی رێکخراوەی کۆمۆنیست و دێمۆکرات و رێکخراوەکانی سەر بە کەمایەتییە ئاینییەکانە، لەئێران رایانکرد و رێی هەندەرانیان گرتەبەر. تەنانەت حیزبی توودەی ئێران و رێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران وبەشێک لە **''جبهه ملی ایران'' (بەرەی ناسیۆناڵی ئێران)** کە لەسەرەتاوە هاوکاریی حکوومەتی ئیسلامییان کرد، دواتر بەر شالاوی حیزبوڵڵا و پاسدارانی ئیسلامی کەوتن و، گۆڕەپانی سیاسیی ئێران لەماوەی دووساڵێک دوای دامەزراندنی

کۆماری ئیسلامیی، بەتەواوەتیی کەوتە دەستی ئایەتۆڵڵا خومەینی و پێڕەوانییەوە.

دوای نیشتەجێبوونی ئۆپۆزسیۆنی رەنگاوڕەنگی ئێران لەدەرەوەی وڵات، هەریەکەیان بەپێی ژمارە و ڕیژەی ئەندام و لایەنگر و جۆری بۆچوون و ئیدۆلۆژییان، سەرلەنوێ خەباتی سیاسی و رێکخراوەییان دەستپێکردەوە..

**لەچەند ساڵی رابردوودا، دوای لەشکرکێشیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ رووخاندنی رژێمی تاڵەبان و سەددام حسێن، دواتر سەرهەڵدانی ''بەهاری عەرەبی'' کە بوو بەهۆی رووخانی چەند رژێمێکی دیکتاتۆر و، هەڕەشەوگوڕەشەی رۆژاوا لە ئێران و سووریا، جموجوڵێکی بەرچاوی خستەنێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانییەوە و، کەوتووتەنە خۆ بۆ ئەوەی پاش رووخانی رژێمی ئیسلامیی، دەسەڵاتی سیاسی بگرنەدەست.**

لەنێو هەموو لایەنەکانی نەیاری رژێمی ئیسلامیدا، کوڕەگەورەکەی **حەمەڕەزاشا** ساڵانێکە لەگەڵ ژمارەیەک لە لایەنگرانی رژێمی پاشایەتیی رێکخراوێکیان هەیە و ماوەی چەندین ساڵە بەشێک لەمیدیای ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەدەرەوەی وڵات بەمیدیای بەشی فارسی دەوڵەتی ئەمریکاشەوە، پڕۆپاگەندە بۆ ئامانج و بەرنامەی کوڕی حەمەڕەزاشا دەکەن. چەندین رێکخراوەی ئێرانی و ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی پێشوو، لە گەڵ ئەندامانی بنەماڵەکانیان و لایەنگرانی رژێمی پاشایەتی، لەژێر درۆشمی **''نجات ایران''**، ئازادی و دێمۆکراسی و حکوومەتی خەڵک و درۆشمی بریقەداری دیکەی لەم چەشنە

کۆبوونەتەوە. هەروەها دەولەتانی ئەمریکا و ئەورووپاش ئۆپۆزسیۆنێکی وایان لا پەسندتر و باشترە و دەتوانن هەر لە سەرەتاوە متمانەی پێبکەن و پشتیبگرن.

لایەنێکی دیکە کە هەر لەسەرەتاوە و تاکوو ئەوڕۆش بە گەورەترین هێز و ئۆپۆزسیۆنی دژ بە رژێمی ئیسلامیی، هەروەها بە دوژمنی ئەمریکا و ئیسرائیل دەناسرا، رێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێرانە. کە خاوەنی ئەزموونێکی چەکداریی دەیانساڵەیە، ماوەیەک دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، بە فەرمانی خومەینی هەزاران ئەندامیان گیران و گوللەبارانکران، دوای چوونیان بۆ عێراق لە ساڵانی 1983-1982، لەلایەن رژێمی سەدامەوە پشتیوانی کرا لێی، بەڵام دوای رووخانی رژێمی سەدام حسێن، ئەمریکا چەکی کردن و بەرە بەرە ئەو رێکخراوە یاخی و سەرکێشەی دەستەمۆکرد و کردی بە پەن و وایلێکرد ساڵانێک لێی بپاڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە لیستی رەشی تێرۆر بیهێنێتەدەرێ.

ئێستێ ئەمریکا، ئەم دوو هێزە ئۆپۆزسیۆنە واتە موجاهدین و بەرەی سەڵتەنەتخوازەکانی لەدەستدایە، دیارە هەردووکیان تا سەرئێسقان دژ بەیەکن، بەڵام لەسیاسەتدا دوژمنایەتی و دۆستایەتی تاسەر نییە، بەتایبەت ئەگەر بەرژەوەندیی زلهێزێکی وەک ئەمریکا بێتەنێوانەوە. لەبەر ئەوە بەدووری نازانم، لە داهاتووی نێزیکدا ئەمریکا ئەم دوو رێکخراوەیە رازیکا بکەونە گفتووگۆ و دانووستان، بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە دژی

کۆماری ئیسلامیی پێکبهێنن و، پێکەوە بناخەی حکوومەتێک داڕێژن، ئازادیی کۆمەڵایەتی و نیمچە ئازادییەکی سیاسیی دەستەبەر بکات.

بەکورتی، ئۆپۆزسیۆنی داهاتووی ئێران، پێکهاتەیەک دەبێ لە پارت و رێکخراوە جیاجیاکانی نەتەوەی فارس بە ئاینی و چەپ و راست و دێمۆکراتیانەوە، لەگەڵ هێندێک حیزب و رێکخراوەی ئێرانی سەر بە نەتەوە و کەمایەتییە ئایینی وئاینزاکانی دیکە... چارەنووسی کورد و نەتەوەکانی بندەستی دیکە دوای رووخانی رژێمی ئیسلامیی، بە ئاستی هۆشیاری و پێگەی جەماوەری و بەرنامە و پلاتفۆرمی سەربەخۆی ئەو گەلانە خۆیانەوە گرێدراوە.

**پ 4- داهاتووی کورد بەگشتی چۆن دەبینن؟**

**و:** بێگومان گۆڕانکارییەکانی چەن ساڵی رابردووی نێوچەکە، رووخانی رژێمی داگیرکەری سەدام حسێن، شەڕی نێوخۆیی لە سووریا، گوشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێران، ئەمانە هەمووی لە سوود و بەرژەوەندیی کوردن، شێمانەی ئەوەش دەکرێت لە پێوەندیی لەگەڵ رژێمەکانی ئێران و سووریا لە داهاتوویەکی نێزیک گۆڕانکاریی گەورەتر رووبدەن. لەبەر ئەوە نەتەوەی کورد لەبارەی داهاتووی خۆیەوە گەشبینە.

لە ئالیی نێوخۆی کوردستانەوە، لەبەراورد لەگەڵ رابردوو، خوێندەواری و ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر پەرەی گرتووە. ئیمڕۆکە

بزووتنەوەیەکی گەورەی جەماوەریی لە باکووری کوردستان لە ئارادایە و، نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی چەن هەزارسالەی، لە هیچ چاخ و سەردەمێکدا خەباتی وا گەورە و بەهێز و یەکگرتووی بەخۆیەوە نەبینیوە.

بەڵام ئەو کێشە گەورەیەی کە کورد، لەکۆنەوە تاکوو ئێستێ ماویەتی و رێگەیەکی باش و ژیرانەی نەدۆزیوەتەوە بۆی، یەکنەگرتنیەتی و، نەیتوانیوە بۆ رزگاربوونی خۆی و نیشتمانەکەی لە ژێر چەترێکی نەتەوەییدا کۆبێتەوە. بارودۆخی جیهان و خۆرهەڵاتی ناڤین، بۆ کورد زۆر لەبارن، بەڵام کورد ناتوانێت نێوماڵی خۆی یەکبخات، بێگومان ئەمەش سووچ و تاوانی حیزبەکانیەتی کە لە پێش هەر شتێکدا بیر لە بەرژەوەندی حیزبەکەیان و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان دەکەنەوە. بۆ نموونە هێشتا لە باشووری کوردستان **یەکێتی و پارتی** نەیانتوانیوە حکوومەتێکی یەکگرتووی یاسایی دامەزرێنن، هەروەها سەرهەڵدانی ناکۆکیی لەنێوان **پێ کێ کێ و پارتی دێمۆکراتی کوردستان** لە رۆژاوای کوردستان، بوونی رقەبەری و دژایەتی لە نێوان حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارودۆخە مێژوویی و هەستیار و چارەنووسسازەی ئەورۆدا، بە واتای خیانەتێکی ئاشکرایە لە دژی ئامانجەکانی نەتەوەی کوردی دەکەن.

لێرەدا بەرپرسیارەتیی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی نیشتمانپەروەران و ئازادیخوازانی کورد چ لە دەرەوە، چ لە نێوخۆی کوردستان، بیری یەکگرتن و تەبایی لەنێو کورددا

بڵاوکەنەوە و زەوینە خۆشبکەن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی راستینەی کوردستانیی، بوونی تلویزیۆنێکی نەتەوەیی لەم دۆخە هەستیارەی ئەمڕۆدا دەتوانێت رۆلێکی کارا و مێژوویی بگێڕێت لە بڵاوکردنی رۆشنبیریی نەتەوەیی و یەکخستنی ریزەکانی گەلی کورد لە دەوری درۆشمی رێفراندۆم بۆ کوردستان و مافی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن کورد خۆیەوە.

زۆر سپاس بۆ ئێوەی هێژا کە ئەم دەرفەتەتان بۆ رەخساندم، هیوامواِیە بەرنامەی **''رۆناهی''**، هەروەها **کۆمار تی ڤی،** لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی نەتەوەیی و یەکخستنی نێومالّی کورد سەرکەوتوو بێت.

# دیمانەی ڕۆژنامەی ''هاووڵاتی''
# لە گەڵ نووسەر و کەسایەتیی نەتەوەیی،
# سیروان کاوسی

14/4/2012

سازدانی جیهاد حەمەکەریم لەنۆرویژ

**جەنابی کاک سیروان کاوسی پاش سلاو،**

**دیسان دەوڵەتی کوردی!**

**مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد وەک هەر گەلێکی تر لە جیهاندا مافێکی ڕەوایە، یە�ێکیش لەو چارەنووسانەی کە ئەم گەلە خەباتگێڕ و تێکۆشەرە بووە بە خەونێکی گەورەی، دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە چ لە هەر چوارپارچە دابەشکراوەکەی کوردستاندا، یان لە بەشێکیدا بە گوێرەی بارودۆخی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و بەرژەوەندی گشتی ئەم گەلە. ماوەیەکیشە لە لای کوردەکان و سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانیی و هەندێکیش لە دۆستانی ئەم گەلە ئەم تەوەرە وروژێرانەوە، لە پێشیشەوە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئەم تەورەی ورژاند و چەندین بابەت و دیمانەی بۆ سازدا، تەنانەت هەندێک لەو دیمانانە لەگەڵ دۆستە عەرەبە نووسەر و ڕۆشنبیرەکاندا بوو. جارێکی تر بۆ وروژاندنەوەی ئەم تەورە و بۆ بەرچاو ڕوونی ڕەهەندەکانی ئەم تەوەرەیە بە پێویستمان زانی**

**هەندێک پرسیار بخەیەنە بەردەم نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد و هەندێک لە دۆستە عەرەبەکانی ئەم گەلە.**

**پرسیاری یەکەم/قسەکردن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە گشتی و بە تایبەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردی باشوور لەم بارودۆخەی ئێستای ناوچەکەو جیهاندا چۆن دەخوێنیتەوە؟ ئایا ڕاپەڕین و شۆرشەکانی وڵاتانی عەرەبی کە ناو دەبرێت بە بەهاری عەرەبی دژی حوکومەتە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکان هاندانێکە بۆ وروژاندنی ئەم پرسە سیاسییە یان نا؟**

**وەڵامی پرسیاری 1:** لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا کە بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان لە ژێردەسەڵاتی رژێمی بەعس هێنرایە دەرەوە، نەتەوەییەکانی کورد لەهەر رێگەیەکەوە توانیبێتیان، داوایان لەکاربەدەستانی پارتی و یەکێتیی کردووە ئەم دەرفەتە تاکهەڵکەوتە مێژووییە بەکار بێنن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵام هەموو ئەو داوایانە پشتگوێ خران و، لە باتی دەوڵەتی کوردیی، رژێمی لەبەریەکهەڵوەشاوەی عێراقی داگیرکەریان سەرلەنوێ دامەزراندەوە. بە درێژایی مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان، هەر لە بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینییەوە کە دەکاتە نێزیکی 130 ساڵێک لەمەوبەر، نەتەوەی کورد هەلی گەورە و مێژوویی وەک ئەم دۆخەی ئێستای بۆ هەڵنەکەوتووە، چۆنکە لە ئالیی نێوخۆی کوردستانەوە ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و بیری یەکبوون و هاوچارەنووسیی لە نێو کورد دا لەهیچ کات وزەمەنێکدا وەکو

ئەمڕۆ نەبووە، لە ئالیی نێونەتەوەییشدا، ئەمە یەکەمجارە کۆمەڵێک زلهێزی گەورەی جیهان لەسەروویانەوە ئەمریکا بێنە رۆژهەڵاتی ناڤین بۆ مەبەستی لەنێوبردنی رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان. تەنیا شتێک ئەمڕۆ کورد پێویستی پێیەتی ئەوەیە، سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم بە هاوبەشیی لەگەڵ تێکڕای حیزب و رێکخراوە و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و ئەو کەمایەتییانەی خۆیان بە کوردستانی دەزانن، نێوەندێکی نەتەوەیی دابمەزرێندێت و، ئەم نێوەندە ببێتە دەمڕاست و گوتەبێژی گەلی کورد لە پێوەندیی نێونەتەوەییدا و، لە نێوخۆ و لە دەرەوەی کوردستان سەرۆکایەتیی خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد بکات.

سەبارەت بە بزووتنەوەکانی وڵاتانی عەرەبی، دەیانساڵ پێش سەرهەڵدانی **''بەهاری عەرەبی''** کە لەوانەیە ببێتە **''بەهاری ئیسلامیی''**، نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێمۆکراسی و سەربەخۆیی تێکۆشیوە و تووشی گەلێک کارەسات و نەهامەتی و ماڵوێرانیی بووە. سەرەڕای ئەوە، سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و ئازادیخوازیی لە نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، بێگومان کاریگەریی لەسەر گەلانی دەوروبەری خۆی دادەنێ و خزمەتی دێمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و رژێمەکانی سیاسیی ناوچەکە دەکات.

**پرسیاری دووەم/بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان (کوردستانی عێراق) لە بارە بۆ دروستبوونی**

**ئەو دەوڵەتە لە ئێستادا، یان نا؟ ئەگەر نا ئەو بنەمایانەی کە لەبارنییە کامانەن؟**

**وەڵامی پرسیاری 2:** زۆر مخابن لە ڕۆژێکی مێژوویی و هەستیار و چارەنووسسازی وەک ئەمڕۆدا، ئەو بنەما و دەزگانەی پێویستن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، پێکنەهێنراون. بووجە، ئاسایش، سوپا، دادوەری و تێکڕای ناوەندەکانی سیاسی، لەشکری، خزمەتگۆزاری و پەروەردە و ..هتد لەژێر دەسەڵاتی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوادایە و، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر دامەزرانی هەرێم و نۆ ساڵ دوای رووخانی رژێمی داگیرکەری بەعسی عێراق، ئەم دوو حیزبە بە هۆی پێڕەوکردنی بەرژەوەندیی حیزبی و بنەماڵە و دەستەودایرەی خۆیانەوە، رێیانگرتووە لە دامەزرانی حکوومەت و پەرلەمانێکی هەڵبژاردەی خەڵک، کە بتوانێت سەرپەرشتیی سەرجەم داوودەزگە و ئۆرگانەکانی وڵات بکا و، تێبکۆشێت بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و، داوا لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دێمۆکرات بکات چاودێریی رێفراندۆمێکی ئازاد و سەربەخۆ بکەن لە کورستان، بۆ ئەوەی گەلی کورد لە باشوور، دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات. لەبەر ئەوە بە باوەڕی من لە ڕۆژی ئەمڕۆدا تەنیا کۆسپێک لەسەر رێگەی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی بەدیدەکرێت، سیاسەتی هەڵەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارە.

کۆمپانیاکانی ئەمریکا و رۆژاڤا گوند بەگوند و دۆڵ بەدۆڵی کوردستان بەدوای نەوت و کانزا و سرۆشتی زەنگینی کوردستاندا

دەگەڕێن بۆ ئەوەی لەم خاکە پڕخێروبێرە پشکی خۆیانی لێهەڵگرن. نێوەرۆکی ئەم گرێبەستانە لەگەڵ وڵاتانی رۆژاوا کراون، وەک فرۆشتنی نەوت بە وڵاتانی نێوچەکە، نائاشکران و، لەڕێی چەن کەسانێکی حیزبییەوە ئەنجامدراون، کە بەهیچ شێوەیەک خزمەتی کێشەی رەوای کورد ناکەن. پێڕەوکردنی سیاسەتێکی نەتەوەیی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دەتوانێت ئەم گرێبەستانە وەکوو کارتێک بەکار بێنێت بۆ سازکردنی لۆبی و پشتیوانی دیپلۆماسی و سیاسی لەلایەن ئەو کۆمپانیانەوە کە لای دەوڵەتەکانیان دامەزرانی دەوڵەتی کوردی لە قازانجی بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان بدەنەناسین و، پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن.

پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم و، پەیامەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیی سەبارەت بە لەنێوبردنی گەندەڵی و نەهێڵانی دووئیداری و سازکردنی حکوومەتێکی گشتگر جێی دڵخۆشین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ چاوەڕوانی رۆژانی داهاتوو بکەین و بزانین ئەم قسانە وەک رابردوو لەبیر دەکرێن، یان سەرۆکایەتیی هەرێم بڕیاریداوە چیدیکە کات بەفیڕۆنەدا و متمانە و ڕێزی جەماوەی کورد بۆلای حکوومەت رادەکێشێتەوە و، هێز و توانای ئابووری و پێوەندیی دیپلۆماسی و پشتیوانیی تێکڕای جەماوەری کورد دەخەنەخزمەتی بنیڕکردنی هەژاری و پێشکەوتنی وڵات و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و، پڕۆژەی دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانەوە.

**پرسیاری سێیەم/ئەگەر دەوڵەتی کوردی لەمڕۆدا دابمەزرێت لە باشووری کوردستاندا، ئایا ئەم دەوڵەتە دەتوانێت کێشە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ئەمڕۆی خەڵکی باشور چارەسەربکات؟ یان کێشەگەلێکی تری لەسەرو ئەم کێشانەوە بۆ دروستدەبێت؟**

**وەڵامی پرسیاری 3:** دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لە باشووری کوردستان، گەورەترین رووداوی مێژوویی دەبێت بۆ کورد کە دەیانسالە لەپێناویدا قوربانیی بێئەژماری داوە. ئایە کێشەسیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دوای دامەزرانی دەوڵەتی کوردیی چارەسەردەکرێن یان نا؟ ئەوە پێوەندیی بە پێکهاتە و نێوەرۆکی حکوومەتەکەوە دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر ئەو حکوومەتە کوردییە، حکوومەتێکی سێکۆلار بێ و ماف و ئازادییەکانی تاک و هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و، بیروباوەڕی جیاواز و ئاین و ئاینزاکانی تێدا دەستەبەر بکرێت، دەستێوەردانی حیزب و بنەماڵە و هۆز و ئیدۆلۆژیی سیاسی و ئاینیی بەسەر حکوومەوت و کۆمەڵگەوە نەمێنیت، حکوومەت و سەرجەم داوودەزگە وئۆرگانەکانی وڵات لەلایەن کەسانێکی نیشتمانپەروەر و پسپۆڕ و ئەکادمیکەوە ببرێن بەڕێوە، ئەوکات بەدڵنیاییەوە نەک هەر کێشەسیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چارەسەردەکرێن، بەڵکوو کوردستان بەخێرایی دەتوانێت پێ بنێتە ریزی وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتووی جیهانەوە و، هەموو کورد و کوردستانییەک لەوڵاتی خۆیدا لەئاسایش و هێمنی و ئازادی و سەرفرازیدا دەژیت.

**پرسیاری 4/دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان وەک ئامریکا و بەریتانیا و فەرانسا روسیا و چین و دەوڵەتە ئەورپییەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕازییبوون و ناڕەزایەتیی دەردەبڕن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد. هەتا کەی گەلی کورد چاوەڕێی ڕازیبوونی ئەم دەوڵەتانە بێت، لە کاتێکدا کە هەندێک لەم دەوڵەتانە بە تایبەتی بەریتانیا و فەرانسا خۆیان کوردستانیان دابەشکردوە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، ئەوان بەرپرسن لە هەموو ئەو نەهامەتیی و چەوساندنەوەیەی کە گەلی کورد بەهۆی بێدەوڵەتییەوە توشی بووە؟**

**وەڵامی پرسیاری 4:** ئێمە هیچ بەڵگە و نووسراوەیەکمان لەبەردەستدا نییە، یان باشترێکە بڵێم تاکو ئێستا نەمبیستووە و نەمخوێندووەتەوە کە وڵاتانی رۆژاڤا و زلهێزەکان پشتیوانی دامەزرانی دەولەتی کوردی بن، یان دژی بن. هەروەها رێ بە نەتەوەی کوردیش نەدراوە کە لە رفراندۆمیکی ئازاددا بڕیاری سەربەخۆیی دابێ و، زلهێزەکان دژایەتیی بڕیارەکەیان کردبێت. ئەمە قسە و پڕۆپاگەندەی ئەو حیزبانەیە کە دەیانساله لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیاندا نەیانویستووە داگیرکەرانی کوردستان لە خۆیان تووڕە و زیز بکەن و، هەموو جارێک گوتوویانە: **بارودۆخی جیهانی و ئیقلیمی لەبارنین بۆ کوردا!**

گەلێکی هۆشیار و خاوەنهزری نەتەوەیی، بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیدەناسێ و، کۆیلەتی و بندەستیی بەشەرم و شوورەی و ملشووڕیی دەزانێ و، دنیا ناچار دەکات رێز لە بڕیار و

ویستی بۆ گەیشتن بەئازادیی بگرن. لەمە هەلی باشتر بۆ کورد هەڵناکەوێت کە رژێمی عێراق ئاوای بەسەربێت، رژێمی سووریا لە رووخاندایە و، لە داهاتووی نێزیکیشدا گورزی کوشندە لە ئێرانی داگیرکەریش دەدرێت، ترکیای رەگەزپەرستیش لەبەرامبەر بزاڤی بێوێنە و جەماوەریی باکووری کوردستان دۆشداماوە و، هیچ پیلانێکی بۆ ناچێتەسەر. با ئیتر واز لەو سیاسەتکردنە چەوت و نانەتەوەییە بهێنین، کە لەکاتی بەهێزبوونی داگیرکەراندا هاواری بندەستی و شەڕ و بەرخۆدانمان بەگوێی دنیا دەگەیەنین، لەکاتی لاوازبوون، یان رووخانی رژێمێکی داگیرکەریشدا دەموقەپۆزی خوێناوییان ماچدەکەین و، رژێمی رووخاویان بۆ دادەمەزرێنینەوە و، دەڵێین ئەمەمان بۆیە کرد چۆنکە بارودۆخمان لەبار نییە!!

**پرسیاری 5/ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق(مەسعود بارزانی) ماوەیەکە لێدوانەکانی ئەوە دەگەیەنێت کە مژدەی ڕاگەیاندنی دامەزراندی دەوڵەتی کوردی بدات بە خەڵکی کوردستان، لە هەمانکاتدا ڕێخەری گشی بزوتنەوەی گۆران کە بزوتنەویەکە خاوەنی 25 کورسی پەرلەمانە و بووە بە هێزێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دیار لە کوردستاندا، لە پەیامی نەورۆزی ئەمسالدا رایگەیاند کە دەوڵەتی کوردی بە قسەنابێت و کۆمەڵێک بنەمای پێویستی خستە ڕوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. ئەم دوو لێدوانە جیاوازە لە لایان دوو هێزی سیاسیی گەورەی کوردستانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنییت و خوێندنەوەت چییە بۆی؟**

**وەڵامی پرسیاری 5:** گومانم لەوە نییە کە **ڕێزدار مەسعوود بارزانی** خەون بە دامەزرانی دەوڵەتی کوردییەوە دەبینێ و، لێدوانەکانی ناوبەناوی لەم بارەوە لە بیروباوەڕییەوە سەرچاوەدەگرێت، هاوکات بۆچوونی رێکخەری **''بزووتنەوەی گۆڕان''** یش بەڕاستدەزانم کە دەڵێ: **''دەوڵەتی کوردی بەقسە نابێ و کۆمەڵێک بنەمای پێویستە...!''.**

یەکەم مەرجی هەنگاونان بەرەو دەولەتی کوردیی، ئەوەیە نێوەندێکی یەکگرتووی کوردستانیی پێکبهێنرێت. ئەم نێوەندە نەتەوەییە لەبوارەکانی یەکخستنی نێومالّی کورد، هێنانەسەرکاری حکوومەتێکی هەڵبژاردە کە سەرپەرشتیی وڵات بەگشتیی بگرێتە ئەستۆی. پێکهێنانی شاندێکی دیپلۆماسی لە کەسانی نیشتمانپەروەر و زمانزان و پسپۆڕ لە سیاسەتی نێونەتەوەیی، دانانی میدیایەکی نەتەوەیی، کۆکردنەوە و رێکخستنی جەماوەری کورد لەدەوری درۆشمی رێفراندۆم بۆ کوردستان و مافی دیاریکردنی چارەنووس، هەوڵدان بۆ سازکردنی لۆبی، پاشان داوای ئەنجامدانی رێفراندۆم بە چاودێریی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دنیای ئازاد. ئەمانە کۆمەڵە خالی گرنگن لەو بنەما و ئامادەکارییانەی کە پێویستە لە پرۆسەی گەیشتن بەسەربەخۆیی کوردستاندا ئەنجامبدرێن

**پرسیاری 6/بەڕای بەڕێزت دەبێت ئەم داخوازییە (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی) داخوازییەکی گشتی گەلی کورد بێت و بە خۆپیشاندان و واژوکۆکردنەوە و ڕاپرسی گشتیی ئەنجامبدرێت؟**

**یان ئەوە بەسە کە حیزبێکی سیاسیی یان چەند حیزبێکی سیاسیی لە پشتی ئەو پرسە گرنگەوە بن؟**

**وەڵامی پرسیاری 6:** جاڕی سەربەخۆیی کوردستان بە بڕیاری حیزبیک نادرێ و، ئامانج و داخوازیی لەمێژینەی کوردە و پێوەندیی بە چارەنووسی هەزاران سالەی نیشتمان و نەتەوە و وەچەکانی داهاتووی کوردستانەوە هەیە. پرسی دامەزرانی دەوڵەتی کوردیی دەبی بکرێت بە داخوازیی گشتی لەلایەن تێکڕای چین و توێژ و پێکهاتەجیاوازەکانی کوردستانەوە. داوای جێبەجێبوونی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بکرێت لەکوردستان، لەڕێگەی ڕێفراندۆمەوە بەچاودێریکردنی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی گەلی کورد بەبێ ترس و هەڕەشە و چاوسۆرکردن، لەئازادیدا دەنگ بۆ ئازادی و رزگاریی یەکجارەکیی خۆیبدات. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پێویستە لەم قۆناخە مێژووییەدا رۆڵی مرۆڤی و مێژوویی و نەتەوەیی خۆیان بگێڕن و، دینەمۆ و هاندەربن لەجێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پیرۆز و مەزنەدا.

# هۆكارەكانی تێرۆری

# سەكینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا سۆیلەمەر، لەپاریس (پێتەختی دێمۆكراسی)!

**سیروان كاوسی:**

**ڕێكەوتی: 20/1/2013**

**نێزیک بە سەدەیەكە، لەوكاتەی كە وڵاتانی كۆلۆنیالیستی جیهانیی هەستیان بە بوونی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین كرد، ئەم نێوچەیە بوو بە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و، داتاشین و قوتكردنەوەی كۆمەڵەڕژێمێكی دیكتاتۆر و سەرەڕۆ و، هەڵگیرسانی شەڕ و پێكدادانی خوێناویی لە نێوان گەلان و، كێبەركێی نێوان دنیای دووجەمسەریی، دواتریش كە یەكێتیی سۆڤێت هەرەسیهێنا، دنیا پێینایە قۆناخی تاكجەمسەرییەوە و، شەڕی نێوان كۆمۆنیزم و بۆرژوازی، جێی خۆیدا بەشەڕی نێوان دنیای ئازاد و ئیسلامی سیاسی.**

دوای هێرشی (11ی سێپتەمبەری 2001) ی ڕێكخراوەی تێرۆریستیی **''القاعدە''** بۆ سەر دوو باڵەخانەكەی نێوەندی بازرگانیی لە **نیۆیۆرک**، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا توانی ڕژێمی تاڵەبان ڕووخێنێ و ڕێكخراوی ''ئەلقاعدە'' پەرتەوازە بكا، هاوكات لەشكركێشیی بۆ سەر ئەفغانستان، زەوینەی خۆشكرد بۆ ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی بە نیازی جێبەجێكردنی ستراتیژێكی نوێ و گۆڕینی جوگرافیای سیاسی دنیای ئیسلام بەگشتی و

ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتیی، بە هێنانی سەدانهەزار سەرباز و چەکوچۆڵی جەنگیی گەورە و گران ڕژێننە نێوچەکەوە بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر بەرژەوەندییەکانیان لە خۆرهەڵاتی ناڤین بپارێزن.

پشتگیریکردنی لاوەکیی لە ئۆپۆزسیۆن و بزووتنەوەکانی جەماوەریی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی رژێمەکانیان، سەرقاڵکردنی گەلانی خۆرهەڵاتی ناڤین بە کێشەی نێوخۆیی و شەڕی ئاینیی، لەنێوبردنی مەترسیی تێرۆر و رێکخراوەکانی بنچینەگری ئیسلامی لەسەر خۆیان، دواتر دابەشکردنی وڵاتانی پڕحەشیمەت و، دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی تازە لەجێیان، ئامانجی ئەو ستراتیژە نوێیە پێکدێنن کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەنگاو بە هەنگاو سەرقاڵی جێبەجێکردنین. بەکورتی، ئەم بارودۆخەی ئێستا بە قۆناخێکی هەستیار و چارەنووسساز لەمێژووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دادەنرێت.

**کوردستانە کەی ئێمەش کە نێزیک بەسەدەیەک لەمەوبەر لەلایەن وڵاتانی کۆلۆنیالیستی جیهانییەوە وەک گۆشتی قوربانی پارچەپارچە کرا و، خرایە ژێر دەستی کۆمەڵە ڕژێمێکی دیکتاتۆر و رەگەزپەرست و کۆمپرادۆرەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم کەشە سیاسییە نوێیە، هەلێکی زێڕین و مێژوویی رەخساوە بۆی کە بتوانێت دوای سەدەیەک قەڵاچۆکردن و، راگوێزانی زۆرەملێ و ماڵوێرانیی، بیر لەداهاتووی خۆی و چارەنووسی سیاسیی خۆیکاتەوە.**

لەو ساتەوە کورد خۆی ناسیوە و خەبات بۆ رزگاربوونی دەکا، لە هیچ چاخ و سەردەمێکدا وەک ئەم بزووتنەوە مەزن و بەرینەی باکووری کوردستانی بەخۆیەوە نەبینیوە، هاوکات لەو ساتەوە دەسەڵاتدارانی ترک بەزۆرەملێ و خوێنڕێشن دەسەلاتی خۆیان بە سەر گەلانی دیدا سەپاندووە، لە هیچ سەردەم و سەدەیەکدا هێندەی ئێستا تووشی سەرلێشێواویی سیاسی نەهاتوون. هۆکاری سەرنەکەوتنی پیلانگێڕیی رژێمی ترک بەتایبەتیی لە ماوەی 30 ساڵی رابردوو، کە  بە ژیانەوەی هەستی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان دەژمێردرێت، بۆ زانایی و لێوەشاوەیی سیاسی و بیری کووری رێبەرانی باکووری کوردستان دەگەڕێتەوە کە بێگوێدانە پلەوپایە و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، بێ سڵەمینەوە لە کردەوەی دڕندانەی هێزەکانی رژێمی داگیرکەری ترکیا، لە شەقام و بەندیخانە و گۆڕەپانی شارەکان و لە چیاکان، لەگەڵ نەتەوەی خۆیانن و لە پێشەوەی هەموو رووداوەکانەوەن. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە، بەزانای و زیرەکی و لێکدانەوەی بەجێ توانیویانە هەموو پیلانگێڕی و هێرشی سەربازی و گوشاری هێزەکانی سەرکوتکاری ترک و، هاوکاریی لاوەکیی رۆژاوا لەگەڵ رژێمی ترک، پووچەڵ بکەنەوە و، رۆژ لە گەڵ رۆژ خەباتەکەیان زیاتر بۆ پێشەوەبەرن. پەرەسەندنی بزووتنەوەی باکووری کوردستان لەهەموو ئاستێکی سیاسی و دیپلۆماسی و جەنگی پارتیزانی و خەباتی جەماوەریی، رژێمی ترکی ناچار کردووە سەرزارەکیی دان بە بوونی کورددا بنێ و، بە نهێنی و نیوەئاشکرا لە گەڵ **پارتی کرێکارانی کوردستان** و

سەرۆکایەتیی **پارتی ئاشتی و دێمۆکراتی (BDP)** بکەوێتە وتووێژەوە، بەڵام ئەوی شارەزای نێوەرۆکی بیری رەگەزپەرستیی ترک و ئەلفوبێی سیاسی بێت، باشدەزانێت کۆمەڵگەی ترک رێگەیەکی دوورودرێژی لەبەرە تاکوو لە بیری ئازادیخوازی و یەکسانی و کولتووری دێمۆکراسی تێبگات. لەبەر ئەوە کردنەوەی باسی وتووێژ لەگەڵ کورد تەنیا بۆ مەبەستی تێکدانی یەکگرتووی و یەکڕیزیی خەباتی باکووری کوردستانە. نموونەی ئەمەش دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی گفتوگۆی نێوان ترکیا و **ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان،** فڕۆکەکانی سوپای ترک چەندرۆژ لەسەریەک بەخەستی بۆمبابارانی **''قەندیل''** و هەرێمەکانی دیکەی گەریلایان کرد. پاشان لە شاری پاریسەوە لەڕۆژی 9/1/ 2013 هەواڵی تێرۆرکردنی **سەکینە جانسز (سارا) ئەندامی دامەزرێنەری پێ کێ کێ**، لەگەڵ دوو ژنە تێکۆشەری دیکە بە ناوەکانی **فیدان دۆغان و لەیلا سۆیلەمەر** لە میدیاکانەوە بڵاوبووەوە. رژێمی ترکیا هەر زوو هەوڵیدا سەرنجی خەڵک بۆلای کێشەی باڵەکانی ناکۆکی نێو ریزەکانی پێ کێ کێ راکێشێ و تاوانەکە لە خۆی دوور خاتەوە، ئەوجا هێندێک لە ڕۆژنامەکانی ترک ئێرانیان بە تاوانباری رووداوەتێرۆریستییەکە دایەقەلەم.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئێراندا، دەزانین **''سوپای قودس''** ی سەر بە وەزارەتی **''اطلاعات''**، لەساڵانی رابردوودا گەورەترین تۆڕی سیخوڕی و تێرۆری لە ئەورووپا و هەموو وڵاتانی جیهاندا بڵاوکردبووەوە. سەدان سەرکردە و سیاسەتکار و ئازادیخوازی کورد و ئێرانیی لەلایەن تێرۆریستەکانی **کۆماری ئیسلامییەوە**

**تێرۆرکران، بەلام چەند ساڵێکە بەهۆی کێشەی نێوخۆیی و گوشاری نێودەوڵەتیی بۆ سەر ئێران، هاوکات چاودێریی توندوتۆڵی پۆلیسی نهێنیی ڕۆژاوا لەسەر بنکە و مزگەوت و باڵوێژخانەکانی ئێران لەدەرەوە، تێرۆری نەیارانی ڕژێمی ئیسلامیی لە دەرەوە ڕاگیراوە. لە ئاستی نێوچەکەشدا، دژایەتییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان ڕژێمەکانی سووریا و ئێران و عێراق دژ بە ڕژێمی ترکیا. دوای ئاگربەسی نێوان ئێران و پژاک، دواتریش دوای ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان توانی لە ئەنجامی ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد، زۆرینەی نێوچەکانی ڕۆژاوای کوردستان کۆنترۆڵ بکا و**، دەسەڵاتێکی خۆجێی لەو نێوچانە دامەزرێنێ، ڕژێمی ترکیا هەراسان بووە و، ترسی لە بە هێزبوونی زیاتری پێ کێ کێ یە. چەند جارێک شەڕولێکدان لە نێوان هێزەکانی گەریلا و سوپای ئازاد لە **''سەرێکانی''** و شوێنەکانی تر ڕوویانداوە. بەمەدا دەبێ بزانین بەرەیەکی ڕانەگەیەندراو لەنێوان ئەم ڕژێم و لایەنانەدا هەیە دژ بە ڕژێمی ترکیا و ئۆپۆزسیۆنی سووریا کە لەلایەن ترکیاوە پشتگیریی لێدەکرێت، لەبەر ئەوە ڕژێمی ئێران لە دۆخی ئێستادا هەڵەی وا ناکا، بەکوشتنی چەن کادرێکی پێ کێ کێ لە پاریس، شەڕێکی نەخوازراو لەگەڵ پژاک و پێ کێ کێ دەستپێکاتەوە، بە پێچەوانەوە زۆر بەلایەوە گرنگە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ شەڕ و تەقە و ڕەقە بێ.

بەپێی بەڵگەنامەکانی **''ویکیلیکس''**، ڕێکەوتی 7/12/2007 ئەمریکا لە بروسکەیەکدا زانیاریی دەداتە ترکیا سەبارەت بە

داراییەکانی **پێ کێ کێ** لە ئۆرووپا. ئەوانەی لە نێزیکەوە سەکینە جانسزیان ناسیوە، ئاگاداری رۆڵی گەورەی بوون لە کۆکردنەوەی دارایی لە ئاستی کیشوەری ئۆرووپا بۆ پارتەکەی.

چەن مەبەستێک لەپشت هەوڵی ترکیا بۆ تێرۆرکردنی **سەکینە جانسز** و هاوڕێیانییەوە هەن، یەکەم سەرزارەکی وتووێژیان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستپێکرد، دوو ڕۆژ دواتر پەنجەی تاوانیان خستەسەر پێ کێ کێ خۆی، بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بە خەڵکی خۆیان و دنیای دەرەوە بدەن، کە ئیمە خوازیارین کێشەکە بە ئاشتی چارەسەرکرێت، بەڵام ئەوە باڵەناکۆکەکانی پێ کێ کێ خۆیان رێگرن لە بەردەم چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەکە. هاوکات ئەو پەیامەشیان بە سەرۆکایەتیی پێ کێ کێ دا کە لەمەودوا دەبێ لە خۆتان بترسن و، لە نێو جەرگەی ئۆرووپای دێمۆکراتیشدا دەتانکوژین. ئەوجا رژێمی ترکیا کەسێکیان بۆ کوشتن دەستنیشانکرد، زانا و زیرەک و کارگێڕ بوو، رۆڵی گەورەی هەبوو لەسەرپەرشتیکردنی دارایی و سامانی پێ کێ کێ و، بەم زووانە جێگەی پڕنابێتەوە. هەوڵی لاوەکیی رژێمی ترک ئەوە بوو، بە تۆمەتبارکردنی ئێران، سەرنجی خەڵک و لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەسەر خۆی لابەرێ، بەڵکوو لەو ڕیگەیەوە ناکۆکی و شەڕ لەنێوان پێ کێ کێ و هێزەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵات هەڵگیرسێتەوە.

بابەتێک لەکۆتایی ئەم باسەدا بەگرنگیدەزانم و، دەمەوێ سەرنجی خوێنەرەوەی بۆ راکێشم، ئەوەیە، سەرۆکایەتیی کورد لە باکووری کوردستان بەتایبەتی و سەرۆکایەتی کورد لە هەموو

بەشەکان بەگشتی، چەندە بایەخ و گرنگیی بە گفتوگۆی نێوان خۆیان و رژێمی ترک و رژێمەکانی دیکەی داگیرکەر دەدەن، پێویستە سەدهێندە هەوڵبدەن کێشەی گەلی کورد لە چوارچێوەی ترکیا و وڵاتانی داگیرکەر بهێننەدەرێ و بیکەن بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی. داوا لە دنیای ئازاد و کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن پشتگیریی نەتەوەی کورد بکەن بۆ سەرپەرشتیکردنی راپرسی لە کوردستان. ئەمە تاکە رێگەی زانستی و نەتەوەیی و ژیرانەیە کورد بتوانێت خۆی و نیشتمانەکەی لەژێر دەستی رژێم و کۆمەڵگەی دژ بە ئازادی و رەگەزپەرستی ترک و داگیرکەرانی رەگەزپەرست و پاشکەوتووی ئێران و سووریا و عێراق رزگار بکات.

## وتوویژی نوچەنێت لە گەڵ سیروان کاوسی نووسەر و کەسایەتیی نەتەوەیی، ڕۆژی 9ی تشرینی دووەمی ساڵی 2012 (9/11/2012) لە ڕۆژنامەی نووچەنێت بڵاوکراوەتەوە.

### تەوەری نووچەنێت:
### فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی دیجلە

لە گەرمەی گرژییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، حکومەتی نوری مالیکی دامەزراندنی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی دیجلەی ڕاگەیاند، بەپێی وتەی بەرپرسانی کورد ڕاگەیاندنی ئەو فەرماندەییە، بە بێ ڕەزامەندیی پەرلەمان و پێکهاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بووە و لادانە لە دەستوری عێراق و پێشێلکردنی مادەی 140، لە سەرەتای ڕاگەیاندنی، ئەرکی فەرماندەییەکە لە ئەستۆگرتنی ئەمنیەتی هەریەك لەپارێزگای □ەر□ووك و دیالە بوو، دواتریش بە فەرمانێکی دیوانی سەرۆ□ایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پارێزگاری سەلاحەددینیش بەسترایەوە بە ئۆپەراسیۆنە□انی دیجلەوە. بە پێی ئەرکەکانی فەرماندەیی دیجلە، دۆسیەی ئەمنی لە پارێزگار و ئەنجومەنی شارەکان وەردەگیرێتەوە. پارێزگاری کەرکوکیش لەو بارەوە دەڵێت، ئەو هەنگاوانە نا یاسایی و نا دەستورین و نابێت قبوڵبکرێت.

پرسی نوچەنێت بۆ ڕۆشنبیران لەو بارەوەیەوە ئەوەیە، کە ئاخۆ خوێندنەوەیان چییە، بۆ دامەزراندنی فەرماندەیی

**ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە و دەستبەسەرداگرتنی هەموو دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک، و ناوچە دابڕێنراوەکان؟، ئایا فەرزکردنی ئەم فەرماندەییە سەربازییە بەسەر کەرکوک و ناوچە داپڕێنراوەکانی کوردستان، بەبێ پرسی کورد هۆکارەکەی چییە؟ غیابی کورد؟ لاوازی کورد؟ یان چی؟ مەترسی چییە؟**

**سیروان کاوسی:** ئەم کێشەی کە ئەمڕۆ کورد لە پێوەندیی لە گەڵ رژێمی بەغدا هەیەتی، ریشە و بناخەکەی بۆ نەزانی سیاسی و لاوازیی بیری نەتەوەیی سەۆکایەتیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کورد دەگەڕێتەوە کە دوای دیاریکردنی **''هەرێمی نەفڕین''** بۆ چەند ساڵێک شەڕی نێوخۆییان خستەڕێ و، کوردستانیان کردە گۆڕەپانی ڕمبازێنی رژێمەکانی داگیرکەری ترکیا و ئێران. ئەوجا لەساڵی 2003 لەکاتی لەشکرکێشیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ رووخانی رژێمی خوێنڕێژی سەددام، ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە لەباتی ئەوەی بە بەشداریی زانایانی نیشتمانپەروەر و لایەنەکانی دیکەی سیاسی کورد و کوردستانیی، پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی ئامادەبکەن و، بە بیرێکی کوردستانییەوە بە پیری ئەو هەلەتاکهەڵکەوتە مێژووییەوە بچن، کردیانەوە بە بازاڕی حیزبحیزبێنە و بێگوێدانە داخوازیی لەمێژینەی گەلەکەیان و، بێئاوڕدانەوە لە ڕای گشتی جەماوەری کورد، بە درۆشمی نازانستانە و نانەتەوەییانەی وەک **''برایەتی''** و **''عێراقی وەکیەک''** و **''کردنی کورد بەعێراقیی پلەیەک''** و ... هتد، رژێم و جۆگرافیای عێراقی لەبەریەکهەڵوەشاوەیان سەرلەنوێ زیندوو کردەوە و، دەسەڵاتیاندایە دەستی کۆمەڵێک عەرەبی

ڕەگەزپەرستی تازە. بە تەماشبوون ئەو کۆمەڵە عەرەبە تازە دەسەڵاتگەیشتووە لە نیازپاکیی کورد تێبگەن و بە پێی یاسا و بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتیی، ناوچە داڕێندراوەکان بە چەپکە گوڵەوە پێشکێشی کورد بکەنەوە و، عەرەبی هاوردە لە نیوەی شەودا بگێڕنەوە بۆ نێوچەکانی خۆیان، چۆنکە بیری دێمۆکراسی و ئازادیخوازییان لەسایی بەرەکەتی عێراقی نوێدا گەشەی کردووە و، نایانەوێ لەوە زیاتر شەرمەزاری کورد بن!!!

ئەم کارەی سەرۆکایەتیی دوو حیزبەکە بەرامبەر چارەنووسی کورد کردیان، جگە لەساویلکەیی سیاسیی، چ ناوێکی دیکەی لێنانرێت. ئاکامەکەشی جگە لەوەی کە لە لایەنی نەتەوەییەوە بە زیانی کورد شکایەوە، بەڵکو لە ماوەی دەساڵی رابردوودا، هەزاران کورد لەسایی عێراقی نوێدا کوژراون، هەزاران بنەماڵە لە ناوچە داڕیندراوەکان، بەهۆی هەڕەشە و گوڕەشە ودەستدرێژی و سووکایەتی و تێرۆری عەرەبەوە بە ناچاریی شار و گوندی خۆیان جێهێڵاوە و لە سێ پارێزگەکەی بندەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم نیشتەجێ بوونە.

دامەزراندنی **''هێزی دیجلە''** هەنگاوێکی دیکەی ڕژێمی عێراقە بۆ تەسکترکردنی سنووری کوردستان و، سڕینەوەی یەکجارەکیی **''مادەی 140''** و، نەهێشتنی دەسەڵاتی سیاسی و پێگەی جەماوەری و هێزی پێشمەرگەی کورد لە نێوچە داڕێندراوەکان. لەبەر ئەوە پێویستە حکوومەتی هەرێم چیدیکە کات بەفیڕۆ نەدا و سیاسەتێکی بوێرانە و نەتەوەیی بگرێتەبەر. ئەم دۆخەی ئێستا بێگومان جێێ مەترسییە و، لاوازیی سیاسیی حکوومەتی هەرێم،

پەرلەمانی کوردستان، وەزیر و ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا لە سەرۆیانەوە ڕێزدار **جەلال تاڵەبانی** پێشاندەدات کە لە بەرامبەر پیلانگێڕیی دەوڵەتی عێراق بێدەنگن!

دوای رووخانی رژێمی سەدام، سەرکۆماری کاتیی **(غازی عەجیل عەلیاوەر)** هەڕەشەی لێدەکردین کە ئەوکات کۆلانێکی بەغدای بەدەست نەبوو، پاشان سەرە هاتە سەر **ئیبراهیم جەعفەری** بەئاشکرا گاڵتەی بە سیاسەتی کورد دەکرد، ئەوڕۆکەش کورد گلەیی لە **نووری مالکی** دەکات، گوایە یاسا پێشێلدەکات. هەڵوێستی ئەم دەسەلاتدارانەی عێراقی تازە لە بیری رەگەزپەرستی و خۆبەزلزانینی نەتەوەی عەرەبەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرامبەر کورد هەیبووە و هەیەتی و، پێوەندیی بە کەسێک و دوانەوە نییە. با بۆ جارێک و بۆ هەمیشە نەتەوەی کورد لەم راستینەیە تێبگا و، سیاسەتکاری کوردیش چیدیکە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیدا خۆڵ نەکاتە چاوی خەڵکەوە.

دەربڕینی هەڕەشە و گوڕەشە و چاوسۆرکردنەوە لە رۆژنامە و میدیای کوردی بۆ دڵخۆشکردنی کورد، لەلایەن کاربەدەستانی هەرێمەوە، چ ئەنجامێکی نییە و نایبێت، بەڵکو بڕیاری کردەیی وەک: **''دەربڕینی هەڵویستی هاوبەش''**، **''ئاگادارکردنی ئەمریکا و ئۆرووپا لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ لەلایەن مالکییەوە''**، **''ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کەرکووک''**، **''خۆپێشاندانی سەرتاسەریی لە کوردستان''**، پێویستن. پاشان دیاریکردنی ماوەیەک لەلایەن وەزیرە کوردەکان و ئەندامانی کورد لە

پەرلەمانی عێراق، بۆ کشانەوە لە حکوومەتی عێراق- ئەگەر بێتوو دەوڵەتی مالیکی بەردەوام بێت لە پێڕەوکردنی سیاسەتی دژ بە کورد. بەڕێوەبردنی ئەم خاڵانە بێگومان دەستەبەری یەکڕیزیی کورد و گەیشتن بە داخوازییەکانی دەکات کە لەساڵی 2003 وە چاوەڕوانی جێبەجێبوونیەتی.

# لاپەڕەیەک لە مێژوویەکی ونبوو، ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی گەلێکی نووستوو!

**ڕێکەوتی:**
**17/2/2014**

یەکێ لەو کارەساتە مرۆڤی و نەتەوەییانەی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەرەوڕووی کورد و خاکەکەی و ناسنامەی نەتەوەیی و هەبوونی کراوە، پاکتاوی فەرهەنگی و تواندنەوەی ڕەگەزیی کورد بووە لەنێو ڕەگەزی خۆیاندا. خۆیان کردووە بەخاوەنی خاکی هەزارانساڵەی کورد و لە گەڵ تێپەڕبوونی زەمەنێک کۆیلەتی و بندەستیی، کورد مێژووی ڕاستینەی خۆی لەبیر چووەتەوە و، زمان و کولتوورەکەی لێ بووە بە بنزار و پاشکۆی کولتووری داگیرکەرانی کوردستان. گەر ئەمڕۆکە تۆ بچیتە هەر شارێکی لوڕستانی گەورە تا دەگاتە بوویەرئەحمەد و کێوکیلۆیە، لە خەڵکی ئاسایی و قەلەمبەدەست و ڕۆشنبیرەکەی بپرسی ڕەگەزی ئێوە چییە؟ نایزانن! زۆربەیان دەڵێن: لوڕین و خەڵکی ئێرانین ، هێندێکیان خۆیان بە گەلێکی سەربەخۆ ناودەبەن، کە خاوەنی زمان و مێژووی خۆیەتی، تاکوتەراش دەڵێن کورد و لوڕ یەک ڕەگەزن و، جیانین، جا ئەمە لەبەر دڵی تۆی کورد، یان وەک لێکۆڵەرێک وەرامتدەداتەوە، ئەوەیان دیار نییە.

بەشێک لە نووسەرانی بەشەکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بێلێکۆڵینەوە و خۆماندووکردن بەمێژووی ئەو بەشانەی خوارووی کوردستان، لوڕستانی گەورە و کوردستان بە دوو بەشی جیا لەیەک نێودەبەن. نەخشەی کوردستان لە چەند جۆر و قەبارەی جیاجیادا بڵاودەکەنەوە، لەیەکیان نەخشەی کوردستان تاکوو کرماشانە، لەوی دیکە تا سنووری ئیلامە. لە باکووری کوردستانیش هەر بەم شێوەیە. حیزبەسیاسییەکانیشمان کە زیاتر لە پەنجا ساڵێکە بە ناوی کوردایەتییەوە نوقمی پاوانخوازی و گەمەی حیزبایەتین، گوێیاننەداوەتە ئەوەی کامە بەش کراوە بە فارس و، کام بەشی دی لەنێو ترک و عەرەبدا تواوەتەوە و، چی بکەن و چ پلانێکی فەرهەنگی و نەتەوەیی داڕێژن بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەو بەشانە بە تایبەتی و لە کوردستان بەگشتی.. لەبەر ئەوە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی داگیرکەران و، بەحیزبیکردنی کێشەی کورد لەلایەن سەرۆکایەتی و رۆشنبیرانی حیزبیی لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندیی کەسی و حیزبیی، پێکەوە دینەمۆیەکی بەهێز بوون بۆ هێشتنەوەی نەتەوەی کورد لە سەرلێشێواوی و ناهۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی.

دوای خوێندنەوەی ئەم کورتە پێشەکییە، با پێکەوە چاوێک بە لاپەڕەیەکی مێژووی لۆرستان و ژیانی رۆڵەی بلیمەت و مەزنی ئەم دەڤەرە خاتوون **بیبی مریەمی بەختیاریی** بخشێنین!

مێژووناسی گەورەی کورد **شەرەفخانی بدلیسی** لە پەرتۆکە مێژووییەکەی **''شەرەفنامە''** دا دەڵێ: **''چوارسەد بنەماڵەی چەن هۆزیکی کورد بەسەرۆکایەتیی حەسەن فەسڵەویی لەسەدەی شەشی کۆچی - مانگی (هەشت سەدەیەک بەر لە ئەمڕۆ) لە ناوچەکانی شامات و ''کێوی سماق'' لە رۆژاوای کوردستان و سووریای ئێستاوە بەرەو زنجیرەچیاکانی خوارووی زاگرۆس کۆچیانکرد. لە نێویاندا هۆزێکی بچووک بە نێوی بەختیاری لەگەڵیان کەوت''. ئەم کۆچکردنە کە تاکوو ئەورۆ هۆیەکەی نەزانراوە، بەناوی کۆچی هەزار سوارەی جەنگی نێوبڕۆیوە. دوای گەیشتنیان بەم هەرێمەی ئێستێ کە پێیدەگوترێ لۆڕستان، سەرۆکی هۆز (حەسەن فەسلەویی) بەخێرایی هۆزەخۆجێیەکانی نێوچەکەی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە و، حکوومەتێکی سەربەخۆی پێکهێنا کە لە مێژوودا بەناوی حکوومەتی ''ئەتابەکانی فەسڵەویی'' (ئەتابەکانی لۆڕ) ناسراوە. پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی نێوچەکە لەلایەن حەسەن فەسڵەوی و هێزەکەیەوە، هۆزەکانی دیکەی رۆژاوای کوردستان لە ڕێگەی تەتەرەوە ئاگادارکران، ئەوانیش لە رۆژاوای کوردستانەوە بەرەو لۆڕستان کۆچیانکرد و، بە هەموو لۆڕستان و ئیلام و بوویەر ئەحمەد و کێوکیلۆیەدا بڵاوبوونەوە. چەند سەدەیەک دواتر، هۆزی بەختیاریی کە لقێکە لە هۆزی گەورەی لۆڕ، بوون بە دوو بەشەوە، بەشی ''چوارلنگ'' و بەشەکەی دیکەش بە ''حەفت لنگ'' ناسران''.**

جا ئەم مێژووە، ئیمڕۆکە نەک هەر کوردی بەختیاری و لوڕستان و لەکستان نایزانن، بەڵکوو لەو باوەڕەدام بەدەگمەن کورد هەن لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئاگاداری ئەم مێژووە ونبووەی خۆی بێت.

لە مێژووی هەزارانسالەی تەژی لە کارەساتی کورددا کەم نین ئەو ژنانەی لەسایی زانای و لێوەشاوەی و کەسایەتیی بەرزیانەوە سنوورەکانی داوونەرێتی داسەپاوی کۆمەڵایەتییان تێکشکاندووە و، نەک هەر بوونەتە جێی سەرنج و رێزی رەگەزی نێرینەی لووتبەرزی کوردەواریی، بەڵکوو پێشەنگی و سەرۆکایەتیی هۆز و هەرێمی خۆیانکردووە، یان لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا نێوبانگی ئازایەتییان سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە. یەکێ لەم ئەستێرە گەش و بلیمەتانەی کوردەواری، ناوی **بیبی مریەمی بەختیارییە** و لە سەردەمی خۆیدا نێوبانگی ئازایەتییەکەی سنوورەکانی کوردستان و ئێران و وڵاتانی ئۆرووپای تێپەڕکرد، هاوکات، بوو بە جێی باس و رێز و ستایش و رقونەفرەتی زلهێزەکانی سەردەمی خۆی.

**بیبی مریەم** ساڵی 1253ی هەتاوی (1876ی ز) کە دەکاتە 140ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ، لە نێو هۆزی بەختیاریی لە دایکبوو، باوکی **حسێنقولیخان** سەرۆکهۆزی گەورەی بەختیاریی، لە تەمەنی 24 ساڵییەوە بوو بە حوکمرانی بەختیاریی. حسێنقولیخان چەن شەروشۆرێکی گەورە و خوێناویی لە گەڵ هۆزەکانی دەوروبەری هەڵگیرساند و، توانی هەموویان تێکبشکێنێ و، هۆزەکانی **چوارلنگ** و **چوارمەحەل و بایادی** بخاتە

ژێررکێفی خۆیەوە. لە سەرەتاوە بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی لە هەرێمەکانی خوارووی کوردستان، یارمەتیی سەربازیی لە حکوومەتی قاجاڕەکان لەئێران وەرگرت و، لەلایەن **ناسرەدینشای قاجاڕەوە** نازناوی **''ئیلخان''** و **''نازم بەختیاری'' (چاودێری بەختیاریی)** پێبەخشرا، بەڵام دوای پانزەساڵێک بوو بە خاوەنی پووڵ و سامان و هێزێکی گەورەی چەکدار و، سەرۆکایەتیی نێوچەکەی گرتەدەست، حکوومەتێکی سەربەخۆی پێکهێنا. لە ڕێگەی کەنداوەوە **(بەزاراوەی کوردی ناوچەکە کەنداڵیی)،** پێوەندیی گرت بە ئەفسەرانی سوپای وڵاتانی کۆلۆنیالیستی بریتانیا و پۆرتۆگال و بێ ئاگاداریی حکوومەتی تاران، سەدان پارچە چەکی کڕی لێیان. خۆ بەهێز کردنی حسێنقولیخان، گومانی خستە دڵی ناسرەدینشای قاجاڕەوە و، کوڕەکەی خۆی **''زیلەلسوڵتان''** کە حاکمی شاری **ئەسفەهان** بوو، راسپارد، بەناوی سەردانەوە چاوێک بە بارودۆخی بەختیاری و دەسەڵاتی حسێنقولیخاندا بخشێنێ. کوڕەکەی ناسرەدینشا دوای سەردانەکەی، نامەیەکی نارد بۆ باوکی و تێیدا نووسی: **''تەواوی ئەو راپۆرتانەی پێشوو لەلایەن ''فەرهاد میرزا'' حاکمی ''فارس'' (پارێزگەی شیراز) لە بارەی هێز و دەسەڵاتی حسێنقولیخانەوە نووسراون، نەک هەر راستن، بەڵکو بە کەمیشەوە نووسراون، حسێنقولیخان دەسەڵاتێکی سەربەخۆی پێکهێناوە و، بۆ دواڕۆژی دەسەڵاتەکەشی ئامانجی گەورەتری هەیە''.**

ناسرەدینشا دوای خوێندنەوەی راپۆرتی کوڕەکەی، بیری لە کوشتنی حسێنقولیخان کردەوە و، **''زیلەلسوڵتان''** ی کوڕی

راسپارد بە هەر شێوازیک بووە کێشەی لوڕستان و حسێنقولیخان بنبڕکا. کوڕەکەی ناسرەدینشا، بۆ سەردانێکی فەرمیی حسێنقولیخانی بانگهێشتی ئەسفەهان کرد، ئەمیش بانگیشتەی قەبوڵکرد و لەگەڵ دووان لە کوڕەکانی چوو بوو ئەسفەهان. لەلایەن کوڕی شا و دەستەودایرەی حکوومەت و سوپاوە پێشوازیی گەرمی لێکرا، ئەوجا بردیان بۆ بینینی مەشقی سوپا. کاتێک حسێنقولیخان چاوی بە مەشقی سوپای ئێران کەوت، بە گاڵتەو تەشەرەوە بە شازادە زیلەلسوڵتانی گوت: **''سەد سواری بەختیاریی بەرامبەرە لەگەڵ هەزار شەڕکەری سوپای ئێوە!''.** زیلەلسوڵتان هیچ ناڵێ، بەناوی سەردانی فەرمانگە و لقەکانی سوپاوە، هەردوو کوڕەکەی (**ئەسفەندیارخان)** و **(عەلیقولیخان**) لە باوکیان جیا دەکەنەوە و، دەیانبەن بۆ نێو هۆدەیەکی گەورەی سەربازیی. لەوێ چەکیان دەکەن، کۆت و زنجیریان دەکەن و دەیانخەنە زیندانەوە. ئەفسەرەکان زیلەلسوڵتان ئاگادار دەکەن، کوڕانی خان بێ کێشە و تەقە و رەقە دەسبەسەر کران. ئەمیش بە کەیخۆشی و رووخۆشییەوە روودەکاتە حسێنقولیخان و دەڵێ: ''فەرموو با بچینە نێو کۆشک قاوەیەک بخۆینەوە! قاوەیان بۆ دێنن، بەڵام ژەهرێکی کوشندە کراوەتە نێو قاوەی خانی بەختیاریی، چەن چرکەیەک دوای خواردنەوەی قاوەکەی، ئیش و ئازاری زۆر گرمۆڵەی دەکا و پرستی لێدەبڕێ و، توانای بەرگریکردنی نامێنێ. سەربازەکان بەکوتوزنجیر دەیبەستنەوە و دەیخەنە نێو زیندانەوە، پاش دوو رۆژ بە دەم ئێش و ئازارەوە گیان لەدەستدەدات.

حسێنقولیخان لە ماوەی ژیانیدا دە ژنی هێنابوو. لەم دە ژنە، هەژدە منداڵی بوو، دووانزەیان کچ و شەشی دیکەش کوڕ. یەکێ لە کچەکان نێوینرا **''مریەم'' (بیبی مریەم).** بیبی مریەم لە کاتی کوژرانی باوکیدا تەمەنی نۆسال بوو. هەر لەو تەمەنەدا سەرنجی بنەماڵە و خزمان و هۆزەکەی بۆلای خۆی راکێشابوو، هەموو پەسنی سوارچاکی و تیرهاویشتنی خێرا و بەدەستوبردی بیبی یاندەکرد، بەڵام لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوسا، بەبیری کەسدا نەدەهات ئەم کیژۆڵەیە، رۆژێ دەبێت بە سەرلەشکری کوردانی نێوچەکە. رەنگە بۆخۆشی ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتبێ، بەڵام لێهاتوویی خۆی و، پلەی کۆمەڵایەتی و رەوتی رووداوەکانی سەردەم، ئەو کەسایەتییە گەورەیان لێخولقاند کە بۆ هەتاهەتایە کورد شانازیی پێوەبکات.

بیبی لە تەمەنی 15ساڵیدا بەپێچەوانەی ویست و ئارەزووی خۆی، لە جێنشینی باوکی بە ناوی **''ئیبراهیم خانی زەرغامولسەلتەنەی بەختیاریی''**مارەکرا. لەلایەک بە هۆی ناوبانگی بنەماڵە، لەلایەکی دیکەوە چۆنکە هاوسەری حوکمڕانی **لوڕستان** بوو، بۆ هەر شوێنێک بچووبایە، هێزیکی چەکداری ئازا و تەیاری لەگەڵ دەچوو. ئەم هێزە بەماوەیەکی کەم کەوتە ژێر فەرمانی راستەوخۆی بیبی یەوە و، لەو شەڕ و پێکدادانانەی دوای کوژرانی باوکی و براکانی لە نێوان سوپای ئێران و هێزەکانی بەختیاریدا روویاندەدا، بەرە بەرە لەنێو جەماوەری لوڕستاندا وەک فەرماندەیەکی ئازا و لێهاتوو نێوبانگی دەرکرد. دەوڵەتەکانی ئینگلیز و رووسیاش کە لەو سەردەمەدا بە

ڕێککەوتنێکی نهێنیی، ئێرانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردبوو، ڕاستەوخۆ پشتگیرییان لە حکوومەتی قاجار و سوپای ئێران دەکرد. هێزەکانی لوڕستان شەڕی دوو کۆلۆنیالیستی گەورەی سەردەم و، حکوومەتی قاجاڕیان دەکرد، لە گەڵ ئەوەشدا لەسایی ڕژدی و شاخاویبوونی نێوچەکە و ئازایەتیی ڕۆڵەکانی لوڕستان، بەخوێنی خۆیان پارێزگارییان لەو هەرێمە ئازاد و سەربەستەی کوردستان دەکرد.

ساڵی 1288ی هەتاوی (1910ی ز)، بیبی مریەم وەک فەرماندەی بەشێک لە هیزەکانی بەختیاری، لەگرتنی شاری گەورەی ئەسفەهاندا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا. ئەم ڕووداوە هاوکاتبوو لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕشی نوێخوازیی گەلانی ئێران لە دژی حکوومەتی قاجاڕەکان. بیبی مریەم هانی براگەورەکەی دا بۆ داگیرکردنی **تاران** بکەویتەڕێ. نەخشەی گرتنی تاران کێشرا، بیبی مریەم بە نهێنیی لەگەڵ دەستەیەک لە ئازاترین هێزەکەی ژێر فەرمانی خۆیەوە چووە نێو شاری تاران و، لە نێزیک باڵەخانەی پەرلەمانی ئەوکاتی ئێران **(مەیدانی بەهارستان)،** خۆیان حەشاردا. هێزەکانی دیکەی بەختیاریی بە فەرماندەیەتیی **سەردار ئەسعەدی** برای لە باشووری خۆرئاوای تارانەوە لەشکر و سەنگەرەکانی سوپای ئێرانیان تێکشکاند و سەرکەوتووانە پێیانناوە نێو شاری تارانەوە. بیبی مریەم خۆی و هێزەکەی، لە حەشارگە هاتنەدەرەوە و، لەنێو جەرگەی شاری تاران هێرشیانبردە سەر داوودەزگەکانی حکوومەتی ئێران. هیزەکانی ئێران لە بەرامبەر هێرشی برووسکەئاسا و بوێریی بێسنووری چەکدارانی

کورد خۆیان پێڕانەگیرا و مۆڵگە و سەنگەرەکانیان چۆڵکرد و هەڵاتن. شاری تاران بە تەواوەتیی کەوتە دەستی هێزەکانی کوردەوە. **سەردار ئەسعەدی بەختیاریی، مزگەوتی گەورەی سوپاسالاری** کردە نێوەندی فەرماندەیەتیی. فەرماندەی هێزەکانی ئێران ژەنەڕاڵێکی **رووس** بوو بەناوی**''لیاخۆف''**، بە چاودێریی سەرکۆنسولی رووس و بریتانیا چوو بۆ مزگەوتی سوپاسالار، لەبەردەم سەردار ئەسعەد دا چۆکی دادا، بەنیشانەی تەسلیمبوون، شمشێر و چەکەکەی لەبەرپێی **سەردار ئەسعەد** دانا. دوای داگیرکردنی **تاران** کە هاوکاتبوو لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی دنیاگری یەکەم، ناوبانگی ئازایەتیی بیبی مریەم بەهەموو ئێراندا بڵاوبووەوە.

لەساڵی 1914ی زایینییەوە کێبەرکێ و ململانێی وڵاتانی گەورەی کۆلۆنیالیست بە مەبەستی داگیرکردنی وڵاتانی بەپیت و بەرەکەتی جیهان، جەنگێکی گەورە و خوێناویی لێکەوتەوە کە لە مێژوودا نێوی لێنرا جەنگی یەکەمی جیهانی. لەو شەڕەدا بۆ یەکەمجار بۆمبای کیمیایی بەکارهێنرا، جەنگی جیهانیی یەکەم، لە ئاستی ئۆرووپا و هەموو جیهان کارەساتی مرۆڤی وماڵوێرانی و برسێتی و قاتوقڕیی بەدوای خۆیدا هێنا. سوپای **ئینگلیز و فەرەنسا و رووسیا**ی هاوپەیمان لەدژی سوپای **ئاڵمان و عوسمانی** لەسێ کیشوەری **ئاسیا و ئەفریقا و ئۆرووپا** لە جەنگدا بوون.

بیبی مریەم کێشەی نێوان وڵاتانی گەورەی کۆلۆنیالیستی بە هەلزانی بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتی خۆیان لە هەرێمەکە و،

ڕاماڵینی لەشکری حکوومەتی تاران و، لاوازکردنی دەسەلاتی سیاسی و سەربازیی بریتانیا و رووسیا لە ئێران. لە پێشدا ئەم بیر و ئامانجەی خۆی ئاشکرا نەکرد و بەزیرەکی و هۆشیارییەوە هەنگاوی نا. نامەیەکی نارد بۆ فەرمانداری بریتانیا لە ئێران، لە نامەکەدا پشتیوانیی خۆی و هێزی لۆڕستانی بۆ دەوڵەتی بریتانیا دەربڕی، لە ژێریشەوە پێوەندیی بە ئاڵمانەوە گرت و هانیدان بێنە کوردستانەوە و، لەگەڵ هێزەکانی عەشایری لۆڕستان، سوپای رووسیا و ئینگلیز تێکبشکێن. دەوڵەتی ئەڵمانیا کە خەونی بەوەوە دەدی لەئێران و **(کەنداوی فارسی-عەرەبی- کوردی)** جێ پێی خۆی قایم بکات، پێشوازیی لەپێشنیازەکەی بیبی مریەم کرد. شاندێکی سیاسی و ئەندازیاری و هێزێکی چەکدار بە چەکووچۆڵی باشەوە لە ئاڵمانەوە گەیشتنە نێوچەی لۆڕستان. لەو ماوەیەدا لە گەلێک شوێنی **لۆڕستان و کێوگیلۆیە و بوویەر ئەحمەد** دیاردەی دزی و رێگریی سەریهەڵدابوو. **بیبی مریەم** بەیارمەتی هێزی ئاڵمان تەواوی ئەو چەتە و رێگرانەی لەنێو برد و زۆربەی خان و کەسایەتییەکانی نێوچەکەشی ناچارکرد، خۆیان و هێزی عەشایریان ببن بە بەشێک لە دەسەلات و سوپای لۆڕستان. دوای یەکخستنی هۆزەکانی هەرێمەکە، ئەوجا هێرشی بۆ سەر هێزەکانی ئینگلیز دەستپێکرد. فەرماندەیەتیی سوپای ئینگلیز لە باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی ئێران، لەشکرێکی تایبەتیان پێکهێنابوو بەناوی **''پۆلیسی باشوور''**، (**South Persia Rifles**). ئەم لەشکرە لە 6000 چەکداری **ئینگلیزی و سیکی هێندی و ئێرانی** و ولاتانی داگیرکراوی **ئەفریقا** پێکهاتبوون، ناوی -



وێنەی بیبی مریەمی بەختیاریی

فەرماندەکەیان ژنەڕاڵ **''سایکس''** بوو. بنکەی سەرەکیی هێزەکە لە شارەکانی **شیراز و کرمان** دانرابوون. هێزەکانی بەختیاریی تەواوی **لۆڕستان** و شاری گەورەی **ئەسفەهان و کرماشان**، تا نێزیکی کەنداویان بەدەستەوە بوو، هەروەها چەکدار و رێکخستنی نهێنییان لە **شیراز** و دەورەبەریشیدا بڵاوببوونەوە. خەلکی ئاساییش ببوونە هەواڵچن و دەنگوباسی تازە و جموجۆڵی هێزەکانی ئینگلیز و رووسیایان دەگەیاندە بیبی مریەم و هێزەکەی.

ساڵی 1297ی هەتاوی (1919ی ز)، بیبی مریەم هێزێک لە ئازاترین چەکدارانی خۆی ناردە کەنداو بۆ ئەوەی یارمەتی ئەفسەری ئەڵمانی **''ویلهۆم واسمۆس''** و هێزەکەی و ئازادیخوازانی **تەنگستان** بدەن لە جەنگەکەیان دژی ئینگلیزەکان. سوپای ئینگلیز لە کەنداو بە تەواوەتیی تەنگەتاو ببوو، داوای یارمەتیی سەربازیی لە رووسیا کرد. هێزێکی هاوبەشی رووسیا و بریتانیا پێکهێنران. ئەم هێزە لە پێشدا چووە شاری ئەسفەهان و داگیریکرد. دەستیانکرد بە ئازاردانی خەڵک و پشکنینی ماڵان و دۆزینەوەی شۆرشگێرانی کوردی لوڕ. هێرشیانکردەسەر ماڵەکەی بیبی مریەم و، تاڵانیانکرد، ئەوجا مالەکەشیان سووتاند. بیبی مریەم لە فەرماندەیەکی بچووکی بەختیارییەوە ببوو بە سەرۆک و کەسایەتییەکی ئازا و بوێر و سیاسەتزان. بەکارزانی و لێهاتوویی خۆی توانیبووی پشتیوانیی یەکێ لە زلهێزەکانی گەورەی دنیا بۆ لای خۆی راکێشێ، لەو زلهێزە هەندازیاری سەربازی و هێز و چەکوچۆڵ وەربگرێ، بۆ ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بەکاربێنێ.

هێژای گوتنە، ژمارەیەک لە بەگزادە و ئەندامانی بنەماڵەی بیبی مریەم کە لایەنگری ئینگلیز بوون، بەهۆی پێگەی جەماوەری و لێوەشاوەی و ناوبانگی بیبی مریەمەوە، نەیانتوانی رێیلێبگرن و، بیبی بێگوێدانە ناڕەزایەتیی گەورەکانی هۆزەکەی، بڕیاریدا لە دژی ئینگلیز شەڕ بکا و، نەک هەر هۆزەکەی خۆی و حەشیمەتی لوڕستان، بەڵکوو هەموو حەشیمەت و هێزی کرماشان و ئیلام و

لۆڕستان تا دەگاتە کەنداو لەدەوری سەرۆکایەتیی بەختیاریی کۆکردەوە.

لە کاتی هێرشی ئینگلیز بۆ سەر شاری **ئەسفەهان**، نوێنەری دەوڵەتی ئەڵمان بۆ کاروباری ئێران بەناوی **''فۆن کاردۆف''** لە ئەسفەهان دەژیا و، راستەوخۆ لەلایەن دەستەیەک چەکداری هاوبەشی ئەڵمانی و کوردەوە پارێزگاریی لێدەکرا. هێزیکی تایبەتی ئینگلیز دەستنیشان کران بۆ گرتنی فۆن کاردۆف، بەڵام چەکدارەکانی بەختیاریی توانییان بیشارنەوە و، لە تاریکیی شەودا شار جێبهێڵن و **فۆن کاردۆف** بگەیەننە نێوچە شاخاوییەکانی هۆزی بەختیاریی. **فۆن کاردۆف** ماوەی 45 رۆژ مێوانی بیبی مریەم بوو، پاشان هێزیکی چەکداری لەگەڵ نارد کە لە ڕێگەی کرماشانەوە بیگەیەننە نێو خاکی عوسمانیی. لە نێزیکی کرماشان، هێزەکانی رووس ئاگاداری هاتنیان دەبن و هێرش دەکەنە سەریان. فەرماندەی هێزەکەی بەختیاریی، چەکدارەکانی دابەش دەکا و، دەڵێ: **''دەبینە دوو دەستە، دەستەی یەکەم بەڕێز فۆن و هاوڕێیانی رزگار دەکا، دەستەی دووەمیش پێشی سوپای رووس دەگرێ بۆ ئەوەی دەستەی یەکەم بتوانن فۆن کاردۆف دوور خەنەوە''**. بەمشێوەیە دەستەیەکی چەکدار کە ژمارەیان 60 کەس بوون، دەسنیشانکران رێ لە پێشڕەویکردنی خێرای هێزەکەی رووس بگرن. ئەم دەستەیە، بوونە پێشمەرگی ئەوانی دی، بەرگرییەکی بێوێنەیان کرد، دەیان سەربازی رووسیان لەنێو برد. هێزەکەی رووس گەمارۆیاندان و بارانی تۆپ وگوللەیان بەسەردا باراندن و، هەموویان کوشتن، کاتێک چوونە سەر

لاشەکانیان، تێگەیشتن ئەم دەستەیە خۆی کردووەتە قوربانیی بۆ رزگارکردنی کاربەدەستە ئاڵمانییەکە.

**''فۆن کاردۆف''** لە ڕێگەی ئەستەمۆڵەوە گەیشتەوە ئاڵمان و، لەوێ بەسەرهاتی خۆی بۆ حکوومەت و میدیای وڵاتەکەی گێرایەوە. رۆژنامەکانی ئاڵمان زۆر پەسنی ئازایەتی و جوامێریی بیبی مریەم و گەلەکەیان کرد.

ئەو هێزە هاوبەشەی رووس و ئینگلیز پێکیانهێنابوو، لە ئەسفەهانەوە دەکەونەڕێ بۆ تووناکردنی هێزەکەی ئەڵمان. بیبی مریەم بە نەخشەکەیاندەزانێ و، خۆی سەرکردەیەتیی هێزیکی بەختیاری دەکا و، شوێنیاندەکەوێ و، لە نێوچەی **''تیران و کرۆن''** کە 45 کیلۆمێتر لە ئەسفەهانەوە دوورە، لەچەن لاوە هێرش دەکاتە سەریان، ئەفسەرەکانی رووس و ئینگلیز بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دەبینن، هێزەکانی بیبی مریەم بێسڵکردن لە مردن، لەژێر ئاگری تۆپخانە و بارانی گوللەدا پێشڕەویدەکەن، دەیان سەرباز دەکوژرێن و، سەدان سەربازی دیش برینداردەبن. بیبی مریەم هەوڵدەدا نەک هەر هێزەکەی ئاڵمان لە گەمارۆی ئینگلیز و رووس رزگار بکا، بەڵکو هێزەکانی ئەوان گەمارۆبدا و لۆڕستان بکاتە گۆڕستان بۆیان. فەرماندەکانی سوپای هاوبەشی رووس و ئینگلیز بە نەخشەکەی بیبی مریەم دەزانن، بە پەلە هێزەکانیان کۆدەکەنەوە و، بەرەو ئەسفەهان دەکشێنەوە. بەم شێوەیە هێزی دوو زلهێزی کۆلۆنیالیستی جیهانیی لە بەرامبەر ورەی پۆڵاین و لێهاتوویی بیبی مریەم و، هێزەکانی ئازای کورددا

دەشکێن و، پیاوان و لاوانی لۆڕستان دەتوانن لەشکری کۆلۆنیالیستێکی جیهانیی وەک ئاڵمان لە فەوتان رزگاربکەن.

**لە پاداشی پشتیوانی و دڵسۆزی و پێبەندبوونی بیبی مریەم بە هاوکاری و هاوپەیمانێتیی نێوان بەختیاری و ئاڵمان، ئیمپراتۆری ئاڵمان (ویلهۆڵمی دووەم) تابلۆی ئەڵماس و خاچی ئاسنین کە گەورەترین مدالیای دەوڵەتی ئاڵمان بوو، بەدیاریی دەنێرێ بۆ ''بیبی مریەم''. رادیۆ و رۆژنامەکانی ئاڵمان هەواڵی بە ناوبانگترین خەڵاتی دەوڵەتی ئاڵمانیان بڵاوکردەوە کە دراوە بە خاتوونێکی قارەمانی کورد. بیبی مریەم بوو بە یەکەم ژن لە ئاستی هەموو جیهان کە ببێتە خاوەنی ئەم خەلاتە.**

مالەکەی بیبی لە بەختیاریی، ببوو بە پەناگە و مالی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی، زۆرێک لەو کەسایەتی و ناودارانەی بەهۆی دژایەتیکردنی ئینگلیز و رووس و حکوومەتی وابەستەی قاجاڕەوە بەرەوڕووی گرتن و کوشتن دەبوونەوە، بەرەو لۆڕستان هەڵدەهاتن و بەپێی راسپاردە و فەرمانی بیبی مریەم دەحەوێندرانەوە و پارێزگارییان لێدەکرا. سێ لەم کەسایەتییە ئازادیخواز و نووسەر و سیاسییە ناسراوانە **''ملک الشعرای بهار''** و **''عەلی ئەکبەری دێهخودا''** و، ئەوی دیکەشیان **دوکتۆر محەممەدی موسەدق** بوو کە ئەوان لەشارەکانی دییەوە و، ئەمیش لە ئەسفەهانەوە رایکردە بەختیاری و لەلایەن بیبی مریەمەوە پێشوازیکران و ماڵ و جێ و رێی تایبەتیان بۆ دابینکرا. کاتێ دوکتۆر موسەدق گەیشتە لای بیبی مریەم، بەخێرهاتنی

کرد و، گوتی پێی: **''تا ئەو ڕۆژەی ژنێکی لەچک بەسەری، پرنەو بەدەستی بەختیاریی لەژیاندا ماوە، ژیان و گیانت پارێزراوە''.** ئەوە بوو دواتر **دوکتۆر محەممەد موسەدق** لەساڵی 1951ی زایینیی بوو بەسەرۆکوەزیرانی ئێران، خەباتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورەی خستەڕێ و، ئینگلیزی لە ئێران دەرکرد و **حەمەڕەزاشاش** بەرەو **بەغدا** هەڵات.

ئەگەرچی جەنگی جیهانیی یەکەم لەساڵی 1918 بە سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان **(ئینگلیز و رووسیا و فەرەنسا)** تەواو بوو، لێ **هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 لە رووسیا بە سەرۆکایەتیی ''لێنین'' و، دامەزرانی رژێمی سۆڤێتیی لە سەرتاسەری خاکی وڵاتانی ژێردەسەلآتی رووسیا،** ترسی خستە دڵی دەولەتی بریتانیاوە بەوەی پەرەسەندنی بیری کۆمۆنیستیی لە ئێران و، هاتنە سەر کاری رژێمێکی کۆمۆنیستی سەر بە سۆڤێت لە ئێران، جگە لە ئێران، کەنداویش بەتەواوەتیی دەکەوێتە دەستی رووسیاوە کە لەو سەردەمەدا شادەماری وزە و ئابووریی بریتانیا بوو. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، بوونی هەزاران ئازادیخوازی سەر بە شۆرشی نوێخوازیی لە تاران و شارەگەورەکانی ئێران کە دژ بە سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیستی بریتانیا بوون. هەروەها لەنێو خاک و نەخشەی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی قاجاڕ و لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوو هەرێمی سەربەخۆ پێکهاتبوون کە حکوومەتی قاجاڕ هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازیی نەبوو بەسەریانەوە. یەکەمیان، نێوچەی بندەسەلاتی رێبەری

ئەفسانەیی کورد، **سمکۆی شکاک** بوو لە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان، دووهەمیشیان، ناوچەی سەربەخۆی لۆڕستان بە سەرۆکایەتیی شێرەژنی مێژوویی کورد **بیبی مریەمی بەختیاری**. هەروەها عەرەبەکانی خۆزستانی خاوەنسامانی نەوت بەسەرۆکایەتیی **شێخ خەزعەل،** هەرێمێکی سەربەخۆیان راگەیاندبوو. کۆی ئەم رووداوانە بەس بوون بۆ ئەوەی بریتانیا تێبگا بەرژەوەندییەکانی لە ئێران و لە کەنداو لە مەترسیدایە و، کوور و ورد، بیر لە چۆنێتیی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بکاتەوە.

ئەم بارودۆخە دژوارەی لە نێوچەکە بەرەوڕووی بریتانیا ببووەوە، هاوکاتبوو لەگەڵ سەردەمی پاشایەتیی حەوتەمین پاشای قاجاڕ بەناوی **''ئەحمەو شا''**، کە ئەمیش لەگەڵ دەسەلاتی رەها و بەربلاوی ئینگلیز نەبوو، لە رێگەچارەیەک دەگەڕا خۆی و رژێمەکەی و ئێرانی لێ رزگاربکات. لەگەڵ ئەوەی بریتانیا سوپا و چەک و جبەخانە و کارناسی ئابووری و سەربازی و کاربەدەستی سیاسیی لە ئێران دانابوو، بەڵام ئەحمەدشا لە گەرمەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، رایگەیاند دەوڵەتی ئێران بێلایەن دەبێ و، پشتگیری و، لایەنگیری لە هیچ لایەنێکی بەشەڕهاتوو ناکات. لە سەردانێکیشی بۆ بریتانیا لەساڵی 1919 بەرپەرچی ئەو رێککەوتننامەیەی دایەوە کە سەرۆکوەزیرانەکەی **''وسووقولدەولە (1*)''،** لەگەڵ **بریتانیا** بەستبووی. نێوەرۆکی رێککەوتننامەکە بریتیبوو لەوەی هەموو کاروبارێکی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و سەربازیی ئێران، دەبێ لەڕێگەی

کارناسانی بریتانیا و بەرەزامەندیی دەوڵەتی بریتانیا ئەنجامبدرێت! ئەحمەدشا لەکۆبوونەوەکەدا رایگەیاند: **''رێککەوتننامەکە ئێران بە تەواوەتیی دەخاتە ژێردەستی بریتانیاوە. پێم باشە بچم لە ولاتی سویس (سویسرا) گێزەر و کەلەم بفرۆشم، بەڵام نەچمە ژێرباری ئەم رێککەوتننامەیە!''.** دوای مشتومڕێکی زۆر و پێداگریی سەرۆکوەزیرانەکەی و کاربەدەستانی بریتانیا، ئەحمەدشا ناچار رێککەوتننامەکە قبوڵدەکات، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران داوا لە **سەرۆکوەزیران وسووقولدەولە** دەکا واز بێنی و لەجیی ئەو، سەرۆکوەزیرانێکی دیکەی دانا. **ئەحمەدشا** دوای لابردنی وسووقولدەولەی سەر بە ئینگلیز، ئەوجا هەوڵیدا لە سۆڤێت نێزیک بێتەوە و، لەساڵی 1921 پێوەندیی گرت بە سەرۆکی سۆڤێت **''لێنین''** و، پەیمانی هاوکاریی لەگەڵ مۆرکرد.

دەوڵەتی بریتانیا بە هەڵسەنگاندنی تێکڕای ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی بەرەوڕووی ببوونەوە، بیری لە کودەتا و رێگەچارەی سەربازیی کردەوە. مانگی رەزبەری ساڵی 1920 یەکێ لە فەرماندە بەناوبانگەکانی بریتانیا بەناوی **''ژنەرال ئێدمۆند ئایرۆنساید (2*)''، چوو بۆ ئێران، بۆ ئەوەی لەنێزیکەوە چاودێریی بارودۆخی ئێران و، سەرپەرشتیی نەخشەی کودەتایەکی سەربازیی بکات کە لەلایەن سەرۆکوەزیرانی ئینگلیز وینستۆن چەرچیل و سەرۆکایەتیی دەوڵەتی ''بریتانیا – هێند''ەوە نەخشەکەی کێشرابوو. ئایرۆنساید** دوای چاودێریکردنی وردی لە سەر فەرماندەکانی لەشکری قەزاقی ئێران، سەرنجی بۆ لای

یەکێ لە فەرماندەکان بەناوی **ڕەزاخان** رادەکێشرێ و، چەن جارێ لەگەڵی دیدار دەکا و، دڵنیادەبێ ڕەزاخان پیاوێکی بوێر و دڵڕەق و ساکار و راستگۆیە و، کەسێکی گونجاو و شیاوە کە بتوانێ خزمەتی سەرخستنی کودەتا بکات. **لەمانگی ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵە (1920)،** دوادیداریان لە شاری **قەزوێن** بە بەشداریی کەسایەتییەکی ئاینیی سەر بە **ئینگلیز** بەناوی **ئایەتوڵڵا سەید زیائەدین تەباتەبایی** بەڕێوەدەچێ. لەو دیدارەدا **ئایرۆنساید،** بە **ڕەزاخان** دەڵێ: **''دەوڵەت و سوپای بریتانیا لە نێوچەکە پشتگیریت دەکەین ببیت بە یەکەم دەسەڵاتداری ئێران. هەروەها پێمانباشە ئایەتوڵڵا سەید زیائەدین تەباتەبایی ببێت بە سەرۆکوەزیرانی ئێران. نەخشەی کودەتاکە بەمشێوەیە دەبێ لەپێشدا لەگەڵ هێزەکەت تاران داگیر دەکەیت، ئەوجا ئێمە لەگەڵ ئەحمەدشا قسەدەکەین بۆ ئەوەی بێ کێشە واز لە دەسەلات بهێنێت. لە کۆتاییدا با ئەوەشت پێ بڵێم، ئێمە بە هەموو شێوەیەک پشتگیریت دەکەین دەسەلاتی ئێران بگریتەدەست، بەڵام ئەگەر رۆژێ لە ڕۆژان بتەوێ لە پشتەوە خەنجێرمان لێبدەی، لەنێوت دەبەین!''. ڕەزاخان دەڵێ: ''بەڵێنت دەدەمێ لە بڕیاری ئێوە دەرناچم و پارێزەری بەرژەوەندیی بریتانیا دەبم''.**

دوای سەرکەوتنی کودەتا لەڕۆژی 22/2/1921 و لابردنی ئەحمەدشا لەسەر دەسەڵات، ئیمپراتۆریی قاجاڕ هەرەسیهێنا و، ڕەزاخان بناخەی رژێمێکی ناسیۆناڵی فارسی داڕشت و، لە **''خان''** و **''بەگ''** ەوە بوو بە **''شا''** و، پاشنێوی ''پەهلەوی'' لەسەر خۆی

و بنەماڵەکەی دانا. ئایەتۆڵڵا تەباتەبائیش بوو بە سەرۆکوەزیران. هاوکات لەگەڵ دامەزرانی رژێمی تازەی پاشایەتیی، لەپێشدا هێرشکرایە سەر ئازادیخوازانی ئێرانی. لەو کاتەدا پەرلەمانی ئێران لەلایەن زۆرینەیەکی رۆشنبیر و سیکۆلار و نوێخواز و ئازادیخوازەوە بەڕێوەدەچوو، رەزاشا خۆی سەرپەرشتیی هێزێکی سوپای کرد، بە تانک و تۆپەوە هەڵیکوتایە سەر پەرلەمان و، گوتی: ''دەرگەی ئەو گەورە (تەویلەیە)، داخەن!''. پەرلەمان درایە بەر تۆپ و ویرانکرا. رەشەکوژی و شەوەزەنگێکی سامناک بە سەر تاران و شارەگەورەکان سەپێنرا. هەزاران کەس لە سێدارەدران، لەنێویاندا کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی سیکۆلاریتە و شاعیر و نووسەران پشکی گەورەیان بەرکەوت.

جگە لە سەرکوتی ئازادیخوازان لە شارەگەورەکان، هەروەها لە سەرتاسەری ئێران بە رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، کاربەدەست و فەرمانبەر و هێزەکانی چەکداری رەزاشا دەسیانکرد بە سەپاندنی باج و سەرانەی زۆرەملێ و، سووکایەتی و سووتاندنی دەواری هۆزەکان و ناچارکردنی تێکڕای خەڵک بە پۆشینی جلوبەرگی ئۆرووپای و، رێبەندکردنی رێپێوانی پێڕەوانی شیعە لە سەرتاسەری ئێران لە مانگی محەڕەم و شینگێرانی ئیمام حسێن لە شەقامی شارەکان، لەگەڵ لێسەندنەوەی زۆرێک لە داهات و بووجەی تایبەتی چینی ئاینیی لە مەزارگە و نێوەندەکانی ئاینیی، بەتێکڕا شەپۆلێکی ناڕەزایەتیی لە سەرتاسەری ئێران لە دژی رەزاشا و رژێمەکەی بڵاوکردەوە. بەڵام بەهۆی نواندنی زۆروزەنگ و رەشەکوژی و دەسبەسەرکردنی زۆرینەی کەسایەتی ئاینی و

کۆمەڵایەتی و سەرۆکهۆزەکان و بردنیان بۆ تاران، کەس نەیدەوێرا بە ئاشکرا دژایەتیی ڕەزاشا بکات.

**بیبی مریەم** دوای شکستی ئەڵمانیا و، سەرکەوتنی بریتانیا لە جەنگی یەکەم و، بالادەسبوونی بریتاینا لە ئێران، لە هەموو کاروبارێکی سیاسی و جەکداریی کشایەوە و، **عەلیقولیخانی بەختیاری ناوسراو بە سەردار ئەسعەدی بەختیاری برای بیبی مریەم،** دەسەڵات و سەرۆکایەتیی بەختیاری و نێوچەی لوڕستانی گرتە ئەستۆ. ئەمەش بۆ بریتانیا دەرفەتێکی باش و گونجاو بوو، هۆزی گەورە و خاوەندەسەلات و خاوەنپێگەی جەماوەریی بەختیاریی، بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بە ڕاوێژ و ئامۆژگاریی کارناسانی سیاسیی بریتانیا لە ئێران، ڕەزاشا خۆی لە سەردار ئەسعەد نێزیک کردەوە و، خۆی بە قوتابی و لایەنگیری سەردار ئەسعەد و شۆڕشی نوێخوازیی دایە قەڵەم. داوای کردلێی پشتی بگرێت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ و پێشکەوتوو لە ئێران. **سەردار ئەسعەد** داواکەی پەسندکرد و، بوو بە وەزیر و سەرۆکی وەزارەتی جەنگی ڕژێمی ڕەزاشا و، بوو بە نێزیکترین هاوڕێ و ڕاوێژکاری ڕەزاشا. هەموو ڕۆژێ لەگەڵی کۆدەبووەوە و، ڕەزاشا بۆ هەر شوێن و کۆبوونەوە و نێوچەیەکی ئێران بچووبایە، سەردار ئەسعەد لەگەڵی دەچوو. بووجەی تایبەت بۆ نێوچەی بەختیاریی دیاریکرا و، چا و ڕۆن و برنجی هێندستانی بندەستی بریتانیا، گەیەندرایە شاخ و دۆڵ و شارۆچکە و گوند و نێو ڕەشماڵ و دەواری هۆزی بەختیاریی.

هۆی ئەم پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان رەزاشا و، سەرۆکایەتیی هۆزی بەختیاریی، وەک ئاماژەمداپێی، لەبەر بوونی دوو هەرێمی سەربەخۆی **بوویەرئەحمەد** بەسەرۆکایەتیی**''کەی لۆراسپی بوویەرئەحمەدی''** و، هەروەها لەبەشی سەرووشەوە نێوچەی **سمکۆی شکاک**، بوو کە هەر لە **''ماکۆ''** وە تاکوو **''مەریوان''** لە بندەستیدا بوو. ئەم دوو سەرۆکایەتییە ئامادەنەبوون دەسەلاتی رژێمەکەی رەزاشا قبووڵ بکەن. هەروەک سمکۆی شکاک لە گەرمەی سەرکەوتنەکانی بەسەر سوپای ئێران، نامەیەکی نارد بۆ **''زەفەرەلدەولە''** سوپاسالاری هێزەکانی ئێران کە هاتبووە ئازەربایجان، و نووسیبۆی: **''بەچاوی خۆت دەبینی، ئەو نەتەوانەی کە ژمارەیان لە نەتەوەی کورد زۆر کەمتر بوو، چلۆن توانییان مافی خۆیان لە دەولەتانی گەورەی وەک ئەڵمان بستێنن و بەسەربەخۆیی بگەن. ئەگەر نەتەوەی کوردیش نەتوانێ مافی خۆی لە ئێوە بستێنێ، ئەوا مردنی لە بندەستی و کۆیلەتی پێ باشترە! (3*)''.**

دەوڵەتی ئینگلیز بە وردی چاودێریی بارودۆخی ئێرانی دەکرد و، سوور بوو لە پشتگیری و بەهێزکردنی رەزاشا بۆ ئەوەی بتوانێ ئێرانێکی بەهێزی یەکپارچە لە بەرامبەر هەڕەشەی کۆمۆنیزم و رژێمی سۆڤێتییدا دابمەزرێنێت. لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان بەرامبەر بە هەموو هەوڵێکی سمکۆی شکاک بۆ نێزیکبوونەوە و رازیکردنی ئینگلیز کە پشتگیریی دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان بکات، سیاسەتی درۆ و تەفرەدانی

پێرەودەکرد. بریتانیا هەروەها لە عێراقی دەستکردی خۆی، بەرامبەر بە کورد هەر ئەم سیاسەتی پێرەودەکرد و، هەموو ئەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ **شای کوردستان شێخ مەحموود** کردیان، بۆ فریودان و تەفرەدان و، هاندانی هۆزەکان بوو لەدژی **شێخ مەحموود** و، لە نێوبردنی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد و، پارێزگاریکردن بوو لە عێراقی دەسکردی و رژێمی گوێڕایەڵی **مەلیک فەیسەڵ**.

**هۆزی بوویەرئەحمەد یان ''کێوگێوویلە'' (هەردووی ئەم ناو و نێوچەیە یەکن. لە نێوچەی کێوگیلوویە بە گۆیژ دەڵین: کێوگیوویلە، چۆنکە لە شاخ و دۆڵ و پێدەشتەکانیدا دارگۆیژی زۆری لێڕواوە، رژێمی ئێران نێویانناوە ''کهگیلویە و بویراحمد''. نێوچەی کێوگیلوویە بەگشتی خاوەنی نەوتێکی زۆری لەبننەهاتووە و، هەر لە سەت سالی رابردووەوە تاکوو ئیمڕۆ کە لە چارەکەسەدەی بیستویەکدا دەژین، نەوتی ئەم نێوچەیە 75%ی نەوتی ئێران پێکدەهێنێ، هەڵدەهێنجرێ و، بە بۆڕیی دەیگوێزنەوە بۆ کەنداو، بۆ  دورگەی ''خارک''. هۆی سەرەکیی دژایەتی و ناڕەزایەتیی سەرۆکایەتیی هۆزی بوویەر ئەحمەد ئەوەبوو، داوایاندەکرد وەک هۆزی بەختیاریی، ئەمانیش لە فرۆشتنی نەوت بەشە بووجەی تایبەتیان هەبێت.**

هێژای گۆتنە لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە گەرمەی **جەنگی لۆڕستان بەفەرماندەیەتیی بیبی مریەم**، لە دژی سوپای **ئینگلیز و رووسیا** چەکدارەکانی هێزی **بوویەرئەحمەد لە**

**بووشەهر و کەنداو و،** شارەکانی **مەمسەنی و شیراز،** سەدان سەربازی هەردوو سوپای **بریتانیا و رووسیایان** لەنێو بردبوو، نێوبانگی ئازایەتیی بێوینەی ئەم هۆزە لە **مەڵبەندی تەنگستان،** لە **کوردستان و ئێران و، لە کەنداودا بڵاوببووەوە. ئەم راستییەش لە نامەی کاربەدەستانی ئەوکاتی بریتانیادا رەنگیداتەوە.** دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەم و، رووخانی رژێمی **قاجاڕی** و، هێنانەسەرکاری رژێمی **رەزاشا لەلایەن ئینگلیزەوە، سەرکردەکانی کێوگیلوویە** بە پێچەوانەی هەڵوێستی بنەماڵەی **بیبی مریەمی بەختیاریی،** ئامادەنەبوون هاوکاریی رژێمی **رەزاشا** بکەن و، بەردەوامبوون لە دژایەتیکردنی ئینگلیز و رژێمەدەسکردەکەی. **ئەم بەڵگەنامەی خوارەوە زیاتر رۆناکیی دەخاتە سەر بابەتەکە.**

**لەمانگی گوڵانی ساڵی 1910ی زاینی، ''بێڵ''** سەرکونسوولی **بریتانیا** لە**شیراز،** نامەیەک دەنووسێ بۆ **''سێر خۆرج بارکلی''** باڵوێژی بریتانیا لە **تاران**، ئەمیش دەقی نامەکەی "بێڵ" لەگەڵ نامەیەکی خۆی دەنێرێ بۆ وەزیری دەرەوەی بریتانیا **(سێر ئێدوارد گێری).** لە نامەکەیاندا ئاماژە بە هێرشی هۆزی بوویەر ئەحمەد بۆ سەر بنکەی سەربازی و کۆمپانیای نەوت دەکەن و، دەڵێن پێویستە ئەم هۆزە سەرکوت بکرێن. چەکدارەکانی ئەم هۆزە هەروەها لە شاری **بووشەهر**، هەڵیانکوتاوەتە سەر کونسولخانەکەمان و هەوڵیانداوە سەرکونسوول بەڕێز **''باسک''** بکوژن. ئەگەر نەتوانین هۆزەکانی دیکە بۆ شەڕ لە دژی ئەم هۆزە رازی بکەین، بۆ هێزەکانی بریتانیا زۆر ئەستەم و دژوارە بتوانن

هێزێکی ئەوتۆ خوێنڕێژ و دڕندە و ئازا لە نێوچە شاخاوییەکانی خۆیان لەنێو بەرین.

بەکورتی، لە سەردەمی رژێمی قاجاڕدا، چەندین نامەی دیکە لەبارەی کێشەی بوویەرئەحمەد، لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلیز لە ئێران، بۆ وەزیر و دەوڵەتی خۆیان نێردراوە. لەدوای هاتنە سەرکاری رژێمی رەزاشا و، تاکوو ساڵی 1930، هۆزی بوویەرئەحمەد، ببوو بە گەورەترین کێشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە کەنداو. **رێکەوتی 26/6/1930 ''ویلیام ناکس دارسی'' بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز-ئێران (Anglo-Persian Oil Company)**، نامەیەک دەنووسێ بۆ **''تەیموورتاش'' وەزیری کۆشکی رەزاشا** و، لەنامەکەدا دەڵێ**:** **''بەڕێز تەیموورتاش،** ئەمڕۆ لە کۆمپانیای شاری **''ئابادان''** ەوە، **تێلێگرافێک** هاتووەبۆم و، نووسیویانە**: نووسینگەکانمان و هەمارخانە و کۆگای کەلووپەلی دەرهێنانی نەوت لە مەڵبەندی ''گێچ پووکاک'' و، گێچ کرووکلی'' کە لە باکووری رۆژاوای شاری بووشەهر هەڵکەوتوون، لەلایەن (150) چەکداری بوویەر ئەحمەدییەوە هێرش کراوەتە سەریان و، بینا و خانووەکانیان وێرانکردووە و، کەلووپەلەکانیشیان تاڵان کردووە. چەکدارانی ئەم هۆزە ساڵی رابردووش چەن تاوانێکی دیکەیان ئەنجامدا و، چەندین چەکدار و فەرمانبەری ئێمەشیان کوشت''.**

**''تەیموورتاش** لەوەرامی نامەی **''دارسی''، دەنووسێ: ''ئەو شڕەخۆر و ئاژاوەچییانە بە زووترین کات سەرکوت دەکرێن و، ئامادەکاریی پێویستیش کراوە بۆ لەنێو بردنیان''.**

**له مانگی (نەورۆز) ئاپریلی 1930، ''هارت'' باڵوێژی ئەمریکا له تاران، له راپۆرتێکیدا که دەینێرێ بۆ دەولەتی ئەمریکا، دەڵێ: ''لەبارەی پشێوی و ئاڵۆزییەکانی باشووری ئێرانەوە، زانیارییەکی زۆر لەلایەن فەرماندەیەکی سەر بە سوپای بریتانیا به ناوی ''کولێنێل داد'' ەوە گەیشتووەپێی. بەڕێز داد بۆمی نووسیوە، 3000 چەکداری بوویەرئەحمەدی، بزووتنەوەیەکیان لەدژی رژێمی ئێران و بریتانیا دەسپێکردووە و، تەنیا ئەم هۆزەیە ئێستێ دژایەتی و بەربەرەکانێمان دەکەن...''. له راپۆرتێکی دیکەی سەرکونسوولی بریتانیا له ئەسفەهان، نوسیویەتی: ''بۆ له نێوبردنی هۆزی بوویەرئەحمەد، هەزار پارچە چەکمان داوە به هۆزی بەختیاریی، سەردار ئەسعەد خۆی سەرۆکایەتییان دەکات، هەروەها پووڵی پێویستیش دراوەپێیان. جگە له هۆزی بەختیاری، هەروەها (2000) چەکداری ترکمانی قەشقایی خۆیان ناونووسکردووە. سوپای ئێرانیش بۆ هێرشکردنە سەر بوویەر ئەحمەد، لەشکرێکیان ئامادەکردووە و، ژمارەیان ( 8000) کەسە. ''تەیموور تاش''وەزیری کۆشکی رەزاشا داوای له بریتانیا کردووە، (3000) گوللەتۆپ، لەگەڵ چەندین تۆپ و، هەروەها ئۆتۆمۆبیله بارهەڵگرەکانی کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز بدەن پێیان بۆ گواستنەوەی هێزەکانیان بەرەو چیاکانی زاگرۆس بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەکدارەکانی بوویەرئەحمەد.**

**دوای هەموو ئامادەکارییەکی سەربازیی، لەشکری ئێران به 8000 سەرباز و فەماندەوە، به 16 تۆپ و دوو زرێپۆش و چوار فڕۆکەی ئینگلیز و تیپێک سواری چەکدار و 2000 چەکداری هۆزی**

**ترکمانی قەشقای بە سەرۆکایەتیی ناسرخانی قەشقایی، لە گەڵ 1000 چەکداری هۆزی بەختیاری و 500 چەکداری هۆزی کەشکۆڵی و 500 چەکداری هۆزی فارسیمدان، لەگەڵ سەدان چەکداری هۆزەکانی شاری کازروون و ''کمارج'' و ''خشت'' بە سەرۆکایەتیی ''یاوەر کازمخان'' کۆکرانەوە و، سەرلشکر حەبیبوڵڵا شەیبانی لەلایەن ڕەزاشاوە دەسنیشانکرا فەرماندەری تێکڕای هێزەکە بێت.**

**هێزێکی شەڕزانی کێوگیلوویە بە فەرماندەیەتیی ''کەی (4*) لۆراسپی بوویەرئەحمەدی'' کە ژمارەیان 700 کەس بوو، لە بەرزاییەکانی دۆڵێک بە ناوی ''تەنگەی تامۆرادی'' دامەزران بۆ ڕێگرتن لە داگیرکردنی نێوچەکەیان. وشەی ''تەنگە'' نێویکی ڕەسەنی کوردییە و، بە دۆڵێکی قووڵ دەگوترێ کە چیا و شاخی ئەمبەروئەوبەری سەریان هێنابێتەوە یەک. بۆ نموونە ناوی گوندی ''تەنگیسەر''ی هەورامان هەر لەمەوە هاتووە. یان ''تەنگی گرژاڵ'' لەنێوان جادەی سەردەشت-خانێ. یان تەنگی ''بەردەزەرد'' ی نێزیک سەردەشت لەرۆژهەڵات. هەروەها وشەی ''تەنگەتاو'' بەواتای تەنگاوبوون و گیرخواردن، یان تەنگەنەفەس کە بە واتای ''هانکەهانک'' و ''نەفەس توند'' ە. هەروەها وشەی ''تەنگ و چەڵەمە کە بە واتای ناخۆشیی ژیان'' ە.**

**ڕێکەوتی 5/6/1930 قشوونی تێر و تەیار و پۆشتە، بە پشتیوانیی فڕۆکەی ئینگلیز و تۆپخانەی سوپای ئێران، بەرەو دۆڵ و تەنگەی تامۆرادی پێشڕەویدەکەن. هێزەکەی بوویەرئەحمەد بە خێرایی گەمارۆی لەشکری ئێران دەدەن و، لە هەموو لایەکەوە دەیاندەنە بەر دەسڕێژی گوللە. دار و دەوەن و دۆڵ و چیا ئاگری**

تێبەر دەبێ. کەی لۆراسپ فەرماندەی هێزی بوویەرئەحمەد، پلانێکی تۆکمە دادەڕێژێ. بە رۆژ بەرگریدەکەن، بە شەویش، شەویخوون دەبەنە سەر لەشکری ئێران. دوای پێنج رۆژ هێرشی بەردەوام، هێزەکەی ئێران تووشی سەرلێشێوان دەکەن و، دەیانخەنە دۆخی بەرگرییەوە. لەنێو تەنگەکەدا چوار دەوریان دەگرن و، توانای جمووجوڵیان لێدەبڕن. لە ئاکامدا لەشکری ئێران دەشکێ و، زیاتر لە (5000) سەربازی ئێران و چەکداری هۆزەکانی سەر بە رژێمی ئێران دەکوژرێن، سەرلشکر شەیبانیی لەگەڵ سەدان سەرباز و فەرماندە و چەکداری هۆزەکان، رێی هەڵاتنیان نابێ. رەزاشا لە ڕێگەی هۆزەکانی بەختیاری و قەشقاییەوە داوای ئاگربەس و کشانەوەی پاشماوەی هێزەکەی رژێم دەکەن. بەڵام کەی لۆراسپی فەرماندە قبووڵیناکا و، دەڵێ: ئەوی پێیناوەیە خاکی ئێمەوە، نابێ بەزیندوویی بگەڕێتەوە!''. سەرەنجام بە پێداگریی سەرۆکهۆزەکانی بوویەرئەحمەد، کەی لۆراسپ گەمارۆ لەسەر پاشماوەی هێزەکەی ئێران هەڵدەگرێ و، بەرەو شاری شیراز دەکشێنەوە. راگەیاندنی رژێم بلاویکردەوە، (3500) کەسیان لێکوژراوە، بەڵام هێزی بوویەرئەحمەد رایانگەیاند، لاشەی (5000) کوژراویان لەبەر دەستدایە و، دەستیشیانگرتووە بەسەر هەزاران پارچە چەکی جۆراوجۆردا.

دوای تەواوبوونی ئەو نەبەردە گەورەیە، نێوبانگی زیرەکی و بلیمەتیی کەی لۆراسپ و ئازایەتیی بێوێنەی هێزەکەی بوویەر ئەحمەد بە هەموو کوردستان و ئێراندا بڵاوبووەوە. لەو شەڕەدا هێزی بوویەرئەحمەد (42) کەسیان لێکوژرا.

دوای ئەو ئاوڕوو چوون و شکستە گەورەیەی سوپای ئێران، کە تاکوو ئێمڕۆ لەهیچ جەنگێکی پارتیزانیدا نموونەی نەبووە، ڕەزاشا بڕیاریدا **سوپاسالار ''ئەمیر ئەحمەدی''** سەرۆکایەتی دادگەیەکی سەربازی بکات، لێکۆڵینەوە لە **سەرلشکر شەیبانی** بکا و هەموو پلە و دەسەڵاتێکی لێبستێنێتەوە و، ماوەی دوو ساڵیش بیخاتە زیندانەوە. شکستی سوپای ئێران هەروەها بوو بە هۆی شکانی ترس و سامی ڕەزاشا و سوپاکەی و بەرزبوونەوەی ورە و متمانە بەخۆی هۆزەکان بەرامبەر رژێمی تاران. دەوڵەتی بریتانیا لە ترسی بڵاوبوونەوەی زیاتری ئاگری شەڕ بۆ شارەکان و بەتایبەتیی بۆ سەر کۆمپانیای نەوت لە کەنداو، لە ڕێگەی ڕەزاشاوە داوایان لە سەردار ئەسعەدی بەختیاریی کرد کێشەی بوویەرئەحمەد چارەسەر بکات.

**سەردار ئەسعەد بە چوارسەت چەکداری بەختیارییەوە چوو لەگەڵ خولامحسێنخان و سەرتیپخانی بوویەرئەحمەدی کۆبووەوە و دڵنیایکردن مافی ئابووریی تێکڕای نێوچەی لوڕستان بەزیادیشەوە بەرچاوگیراوە. سەرۆکایەتیی وەزارەتی جەنگ لەدەستی خۆماندایە (مەبەستی خۆی بوو! ن.)، ئاسایش و پارێزگاریی نێوچەی خۆمان لەدەستی خۆماندایە. ئێمە هەروەها لەگەڵ ڕەزاشا و ئینگلیز ڕێککەوتووین و لە فرۆشتنی نەوتی ئێران، بووجەیەکی تایبەت پڕاوەتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە و بژێویی خەڵکی لوڕستان!** سەردار ئەسعەدی دڵپاک و ساویلکە و خۆنەناس و دوژمن نەناس بەم لێدوانەی کاریکردە سەر زۆرینەی سەرۆکهۆزەکانی لوڕستان و بوویەرئەحمەد و ئاگری شەڕ

کوژایەوە و، ئینگلیز و ڕەزاشا کێشەی گەورەی بوویەرئەحمەدیان لەکۆڵ بوویەوە.

**لەم بارەوە سەردار ئەسعەد لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: ''یەکەم ڕۆژی مانگی خەرمانان بوو. تەلەفۆن زەنگی لێدا، لەلایەن نووسینگەی ڕەزاشا لە کۆشکی ''سەعدئاوا'' وتیان ڕەزاشا دەیەوێت بە زووترین کات بتبینێ! دەسبەجێ کەوتمەڕێ، لای نیوەڕۆ گەیشتمە کۆشک. تەیموورتاش وەزیری کۆشکیش لەوێ بوو. پەشێوی و تووڕەیی بەروخساری ڕەزاشاوە دیار بوو. گوتی: ''ئەمیرلەشکر شەیبانیی بەچوارهەزار قشوونەوە بۆ تەمبێکردنی بەڕێزانی بوویەرئەحمەدی لەشیرازەوە ڕۆیوە بۆ بوویەرئەحمەد، بەڵام هەموو شەوێ هێرشدەکەنەوە سەر قشوون و، ژمارەیەکی زۆریان کوشتووە و برینداریش زۆرن، پێویستە بە زووترین کات بکەویتەڕێ و بگەیتە نێوچەکە و فریای سەرلشکر شەیبانیی بکەویت. فەرمووی کەی ڕێدەکەوێ؟ وتم: سەعاتێکی تر دەکەومەڕێ. بە پەلە خۆمگەیاندە لۆڕستان. دوو شەووڕۆژی تر جەنگ درێژیکێشا و، ژمارەیەکی زۆری دیکەی قشوونی ئێران تێداچوون. داوای ئاگربەس و کۆبوونەوەم کرد لەگەڵیان. شوکرۆڵلاخانی بوویەرئەحمەدی، ئیمام قولیخانی مەمەسەنی، مەلاقوباد سیسختی، سەرتیپخانی بوویەرئەحمەدی ئامادەبوون چەک دانێن. هەموویان لەگەڵم هاتن بۆ تاران و، تێکەڵاوی حکوومەت و دەسەلاتبوون.**

**بەمشێوەیە بە هەوڵی دڵسۆزانەی سەردار ئەسعەد بۆ ڕەزاشا و ڕژێمەکەی، ئاگری بزاڤی بوویەرئەحمەد کوژایەوە ئەمە لە**

**کاتێکدا ئەگەر سەردار ئەسعەد و بنەماڵەکەی یەکێتییەکی نەتەوەییان پێکبهێنابایە و هەموو هۆز و هێزەکانی کرماشان تاکوو کەنداو (بە زاراوەی لۆڕی کەنداڵی)، یانیەکبخستایە، بە دڵنیاییەوە نەک هەر رژێمی رەزاشای دەسکردی ئینگلیز هەرەسی دەهێنا، بەڵکوو رێککەوتنی (کۆنسرسیۆمی نەوتی ئینگلیز-بەختیاری) یش لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ ماوەیەکی کاتیی بەکار نەدەهێنرا و، بەکردەوە دەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە و، دەوڵەتی ئینگلیزیش ناچار دەبوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە کەنداو، پشتی کورد بگرێ، ببێ بە دەوڵەت. چۆنکە هەروەک لەسەرەوەتر ئاماژەمداپێی، 75% ی نەوتی ئەوکات و ئێستای ئێران، چاوکانییەکەی لە ''لۆڕستان'' و پارێزگەی ''ئیلام''ەوەیە کە لە مێژووی کۆندا نێوی ''مادسپێندان'' بوو.**

**مانگێک دوای نەبەردی مێژوویی ''تەنگەی تامۆرادی''، فەرماندە و جەنگاوەری ئازا و کەموێنە، کەی لۆراسپی بوویەرئەحمەدی، لە شارۆچکەی مەمەسەنی نێزیکی شیراز، لە پیلانێکی لەپێشدا داڕێژراو، مامەریشە ئاسا، تەقەی لێدەکرێ و، دەکوژرێت. دوای کوژرانی کەی لۆراسپ هێزەکانی بوویەر ئەحمەد، وەک گیانی بێسەریان لێهات و، ئاکامی هەموو شەڕەکانیان کە دواتر لەگەڵ سوپای ئێران کردیان، شکست و ماڵوێرانی و کۆچی زۆرەملێ بوو.**

ئەوجا لە بەشی سەرووی رۆژهەڵاتی کوردستانیش، شۆرشەکەی **سمکۆی شکاک** بەهۆی هێرش و گوشاری

سەربازیی رژێمی ڕەزاشا و رژێمی ترکیا و هەروەها رژێمی دەسکردی عێراقی سەر بە ئینگلیز، بەتەواوەتیی کز ببوو. سمکۆ پەنای بردبووە بەر شاخەکان و، ئەوانەی لەگەڵی مابوون بە پەنجەی دەست دەژمێردران. لە پایزی ساڵی 1930 پیلانی کوشتنی داڕێژرا و، بەناوی گفتوگۆوە بانگکرا بۆ شارۆچکەی **شنۆ** و، لەلایەن هێزەکانی رژێمی ڕەزاشاوە درایە بەر دەسڕێژی گوللە و کوشتیان. دوای کوژرانی سمکۆ و رازیبوونی هێزی بوویەر ئەحمەد بەوەستاندنی شەڕ، هەموو بزاڤێکی چەکداریی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و لە ئێران بەگشتیی بنەبڕکرا و، لەلایەن رژێمی ڕەزاشاوە زەوینە خۆشکرا بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی رژێمی پاشایەتیی پەهلەویی لە ئێران و، داڕشتنی بناخەی رژێمێکی ناسیۆناڵی تایبەت بۆ فارس و سەپاندنی بەسەر گەلانی ئێراندا.

**هێژای گۆتنە، بەپێچەوانەی شۆرشە رزگاریخوازانەکەی سمکۆی شکاک، داخوازیی سەرەکیی سەرۆکایەتیی نێوچەی لۆڕستان بە گشتی لەگەڵ رژێمی تاران، بەشدابوونیان بوو لەدەسەلاتی ئێران و، ڕینەوەی بەشەبووجە بوو لە فرۆشتنی نەوت بۆیان. ئەمەش وەک لە دێرەکانی خوارووتردا دەچینەسەری، ئەم سیاسەتەی سەرۆکایەتیی هۆزی بەختیاری و لۆڕستان نەک هەر سەرینەگرت، بەڵکوو تووشی جێنۆسایدێکی رەگەزی و ئابووری و فەرهەنگی و مێژوویی بەردەوام هاتن و، دوای تێپەڕبوونی سەت ساڵ، بوون بە گەلێکی بێ ناسنامەی لەبیرکراو.**

مانگی گەڵاڕێزان (ئەکتۆبەر)ی ساڵی 1933 **محەممەد عەلی فرووغی** بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئێران. محەممەد عەلی فرووغی لە دایکبووی تاران، فەیلەسووف، وەرگێڕ، مێژووزان، نووسەر، دیپلۆمات و رۆژنامەنووس، سەرۆکی شاندی ئێران بوو لە **''کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس'' (Paric Peace Konferance)** دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی لە رۆژانی 21-18ی مانگی جۆنی ساڵی 1919 لەلایەن دەوڵەتانی براوەی جەنگەوە لە شاری **پاریس** بەسترا. ئامانجی کۆنفرانسەکە دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانلی و، داڕشتنی قەوارەیەکی سیاسیی تازە بوو لە دوو کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا. مەبەستی شاندەکی ئێرانیش ئەوەبوو، دەولەتانی براوەی جەنگ رازی بکەن ئێران دابەش نەکرێ و، ئەو وڵات و خاک و سەرزەوینانەی ئێران، لە سەردەمی رژێمی قاجاڕ، لەلایەن دەولەتانی رووسیا و بریتانیاوە داگیرکراون، یان لە خاکی ئێران داپڕێندراون، بدرێنەوە بە ئێران، وەک دەیان شار و، هەزاران کیلۆمەتر خاکی وڵاتانی **ئەرمەنستان** و **ئۆزبەکستان و تورکمانستان و ئازەربایجان و ئەفغانستان.** محەممەد عەلی فرووغی سێ ساڵ دوای دەسبەکاربوونی وەک سەرۆکوەزیران، **''فەرهەنگستانی ئێران''** ی دامەزراند و، لەم نێوەندەدا دەسکرا بە نووسینی دەستوور و ئەلفوبێی فارسی و کۆکردنەوەی وشە و نووسینی قامووس و، دەرهاویشتنی سەدان وشەی عەرەبی و، هەڵبژاردن و پەسندکردنی سەتان وشەی تازە. هۆنراوەکانی **''باوە تاهیر هەمەدانی''** لە زاراوەی کوردیی لۆڕییەوە گۆڕدرا بۆ بەزمانی فارسی. چەندین پەرتۆکی چیرۆک و چیرۆکەشیعری وەک **''ئارشی کەواندار''** و، داڕشتنەوە و

له چاپدانی هەزاران بەرگ لە داستانەشیعری **''شانامەی فێردەوسی''**. ڕێخستنی شانۆگەریی **''رۆسەم و زۆراو''ی شانامەی فێردەوسی** لە قاوەخانەکانی ئێران، بۆ بردنەسەری هەست و باوەڕی ئێرانپەرستیی. هاوکات لەگەڵ ئەم چالاکییە فەرهەنگییانە، رێ لە خوێندنی هەموو زمانێ گیرا و، زمانی فارسی بوو بەزمانی فەرمیی وڵات. خوێندنگە و زانستگە لە تاران و لە شارەکان دامەزران و، بە زمانی فارسیی پەرتۆک بۆ هەموو بوارێکی خوێندن ئامادەکرا. لە کارەکانی دیکەی محەممەد فرووغی، نووسینی چەن کتێبێکی مێژوویی بوو، لەبارەی مێژووی پاشاکانی ئێران، بە دەسکاری و پێداهەڵدانی زۆرەوە و، بیرۆکەی **''مێژووی 2500 ساڵەی پاشایەتیی''** لە لایەن رەگەزپەرستانی فارسەوە لێرەوە سەریهەڵدا. **محەممەد فرووغی** هەروەها ئاگاداری بارودۆخی ترکیا بوو، پێوەندییەکی نێزیکیشی لە گەڵ **مستەفا کەمال (ئەتاترک)** سەرۆکی ترکیای تازە هەبوو. لەسەر پێداگریی فرووغی، **رەزاشا لە پایزی ساڵی 1934 سەردانی ترکیای کرد و**، لە نێزیکەوە لە چۆنێتیی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی **یەک ئاڵا و یەک نیشتمان و یەکزمان و یەک نەتەوە** ئاگاداربوو کە **ئەتاترک بناخەی رژێمەکەی لەسەری دانابوو. لەرۆژی چوارشەممە، مانگی دێسەمبەر (بەفرانبار)ی ساڵی 1934 لەسەر داوا و پێشنیازی محەمەد عەلی فرووغی و، دوو زانا و نووسەر و رەگەزپەرستی دیکەی فارس بەناوی سەعی نەفیسی و سەی حەسەن تەقیزادە، رەزاشا ناوی ''پرشیا'' ی گۆڕی و کردی بە ئێران. داوا لە هەموو دەسگە و ئۆرگانەکانی نێوخۆی وڵات و، باڵوێژخانەی وڵاتان و کۆمەڵەی گەلان کرا،**

**لەمەودوا لەجیاتی ناوی ''پرشیا''، وشەی ئێران بەکار بێنن. ئەم ناوگۆڕینەش لەبەر شاردنەوەی رەگەزپەرستیی فارس بوو لەژێر ناوی ئێران و، لەپێناو سیاسەتی تواندنەوەی رەگەز و نەتەوەکانی دیکەی نێو جۆگرافیای سیاسیی ئێران کرا. بە کورتییەکەی دەتوانین بلێین، محەمەد عەلی فرووغی و هاورێبازەکانی، لەلایەنی تیۆری و هزرییەوە بناخەدانەر و داڕێژەری رێبازی رژێمەکەی رەزاشا و، ناسیۆنالیزمی فارس بوون.**

هێژای گۆتنە، بۆ ئەم چەن کەسایەتییە نەتەوەپەرستە فارسە گرنگنەبوو ئاستی زانای و خوێندەوارییان چەنێ لە رەزاشا زیاتر و بەرزترێکە، بەڵکوو ئەوەیان بۆ مەبەست و گرنگبوو لەڕێگەی رەزاشا و بە پشتگیریکردنی رەزاشا، دەوڵەتێکی ناسیۆناڵی فارس دامەزرێنن و، خاکی چەن گەلێکی دیکەش بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە و، بیکەن بە موڵکی هەتاهەتایی خۆیان. بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی هۆشیاریی نەتەوەیی گەلان، ئەم دیاردەیە لە نێو کورددا بەپێچەوانەوە بووە و، سەرۆکایەتی و سیاسەتکار و چینی رۆناکبیر و خوێندەواری کورد شانبەشانی داگیرکەران، هەوڵی تووناکردنی گەلی خۆیانداوە و، خزمەتی سەقامگیریی دەسەڵاتی داگیرکەرانیان کردووە.

**هاوکات لەگەڵ ئامادەکاری و بەرنامەڕێژی و داڕشتنی بناخەکانی هەموو ئۆرگان و دەسگەکانی رژێمی ناسیۆناڵی فارس بەسەر گەلانی ئێران و، بەهێزکردن و پەروەردەکردنی سوپای ئێران، سەردار ئەسعەدی وەزیری جەنگ و هۆزی بەختیاریی، دڵخۆش و سەرخۆشی ئەو رێککەوتنە سیاسی و دەسکەوتە**

**ئابوورییە بوون، کە لە گەڵ ڕەزاشا لەسەری ڕێککەوتبوون. چۆنکە وەک لە سەرەوە ئاماژەمداپێی، هۆزی بەختیاری و دواتریش هۆزی بوویەرئەحمەد لە فرۆشتنی نەوتی ئێران، بووجەی تایبەتیان بۆ پڕابووەوە.**

لە ماوەی شەش ساڵدا کە سەردار ئەسعەد وەزیری جەنگ بوو، هەموو وەرزێکی پایز، ڕەزاشا و سەردار ئەسعەد و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی رژێم، دەچوون بۆ شاری **''گورگان''** لە باکووری ئێران بۆ بینینی کێبەرکێی هەسپ سواری و غاردانی هەسپ. لە ڕۆژی هەینی مانگی گەڵارێزان (نۆڤەمبەر) ی ساڵی 1933 وەک بەرنامەی هەموو ساڵێ، لەلایەن سەردار ئەسعەدەوە خەڵاتەکان بەسەر براوەی بەشدارانی کێبەرکێیەکەدا دابەشکران. لەگەڵ کۆتاییهاتنی کێبەرکێیەکە، سەردار ئەسعەد لەلایەن **سەرهەنگ سوهەیلی سەرۆکی شارەوانیی تاران** و، ژمارەیەک پۆلیسی چەکدارەوە دەسبەسەرکرا، بە کەلەبچە و زنجیرەوە بردیان بۆ زیندانی **''قەسر''**ی تاران. ئەوجا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ژمارەیەک لە سەرۆکهۆزەکانی بەختیاری و بوویەرئەحمەد و لۆڕستان بەگشتیی کە لە تاران دەژیان و، ئەندام پەرلەمان و کاربەدەستبوون، هەموویان گیران و خرانە زیندانەوە. **''تەیموور تاش''**ی بەرەگەز ترکمانی هەرێمی خۆراسان و، وەزیری کۆشکی ڕەزاشا، گیرا و لەسێدارەدرا. ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرابوو کە بزانرێت ڕەزاشا و ڕاوێژکارانی فارسی، پە تەواوەتیی ڕێککەوتوون،

لەوەبەدوا هەموو پۆست و کورسییەکانی دەسەلات بەدەستی فارسەکانەوە بێت.

دوای چوارمانگ شکەنجە و ئازار، سەردار ئەسعەد لەلایەن دوکتۆرێکی سیخوڕی ڕەزاشا بەناوی **پزیشک ئەحمەدیی**، بە دەرزیی ژەهر کوژرا. بە دوایدا دەیان سەرۆکهۆزی دیکەی نێوچەی لۆڕستان لەسێدارەدران، یان خرانە زیندانی هەتاهەتاییەوە. هێرشێکی سەربازیی گەورە کرایە سەر لۆڕستان و، هەزاران دەوار و گوند سووتێندران، دەسدرێژیی کرایە سەر ژنان و دەستکرا بە تاڵانکردنی خشڵوزێڕوزیوی نێوماڵان. شەڕێکی خوێناوی و سەر و ماڵیی لەگەڵ سوپای ڕەزاشا دەسپێکرد و، **بیبی مریرم** کوڕە گەورەکەی (**عەلیمەردانخان)ی** ڕاسپارد فەرماندەیەتیی بەرخۆدانی لۆڕستان بکات.

عەلیمەردانخان لە شەڕەکاندا ڕاستەوخۆ بەشداربوو، لە سەنگەری پێشەوە، بەرەوڕووی هێزەکانی دوژمن دەبووەوە. دەنگی بەرز و شێرانەی، هەوێنی بەرخۆدانی پۆڵایینی چەکدارانی لۆڕ بوو. هەموو خەڵکی لۆڕستان، ئازایەتییەکەیان، بە ئازایەتیی بیبی مریەمی دایکی دەشوبهاند. دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ و بەهۆی بۆمبابارانی فڕۆکە و تۆپخانەی ئێرانەوە هەزاران ژن و منداڵ و پیر و لاو تێداچوون، بۆ بریندارەکان هیچ چارەسەرێک نەبوو. شارەکانی لۆڕستان یەک لە دواییەک گیرانەوە. فەرماندەکانی سوپای ئێران ئەمیر ئەحمەدی و شابەختی بە فەرمانی ڕەزاشا بڕیاری قوڵاچۆکردنی یەکجارەکیی لۆڕستانیان

دابوو. بێبەزەییانە کورد وەتی: ''تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند''.

داگیرکردنەوەی لوڕستان و، تێپەڕبوونی زەمان، زۆر لەو بەڵگەنامە و زانیارییانەی شاردەوە سوپای ئێران بە پشتیوانیی لۆجێستیکی سەربازیی ئینگلیز، پاکتاوی رەگەزییان بەرامبەر دانیشتووانی شار و دێی لوڕستان بەڕێوەبرد. لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەو دەیان بەڵگەنامانەی لەنێوان فەرماندەکاندا ئاڵوگۆڕ کراون، یان رەزاشایان لە سەرکەوتنەکانیان ئاگادار کردووەتەوە، هەروەها بیرەوەریی دوو خاتوونە گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئێرانی **''قەمەر ملووک وەزیری''** و **''ملووک زەڕابی''**، لەگەڵ کتێبی **''وڵاتانی سەرسووڕهێنەر و خەڵکانێکی دلۆڤان'' -**

**(Strange Lands and Friendly People) لە نووسینی دادوەری بەناوبانگی ئەمریکا، ویلیام ئۆرڤیڵ داگلاس William Orville Douglas** تا رادەیەک گەورەیی کارەساتی قەڵاچۆکردنەکەمان بۆ ئاشکرا دەکەن.

**ملووک زەرابی دەڵێ، قەمەر ملووک گێرایەوە بۆم: ''شەوێکیان لە گەڵ ''مورتەزاخانی نەیداوود'' (مووسیقاژەنی سەردەمی رەزاشا)، لەلایەن سوپاسالار ئەمیر ئەحمەدییەوە بانگێشتکرابووین بۆ ماڵەکەی. زۆربەی ئەندامان و کاربەدەستانی گەورەی دەوڵەت هاتبوون. دوای تەواوبوونی بەرنامەی گۆرانی و مووسیقی، گوڵبارانیانکردم. سوپاسالار ئەمیرئەحمەدی، دەستمی گرت و بردمییە لای کورسییەکەی خۆیەوە و، وتی: لێرە دانیشە،**

دەستمی ماچکرد، بانگی یەکێ لە بەردەستەکانی کرد و، گوتی: بڕۆ ئەو خورجینە بهێنابۆم لە لۆڕستانەوە هێناومە! کابرای بەردەست خورجینەکەی هێنا و دایەدەستی میرئەحمەدییەوە، دەستیکرد بە نێو خورجینەکەدا و جووتێ گووارەی دەرهێنا و وتی: ئەمە بۆ تۆیە، پێشکێشتبێت! گووارەی گوێی چەپی کردە گوێم، بەڵام نەیتوانی گووارەکەی دیکە بکاتە گوێم. بۆیە لەنێو لەپی دەستمی دانا و وتی خۆت بیکەرە گوێت. سوپاسمکرد و هاتمەوە سەر کورسییەکەم، تەماشایەکی گووارەکەم کردەوە، بینیم لەختەیەک خوێنی رەش و گۆشتی وشکەبووی پێوەیە، زانیم ئەمە تالانیی نێوچەی لۆڕستانە. بەپەلە ئەو دانەی بە گوێمەوە بوو، دەرمهێنا، پێچامەوە و، بەیانیی زوو بردم بۆ دووکانەکەی ''حاجی ئەولحەسەنی لالە، زێڕینگەری بەناوبانگ، دووکانەکەی لە چوارڕێیانی ئەستەمۆڵ دایە، فرۆشتم پێی و، پووڵکەکەیم بەخشی بە خەڵکی هەژار و نەدار''.

ئەوجا ملووک زەڕابی لە درێژەی گێرانەوەی ئەم بیرەوەرییەی قەمەر ملووک دا دەڵێ: ''ماوەیەک بەسەر ئەو باسەدا تێپەڕێ. شەوێکیان ''تەیموورتاش'' (وەزیری کۆشکی رەزاشا) بانگێشتیکردم بۆ ماڵەکەی خۆی. دەیان کاربەدەست و کەسایەتیی سیاسی و کۆمەلایەتیش لەوێ بوون. دوای تەواوبوونی بەرنامەی نانخواردن و خواردنەوە و مووسیقا و گۆرانی، داواکرا دیارییەکان بکرێنەوە و، بهێرێنە سەر مێز. هەموو لە دەوری مێزەکە کۆبووینەوە و تەماشای دیارییەکانمان کرد. جوانترین و گرانترین دیاریی، جووتێ گووارەی زمڕووتی

**ئەنتیکە بوو، گوتیان بایی چل هەزار تەمەنە (بۆ ئاگاداریی خوێنەرەوە، ئەو سەردەمە گوندی بچووک بە چەن سەت تمەن و، گوندی گەورە و ئاوەدان و پڕخێروبێریش بە چەن هەزار تمەنێک لە نێوان ئاغا و دەرەبەگەکاندا کڕێن و فرۆشتنی پێدەکرا-ن.). بیری گێرانەوەکەی قەمەر ملووک کەوتمەوە، پرسیم لە کوێ کڕدراوە؟ وتیان خزمێکی نێزیکی تەیموورتاش لە زێڕینگەرییەکەی حاجی ئەولحەسەنی لالە کڕیویەتی بە چل هەزارتمەن....!.**


**بیرەوەریی ئەم دوو خاتوونە هونەرمەندە ئێرانییە لە رۆژنامەی: (اطلاعات، سه شنبه دهم تیرماه 1354 شمسی، ص20 به نقل از کتاب آوای مهر، یادواره قمرالملوک وزیری 1373 شمسی، ص 238) وەرگیراوە!**

هەروەها **ڤیلیام داگلاس** وەک لەسەرەوە ئاماژەمکرد بەناوی کتێبەکەی، ماوەیەک دوای جێنۆسایدی لۆڕستان، سەردانی گوندەکانی لۆڕستان دەکا و، ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوە و دیمانەکانی لە پەرتۆکی **( Strange Lands and Friendly People)** دەنووسێ و، بەزمانی ئینگلیزیی لە ئەورووپا و ئەمریکا بڵاوی دەکاتەوە. **ڤیلیام داگلاس** دەڵێ: **''ئەوی رژێمی ئێران بەرامبەر خەڵکی لۆڕستان ئەنجامیداوە، بە تەواوەتیی سیاسەتی قڕکردنی هێزیکی داگیرکەر بەرامبەر وڵات و گەلێکی داگیرکراوە. سوپای ئێران دوای داگیرکردنی شارەکان، سیاسەتی کۆچوڕەوی زۆرەملێی بەرامبەر خەڵکی لۆڕستان پێڕەوکردووە، بەهۆی بۆمبابارانەوە هەزاران کەس تێداچوون و، گوندەکانیان سووتێندراون. پیاوێکی لۆڕ گێرایەوە بۆم، فەرماندەکان لەنێوان**

خۆیاندا گرەویان دەکرد کاتێ پیاوان و لاوانی لۆڕ بە شمشێر سەردەبڕن، کامیان بە جەستەی بێسەرەوە چەن هەنگاو زیاتر هەڵدێن!؟ پیاوێکی سەوزەی کەتەی باڵابەرز، خەڵکی گوندێکی لۆڕستان گێڕایەوە بۆم: ''بەیانیی زوو بە حیلە و رمەڕمی پێی هەسپ و قیڕەقیڕ و زنازنای سەربازەکان لەنێو دەوار و رەشماڵ هاتینە دەرەوە، ژمارەیەکی زۆر سەرباز بەرەو ئێمە دەهاتن. لە هەسپەکانیان دابەزین. دەسیانکرد بە تەقەکردن، بەچاوی خۆم بینیم چەندین پیاو و منداڵی ساوا و بچووکیان کوشت، پیر و لاو و منداڵیان دەکوشت، بەزەییان بە کەس نەدەهات. قیژە و زریکە و هاواری ئەو خەڵکە بەستەزمانە، فەرماندە و سەربازەکانی هێندەیتر هار کردبوو. هاوژینم لە پەنای بەردێکی بچووکدا خۆی کۆمکردبوو، سەربازەکان بەرەولای چوون، منیش خۆمگەیاندەلای و، خەنجێرەکەم دەرهێنا و، بەسەرییەوە وەستام. سەربازەکان تەقەیان لێکردین. گوللەم بەرکەوت و هۆشم لەخۆم نەما. کاتێ هاتمەوە سەر هۆش، دیتم کوژراوە، خوێنی گەش و گەرمی هاوژینم دەڕژایە سەر سینگم. دەیان لاشەی ژن و پیاو و منداڵ لەو نێوەدا کەوتبوون. سوپای ئێران شوێنەکەیان بەجێ هێشتبوو، دیارە چووبوون بۆ قەلاچۆکردنی گوند و خەڵکی دیکە. هەستامە سەرپێ هێزی رۆیشتنم نەبوو. خۆمگەیاندە سەرکانی و، برینەکانم شۆرد. دوو شەوی تەواو لەبەر ئازار و خوێنلەبەرچوونم، هێزی رۆیشتنم نەبوو. چەن پیاوێکی خەڵکی گوندەکەمان توانیبوویان خۆیان رزگاربکەن، هاتنەوە، بڕیارماندا لاشەی کوژراوەکان بنێژین. لەماوەی دوو رۆژدا داڵ و لاشخۆر و

**دڕندەی کێوی لاشەی زۆر لە کوژراوەکانیان تێکدابوو. جگە لەم چەن کەسە، کەس بە زیندوویی دەرنەچوو. هەموو خەڵکی گوندەکەمان کوژران. سوپای ئێران، دەیانهەزار مەڕ و بزن و گا و هەسپی گوندەکانیان لەگەڵ خۆیان برد، هەرچی خشڵ و زێڕ و زیو و نەقدینە و مافوور و کەلوپەلی نێوماڵانە، لەلایەن سەرباز و فەرماندەکانی سوپای ئێرانەوە تاڵانکران..... ''.**

وێنەی لەسێدارەدانی ژمارەیەک لە سەرۆکهۆزەکانی لۆڕستان



دوای داگیرکردنی لۆڕستان، حوکمڕانیی بنەماڵەی بیبی مریەمی بەختیاری و خۆبەڕێوەبەرێتیی نێوچەی لۆڕستان، پاش زیاتر لە نیوسەدە هەرەسیهێنا و، چرای بەختی بەختیاری و هیوا و ئاواتی خۆیبوونی لۆرستان بۆ هەمیشە کوژایەوە. **عەلیمەردانخان** کوڕەکەی بیبی مریەم، لە دوا نەبەردی لە شارۆچکەی **''سپیدەشت''**ی سەر بە شاری خۆرمۆوە، لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی 1934 گیرا و، ساڵێک دواتر، لە ڕۆژی چوارشەممەی مانگی مارچی 1935 لە تاران لەسێدارەدرا. لەسێدارەدرانی عەلیمەردانخان، هێندەیدیکە کاریگەریی تاڵ و دڵتەزێنی کردە

سەر خەڵک. شین و ماتەم سەرتاسەری لۆڕستانی گرتەوە. شاعیر و هونەرمەندانی ئەوکات و ئێستاش لە بارەی شێرعەلیمەردانخان و ئازایەتی و هێرشی شێرئاسای بۆ سەر هێزەکانی سوپای ئێران شیعریان نووسیوە و سروود و گۆرانییان بۆ زیندووراگرتنی ناوەکەی خوێندووە.

دوای داگیرکردنەوەی لۆڕستان، ڕەزاشا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوەیەک لێبوردنی گشتی دەرکرد و، لە ڕادیۆی **تاران** و، هەروەها لە گۆڤاری **''پەهلەوی'' ژمارە (28 ل 5) لەمانگی ئاپریلی ساڵی 1935,** هەروەها دواتریش لە ئەرشیڤی **سەرلشکر محەممەد شابەختی** لە لاپەڕە **(18)** دا بڵاوکرایەوە. **ڕەزاشا** لە ڕاگەیەندراوەکەدا دەڵێ: **''تەواوی هۆز و عەشیرەتەکانی لۆڕستان، هاووڵاتی ئێران و بە ڕۆڵەی ئازا و بە جەرگی ئێرانی نیشتمان ئەژماردەکرێن. ئێمە گەوجی و تاوانەکانیان ناگرینە بەرچاو و، لێبوردنی گشتی رادەگەیەنین''**.

دوومانگ دوای لەنێوبردنی هێزی چەکداری لۆڕستان و کوشتنی هەزاران مرۆڤی سڤیل و تێکشکانی ڤین و ورەی خەڵکی لۆڕستان و، دوای ئەو سووکایەتیپێکردنە ڕەزاشا بە خەڵکی لۆرستانی کرد، ئەوجا لە مانگی جۆزەردان (June) ی هەر ئەو ساڵە، (1935) سەردانی لۆرستان و سنە و کرماشانی کرد. لە سەردانیدا بۆ لۆرستان، چووە شاری **خۆرمۆوە (خرم ئاباد).** سەرۆک و گەورەکانی هۆزی **''بێرانوەن''** و سەرۆکهۆزەکانی دیکە پێشوازییان لە ڕەزاشا کرد. ئەویش دڵنیایکردن گیان و ماڵیان لەسایی سوپا و ڕژێمی ئێراندا پاریزراو دەبێت....!

**بیبی مریەم** رۆشنبیر و کەسایەتیی ناودار و فەرماندەی ئازا و دلێر، دەسبەسەر کرا و، لە خەمی لەدەسدانی کوڕەکەی و لە خەمی کوژرانی گەورەکانی بنەماڵە و حەشیمەت و گەلەکەی، لە خەمی لەدەسچوونی دەسەڵات و ناوبانگی هۆزی بەختیاریی، لە ساڵی 1938ی زایینیی لە شاری ئەسفەهان کۆچیدواییکرد. مێژوونووسانی کۆن و تازەی فارس هەرچییەکیان لەبارەی بنەماڵەی سانانی بەختیارییەوە نووسیوە، هەر هەموویان پەسن و ستایشی ئەم بنەماڵەیە دەکەن، گیان و ژیانی خۆیان و هۆزەکەیان کردە قوربانی بەهێزبوون و سەقامگیربوونی جۆگرافیای سیاسیی ئێران. لە راستیشدا هەر وابووە و، بەبێ پشتگیریکردنی خانانی بەختیاریی کە سەردەمانێک ئەسفەهان و ئیلام و کرماشان تا کەنداویان بە دەستبوو، رژێمی ناسیۆناڵی فارس لە ئێران سەقامگیر نەدەبوو. لێرەدا خستنەڕووی کورتەیەک لە مێژووی دەسەلات و ناوبانگی بەختیاریی لە سەدەکانی رابردوو، رۆناکیی زیاتر دەخاتە سەر بابەتەکەمان، کە بزانین چلۆن ئەم بنەماڵە کوردە گەورە و خاوەندەسەلاتە، بەدەستی خۆیان، نەک هەر هۆکاربوون لە قەلاچۆکردنی هۆزی خۆیان و نێوچەی لوڕستان بەگشتیی، بەڵکوو رۆڵی گەورەیان گێرا لە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو بەشانەی خوارووی کوردستان!

زیاتر لە چوارسەدە لەمەوبەر، هۆزی بەختیاریی لە سەردەمی سەفەوییەکان و **نادرشای هەوشار** لە نێوچەکە خاوەندەسەلات بوون. **''عەلیمەردانخانی یەکەم''** لەلایەن نادرشای بەرەگەز کوردەوە کرا بە فەرمانده‌ی سوپای **''عێراقی عەجەم''** کە ژمارەی

50000 (پەنجاهەزار) چەکدار بوو. (**هێژای گۆتنە''عێراقی عەجەم'' بریتییوو لە زنجیرەچیای زاگرۆس لە کرماشانەوە تاکوو کەنداو، لە گەڵ هەرێمەکانی هەمەدان و کاشان و قەزوێن و قۆم و، چیاکانی ئەلبۆرز لە باکووری تاران).** هۆزەکانی لوڕستان و کرماشان و ئیلام و بوویەرئەحمەد لە ژێر فەرماندەیەتیی عەلیمەردانخان لەسەردەمی نادرشا، لە داگیرکردنی **هێندستان** و، لە تەواوی جەنگەکانی **قەفقازیا و قەندهار** و گەلێ شوێنیتر دەوری سەرکییانگێرا. **دوای تێرۆری نادرشا لەلایەن کوردەکانی خۆراسانەوە، عەلیمەردانخان زۆربەی نێوچەکانی ئێرانی خستەژێر دەستییەوە و، ''کەریمخانی زەند''یکرد بە فەرماندەی هەموو سوپاکەی. دوای رووخانی حکوومەتەکەی کەریمخانی زەند کە ماوەی 26 ساڵ هەموو ئێران و کوردستان و بەشێ لەعێراقیش لە ژێردەسەڵاتیدا بوو، هۆزەکانی لوڕستان و بەختیاریی، بزووتنەوەیەکی گەورەیان لە دژی هێزەکانی ئاغامحەمەدخانی قاجاڕی بەرەگەز ''مەغۆل'' دەسپێکرد. لەسەردەمی حکوومەتی محەمەدعەلیشای قاجاڕ، هێزەکانی لوڕستان بە سەرۆکایەتیی ''سەردار ئەسعەد'' نەوەی عەلیمەردانخانی یەکەم، لە مانگی جۆنی ساڵی 1909 شاری تارانیان داگیرکرد و محەمەد عەلیشای قاجاڕ هەڵات و پەنایبردە بەر باڵوێژخانەی رووسیا و لە دەسەلات دوورخرایەوە و نێردرا بۆ رووسیا، هەرێمەکانی ئەسفەهان و کرماشان و هەمەدان و ئیلام و هەموو لوڕستان تا کەنداو کەوتەوە دەستی هۆزی بەختیارییەوە. دوای سەرکەوتنی شۆرشی نوێخوازیی (انقلاب مشروطه)، جافرقولیخانی بەختیاریی**

لەگەڵ دەستەیەک لە کەسایەتییە گەورەکانی ئێران، حکوومەتێکی کاتییان پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی ئێران. جافرقولیخان هەروەها پێداگرییکرد بۆ لەسێدارەدانی ئایەتۆڵلا شێخ فەزلۆڵلا نووری کە دژی ''شۆرشی نوێخوازیی'' بوو. دوای هەڵاتنی محەمەدعەلیشا، کوڕەکەی بەناوی ئەحمەدشا هێنرایە سەر تەختی پاشایەتیی. لە شارەکانی ''ئەردەوێڵ'' و ''زەنگان'' و ''خالخال'' و ''ئەهەر'' و چەن مەڵبەندێکی دیکەی ترکنشینی ئازەربایجان، بەهاندانی مەلاکان، ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی لەدژی شۆرشی نوێخوازیی هەڵگیرسا. خەلک دەسەڵاتی شارەکانیان گرتەدەست و، حکوومەتی تاران داوای لە سەردار ئەسعەد (جافرقولیخان) کرد بەرەو ئازەربایجان قشوون بخاتەڕێ. چەندین هەزار چەکداری بەختیاری و قەزاق بەفەرماندەیەتیی جافرقولیخان چوون بۆ داگیرکردنەوەی شارەکانی ئازەربایجان. لە ماوەی نۆمانگدا شەڕ و پشێویی ئەو هەرێمەیان کوژاندەوە و، 120 کەس لە سەرۆکهۆزەکانی ئازەربایجانی دەسبەسەر کرد، نیوەیان لە ئەردەوێڵ زیندانیکران و نیوەکەی دیکەشی هێنا بۆ تاران. جافرقولیخان هەروەها لەگەڵ هێزەکەی چوون بۆ تەورێز و لەگەڵ سەتارخان و باقرخان دوو سەرکردەی بەناوبانگی شۆرشی نوێخوازیی بەرەوڕوو بووەوە و، دوای چەن رۆژ شەڕ و پێکدادان، شاری تەورێزی گرت و، هەردوو سەرکردەکەشی دەسبەسەر کرد و، هێزی چەکداری تەورێزی بێچەک کرد. جافرقولیخان دوای ئەم زنجیرە سەرکەوتنانە بەرەو تاران گەڕایەوە و، لەلایەن دەیانهەزار خەڵکی دانیشتووی پێتەختەوە بە هۆتافکێشان و درۆشمی بژی

**ئێران و بژی سەردار ئەسعەد و بژی هێزی بەختیاریی، پێشوازیی گەورەی لێکرا.**

**لە پاداشی ئەم سەرکەوتنانەی هۆزی بەختیاری لەپێناو سەقامگیرکردنی دەسەلاتی سیاسیی رژێمی تاران ئەنجامیاندا و بە خوێنی رۆڵەکانی کرماشان و لوڕستان و بوویەرئەحمەد بەگشتی هاتەدی، جافرقولیخان لەمانگی گوڵانی ساڵی 1920 کرا بە پارێزگاری شاری کرمان و ماوەی سێ ساڵ لە بەڕێوەبەریتیی کرمان بەردەوامبوو. جافرقولیخان لەبیرەوەرییەکەیدا دەڵێ: ''بەتەمام کۆتایی وەرزی بەهار واز لە حوکمڕانیی کرمان بێنم، چۆنکە حکوومەت مانگی 1200 تمەن دەنێرێ بۆم، ئەم پووڵە زۆر کەمە و بەشم ناکا و، پێویستم بە چوارهەزار تمەنە. لە گیرفانی خۆم و لە دارایی خۆم سەرفی مێوانی و کاروباری دەوڵەت دەکەم. ناتوانم چیدی بە پووڵی خۆم پێداویستی و کاروباری دەوڵەت جێبەجێ بکەم...!''.**

دوای ئەوە جافرقولیخان، وازی لە دەسەلاتی کرمان هێنا و لەمانگی گوڵانی ساڵی 1923 بەپشتگیریی رەزاشا کرا بە حاکمی **خۆراسان،** ئەمەش لەڕاستیدا بۆ دوورخستنەوەی زیاتری بوو لە هەرێمی خۆی. دوای دامرکاندنەوەی هەر جۆرە جمووڵێکی چەکداریی دژ بە حکوومەت لەسەرتاسەری ئێران، کاتی ئەوە هاتبوو دەسەڵات و هێزی بەختیارییش لەنێوببرێت. رەزاشا داوای لە جافرقولیخان کرد هەموو هۆزەکان لە کوردستان و لە ئێران، لە سەرەتاشەوە هۆزی بەختیاریی چەک بکرێن و، چەک لەنێو خەڵکدا کۆبکرێتەوە و، تەنیا سوپا چەکی پێ بێت. جافرقولیخان

فەرمانەکەی جێبەجێکرد و، هەموو سەرۆکهۆزەکانی ناچارکرد چەکدانێن، بەڵام گەورەکانی هۆزی بەختیاریی دژایەتیی بڕیارەکەی جافرقولییان کرد و، بەقسەیاننەکرد و، زۆربەی چەکەکان شاردرانەوە. لە هەرێمی لوڕستان بەگشتیی، خەڵک چەکیان وەک ئامرازێکی پێویست بۆ پارێزگاریی لە بنەماڵە و هۆزی خۆیان و سامان و مەڕوماڵاتیان بەکار دێنا، رژێمی تارانیشیان بە دەسەلاتێکی بیانی دەزانی، لەبەر ئەوە نەچوونە ژێرباری بڕیارەکە و، چەکەکانیان شاردەوە.

ئاکامی ئەم هەموو خزمەتکردنە بێسنوورەی هۆزی گەورەی بەختیاری لەپێناو ئێراندا کردیان، وەک لەسەرەوە ئاماژەمداپێی، جگە لە ماڵوێرانی و جێنۆساید و تالانکردنی کانزای لوڕستان، لە هەمووی گرنگتر سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی هەرێمی لوڕستان، چ بەرهەم و دەسکەوتێکی دیکەی نەبوو. خانانی بەختیاریی لەکرماشانەوە تا کەنداو و بووشار (بوشهر) لە بندەسەڵاتیاندا بوو. حەشیمەتی ناوچەکەیان لەگەڵبوو، کەچی جافرقولیخانی بەختیاریی گلەیی لە حکوومەتی تاران دەکات مووچەی کەمیان بڕیوەتەوە بۆی و، بەشی ناکات!! **ئەگەر تەنانەت زانا و نیشتمانپەروەر و مێژوونووسی مەزنی کورد شەرەفخانی بەدلیسی لە ''شەرەفنامە''** دا باسی رەچەڵەکی راستینەی هۆزی بەختیاریی نەکردایەبۆمان، دیسان دڵنیادەبووین کە ئەمانە کوردن و، هیچ گەل و هۆز و نەتەوەیەکی سەر خڕۆکی زەوین جگە لە کورد هێند خۆبەکەمزان و گێل و نەزان نەبووە و نییە شەیدای نۆکەرایەتیکردنی میر و دەسەلاتدارانی دەر و

دراوسێی خۆی بێ و، بەدەستی خۆی، میر و بکوژ و سەرڕێ بۆ خۆی بخولقێنێت.

پووڵپەرستی و تەسکبینی و خۆپەرستی و دەسەڵاتپەرستی و خیانەتکاریی سەرۆکهۆزی بەختیاریی، زەوینەیەکی گەورەی مێژوویی رەخساند بۆ داڕێژەرانی دەوڵەتی ناسیۆناڵی فارس، جێنۆسایدێکی بەربڵاو و هەمەچەشنەی ئابووری و فەرهەنگی و تالانکردنی کانزا و سامان و، مێژوو و زمان و کەلەپوور و شوێنەواری مێژوویی بەرامبەر ئەو هەرێمە گرنگەی کوردستان پێڕەو بکەن. لەماوەی سەت ساڵدا سیاسەتی رەگەزپەرستانەی فارس بەرادەیەکی وا کاریکردووەتە سەر لۆڕستان، تووشی لەبیر چوونەوەی مێژووی و رەگەزیی هاتووە. کولتوور و زمان و مێژووی خۆیان لەبیر چووەتەوە و، ئیمڕۆکە بەسووکایەتیدەزانن بەکورد نێوببرێن و، شانازییەوە بۆیان رەگەز و زمان و مێژوویان هاوبەشی فارس بێت.

لە رۆژی ئیمڕۆدا کە لە یەکەم چارەکە سەدەی (21) دا دەژین، لە پارچە و هەرێمەکانی نێوەراست و سەرووی کوردستانیش بارودۆخی کورد جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ لۆڕستانی لەدەستچوو نییە. خەباتی خوێناوی و پڕکارەساتی هاوچەرخی کورد زیاتر لە 130 سالە لە بەشەکانی نێوەراست و باکووری کوردستان درێژەی هەیە. دوای ئەم مێژووە دوورودرێژە بێئەنجامە، کوردی هەر بەشێکی کوردستان خۆی بە هاووڵاتیی رژێم و گەلی داگیرکەری بەشەکەی خۆیدەزانێ. سۆز و خۆشەویستی و هەستی هاوبەشی لەگەڵ فارس و ترک

وعەرەبدا هەیە، نەک لەگەڵ کوردی هاوڕەگەز و هاوخوێن و هاومێژوو و هاوچارەنووسی پارچەکانی دیکەی کوردستان. سیاسەتی جێنۆسایدی فەرهەنگیی داگیرکەرانی کوردستان لەسەر کورد، چەن کاریگەریی دانابێت، سەد هێندە سیاسەتکار و چینی بەنێو رۆشنبیر و رێکخراوەی سیاسیی کوردیی رۆڵیگێراوە لە چەسپاندنی ناسنامەی گەل و جۆگرافیای سیاسیی داگیرکەران بەسەر نەتەوەی خۆیدا.

گەر بیری سەربەخۆیی کوردستان هەر ئاوا بێخاوەن بێ و، حەشیمەتی کوردستان هەروا ناهۆشیار بن، سیاسەتکارانی خۆپەرست و دەسەلاتخواز و کورتبینی کورد، بەردەوامبن لە هەرزانفرۆشکردنی کوردستان و لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا تۆوی ژەهراوی و کوشندەی عێراقچێتی و ئێرانچێتی و سووریا و ترکچێتیی لەمێشکی تاکی کورددا بڵاوبکەنەوە، دەبێ دڵنیابین ئەوی سەت ساڵ لەمەوبەر بەسەر لۆڕستان و بەشێکی گەورەی خاکی نیشتماندا هات، لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا کورد بەدەستی خۆی، جێنۆسایدی ناسنامە و هەبوون و زمان و سەرتاسەری نیشتمانی خۆیدەکات.

# ''ژێدەر''

(1*)- ئەحمەد قەوام ناسراو بە ''قەوامولسەڵتەنە''، ساڵی 1873 لە تاران هاتووەتە دنیا و لە مانگی ئەگۆستی ساڵی 1955 لە تاران مردووە. ئەحمەد قەوام، دووجار لە کۆتاییەکانی حکوومەتی قاجاڕ و سێ جاریش لە سەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشا، سەرۆکوەزیرانی ئێران بوو. یاسازان و سیاسەتکارێکی شارەزا و زیرەک بوو، دەستووری شۆرشی نوێخوازیی لەلایەن ئەحمەد قەوامەوە نووسرا و، دوای پەسندکردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی شۆرشەوە، ''موزەفەردینشای قاجاڕ'' دەستوورەکەی واژۆ و مۆر کرد. دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و کۆماری ئازەربایجان بە سەرۆکایەتیی جافر پیشەوەری لە سەردەمی سەرۆکوەزیران ئەحمەد قەوام لە ساڵی 1946 روویاندا. جەنگی دنیاگری دووەم لە ساڵی 1945 کۆتایی هاتبوو، رەزاشا لەسەر تەخت لابرا و لەلایەن ئینگلیزەوە دوورخرایەوە بۆ باشووری ئەفریقا و کوڕە گەورەکەی (حەمەڕەزا) ماوەی کەمتر لە ساڵێک بوو، ئینگلیز لەسەر تەختی پاشایەتیی دایناوبوو. هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێت لە باکووری ئێران و بەشێ لە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان مابوونەوە و ئەمەش بەدڵی ئینگلیز و

ئەمریکا و وڵاتانی رۆژاوا نەبوو، دەیانگوت: رووسیا بەتەمایە ئەو هەرێمانە بخاتە سەر خاکی خۆی.

بۆ ناچارکردنی سۆڤێت، ئەمریکا و ئینگلیز هێزەکانیان لە ئێران کشاندەوە. هاوکات. قەوامولسەڵتەنە بە نەخشەی ئینگلیز، چوو بۆ مۆسکۆ و رێککەوتنێکی ساختەی لەگەڵ ستالین مۆرکرد و، هەڵێنجانی هەموو نەوتی باکووری ئێرانی دایە. مەرجی رێککەوتنەکەشی بەستەوە بە بردنە دەرەوەی هێزەکانی سۆڤێت و وازهێنانی سۆڤێت لە پشتگیریکردنی دوو کۆمارەکەی کوردستان و ئازەربایجان. ستالین قبوڵیکرد و داخوازییەکانی قەوامولسەڵتەنەی جێبەجێکرد. دوای داگیرکردنەوەی کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن هێزەکانی ئێران، ئەوجا قەوامولسەڵتەنە لە سەرۆکوەزیرانی لابرا و، دەوڵەتی تازە بە ستالینی راگەیاند نێوەرۆکی رێککەوتنامەکەیان قبووڵ نییە و، بەزیانی بەرژەوەندیی ئێرانی دەزانن. حەمەڕەزاشا هەر ئەوکات لەبارەی قەوامولسەڵتەنەوە لێدوانیدا و، گوتی: ''حەزرەتی ئەشرەف ئەحمەد قەوام، لە بەرامبەر کۆمۆنیزمدا شوورەیەکی بەهێز و پۆڵایینە''.

(2*)- ''ئێدمۆند ئایرۆنساید Edmund Ironside (1880-1959) ژنەڕالی سوپای ئینگلیز و، داڕێژەری سەرەکیی کودەتای ساڵی 1920 دژ بە ئەحمەدشای قاجاڕ بوو. بڕیاری کۆتایی کودەتا لەلایەن لۆرد رێدینگ جێگری سەرۆکی حکوومەتی ئینگلیز-هێند و

سەرۆکوەزیرانی بریتانیا، ڤێنستۆن چەرچڵ'' ەوە درا. جێبەجێکەری کودەتا ''ڕەزاخان میرپێنج''، (ڕەزاشا) و، ئایەتۆڵلا سەی زیائەدین تەباتەبایی بوون.

(3*)- لەساڵی 1919 دا سمکۆی شکاک، یەکێ لە نێزیکترین ڕاوێژکارەکانی خۆی بەناوی ''سەید تەها شەمدینان'' نارد بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ''ڤێڵسن'' گەورە بەرپرسیاری بریتانیا گفتووگۆ بکات لەبارەی پرسی دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان. کاربەدەستەکەی ئینگلیز دژایەتیی بۆچوونەکەی دەکا و، دەڵێ بریتانیا دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە. جارێکیتر و لە مانگی خەرمانانی ساڵی 1921 سمکۆی شکاک لە شارۆچکەی ''شنۆ''، لەگەڵ کاربەدەستێکی دیکەی بریتاینا بە ناوی ''کاکس'' کۆدەبێتەوە و، داوای پشتگیریکردنی بریتانیا دەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. دیدار و کۆبوونەوەکانی سمکۆ لە گەڵ ''کاکس'' چەندین جاریتر لە دیوەخانی ''بابەکر ئاغای پشتدەر'' بەردەوامدەبێ. سمکۆی شکاک لە یەکێ لەو کۆبوونەوانەیدا دەڵێ: ''ئەمن و سەی تەها بەڵێنتاندەدەینێ، ئەگەر دەوڵەتی بریتانیا چەکوچۆڵی پێویستمان بداتێ و، بەڵێنمان پێبدەن پشتیوانیی لە دامەزرانی دەوڵەتی کوردی دەکەن، ئێمە ترکە ڕەگەزپەرستەکان لە هەموو شارەکانی کوردستانی ترکیا ڕادەماڵین. لە ئەیالەتی مووسلیش

دەریاندەپەڕێنین. ئێمە بەڵێنتان پێدەدەین، شاری ''ئەنقەرە'' (ئانکارا) شتان بۆ دەگرین. لە بەشی کوردستانی ئێرانیش، هێزەکانی ئێران رادەماڵین و، شاری ''سنە'' ش لە دەستیان دەر دەهێنین....''.

(4*) – وشەی ''کەی'' نازناوێکی رەسەنی کوردیی رۆژهەڵاتە و، لە ئاڤێستا بە''کۆی'' هاتووە و، واتای ''میر و پاشا'' ی هەبووە. هەروەها لە ئاڤێستا نووسراوە ''کۆی'' نێوی هۆزێکە. وشەی ''کەی'' لەبنەڕەتدا لە وشەی ''کەیوەن'' ەوە وەرگیراوە، کە نێوی یەکێ لە حەوت ئەستێرەکەی دراوسێی زەوینە. لە عەرەبی ''زحل'' و لە ئینگلیزی نێوی ''***Saturn*** '' و لە زمانی فارسی نێوی''کیوان''ە. لە ئەفسانە و میتۆلۆژیای کۆندا ئاسمان حەوت نهۆمە و ئەستێرەی ''کەیوەن'' یان ***Saturn*** لە پلەی حەوتەم و لە سەرووی هەموویانەوەیە.

وشەی ''کۆی'' لە ئاڤێستاوە چووە نێو کۆمەڵگە و کۆشکی میرانەوە و بوو بە نازناوی ''پاشای پاشاکان''. وەک ''کەیکاوس''، کەیقوباد''، کەی لۆراسپ''، ''کاوس'' (برای کەیخۆسرەو). پاش چەن هەزارساڵێک وشەی کەی بووە بە 'کاک'' و، ''کاکە'' و. کابرا'' (کاورا) و ''کاکە برا''، ''کاکەوەیس''، ''کەیان''، ''کاکەیان''، ''کەیبانوو یان کەیوانوو.'' هەروەها بەشێ لە یارسانەکان و پێڕەوانی کۆنی ئاینی زەردەشتی لە باشوور بە ''کاکەیی''

نێودەبرێن. وشەی ''وەن'' بەمانای ''وەکیەک'' و ''وەکوو یەک''
ە، ئیمڕۆکەش لە کوردستان ئەم ناوە ماوە، وەک ناوی دوو هۆزی
گەورەی ''سکاوەن'' لە لۆڕستان کە فارس کردوویەتی بە
''سەگوەن''. هەروەها ناوی هۆزی ''هەمەوەن'' لە باشووری
کوردستان، یان هۆزی گەورەی ''کاکەوەن'' لە کرماشان و
لۆڕستان. بەشێکی ئەم هۆزە لەسەر ڕێباز و ئاینی هەزارنسالەی
خۆیان ماون و، بە پێرەوانی ئاینی ''یاری'' نێودەبرێن.

# سەرچاوە:

**1- پەرتۆکی ''مێژووی دەسەڵاتدارێتیی ئاینیی لەئێران'' لاپەڕە (186)، (نووسینی سیروان کاوسی). بۆ خوێندنەوەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، بڕوانە ماڵپەڕی ''کۆنگرە'' (www.kncsite.com )، و ماڵپەڕی ''ئەمڕۆ'' (www.emrro.com) ''کتێبخانەی یەک''.**

**2- پەرتۆکی ''کۆبەربەم'' (ژمارە 1) ''سمکۆی شکاک لەنێوان تانە و توانجی خوێندەواری خۆیی و، رق و بێزاریی داگیرکەرانی کوردستان''، نووسینی: سیروان کاوسی لاپەڕە (64).**

**3- هۆکارەکانی سەرەکیی راپەڕینەکان لەسەردەمی رەزاشا لە زمانی سەرکۆنسوولی بریتانیا (مانگی رەشەمەی ساڵی 2013 بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە).**

**4- پەرتۆکی ''لێکۆڵینەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هۆزی بوویەرئەحمەد لەنێوان سالانی 1925 بۆ 1963''، نووسینی: سەتار سەدری (بەزمانی فارسی).**

**5- ''ویکیپێدیا''، ''ژیاننامەی جافرقولیخانی بەختیاریی'' (بە زمانی فارسی).**

# کەمپینی بایکۆتکردنی
# هەموو جۆرە شتومەکێکی ترکی!

**20/10/2014**

**خوشک و برای هاوڕەگەز و هاوخوێنم، هاونیشتمانم!**

**ئەگەر بە ڕێگەی فڕۆکەی ترکیا دەگەڕێیتەوە کوردستان!**

**ئەگەر پیشەت بازرگانە، لەکۆمپانیای ترکی کەلوپەل دەکڕیت!**

**ئەگەر کوردی رۆژهەڵات، یان باشووریت و لە ئۆروپا دەژی و، لە ترکیا خانووت کڕیوە!**

**ئەگەر دانیشتووی ئۆروپایت و، بەرەو ترکیا دەچی، بۆ ئەوەی پشووی ساڵانەت لە ترکیا بەریتەسەر!**

**ئەگەر سیاسەتکار و دەسەڵاتداریت و لەگەڵ ترکیا رێککەوتننامەی چەندین و چەن ملیارد دۆلاریت هەیە!**

**ئەگەر لە باشووری کوردستان دەژی، شتومەکی ترکیا دەکڕی، چۆنکە بازاڕی نیشتمانتی داگیرکردووە!**

بۆ چرکەساتێکیش بووە، بیر بکەرەوە پەنا بەرە بەر ویژدانی خۆت، چارەنووسی خاک و نەتەوەکەت لەسایی ژێردەستیی داگیرکەرانەوە بهێنە بەرچاوت، ئەوجا دەزانی، ئەو پارەی لە گیرفانی تۆ و لە رێگەی تۆوە دەبێتە لیرەی ترکی، خزمەتی داهات و بووجەی رژێمێ دەکا کە شانبەشانی عەرەبی سوننە، بەوێنەی

سەردەمەکانی عەباسی و عوسمانی بڕیاریداوە خاک و نەتەوەکەت بە داگیرکراوی و کۆیلەتی بهێڵێتەوە.

هەزاران کوڕ و کچی جوان و نەونەمام و شۆڕەلاوی تازەپێگەیشتووی گەلەکەت کە هومێد و وەچی دواڕۆژی نیشتمانەکەتن، گیان و ژیان و داهاتووی خۆیان ناوەتە لاوە، چوونەتە بەرەکانی جەنگێکی گەورە و پیرۆزەوە، بەرگری لە جێنۆسایدی خاکی نیشتمان و گەلەکەت دەکەن. دەسا تۆش هەڵوێست بنوێنە، نەفرەت بکە لە هەرچی خۆشی و داهات و بەرژەوندییە، کە خزمەتی بەهێز بوونی داگیرکەری نیشتمانەکەت و، لەنێوچوونی گەلەکەت دەکات!

هەلێکی تاکهەڵکەوتووی زێڕین بە درێژایی مێژوومان سەریهەڵداوە، ئەم هەلەش بە خوێنی کچان و کوڕان و ژنان و پیاوانی گیانبەخشی گەلەکەمان لە **'کۆبانێ''** هاتووەتە بوون، ئێستا دنیای ئازاد و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پشتیوانمانە! بەهۆی پشتگیریی ئاشکرای ترکیا لەدڕندەکانی توندئاژۆی عەرەبی سوننە **(داعش)،** ناکۆکیی لەنێوان رژێمی ترکیا و رۆژاوا سەریهەڵداوە. ئەمریکا و رۆژاوا بەگشتی یارمەتی سەربازیی ئەو هێزە کوردییە جوان و بەهێزە دەدەن کە تاکوو دوێنێ لەبەر خاتری دلی رەگەزپەرستانی ترک، بە **''تێرۆریست''** دەدرایە قەلەم. لەمە هەلی باشتر بۆ کورد روونادا. دەسا تۆش بەکردەوە هەنگاو بنێ و لەم قۆناخە هەستیارەدا ببە پشتیوانی گەلەکەت. پشتگوێخستنی سوود و بەرژەوندیی کەسیی خۆت، حیزبەکەت یان بنەماڵەکەت، هەرچەندە بچووکیش بێت، رۆڵی هەیە لە

لاوازکردنی توانای ئابووریی دوژمنی نەتەوەکەت و، پێشخستنی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەت.

با خۆپێشاندانی جەماوەریی باشووری کوردستان بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ، هاوکات بێت لەگەڵ دروشم و کەمپین بۆ بایکۆتکردنی هەموو جۆرە شتومەکی ترکی. با داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، لە ڕوانگەی ستراتیژ و بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە بڕوانێتە هەر جۆرە پێوەندیی سیاسی و ئابووریی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان. هەموو بەشەکانی کوردستان و هەر بستێکی کوردستان، خاک و نیشتمانی هەزاران ساڵەی کوردن و، وەکیەک گرنگییان هەیە و، هیچ پارچە و بستێکی کوردستان نابێ بکرێتە قوربانی بەرژەوەندیی بەشێک و حیزبێک و لایەنێک.

**خوشک و برای هاوڕەگەز و هاوخوێنم، هاونیشتمانم!**

ئەگەر دەمانەوێ کۆتایی بەزنجیرە جێنۆسایدی گەلەکەمان بهێنن کە لەلایەن ترکانەوە سەدان ساڵە درێژەی هەیە! لەهەر بوار و رێگەیەکەوە دەتوانین پشتیوان و دڵسۆزێکی راستینەی رێبازی پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بین، لەژێر دەستی داگیرکەری ترک و، هەروەها داگیرکەرانی تەنگەتیلکە و رەگەزپەرستی فارس و عەرەب، کە بێگوێدانە هەموو یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤی و نێونەتەوەیی، دڕندەتر و گەورەتر لە رابردوو، سوورن لەسەر قڕکردنی نەتەوەی کورد و داگیرکردنی نیشتمانەکەمان!

# چەند دێڕێک لەبارەی ''ئاڵا''ی کوردستانەوە (1*)!

**سیروان کاوسی**
**9/12/2014**

یەکێ لەو خاڵە بنگەهین و سەرەکییانەی کە بەهۆی کەمتەرخەمی و لاوازیی بیری نەتەوەیی کورد خۆیەوە، تاکوو ئێستا لەسەری رێکنەکەوتووە، کێشەی **''ئاڵا''** یە. سەرەڕای خەباتێکی دوور و درێژی خوێناویی کە لە مێژووی نوێدا خۆی لە 140 ساڵ دەدات، هێشتا کورد خاوەنی ئاڵایەک نییە کە لای تێکڕای جەماوەری کوردستان و لای دنیای دەرەوەش هێما و پێناسەیەک بێت بۆ هەبوونی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ.

هۆی ئەم کورتی و ناتەواوییەش تەنیا بۆ حیزب و ڕێکخراوەی ئۆتۆنۆمیخواز و کۆمۆنیست و نانەتەوەیی ناگەڕێتەوە کە پتر لە



نیوسەدە خەبات و چارەنووسی سیاسیی کوردیان گرێدا بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر و، بۆ رازیکردنی دڵی داگیرکەران و



پارتە چەپەکانی باندەستی کورد، بە داتاشینی بیرۆکەی چەوت و ناقۆڵا کەوتنە دژایەتیکردنی یەکگرتنەوەی کورد و دەوڵەت و ئالا و، ناسنامەی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو ئەم کێشەیە مێژوویەکی کۆنتری هەیە و، هەر لە شۆرشەکەی **''شێخ عوبەیدوڵڵا شەمزینی'' یەوە** تا شۆرشی ئەیلوول بەسەرۆکایەتیی **مستەفا بارزانیی** نەمر کە بە دوا قۆناخی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد دەژمێردرێت، نەتەوەی کورد بە لانیکەمەوە زیاتر لە دە (10) شۆرش و بزووتنەوەی هەڵگیرساندووە، بەڵام جگە لە **حکوومەتەکەی شای کوردستان مەلیک مەحموود لە باشووری کوردستان کە لەساڵی 1919** دامەزرا، **''شۆرشی خۆیبوون'' (بەسەرۆکایەتیی ئێحساننووری پاشا)** لە 1930 بۆ 1933 لە

**باکووری کوردستان**، هەروەها کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی **پێشەوا قازی** لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئاڵای فەرمیی خۆیان هەبووە و، بە وێنە و نووسراوە گەیشتوونەتە ئەمڕۆ، لەبارەی ئەوانی دیکەوە هیچ ئەرشیف و نووسراوەیەکمان لە بەردەستدا نییە و، نازانین نەخشە و رەنگی ''ئاڵا''ی هەر یەکێ لەو شۆرشانە چۆن بووە؟ ئەوی دەیزانین زیاتر پشتبەستنە بە وتە و گێڕانەوەی ئەو کەسایەتی و نیشتمانپەروەرانەی کە دوای نەمانی شۆرشەکان، لەبارەی رەنگەکان و نەخشەی ئالاکانەوە دواون. بێگومان هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرتەسکی و تێنەگەیشتنی ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی کە لەو کات و سەردەمانەدا ژیاون، رووداو و بەسەرهات و گرێ و کۆسپی نێوخۆی و دەرەکی و ئالا و ئامانج و روانگەی بزووتنەوەکانیان بەراستی و دروستی تۆمار نەکردووە، کە وەچەکانی دوای خۆیان بتوانن سوودی لێ ببینن.

وەک ئاماژەم کردپێی، حکوومەتی **مەلیک مەحموود** خاوەنی ئالایەک بووە بەرەنگی سەوز لە نێوەراستیدا وێنەی مانگ کێشراوە، کە ئەمەش وەک زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامیی ئەوکات و ئێستا، لە ئاڵای ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە وەرگیرابوو. شۆرشەکەی **''خۆیبوون''** کە زۆر جاریش بە شۆرشی **''ئارارات''** نێودەبرێ و، بە یەکێ لە گەورەترین شۆرشەکان لەمێژووی کورد ئەژمار دەکرێت، نەخشەی **''ئالا''** کەی، هەر ئەو ئاڵای **''ئێران'' ی سەردەمی پاشایەتیی بوو** بەو جیاوازییەوە لە نەخشەی ئالای کۆمەڵەی خۆیبوون دا، هەتاو بەرەنگی زەرد و، لەنێو

هەتاوەکەشدا وێنەی دوو چیای **''ئاگری گەورە''** و **''ئاگری بچووک''** کێشرابوو.

ئەوجا کۆمەڵەی **''ژێکاف'' کە بە یەکەمین ڕێکخراوەی بە دیسیپلین و نهێنی و نەتەوەیی لەمێژووی سیاسیی کورد تۆمار کراوە و لە ساڵی 1942ی زایینیی سەرهەڵدا**، لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕی بە یەکگرتنەوەی کورد و کوردستان و کیانی کوردی بوو، بەڵام ئالای نەبوو، تەنیا لەسەر پەڕەی رۆژنامەی **''نیشتمان''**، وێنەی هەتاوی دەکێشا. دواتر لە ساڵی 1946ی زایینیی، **کۆماری کوردستان** لەسەر بناخەی هزریی **کۆمەڵەی ژێکاف** دامەزرا، بە فەرمیی بڕیاری لەسەر هەڵبژاردنی **''ئاڵا''** بۆ کۆمارەکەی کرد، کە نەخشەکەی بەمجۆرە بوو: **ڕەنگی سۆر لەسەرەوە، بە نیشانەی**



**شەهیدانی کوردستان، ڕەنگی سپی لە نێوەراست بە نیشانەی ئاشتی، لە نێوەڕاستی هێڵە سپییەکەدا دوو چەپکە گەنم وەک کەوان کێشراوە، بە کەتانی سۆر پێچراوەتەوە، کە نیشانەیە بۆ کشتوکاڵ و بەروبووی کوردستان، لەنێو کەوانەکەدا قەلەمیک**

**دانراوە کە ئاماژەیە بۆ خوێندەواری و زانست، لە ژێر قەڵەمەکەش وێنەی هەتاو کێشراوە واتای ئەوەیە خوێندەواری وەک هەتاو رۆناکیی بە ولات دەبەخشێت. لە خوارەوەش رەنگی سەوز بە نیشانەی ئاوەدانی و سروشتی جوانی کوردستان دانراوە. لۆگۆی نێو ئەم ئالایە، لەسەر راگەیەندراوە و نامە فەرمییەکانی سەرکۆمار و وەزارەتەکانی کۆمار دادەنرا.**

دوای رووخانی کۆماری کوردستان، کۆنگرەی دووەمی **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان** لەساڵی 1964بە سەرۆکایەتیی **ئەحمەد تۆفیق** لەژێر درۆشمی **''سەربەخۆیی بۆ کوردستان''** لە گوندی **''سوونێ''** لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، هەر ئەو ئالایەی



کۆمار لە کۆنگرەدا بەرزکرایەوە ببێ هیچ گۆڕانێک. لە کۆنگرەکانی دواتری حیزبدا، لە گەڵ لکاندنی نێوی ''ئێران'' بە پاشکۆی نێوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە، لۆگۆی نێو ئالای کۆماریش گۆڕدرا و، وێنەی هەتاوێکی گەش لەجێی دانرا.

ئەم ئالا تازەیە هەر لەسەرەتای هەشتاکانی زایینییەوە، لەلایەن نیشتمانپەروەران و ڕێکخراوەی نەتەوەیی و لە گۆڤار و ڕۆژنامە نەتەوەییەکان بەتایبەتیی لە دەرەوەی وڵات وەک ئالای کوردستان قەبووڵکرا. **پاسۆک** کە دوابەدوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول لەساڵی 1975 دامەزرا، **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی 1985 و پارتی سەربەخۆیی کوردستان** لە سەرەتای هەشتاکان لەدەرەوەی وڵات دامەزران، لەکۆنگرە و سەمینار و بۆنە نەتەوەییەکاندا ئەم ئالا تازەیان دادەنا. دوای ئەوەی ساڵی 1991 **''هەرێمی دژە فڕین''** لە بەشێکی باشووری کوردستان لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە دامەزرا، کەسایەتی نیشتمانپەروەر و خەمخۆری ناوداری کورد **مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو** لە سەمینار و دانیشتن و کۆڕی شیعری هەزاران کەسی و دیدارەکانی لە باشووری کوردستان، ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە تێگەیاندنی لایەنی سیاسی و جەماوەری کورد بەگشتی لە گرنگی و پێویستیی ئالا وەک ناسنامەی نەتەوەیی.

لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا کە ژمارەیەکیان لە باشوور دامەزروان، **یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان** لە پێش هەموویانەوە دوای دامەزرانی لەساڵی 1992، ئاڵای کوردستانی لەسەر بنکەی پێشمەرگەکانی هەڵدا و، بە دروشمی **سەربەخۆیی بۆ کوردستان** چالاکیی سیاسی و چەکداریی دەستپێکرد. ئەم حیزبە دواتر ناوەکەی گۆڕی بۆ **''پارتی ئازادیی کوردستان''**. ئێستا جگە لە حکوومەتی هەرێم، هەروەها تێکڕای حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور ئالای کوردستان لەسەر بنکە

و بارەگە و لە بۆنە و کۆنگرەکانیاندا هەڵدەدەن. نێزیک بە چارەکە سەدەیەکە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات هەڵکردنی ئالای کوردستان بووە بە نەرێتێکی نەتەوەیی و لە بۆنە نەتەوەییەکان بەتایبەتیی لە جێژنی **نەورۆز**، لە شار و لادێ، لە دەشت و داوێنی چیا و مێرگ و چیمەن، لە شایی و سەما و خۆشی و لەگەڵ خوێندنی سروودی **نەورۆز**، ئالای کوردستان بەسەردەستی کیژان و کوڕان و گەورە و بچووکی کوردەوارییەوە دەشەکێتەوە.

بەکورتی، نەتەوەییەکانی کورد لەهەر دوو بەشی باشوور و رۆژهەڵات و لە دەرەوەی وڵات، رۆڵی گەورەیانگێڕا لەوەی کە لای جەماوەری کوردستان و لە ئاستی دەرەوەش ئەم ئالایە، بە ئاڵای کوردستان بناسرێت. ڕێکەوتی 11/11/1999 **پەرلەمانی کوردستان** بەتێکرای دەنگ ئەم ئالا سێ رەنگەی وەک ئاڵای فەرمیی حکوومەتی هەرێم پەسندکرد. ئیستا ئەم ئاڵایە، نەک هەر لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیش، بەئاڵای کوردستان دەناسرێت.

ئەوی مابێ لێدوانیکی کورتی لەسەر بکەم، جێنەکەوتنی ئاڵای کوردستانە لە هەردوو بەشی باکوور و رۆژاڤای کوردستان. وەکدەزانین **پارتی کرێکارانی کوردستان**، لەو دوو بەشەی کوردستاندا پێگەیەکی جەماوەریی گەورە و بەهێزی هەیە. **پێ کێ کێ** لە ماوەی دامەزرانییەوە تاکوو ئەمڕۆ گەلێک داهێنانی گرنگی لە بواری ئابووریی سەربەخۆ، میدیا، شەڕی چەکداری و رێکخستنی جەماوەریی ئەنجامداوە. پیلانگێریی بەردەوامی سیاسی و چەکداری و دیپلۆماسی رژێمی ترکیای تووشی شکست

کردووە. بەرخۆدانی شەرڤانانی پێ کێ کێ لە **''کۆبانێ''**، لەم دوو مانگەی دواییدا، نێوبانگی ئازایەتی و ئازادیخوازی و بیری پێشکەوتنخوازانەی کوردی بە هەموو جیهاندا بڵاوکردەوە. پێ کێ کێ هاوکات لەگەڵ ئەم خزمەتە گەورە و بەرچاوانەی، هەروەها بە پەسندکردنی سروودی نەتەوەیی **''ئەی رەقیب''**، هەڵوێستێکی نەتەوەیی گەورەی نواند و بێ هیچ کێشەیەک سروودی ''ئەی رەقیب'' بوو بە سروودی نەتەوەیی لەسەرتاسەری کوردستان. ماوەتەوە سەر **''ئالا''** کە پێ کێ کێ لە پێناو یەکێتیی نەتەوەیی لەسەر ئەم خاڵە بنگەهینە نەتەوەییەش رێکبکەوێ و ئالای کوردستان پەسندبکات، بەمەش نەتەوەی کورد هەنگاوێک لەو ستراتیژە هاوبەشە نێزیکدەبێتەوە کە مەبەست لێی، رزگاریی یەکجارەکیی نیشتمان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سیکۆلار و مودێرنە لە سەرتاسەری کوردستان.

**هەر شەکاوەبێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**

**(1*) - ئەم وتارە لەسەر داوای رێزدار سیروان دەروێش بۆ رۆژنامەی ''خەبات'' (زمانڕەوشی پارتی دێمۆکراتی کوردستان) نووسراوە و، رێکەوتی 18/12/2014 لە ژمارە (4707) دا بڵاوکراوەتەوە!**

# ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان
# مافێکی ڕەوای گەلی کوردە

**وتووێژی ڕۆژنامەی خەبات (ئۆرگانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان)،**

**لەگەڵ سیروان کاوسی**

**سازدانی: ساسان دەروێش**

**17/2/2016**

**ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و درووستکردنی دەوڵەتی کوردستان، خەونی دێرینی تەواوی گەلی کوردستانە و لەو پێناوەشدا بە کۆی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد دەریایەك خوێنی لە کاروانی نەبڕاوی شەهیدانی کورد و کوردستانی پێشکەشکردووە و بەرای گشتی و شەقامی کوردیش پێیانوایە ئەمساڵ 2016 زۆر گونجاوە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان و جیابوونەوە لە عێراق کە هاوکاتە بۆ هەڵوەشاندنەوەی نەخشە درووستکراوەکانی داگیرکاران لە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، لەگەڵ ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییەی کە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان و زلهێزەکان بۆ پێشمەرگە و مانەوەی ئەزموونەکەی هەرێمی باشووری کوردستان لە ئارادایە. بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرە گرنگەی کە بۆتە بەشێك لە باسەکانی نێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردستان بەڕێز سیروان کاوسی رۆشنبیر و مێژوونووس و سیاسەتزانی کورد بەم شێوەیە بۆمان دوا:**

**سیروان کاوسی:** بۆ ناردنی بیروڕای خۆم لەبارەی پرسی ریفراندۆم بۆ کوردستان، بەڕێزت دەزانی ئەم هاوبیرەت لەگەڵ هاوبیران **جەمال نەبەز و �امیل ژیر و عەبدوڵڵا پەشێو** و سەدانی دیکە، دەیان ساڵە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشین، بەشبەحاڵی خۆم ژیانم لەسەر ئەو رێبازە پیرۆزە داناوە. لێ بەداخەوە لەم دۆخەی ئێستا کە برسێتی و بێنانی و هەژاریی بە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە و ناکۆکیی نێوخۆیی پتر لەهەر کاتێکی دیکە یەکێتیی نەتەوەیی تێکداوە و دەستی داگیرکەرانی هێناوەتە نێو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاسایش و ئابووریی حکوومەت و کۆمەڵگەی باشوورەوە، پێش هەر شتێك پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ و متمانە بگێڕدرێتەوە بۆ خەڵك، خۆتدەزانی خەڵك بە زۆریی متمانەیان لەدەستداوە. بە نەهێڵانی ئەم کێشەیەی ئێستا زەوینە خۆشدەکرێت بۆ هێنانەدی ئەو ئاواتە. بە دڵنیاییەوە ئەوکات خەڵك بەشدارییەکی کاریگەرتر دەکەن و ئەوکات وەك ئێستێ قسەی کەسانێکیش ناڕواتە پێش کە لەوانەیە لە پشتی وروژاندنی خەڵکەوە ئامانجی دیکەیان هەبێت! لەبەر ئەوە نووسین و لێدوان لەبارەی پرسی راپرسیی لە کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆز و شێواوەی ئێستا نەك هەر خزمەتی ئەو پرۆژە مەزن وپیرۆزە ناکات، بەڵکو لەلایەن ئەوانەشەوە کە ساڵانێکە دەتناسن، بە جۆرێکی دیکە لێت دەڕوانن. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، هیچ گەلێك مافی رەوای یاسایی و مرۆڤی و مێژووی و نەتەوەیی خۆی کە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆیە، ناخاتە دەنگەوە. بەڵکو زەوینە خۆشدەکات بۆ

راگەیاندنی. خۆزگە رێزدار کاك **مەسعوود بارزانیی**، کەسایەتییە نەتەوەیییەکانی لە باشوور و دەرەوە وەك **جەمال نەبەز و عەبدوڵڵا پەشێو و □وردستان مو□ریانی و دو□تۆر جەمال رەشید و □امیل ژیر و حە□یم □ا□ەوەیس** و... هیتد، بانگهێشت بکردایە و بۆ دەمژمێرێکیش بووە راوێژی لەگەڵ بکردایەتن. ئەمانە بە تایبەتیی **جەمال نەبەز** داڕێژەر و مێعمار و مامۆستای بیری زانستانەی کوردایەتیین، داواکردن لێیان بۆ بەشداریکردن لە پڕۆژەی رزگاریی کوردستان بە دڵنیاییەوە کارکردی زۆری دەبێ لە کۆکردنەوەی پشتیوانیی خەڵك لە نێوخۆی کوردستان و خستنەگەڕی دیپلۆماسییەکی پسپۆڕ و شارەزا و نیشتمانپەروەر لەدەرەوەی وڵات. لەبەر ئەوە لە کات و دەرفەتێکی گونجاوتردا لە خزمەتدا دەبم و ئێستێ با جارێ وازی لێ بێنن و بزانین سەرکردایەتیی کورد لە باشوور، ئایە پاش ئەم هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانییە، دەتوانن پێکەوە بکەونە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و سیاسی و دامەزراندنی حکوومەت و سوپا و ئاسایش و پەرلەمانێکی کارا و پسپۆڕ و نیشتمانپەروەر کە دەسەڵاتی حزبی بەسەرەوە نەبێت!؟

# وتووێژ لەبارەی پرسی رفراندۆم و، سەربەخۆیی کوردستانەوە!

**سازدانی: ساسان خەبات، رۆژنامەنووسی رۆژنامەی ''خەبات''  زمانڕەوشی پارتی دێمۆکراتی کوردستان!**

**ڕۆژ باش هاوبیر و مامۆستام کاکە سیروان، دنیایەک سوپاس دەکەم ڕێز و حورمەتم هەیە بۆتان ماندوونەبن، وێنە و نامەکەت گەیشت**

**ساسان خەبات – 7/8/2017**

**دەقی پرسیار و وەڵامەکان:**

**پ1/ دەوڵەتداری مافێکی سروشتی و ڕەوای هەموو نەتەوەیەکە بەکوردیشەوە ؟ بۆچی تائێستا کورد بێ بەشە لەو مافە!؟**

**سیروان کاوسی:** لەراستیدا هاسان نییە وەرامی ئەم پرسیارە بە چەن دێڕێ بدرێتەوە، چۆنکە گەر بمانەوێ لە هۆکارەکانی بە دەوڵەتنەبوونی کورد بدوێین، دەبێ لاپەڕەکانی سەتساڵی رابردووی پەیماننامەی سایکسبیکۆ و لۆزان و سیاسەتی دوو بلۆکی سەردەمی ''جەنگی سارد'' هەڵدەینەوە و دەبێ بگەڕێینەوە بۆ کاتی دابەشکردنی کیشوەری پانوبەرینی عوسمانلی لەلایەن وڵاتانی کۆلۆنیالیستییەوە، کە چۆن دەیان دەوڵەتی تازەیان لەسەر خاکی عوسمانلی دامەزراند، بەڵام

کوردستانیان پشتگوێخست. بە هۆی ئەو دابەشکردنە نامرۆڤانەوە گەلی کورد، هەزاران کارەساتی بەسەرهێنراوە و، سامان و کانزای بە تالان براوە. دابەشبوونی کوردستان هاوکات ڕێیخۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی لەجوارچێوەی سنووری دەولەتانی داگیرکەر و بە داتاشینی درۆشم و بەرنامەی چەوت و نانەتەوەیی، هۆکاربوون و هەن لە ڕەوایەتیدان و چەسپاندنی زیاتری سنوورەکانی دەستکردی داگیرکەران لە نێو مێشك و دڵی جەماوەری کوردستان. ئەم دوو هۆکارە دەرەکی و نێوخۆییە شەوت و کاریگەرییان داناوە بۆ ئەوەی کورد دوای سەت ساڵ بندەستی و هەڵکەوتنی چەن هەلێکی مێژوویی بۆی، نەتوانێ ببێت بە خاوەنی خاک و نیشتمان و ناسنامەی خۆی.

**پ2/ پێت وانییە لەدوای تێپەربوونی 100 ساڵ لە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ و هەڵوەشاندنەوەی، کورد مافی خۆیەتی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە؟**

**سیروان کاوسی**: دوای رووخانی مەملەکەتی سەربەخۆی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شای کوردستان **شێخ مەحموود** لە ساڵی 1923، چەن هەڵیک لە باشووری کوردستان هەڵکەوت بۆ کورد، یەکەمیان لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بوو، کاتێ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە **''هەرێمی دژەفڕین''** لە چەن ناوچەیەکی باشووری کوردستان دیاریکرا و کاتی سەرکۆمارێتیی **فرانسوا میتران** بوو کە داوای لە پارتی و یەکێتیی کرد کار بکەن بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و لەشکر و

سەرۆکایەتییەکی کوردستانیی! بەڵام نەیانکرد و لەکیس کوردیاندا. لەساڵی 2003 شدا دەرفەتێکی مێژوویی و زێڕینی دیکە سەریهەڵدا، کاتێ رژێمی بەعس ڕووخا، بەداخێکی گرانەوە ئەو هەلەش لەبار برا و لەباتی سەربەخۆیی کوردستان، حکوومەتی داڕووخاوی عێراقیان بۆ عەرەبی سوننە و شیعە دامەزراندەوە و کەوتنە دەستپانکردنەوە لێیان بۆ وەرگرتنی مووچە و بژێویی جەماوەری کوردستان. ئێستا دەبێ کورد وەک دواهەل بڕوانێتە ئەم راپرسییە و پێشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داگیرکەرانیشی بدات خەبات و قوربانیدانی بێئەژماری لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی بووە.

**پ3/ تاچەند پێویستە ناسنامەی دیاریکراوی خۆمان هەبێت وەک کورد لە ئەندام بوون لە نەتەوەیەکگرتوەکان ؟ چۆن بتوانین ئەو کارە بکەین!**

**سیروان کاوسی:** گرنگترین کارێ بۆ بەئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ بکرێ و تاکوو ئێستا دیار نییە کراوە یان نا؟ هەرێمی کوردستان لە گەڵ **UN** لە کۆبوونەوەی بەردەوامدا بێ و، داوایان لێبکات رێگە بدەن وەک فەلەستینییەکان، هەرێمی کوردستان نوێنەری چاودێری هەبێت لە **UN**. ئەوجا دەبووا لەماوەی ئەم چارەکە سەدەی رابردوو کاریانبکردایە بۆ سازکردنی لابیی لە ئەمریکا و پەرلەمانی ئۆروپا و سیاسەتکاری وڵاتانی دنیای دێمۆکرات بەگشتی، بۆ ئەوەی پێش راپرسی بەڵێن بە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بدەن، پشتیوانیی لە

راپرسیدەکەن و، لە ئەگەری سەرکەوتنی راپرسیی، پشتیوانیی لە دەنگی جەماوەری کوردستان بۆ سەربەخۆیی دەکەن. بوونی ئەم لابییەش بە کۆمیتەیەکی پسپۆڕ و کارا و شارەزای دیپلۆماسی دەکرێت کە لە کوردی باشوور و لە کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بن. بێ پشتیوانیی وڵاتانی دیمۆکرات و بێ بەشداریکردنی شاندی فەرمیی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر راسپرسییەک لە کوردستان بکرێت سەرکەوتوو بێ یان ناسەرکەوتوو، تەنیا رای جەماوەری کوردستان بۆ دەوروبەر و دنیا دەردەخا و زۆر ئەستەمە کورد بە ئامانج بگەیەنێ.

**پ4/ دەنگدان بۆ ڕیفڕاندۆم و سەربەخۆی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی وئەخلاقیە یان میزاجە؟**

**سیروان کاوسی**: لە وشەی میزاج تێنەگەیشتم و باشوابوو ئەو وشەیە بە کوردی بنووسرێت. دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەک هەر ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوەییە، بەڵکوو ئەنجامدانی ئەم راپرسییە تاقیکردنەوەیەکی مێژووییشە بۆ جەماوەری کوردستان، دوای سەتساڵ جێنۆساید و ماڵوێرانی و سووکایەتی و بێڕێزیی بێئەژمار و دەستدرێژی و تالانکاری و داگیرکاریی، چەن لە ئازادیی تێگەیوە؟ هاوکات تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و مێژوویشە بۆ سەرجەم سیاسەتکار و سەرۆکی حیزبەکانی کوردستان چەن باوەڕیان بەو درۆشم و بەرنامەی خۆیان هەیە لە سەردەمی رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسەوە تاکوو ئیمڕۆ بە گوێی نەتەوەی کوردیاندا داوە. بە کورتی قوربانیدان و

ماڵوێرانیی سەتساڵی رابردووی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان بەم راپرسییەوە بەندە. لەبەر ئەوە ئەرکی مێژوویی و نەتەوەیی و مرۆڤی هەر تاکیکی کوردە، لەم راپرسییەدا بەشداری بکا و، بە دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، پێشانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و داگیرکەرانی بدات گەلێکی هۆشیارە و شایانی ئازادییە.

**پ5/ ئایە ڕێگەی سیاسی هەرێمی باشووری کوردستان بەرەو ڕیفڕاندۆم بۆ سەربەخۆیی لەم هەلومەرجە و گەمەسیاسیەکاندا بەدروست دەزانێ؟**

**سیروان کاوسی:** ئەوی راستیبێ، دیاریکردنی کەمتر لە دوو مانگی دیکە بۆ راپرسیی، دڵەڕاوکێ و پەژارەی خستووەتە دڵی هەموو نیشتمانپەروەر و دڵسۆزیکی کوردستانەوە، چۆنکە بارودۆخێ نێوخۆی کوردستان بەهۆی ناکۆکیی حیزبایەتییەوە زۆر خراپە. **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بەشێکی گرنگی حکوومەت پێکدێنێ، بەهۆی ئاڵۆزیی نێوخۆیەوە سیاسەتی بانێک و چەن هەوا دەگێڕێ. گوێیەکی لە ئێران و گوێکەی تریشی نووساندووە بە دەمی گۆڕانەوە و زمانیشی لای راپرسییە**. ئەوجا بزووتنەوەی گۆڕان بانگەشەی گەندەڵی و قووتدانی سامانی خەڵکی رەشووڕووت و ناکۆکیی حیزبایەتیی، تێکەڵ بە مافی بڕیاری چارەنووسی نەتەوەی کورد کردووە، لە کاتێکدا دەبوو بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و رزگاریی کوردستان لە سەرووی کێشە نێوخۆییەکانەوە دانێت. پێ کێ کێ لەم دۆخە ناسک و

هەستیارەدا زیاتر لە داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو رێگەیەکەوە دژایەتیی هەرێمی کوردستان و راپرسیی دەکات، لەکاتێکدا چاوەڕوانیی ئەوەی لێدەکرا لەم دۆخە هەستیارەی باشووری کوردستان، لە باتی دژایەتیی ئاشکرای راپرسی و حکوومەتی هەرێم، لانیکەم بێدەنگبێ و تایبەتمەندیی ئەم بەشەی کوردستان لەبەرچاو بگرێت.

سەرەرای ئەم خالە لاوازانە، نەتەوەییەکان و نیشتمانپەروەرانی خاوەنئەزموون و پاگژ کە مێژووییەکی تەژی لە خزمەتیان هەیە و لە نێو رۆشنبیران و چینی خوێندەواری کوردەواریی بەگشتیی پێگەیەکی بەهێزیان هەیە، لە لایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە بۆ ئەم پرسە چارەنووسسازە پشتگوێخراون، لە کاتێکدا پێویست بوو سەرۆکایەتیی هەرێم پێشوەخت بیانبینێ و پرسوراوێژیان لە گەڵ بکا و، داوایان لێبکات لەم دۆخە هەستیارەدا رۆڵی خۆیان بگێڕن. میدیای سەرجەم حیزبەکان، دەبوو هەموو کاتێکی خۆیان تەرخانبکردایە بۆ ئەوەی جەماوەری کوردستان لە پێویستیی بەشداریکردن لەم پرسە مەزن و مێژووییەدا هۆشیار بکەنەوە. بەداخەوە جگە لە میدیای پارتی دێمۆکرات کە تاکلایەنە پڕۆپاگەندەی راپرسیدەکات، ئەوانی دی وەک ئەم پرسە ئەرکی ئەوان نەبێ، گرنگیی نادەنپێی. دەبوو لە هەموو شارەکانی باشوور و لە دەرەوەی وڵات خۆپێشاندانی جەماوەریی رێکبخرایە بۆ پشتیوانیی لە راپرسی و سەربەخۆیی. سەمینار و میتینگی گەورە و جەماوەریی بۆ بگیرایە. دەبوو سەرنجی دنیای دەرەوە رابکێشرێتە سەر پرسی رێفراندۆم لە کوردستان. دیمانە لە گەڵ

سیاسەتکار و دۆستانی کورد لە دەرەوە بکرێ و داوایان لێبکەن رۆژی رێفراندۆم لە کوردستان بن. بەداخەوە ئەمانە هیچی نەکراون و، وەک گوتم هەر ئەمانەشە بوونەتە هۆی دڵەڕاوکێ و ترسی دڵسۆزانی کورد. لە ئەگەری سەرنەکەوتنی راپرسیی، سەرۆکایەتیی هەرێم ناتوانێ سووچی سەرنەکەوتنەکە بخاتە ئەستۆی جەماوەری کوردستان و بەشدارینەکردنی هێندێ لایەنی سیاسیی کوردستانەوە. پرسی مێژوویی و گرنگی سەربەخۆیی ئەوڕۆکە کەوتووەتە سەرشانی بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێمەوە. لەبەر ئەوە هیواموایە بێ دوودڵی و بە دڵنیابوونی لەسەداسەد لە سەرکەوتنی رێفراندۆم، ئەو کات و رۆژەیان دیاری کردبێت. سەرنەکەوتنی راپرسیی، دەبێت بە گەورەترین کارەسات لە مێژووی کورددا. ئەمجارەیان کورد بەدەستی خۆی، ئەنفالی خۆیدەکا و، ئەمەش شەرمەزارییەکی گەورە دەبێ بۆ کورد دوای سەت ساڵ بندەستیی، هەلی بۆ هەڵکەوێ، لە ئازادیدا دەنگ بۆ کۆیلەکردنی خۆیبدات!

**پ6/ بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەرەشەی دەرەکی تاچ ڕادەیەک مەترسیە وئەگەر هەبێت چۆن خۆمانی لێ دەربازبکەین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەمان؟**

**سیروان کاوسی:** بە دڵنیاییەوە رژێمەکانی داگیرکەری ئێران و ترکیا لە ئێستاوە کەوتوونەتە هەوڵ و پیلانگێڕان بۆ ئەوەی راپرسییەکە سەرکەوتوو نەبێت. بێدەنگیی ئێستایان لەبەر ئەوەیە چاوەڕوانی ئەنجامی راپرسییەکە دەکەن. گەر راپرسیی دەنگی

زۆرینە بەدەستبێنێ، دەبێ چاوەڕوانی هەڕەشە و لەشکرکێشی و سنوورداخستن و گوشاری ئابووریی بۆ سەر باشووری کوردستان بین. لەبەر ئەوە پێویستە نێومالّی کورد یەکخرێ، جەماوەری کوردستان ئامادەبکرێ بۆ پاریزگاری لە سەربەخۆیی و خاک و کەرامەتی خۆی. هاوکات پشتیوانیی ئەمریکا و ئۆرووپا زۆر گرنگ و پێویستە و، لانیکەم پێش سالّێ هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەولّەتانی هاوپەیمانی شەڕی ''داعش'' رێککەوتبێ، دوای تەواوبوونی جەنگی داعش، رێز لە بڕیاری نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی بگرن و رێنەدەن جارێکیتر دانیشتووانی باشووری کوردستان بەرەوڕووی ئەنفال و داگیرکردن ببنەوە.

**پ7/ مادەی 140 لەدەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندایە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم تا چەند لە کۆتایی جەنگی تیرۆریستان دەتوانین پارێزگاریان لێ بکەین؟**

**سیروان کاوسی**: (مادەی 140) بۆ کاتبردنەسەر و خاپاندنی کورد بوو. لە سالّی 2003 وە ئەو مادەیە جێبەجێنەکرا و بەدڵنیاییەوە گەر شەڕی ''داعش'' روونەدابا، مادەی 140 سەت سالّی دیکەش جێبەجێ نەدەکرا. پێویستە پێشمەرگەی کوردستان پۆشتە و تەیارتر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێ لەبەرامبەر دڕندەکانی توندئاژۆی ئیسلامیی (داعش) بەرگری لە کوردستان بکا و لمۆزی هەر دوژمنێکی دیکە بشکێنێ لە دوای داعش بیەوێ چاوبڕێتە بستێکی خاکی کوردستان.

**پ8/ تاچەند ڕاستە چاودیرانی سیاسی دەڵێن کورد ئەم دەرفەتە لەدەست بدات کاتی تروقوربانی زیاتری دەوێت؟**

**سیروان کاوسی:** بەدڵنیاییەوە ئەمە راستە و لەدەستدانی ئەم دەرفەتە لە داهاتوودا نەک هەر دژوارتر و ئەستەمتر دەبیت، بەڵکوو تۆوی بێهیوایی لە سەرجەم بەشەکانی دیکەی کوردستان بڵاودەکاتەوە. بێهیوایی بەرامبەر چارەنووس و سەرکردەکانی و بەرامبەر بە دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆی و نیشتمانەکەی. بیری نەتەوەیی بۆ ماوەیەکی زۆر هەرەس دێنێ و، زەوینەیەکی لەبار بۆ داگیرکەران و بەکرێگیراوانیان دەڕەخسێنێ کار بکەن بۆ چەسپاندنی زیاتری فەرهەنگ و سیاسەتی داگیرکارانەیان لە کوردستان.

**پ9/ ئەوانەی گەمە بەسەربەخۆیی کوردستان دەکەن و بەڕەوای نازانن وناسنامەی نەتەوەی لە باخەڵیاندایە چۆنیان تێدەڕوانی؟**

**سیروان کاوسی**: ئەگەر مەبەست لەم پرسیارە داگیرکەرانی کوردستانە، ئەوا مافی خۆیانە و لە داگیرکەر هەر کردەوەی دزێو و نامرۆڤانە چاوەڕواندەکرێ، لێ ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کوردی وا هەبن دژی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بن، بێ هیچ دوودڵییەک دەچنە نێو بازنەی خۆفرۆش و نیشتمانفرۆشانی کوردستانەوە و، نابێ و ناکرێت وەک هاووڵاتیی کوردستانیی لە قەڵەم بدرێن.

**پ10/ لە دوای سەربەخۆیی و دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان پێتان وایە میکانیزم زۆربێ بۆ لێدانی گەندەڵی و هەروەها یەکخستنەوەی نێوماڵی کورد؟**

**سیروان کاوسی**: دوای گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پێویستە بناخەی حکوومەتێکی کوردستانیی سیکۆلار داڕێژرێ و ئەو حکوومەتە دەنگ و ڕەنگی هەموو تاکێکی کورد و کوردستانی و هەموو ئاین و ئاینزا و چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردەواریی بێت. لە حکوومەتێکی سیکۆلاردا دەسەڵاتی دەوڵەت و ئۆرگانەکان سنووردارە و، پەرلەمان سەرچاوەی دەسەلاتە و لە خەڵکەوە وەریدەگرێت. هەڵبژاردنی خولی پەرلەمانی هەر چەن ساڵ جارێک و، دەستاودەستکردنی دەسەلات و بوونی پەرلەمان و میدیای ئازاد و وەزارەتی داد وەک ئۆرگانێکی سەربەخۆ، ڕێ لەبەردەم گەندەڵی و دیکتاتۆری و بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی کەسی و حیزبیی دەگرێت.

**پ11/ دەوڵەتی کوردستان دەبێتە سیمبولی پێکەوەژیان کەهەمیشە لانکەی ژیانی نەتەوەوئاین و ئاینزاکان بووە؟**

**سیروان کاوسی**: وەک لە وەرامی پرسیاری سەرەوە ئاماژەم کردپێی، دامەزرانی حکوومەتێکی سیکۆلار لە کوردستان، دەستەبەری پێکەوەژیانی ئاین و هەموو پێکهاتەجیاوازەکان دەکا و مافی هەموو جیابیرانی سیاسی و حیزب و ڕێخکراوەی سیاسی و مەدەنی پارێزراو دەبێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، کوردستان لە دێرزەمانەوە تاکوو ئیمڕۆ لانکەی چەن ئاینێکی مرۆڤانەی وەک میترایزم و زەردەشتی و مانیزم و پاپەکیزم و یاری و ئێزدی بووە و، پێڕەوانی ئاینی مووسای و عێسای و ئاینزاکانی سەر بە ئیسلامی لێ ژیاوە و دەژی. لە گەڵ هاووڵاتیانی ناکوردی

وەک ترکمان و ئاسۆری و کلدان بێ هیچ کێشەیەک ژیاوە و دەژی. ئەمەش لە فەرهەنگی رەسەنی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت کە گەلێکی دەمارگرژ نییە و هێمن و ئاشتیخوازە و خاوەنی کەلتووریکێ مرۆڤانەی چەن هەزار ساڵەیە.

لێرەدا بە پێویستیدەزانم ئاماژە بکەم بە بەکارهێنانی بە هەڵەی وشەی **نەتەوە** بۆ **''ترکمان''** و هاووڵاتیانی ناکوردی دیکە لە باشووری کوردستان دەژین. زۆرجار لەلایەن بەشێ لە سەرکردەی حیزبەکان و کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمیشەوە ناوی **ترکمان و کلدان و ئاشوور و سریانی** بە نەتەوە دەبەن. ئەمە هەڵەیەکی سیاسیی گەورەیە و بێگومان لە نەشارەزایی سیاسیی ئەو بەڕێزانەوە سەرجاوە دەگرێ و نازانن خاڵێکی بنچینەیی ناوبردنی کۆمەڵەخەڵکێ بە **''نەتەوە''** ئەوەیە، ئەو خاکەی لەسەری دەژی، هی خۆیەتی. هەموو ئەو کەمایەتییە ناکوردانەی لە کوردستان دەژەین، هاووڵاتیی کوردستانن و خاک و نیشتمانەکەیان ناوی کوردستانە. هەروەک دوو ملیۆن کوردی دانیشتووی تاران و ئەڵمان و چوار ملیۆن کوردی ستانبول، هاووڵاتیی ئێرانی و ئەڵمانی و ترکیان. ترکمانیش لە ترکمەنستان نەتەوەیە نەک لە کوردستان! ناوهێنانی ئەو کەمینە هاووڵاتیانەی کوردستان بە نەتەوە و بوونی دوو ئیدارەیی لە کوردستان کارێکی وایکردووە ئیمڕۆ داوای هەڵدانی ئاڵایان دەکەن، بە دڵنیاییەوە سبەینێش لەسەر خاکی کوردستان داوای سەربەخۆیی دەکەن، تۆش ناتوانی رێیانلێبگری، چۆنکە خۆت ناوتناون **''نەتەوە!''**.

**پ12/ پێت وایە چەند کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەم مافەماندایە و بە ڕەوایی دەزانن کە بتوانن قەرەبووی هەمووزیانەکانمان بدەنەوە لە گوناحی چەندساڵەیان لە دابەشکردنمان؟**

**سیروان کاوسی**: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و سیاسیی خۆیان بە مافی رەوا دەزانن و، گوێنادەنە تاوانەکانی رابردوویان. کوردیش نابێ چاوەڕوانیی ئەوەیان لێبکات رۆژێ بێن و داوای لێبوردن بکەن لێی. یەکگرتوویی کورد و سۆربوونی کورد بۆ سەربەخۆیی، تاکەڕێگەیە دنیای دەرەوە حیسابی نەتەوە و مرۆڤمان بۆ بکەن و رێز لە بڕیارمان بگرن.

**پ13/ تاچەند ڕوا بە پێشوازیکردنی دەوڵەتانی جیهان بکەین بۆئەم پرسەمان کە هەمیشە لە ڕوانگەیی ئەوانەوە بۆ میللەتانی ژێردەست بە بەرژەوەندی کاریان کردوە نەک بەویژدان؟**

**سیروان کاوسی**: هەروەک بەڕێزیشت دەزانی لەکولتووری سیاسیی دەولەتاندا وشەی ''**ویژدان**'' و ''**برایەتی**'' و ''**هاوڕێتی**'' و ''**دوژمنایەتی**'' بوونی نییە، ئەوی بیری لێدەکەنەوە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی وڵات و نێشتمانەکەیانە، نەک شتی دیکە. یەکگرتووی و پێداگریی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و سیاسەتی ژیرانەی سەرۆکایەتیی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێوانە و مەرجن بۆ راکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتیی.

**پ14/ بۆچوونتان چییە لەبارەی ''جوولانەوەی نەخێر لەئێستادا بۆ راپرسی''. وەک ئاگادارن ئەم جووڵانەوەیە لە سلێمانی دامەزرا بۆ دژایەتیکردنی راپرسیی بۆ سەربەخۆیی کە بڕیارە لەڕۆژی 25ی سێپتەمبەری ئەمساڵ (2017) بەڕێوەچێت.**

**سیروان کاوسی**: بەدڵنیاییەوە دەستی ئێران لە پشتەوەی دامەزرانی ئەم جووڵانەوە نانەتەوەییەیە. دیارترینی ئەم پیلانگێڕییەی ئێران لەڕێگەی کەناڵی**NRT** و بەڕێوەبەرەکەی **شاسوار عەبدولواحیدەوە** بەڕێوەدەبرێت. ئامانجی ئەم جووڵانەوە ئەوەیە سەرنج و بیری خەڵک لە پرسی گرنگ و مێژوویی سەربەخۆیی کوردستان بگویزنەوە بۆ داوای نان و کار و مووچە. ئەگەرچی ئەم داوایانە پێویستیی ژیانی رۆژانەی هەر کۆمەڵگەیەکن، بەڵام سەرفرازی و سەربەخۆیی نەتەوەیەک و رزگاربوونی نیشتمانەکەی لەسەرووی هەموو داخوازییەکی دیکەوەیە. خەباتی بێوچان و قوربانیدانی بێئەژماری کوردیش هەر بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە هەڵگیرساون. بەداخەوە لەو کۆمیتەیەدا کەسانی خاوەنڕابردووی دڵپاکی وەک **''فەرهاد سەنگاوی''** شیان تێدایە کە فریودراون و نازانن چ دەستێکی گڵاو و پڕ مەترسیی لە پشتی ئەم بزووتنەوە نانەتەوەییەوەیە. پێویستە میدیای حکوومەتی هەرێم و میدیای ئەو حیزبانەی راستەوخۆ پشتیوانیی لە راپرسیی دەکەن، بێگوێدانە ناکۆکیی حیزبیی، هەوڵبدەن جەماوەری کوردستان لە گرنگیی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی هۆشیار بکەنەوە، بۆ ئەوەی بە ناهۆشیاریی نەکەونە داوی پیلانگێڕیی داگیرکەرانی کوردستانەوە.

**لە کۆتاییدا ملیۆنێ جار بەڵێ بۆ سەربەخۆیی!**

**بەڵێ بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و دێمۆکرات و سەربەخۆ!**

**هەر شەکاوەبیت ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

# هەڵوێستی ژمارەیەک لە
# هاوبیرانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانی
# کوردستان،
# لەبارەی راپرسیی باشووری کوردستان!

**هاونیشتمانیانی بەڕێز!**

خەبات و قوربانیدانی سەدساڵی رابردووی گەلەکەمان بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتیی پێیناوەتە قۆناخێکی گرنگ و چارەنووسسازەوە. گۆڕانکارییەکانی چارەکە سەدەی رابردووی رۆژهەڵاتی ناڤین، کوردستانی هێناوەتە سەر **''دوو ڕێیانی مان و نەمان''**. نەتەوەی کورد لەم دۆخە پڕ مەترسی و هەستیارەدا پێویستی بە تەبای و یەکڕێزیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم قۆناخە گرنگ و چارەنووسسازە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێ، زنجیری کۆیلەتی بپسێنێ و، ببێت بە خاوەنی نیشتمانی هەزارن ساڵەی تەژی لە کارەسات و قوربانیدان و ماڵوێرانیی.

ئەنجامدانی راپرسیی بۆ سەربەخۆیی، تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و مێژوویيە بۆ رۆشنبیران و چینی خوێندەوار و سەرجەم جەماوەری کوردستان، دوای لانیکەمی سەت ساڵ جێنۆسایدی نەتەوە و خاک و کانزا و مێژووی و بێڕێزیکردنی بێئەژمار و پێشلکردنی کەرامەتی، چەن لە ئازادی و رزگاریی تێگەیوە؟

ئەنجامدانی راپرسیی بۆ سەربەخۆیی، هاوکات تاقیکردنەوەیەکی مێژووییشە بۆ سەرۆکایەتیی سەرجەم

حیزبەکانی کوردستان، چەن ڕوایان بە درۆشم و بەرنامەی حیزبەکانیان هەیە، کە سالانێکی زۆر لەپێناو هاتنەدییان گەلی کوردیان کرد بەگژ داگیرکەرانی ڕرچەک و دڕندەی دا !

دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مێژوویی هەموو تاکێکی کوردە، لەسەروویانەوە هاوبیرانی نەتەوەیی کە ساڵانیکی زۆر تێکۆشین و لە سەختترین سالانی حیزبپەرستی و شەڕی براکوژی و پاوانخوازی و پارەپەرستی و شەڕی شار و ناوچەگەرێتیی تاکوو ئیمڕۆ کەسایەتیی خۆیان پاراست، بیری پیرۆزی رزگاریی کوردستانیان بە زیندوویی راگرت و هەزاران رۆڵەی کوردیان پێگەیاند. دەنگدان بۆ سەربەخۆیی، پشتیوانی و لایەنگریی لەچ تاک و حیزبێک نییە، هاوکات دەبێ پشتگیری و پەسنی هەرکەسێ بکرێت، جاڕی سەربەخۆیی دەدا و، ڕیاریداوە بندەستیی خۆی و نەتەوەکەی بە شوورەیی و تاوان بزانی!

لێرەدا سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە، دەنگدانی جەماوەری تینووی ئازادی و سەربەخۆیی، نەکەن بە قوربانی ساتوسەودای سیاسی و بازرگانی لە گەڵ بەغدا. چۆنکە ئەوکات نەک هەر متمانەی جەماوەر بۆ ئەم پرسە مەزن و پیرۆزە لە دەستدەدەن، بەڵکوو بەکارهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد بۆ هەر مەبەستێکتر جگە لەسەربەخۆیی، خزمەتکردنی ئاشکرایە بە داگیرکەران و بە تاوانی گەورەی مێژویی و مرۆڤی و نەتەوەیی لە قەلەمدەدرێت.

داوا لەو مرۆڤە دڵپاکانە دەکەین لە دەوری **''جوولانەوەی نا لە ئێستا بۆ سەربەخۆیی''** کۆبوونەتەوە، خەبات بۆ لەنێوبردنی گەندەڵیی، تەنیا لە کوردستانێکی سەربەخۆدا دەکرێ، نەک لە بندەستبوونی نەتەوە و داگیرکراویی نیشتمانەکەمان. خۆتان دوور بگرن لەو دەستە تێکدەرانەی لەلایەن رژێمەکانی داگیرکەری ترکیا و ئێران و عەرەبەهاودەستەکانی شیعەیان لە بەغدا، لە نێوتاندا بلاوکراونەتەوە. بە دڵنیاییەوە، دوای دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان، دەنگی ئێمە و هەموو رۆشنبیران و ملیۆنان جەماوەری زەحمەتکێش لە پاڵ دەنگتاندەبێت بۆ نەهێڵانی گەندەڵی و هێنانە سەرکاری دەوڵەتێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، کە تێیدا مرۆڤی کورد لەسەر خاکی خۆی هەست بە ئاسایش و سەربەرزی و ئازادی و خوشگوزەرانی بکات.

داوا لە **پارتی کرێکارانی کوردستان** دەکەین: ڕێز لە بڕیاری جەماوەری باشووری کوردستان، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ بگرێ و بە کردەوە، پشتیوانی سەرخستنی ئەم پرسە گرینگ و مێژووییە بێت.

لە کۆتاییدا داوا لە **حکوومەتی هەرێمی کوردستان** دەکەین، حەفتەیەک دیاریبکەن بۆ پشتیوانیکردنی راپرسیی لەلایەن جەماوەری کوردستان لە دەرەوە و لە نێوخۆی وڵات، بە رێخستنی خۆپێشاندانی سەرتاسەریی، داخوازیی رەوای گەلی کوردستان پێشکێشی نووسینگەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەرلەمانی ئۆرووپا، پەرلەمانی وڵاتانی ئەندام و نائەندام لە ئۆرووپا و کۆنگریسی ئەمریکا بکرێت.

**یەکگرتووییمان دەستەبەری سەرکەوتنماندەکات!**

**بەڵێ بۆ سەربەخۆیی!**

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی گەلی کوردستان لەپێناو دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و دێمۆکرات و سەربەخۆ!**

**25/8/2017**

.............

**واژۆ لەلایەن:**

**1-دوکتۆر حسێن خەلیقی، ستۆکهۆڵم/ سوید. 2- پارێزەر کامیل ژیر سلێمانی/باشووری کوردستان. 3- حەکیم کاکەوەیس کەرکووک/ باشووری کوردستان. 4- حەمەڕەشی هەرەس، سلێمانی/باشووری کوردستان. 5- کەریم رۆژ، سلێمانی/ باشووری کوردستان. 6- نیهاد سەراج لە سلیمانی. -7پشکۆ ئەمین بەرلین/ئەڵمانیا. 8- سیروان کاوسی، ئۆسلۆ/نۆروێژ. 9- کەمال غەریب، ئامستردام/هۆلاند 10. فەرهاد عەبدولحەمید سلێمانی/باشووری کوردستان. 11-سیروان ساڵح رەشید، سلێمانی/ باشووری کوردستان. 12- نادیە ئەحمەد سوران کۆلن/ئەلمانیا. 13-سمکۆ عەلی ئۆسلۆ/نۆروێژ. 14- بەختیار شەممەیی هۆڵەندا. 15- هەڵۆ بەرزنجی، بەرلین/ئەڵمانیا. 16نووری کەریم ولاتی ئەڵمانیا. 17- مەلا مەجید پاڵانی، لیلەسترۆم/ نۆروێژ 18- شاناز قورئانی کۆڵن/ئەڵمانیا. 19- یۆنس حەمەد، هەولێر/ باشووری کوردستان. 20- قەیس بلباس، ئۆسلۆ/ نۆروێژ. 21- شوان بەرزنجی، درامێن/ نۆروێژ. 22- محەمەد قورئانی، لەندەن/بریتانیا. 23 عیماد عەلی سلێمانی /باشووری کوردستان. 24 - نێعمەت کاوسی لەندەن/ کانادا. 25– ئیبراهیم جهانگیری کانادا. 26- عەبدوڵڵا حەدیسی، لەندەن/کانادا. 27-**

ئەیووب رەحمانی لە وڵاتی سویس. 28- نەریمان گۆمەیی کۆپێنهاگن/دانمارک. 29- کامەران ئەحمەد بەرلین/ ئەڵمانیا. 30- ئاری حەمە کەریم لەندەن/بەریتانیا. 31- فۆئاد حەمەمین سەراج، سلێمانی/ باشووری کوردستان. 32- بەختیار شابان بەرلین/ئەڵمانیا. 33- فریاد شێخ حسێن، سلێمانی/باشووری کوردستان. 34- کوردۆ محەمەد مەولوود ستۆکهۆڵم/سوید. 35- عومەر فارس/ وڵاتی هۆڵاند. 36- شوان ئاشنا سلێمانی/باشووری کوردستان. 37- ئارام عومەر رەشید بەرلین/ئەڵمانیا. 38- گۆران دەرگەزەنی بریتانیا. 39- هاوڕێ بەهاری ئۆسلۆ/ نۆروێژ. 40- رێبوار نەڵاسی ولاتی بلژیک. 41- ئەحمەد فەرەج محەممەد بەگی بابان شاری سلێمانی/ باشووری کوردستان. 42- فەرەیدوون قادر هانۆڤەر/ ئەڵمانیا. 43- توانا ئەحمەد سۆران شتۆتگارت/ ئەڵمانیا. 44- روودی چالاکیی ئۆسلۆ/نۆروێژ. 45- فەلاح شێخ رەوف لە سوید. 46- ئالان سیوەیلی شتوتگارت/ئەڵمانیا. 47- حسەین جاف سلێمانی/باشووری کوردستان. 48-عەلی شۆڤیل، سوید/ستۆکهۆلم. 49- دوکتۆر کاوە رەزا سلێمانی/باشووری کوردستان. 50- رەزا حەمە فەرەج، ئەڵمانیا/کۆلن. 51- عوسمان تۆفیق ئەلمانیا/بەرلین. 52- بێستوون ئازاد وڵاتی سوید /ستۆکهۆلم. 53- دڵشاد عەلی حەسەن ساندفیوورد/نۆروێژ. 54- دابان دڵشاد حەسەن، ساندفیوورد/نۆروێژ. 55- جەبار عومەر ئەڵمانیا. 56- شۆرش بەرزنجی لە ئەڵمانیا. 57- حەسیبە ئەمین، بەرلین/ ئەڵمانیا. 58- درەخشان ئەمین بەرلین/ئەڵمانیا. 59 -بەرزی پشکۆ بەرلین/ئەڵمانیا. 60- ساسان خەبات لە ولاتی هۆلاند. 61- لاس ئاری لە لەندەن بەریتانیا. 62- لەنیا ئاری لە لەندەن بەریتانیا. 63- ئاری ئەفراسیاو سلێمانی/ باشووری کوردستان. 64- ئاوات عەبدوللە ئەڵمانیا / بەرلین. 65- نەریمان

ئەحمەد ولاتی سوید. 66- خەبات جەمال رەفعەت ستۆکهۆڵم/ سوید. 67- زانا حسێن، بریتانیا/لەندەن. 68- ئەمین ئیسماعیل زادە لە ئەڵمانیا/بەرلین. 69- نادر تەوحیدی ئەلمانیا/ شتۆتگارت. 70- فەلاح کرێکار، سلێمانی/باشووری کوردستان. 71- بینای ئەمین، ئەلمانیا /بەرلین. 72- ئەمین وەیسی، ئۆسلۆ/نۆروێژ. 73- لانە شوان، یەنشۆپینگ/سوید. 74- دوکتۆر تاهیر حیکمەت، دۆسلدۆرف/ ئەڵمانیا. 75- دوکتۆر هۆگر مامۆستا لە زانستگەی سلێمانی. 76- شوان خوشناو مامۆستای زانستگە لە هەولیر. 77- سەی کەمال ئیبراهیم هەولێر/ باشووری کوردستان. 78- سۆران کوردی سلێمانی/باشووری کوردستان. 79- تامان شاکر هەولێر/ باشووری کوردستان. 80- ئەحمەد نەسرەدین رەسووڵ دەربەندیخان/ باشووری کوردستان. 81- بێلان نەوزاد ستۆکهۆڵم/ سوید. 82- ژووان نەوزاد ستۆکهۆڵم/سوید. 83- بڵند نەوزاد، ستۆکهۆڵم/سوید. 84- ئیلهام محەمەد سەعید ستۆکهۆڵم /سوید. 85- لەتیف رەوف مارف ستۆکهۆڵم/سوید. 86- لانە لەتیف ستۆکهۆڵم/سوید. 87- لەنجە لەتیف ستۆکهۆڵم/سوید. 88- خەسرەو قادر ئەمین ستۆکهۆڵم/سوید. 89- نەرمین محەممەد عەبدولرەحمان ستۆکهۆڵم/ سوید. 90- سالار قەرەداخی هولاند/ ئەمستردام. 91- بروسکە ئیبراهیم میونشین /ئەلمانیا. 92- شیلان نووری ئەحمەد ستۆکهۆڵم/ سوید 93- دوکتۆر کاوە رەزا سلێمانی/ باشووری کوردستان. 94- ئازاد عەلی نەجار لە وڵاتی نەمسا/95-نەوزاد عەلی نەجار لە وڵاتی نەمسا. 96- ئاسۆ عەلی نەجار لە وڵاتی نەمسا. 97- ئاری ئیبراهیم محەممەد نۆرنبێرگ/ ئەڵمانیا. 98- هونەر خەفاف ستۆکهۆڵم/سوید. 99 -فەرەیدوون حسێن ئەفەندی، ستۆکهۆڵم/سوید. 100-حەیدەر حەمە کەریم ساڵزبۆرگ/نەمسا. 101- فرمێسک مستەفا

شتۆتگارت/ئەڵمانیا. 102- ئەڤین کاکیی وڵاتی بەلجیک. 103- جوان عەلی شۆڤیل سوید/ ستۆکهۆلم. 104 - دلیر ئەنوەر بەریتانیا. 105- بژار چەلەبی هوڵاند. 106- دلشاد سەعید ئەمریکا. 107- کمال مەحموود، هولاند. 108-دکتور ئاریان حەسیب، ئەلمانیا/کۆلن. 109- گەرمیان عومەر ئەڵمانیا/دوسلدورف. 110- هەندرین عومەر ئەڵمانیا/دوسلدورف. 111-سیڤان عومەر، ئەڵمانیا /دوسلدورف. 112- شیرین سالەی ئەڵمانیا/ئیسین. 113-ناهید ساڵەی، ئەڵمانیا/ئیسین. 114- سیڤان ساڵەی، ئەلمانیا /ئیسین. 115- ئەڤین ساڵەی ئەڵمانیا /ئیسین. 116-عارف کەریم سوید/ستۆکهۆلم. 117- شارا کامیل ژێر سلیمانی/باشووری کوردستان. 118- شوان نووری کەریم لە ئەڵمانیا. 119-عەزیزە عومەر دەباغ لە ئەڵمانیا. 120-هەوراز سابیر لە ئەڵمانیا. 121-شێخ ئیلیاس لە ئەڵمانیا. 122- حەمە شوان لە ئەڵمانیا. 123-دانا محەمەد تاهیر لە ئەڵمانیا. 124- شیلان ئەحەڕەش لە ئەڵمانیا. 125- ئارۆ دانا لە ئەڵمانیا. 126- سۆران کاوسی، یۆتۆبۆرگ /سوید. 127- کاوە ئەمین سلێمانی/باشوری کوردستان. 128- کۆڕەو ئەحەڕەش لە ئەڵمانیا. 129- شنە نووری لە هۆلاند. 130- ئاڤان حەمە تاهیر لە ئەڵمانیا. 131-مەنسوور ئەمیری، ئۆسلۆ/نۆروێژ . 132-لەوەند رێکەوت، کۆڵن/ ئەڵمانیا. 133-حاجی ئەحمەد خونجە لە ولاتی هۆلاند. 134-نامۆ نووری، کۆڵن/ ئەڵمانیا. 135-بەختیار ئەنوەر شاری سلێمانی/باشووری کوردستان. 136-ئاوات محەممەد تەوفێق ئۆسلۆ/نۆروێژ. 137- سوهەیلا محەمەد ئەحمەد ئۆسلۆ/نۆروێژ. 138- بینایی رێکەوت کۆڵن/ ئەڵمانیا. 139-شاهۆ کاردۆخی سلێمانی/ باشووری کوردستان. 140- گۆڤەند تاهیر باشووری کوردستان/سلێمانی. 141- سەلاح عاجی تاهیر باشووری کوردستان سلێمانی. 142-کامەران رەوف حەمە باشووری

کوردستان /سلێمانی. **143**- قادر شکاک /سلێمانی. **144**- فەریق موحەمەد /سلێمانی. **145**-جەمال ئەشرەف قارەمانی /سلێمانی. **146**- شارا شالی باشووری کوردستان/سلێمانی. **147**- ئازاد شکاکی، باشوری کوردستان/سلێمانی. **148**-زیرەک حەمید سلێمانی/باشووری کوردستان. **149**- سەلاح رەزا سەعید، سلێمانی /باشووری کوردستان. **150**- محەمەد مەحوی، سلێمانی /باشووری کوردستان. **151**- مستەفا چوارتای، ئەلمانیا. **152**- بنار جەلال مەجید، ئەلمانیا /دوسلدۆرف. **153**- ڤانە عومەر، ئەڵمانیا/دوسلدۆرف. **154**- عومەر ئەحمەد رەنگینەی سلێمانی. **155**- جەمال سالح، سلێمانی/باشووری کوردستان. **156**- هیمن مەحمود، سلێمانی /باشووری کوردستان. **157**- ئەحمەد محەمەد ئابلاخی، سلێمانی /باشووری کوردستان. **158**- بورهانی مام خدر، سلێمانی/باشووری کوردستان. **159**- محەمەد ئیمام، سلێمانی. **160**- نەهرۆ هەینی، سلێمانی /باشووری کوردستان. **161**- نەهرۆ مستەفا سلێمانی /باشووری کوردستان. **162**- عەبدوڵا حەدیسی لەندەن/کانادا. **163**- سەلام قادر سلێمانی/باشوری کوردستان. **164**- دڵشاد ئەحمەد سلێمانی/باشووری کوردستان. **165**- تەها حسێن، سلێمانی. **166**- عومەر ئارام سلێمانی/باشووری کوردستان. **167**- سیڤەر کامەران، ئەڵمانیا/بەرلین. **168**- دەوەن هەلۆ محەمەد ئەڵمانیا. **169**- دێرین عەلی، ئەلمانیا /بەرلین. **170**- ئاوات عەبە سیتەکی، ئەڵمانیا /بەرلین. **171**- دەرون محەمەد بەرزنجی، ئەلمانیا/بەرلین. **172**- هیران ئەحمەد، ئەلمانیا/بەرلین. **173**- نەجات مەزهەر، ئەلمانیا. **174**- دیلان بەرزنجی، ئەلمانیا. **175**- بورهان مام قادر لە ئەڵمانیا. **176**- کەژاڵ کەلاری کەلار/ باشووری کوردستان. **177**- محەمەد پارسا شافعی، ئۆتاوا/کانادا. **178**- لاوەران ئاغا سیوەیلی، سلێمانی/باشووری کوردستان.

## پیرۆزباییینامه و، ئاماژەیەک بۆ دۆخی پڕ مەترسی و چارەنووسسازی دوای راپرسیی، لەلایەن ژمارەیەک لە هاوبیرانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانی کوردستانەوە!

**هاونیشتمانیانی قارەمان، گەلی خۆڕاگری کورد!**

**بەڕێزان، سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!**

سەرکەوتنی راپرسیی سەربەخۆیی باشووری نیشتمان، لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، لە جەماوەری هەموو بەشەکانی کوردستان، لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و، هەروەها لەهەموو هاوبیرانی نەتەوەیی پیرۆزبێت کە ساڵانی ساڵ بێگوێدانە بەرژەوەندیی خۆیان، سەرەڕای گیروگرۆی زۆری دەرەکی و نێوخۆیی، بیری پیرۆزی نەتەوەییان وەک گلێنەی چاو پاراست و پەرەیان پێدا.

دوای سەرکەوتنە مێژووییەکەی 2017/9/25 وەک چاوەڕوان دەکرا، رژێمەکانی رەگەزپەرست و داگیرکەر، بێگوێدانە رای جەماوەری کوردستان، بەردەوامن لە پێرەوکردنی سیاسەتی نکوولیکردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد و، بەتەمان وەک پیشەی سەت ساڵی رابردوویان، گەلەگورگئاسا بەرەو کوردستان هێرش بهێنن و، جارێکیتر باشووری کوردستان نوقمی خوێن و ئاگر و باروت بکەن.

دوای ڕێفراندۆم، قۆناخێکی تازە لە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد دەستپێکردووە. چارەنووسی خەباتی سەت ساڵی رابردووی گەلەکەمان، دەسەڵاتدارێتیی خۆیی و دەسکەوتەکانی چارەکە سەدەی رابردوو، بەم دۆخەی ئێستاوە گرێدراوە. گەر بێتوو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ژێر گوشار و هەڕەشە و چاوسۆرکردنی داگیرکەران، لە بڕیارە مێژووییەکەی باشووری کوردستان پاشگەزبێتەوە، ئەوا بەدەستی خۆیان بیری دەوڵەتی کوردی و بیری رزگاریی کوردستان بۆ هەمیشە لە گۆڕ دەنێن. لەبەر ئەوە داوا لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەروەک بڕیاری بوێرانەتاندا بۆ ئەنجامدانی راپرسی و، بە یەکگرتوویی پرۆسەکەتان سەرخست، هەر ئاواش چاوەڕوانی ئەوەتان لێدەکرێت، هەوڵی ڕێکخستنی زیاتری نێوماڵی کورد بدەن لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی بە هێزی پۆڵایینی پێشمەرگە و پشتیوانیی جەماوەری کوردستان، وەک رابردوو نەتوانن شکست بە کورد بهێنن. ئێوە پشتیوانیی رۆژهەڵاتی کوردستانتان بینی، کە چۆن بێ سڵکردنەوە لە رژێمی پەت و سێدارە، رژانە سەر شەقامی شارەکان و بە درۆشمی **''پیرۆزە، سەربەخۆیی پیرۆزە''**، هاودەنگی و هاوچارەنووسیی خۆیان لەگەڵ باشووری نیشتمان دەربریی. لە رۆژی ئیمڕۆدا، دەنگ و پشتیوانیی تێکرای جەماوەری کوردستانتان لە گەڵە. بەردەوام بن لە بڕیاری بوێرانە و سیاسەتی نەتەوەییتان و، مێژوویەکی پڕسەروەریی بۆ خۆتان و بۆ گەلەکەتان تۆمار بکەن. بە کورتی، هەلی زێڕین و تاکهەڵکەوتووی ساڵی 2003 ی کاتی

رووخانی رژێمی سەدام لەدەستچوو، پەژیوانیی ئێوەش چ سوودێکی نییە، گرنگ ئەوەیە ئەم دوا دەرفەتەی بۆ کورد ماوە، لە دەستینەدەن!

داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین بڕیار بدات لەسەر نووسینی دەستور و یاسای حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان و، داوا بکات لە یاساناسانی کورد لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو ئەرکە تەواو بکەن. لە بواری دیپلۆماسیی، کۆمیتەیەک لە شارەزایانی ئەو بوارە پێکبهێنرێ لە کورد و دۆستانی کورد، رووبکەنە کۆمەلەی نەتەوە یەکگرتووەکان و نێوەند و ئۆرگانەکانی سیاسیی نێودەوڵەتیی، هەروەها داوا لەو دەوڵەتانەش بکرێت پشتگیرییان لە ئەنجامی راپرسیی کوردستان کردووە، رێبدەن بەکردنەوەی باڵوێژخانەی کوردستان لە وڵاتەکانیان.

ئاشکرایە، هەر هێرش و پەلامارێک لەلایەن سوپای عێراقەوە لەدژی کورد ئەنجامبدرێ، بڕیار و فەرمانەکەی لەلایەن رژێمی کۆنەپەرست و داگیرکەری ئێرانەوەیە. لەبەر ئەوە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگ و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان، پێویستە سەرجەم حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزی پێشمەرگەیانەوە و لە ژێر فەرماندەیەتیی هاوبەش بەرەو رزگارکردنی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڕۆن و، هانی جەماوەری رۆژهەلاتی کوردستان بدرێت بۆ راپەڕینێکی سەرتاسەری و رامالینی داودەزگەی نگریسی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان.

بەرە و هاوپەیمانێتییەکی نەتەوەیی و کوردستانیی لە گەل پارتی کرێکارانی کوردستان پێکبهێنرێت، لە ئەگەری هێرشی سوپای ترک یان گوشاری ئابووریی بۆ سەر باشووری کوردستان، سنوورەکانی نێوان باشوور و رۆژاوا کراوەبن بۆ گەیاندنی هەرچەشنە یارمەتییەکی پێویست بە یەکدیی. بەرینترکردن و فراوانترکردنی هەرچی زیاتری بەرەکانی جەنگ لەدژی داگیرکەران، دنیای ئازاد ناچاردەکات بۆ رێگریکردن لە جێنۆسایدی کورد و، رێگریکردن لە تەشەنەسەندنی سیاسەتی داگیرکەرانەی رژێمی ئێران و ترک لە ناوچەکە، بەهانای کوردەوە بێن.

داوا دەکەین ئەو چەن کەسە نانەتەوەیی و نیشتمانفرۆشانە بەزووترین کات، لە دەسەڵات دوور بخرێنەوە کە لەسەر و بەندی راپرسیی گەلەکەیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی، خیانەتیان لە نەتەوە و نیشتمان کرد و، بە پیلانی رژێمی داگیرکەری ئێران، هەوڵیاندا راپرسیی لە کەرکووک ئەنجامنەدرێت. هێشتنەوەیان لە دەسەڵات جا بە هەر نێو و هۆیەک بێت، رێیان بۆ خۆشدەکات بەردەوامبن لە پیلانگێڕان و هاوکاریکردنی داگیرکەران و زیانگەیاندن بە ئامانج و بەژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد.

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد لەپێناو رزگاریی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**7/10/2017**

واژۆ لەلایەن:

**1-دوکتۆر حسێن خەلیقی ستۆکهۆڵم/سوید. 2-حەمەڕەشی هەرەس، سلێمانی/باشووری کوردستان. 3-ئەندازیار کەمال غەریب، ئامستردام/هۆلاند. 4-دوکتۆر محەممەد مەحوی، سلێمانی/باشووری کوردستان. 5-کەریم رۆژ سلێمانی/باشووری کوردستان. 6-حەسەن شافعی ئۆتاوا/کانادا. 7-دوکتۆر سیروان سالح رەشید مامۆستای زانستگە، سلێمانی/باشووری کوردستان. 8-سیروان کاوسی ئۆسلۆ /نۆروێژ. 9-هەڵۆ بەرزنجی، بەرلین/ئەڵمانیا. 10-فەرهاد عەبدولحەمید، سلێمانی/باشووری کوردستان. 11-نووری کەریم ولاتی ئەڵمانیا. 12-نادیە ئەحمەد سوران، کۆلن/ئەڵمانیا. 13-نەریمان گۆمەیی، کۆپێنهاگن/دانمارک. 14-بەختیار شەممەی هۆڵەندا. 15-عیماد عەلی سلێمانی/باشووری کوردستان. 16-مەلامەجید پاڵانی لیلەسترۆم /نۆروێژ. 17-سمکۆ عەلی ئۆسلۆ/نۆروێژ. 18-یۆنس حەمەد، هەولێر /باشووری کوردستان. 19-قەیس بلباس ئۆسلۆ/نۆروێژ. 20-دوکتۆر کاوە رەزا، سلێمانی/باشووری کوردستان. 21-محەممەد قورئانی لەندەن /بریتانیا. 22-دوکتور ئاریان حەسیب ئەڵمانیا/کۆلن. 23-کاوە فتووحی دانمارک. 24-شاناز قورئانی کۆڵن/ ئەڵمانیا. 25-ئیبراهیم جەهانگیری. 26-عەبدۆڵڵا حەدیسی لەندەن/کانادا. 27- ئەیووب رەحمانی لە وڵاتی سویس. 28-دوکتۆر هۆگر مامۆستا لە زانستگەی سلێمانی. 29-کامەران ئەحمەد بەرلین/ئەڵمانیا. 30-ئاری حەمە کەریم لەندەن/بەریتانیا. 31-فۆئاد حەمەمین سەراج، سلێمانی/باشووری کوردستان. 32- بەختیار شابان، بەرلین/ئەڵمانیا. 33- فریاد شێخ حسێن، سلێمانی/باشووری کوردستان. 34-کوردۆ محەممەد مەولوود ستۆکهۆڵم/سوید. 35-عومەر فارس، وڵاتی هۆڵاند. 36-شوان ئاشنا، سلێمانی/باشووری کوردستان. 37-ئارام عومەر رەشید بەرلین/ئەڵمانیا. 38-گۆران دەرگەزەنی، بریتانیا.**

39-ڕەزا شوان، بێرگن/ نۆروێژ. 40- ڕێبوار نەڵاسی لە ولاتی بلژیک. 41- ئەحمەد محەممەدبەگی بابان، سلێمانی/باشووری کوردستان. 42- فەرەیدوون قادر، هانۆڤەر/ئەڵمانیا. 43-توانا ئەحمەد سۆران، شتۆتگارت/ئەڵمانیا. 44-ڕوودی چالاکیی، ئۆسلۆ/نۆروێژ. 45- فەلاح شێخ ڕەوف لە وڵاتی سوید. 46- ئالان سیوەیلی، شتوتگارت/ئەڵمانیا. 47-حسێن جاف سلیمانی/باشووری کوردستان. 48-عەلی شۆڤیل سوید/ستۆکهۆلم. 49-نێعمەت کاوسی، لەندەن/کانادا. 50-ڕەزا حەمە فەرەج، ئەڵمانیا /کۆلن. 51-عوسمان تۆفیق ئەلمانیا/بەرلین. 52-بێستوون ئازاد سوید /ستۆکهۆلم. 53-دڵشاد عەلی حەسەن، ساندفیوورد/ نۆروێژ. 54- دابان دڵشاد حەسەن، ساندفیوورد/نۆروێژ. 55- جەبار عومەر، ئەڵمانیا. 56- شۆڕش بەرزنجی ئەڵمانیا. 57- حەسیبە ئەمین، بەرلین /ئەڵمانیا. 58-درەخشان ئەمین بەرلین/ئەڵمانیا. 59-بەرزی پشکۆ بەرلین/ئەڵمانیا. 60- ساسان خەبات لە ولاتی هۆلاند. 61-لاس ئاری، لەندەن/بەریتانیا. 62-لەنیا ئاری، لەندەن/بەریتانیا. 63-ئاری ئەفراسیاو، سلێمانی/باشووری کوردستان. 64- بەیان محەمەدی ئۆسلۆ/نۆروێژ. 65-ئاوات عەبدوللا، ئەلمانیا/بەرلین. 66- نەریمان ئەحمەد ولاتی سوید. 67- خەبات جەمال ڕەفعەت، ستۆکهۆڵم/سوید.

68- زانا حسێن بریتانیا/لەندەن. 69-ئەمین ئیسماعیل زادە ئەڵمانیا/بەرلین. 70-نادر تەوحیدی ئەلمانیا /شتوتگارت. 70-فەلاح کرێکار، سلێمانی/باشووری کوردستان. 71-ئەمین وەیسی، ئۆسلۆ/نۆروێژ. 72-لانە شوان شاری یەنشۆپینگ /سوید. 73-تامان شاکر، هەولێر/باشووری کوردستان. 74-مستەفا چوارتای، ئەلمانیا. 75-شوان خوشناو مامۆستای زانستگە لە هەولیر. 76-سەی کەمال ئیبراهیم، هەولێر/باشووری کوردستان. 77-سۆران کوردی سلێمانی /باشووری کوردستان. 78-نەرمین محەممەد عەبدولڕەحمان،

**ستۆکهۆڵم/سوید. 79- ئەحمەد نەسرەدین رەسووڵ، دەربەندیخان/ باشووری کوردستان. 80- بێلان نەوزاد، ستۆکهۆڵم/سوید. 81- ژووان نەوزاد ستۆکهۆڵم/سوید. 82-بڵند نەوزاد ستۆکهۆڵم/سوید. 83-ئیلهام محەممەد سەعید، ستۆکهۆڵم/سوید. 84-لەتیف رەوف مارف، ستۆکهۆڵم/سوید. 85- لانە لەتیف ستۆکهۆڵم /سوید. 86-لەنجە لەتیف ستۆکهۆڵم/سوید، 87-خەسرەو قادر ئەمین، ستۆکهۆڵم/سوید. 88- هونەرمەند عەلا سەلاحیان، وڵاتی ئۆتریش (ئاوستریا). 89-سالار قەرەداخی هولاند/ئەمستردام. 90-شیلان نووری ئەحمەد ستۆکهۆڵم/ سوید. 91-حسێن شافعی ئۆتاوا /کانادا. 92-ئازاد عەلی نەجار، نەمسا/ڤین. 93-نەوزاد عەلی نەجار، نەمسا. 94-ئاسۆ عەلی نەجار لە نەمسا. 95-ئاری ئیبراهیم محەممەد، نۆرنبێرگ/ئەڵمانیا. 96-هونەر خەفاف ستۆکهۆڵم/سوید. 97-فەرەیدوون حسێن ئەفەندی، ستۆکهۆڵم /سوید. 98-حەیدەر حەمە کەریم، ساڵزبۆرگ/نەمسا. 99-فرمێسک مستەفا، شتۆتگارت/ئەڵمانیا. 100-ئەڤین کاکیی لە وڵاتی بەلجیک. 101-جوان عەلی شۆڤیل، سوید/ستۆکهۆلم. 102-دلیر ئەنوەر بەریتانیا. 103-دلشاد سەعید ئەمریکا. 104- بینای ئەمین ئەلمانیا /بەرلین. 105- گەرمیان عومەر ئەڵمانیا/دوسلدورف. 106-هەندرێن عومەر ئەڵمانیا/دوسلدورف 107-سیڤان عومەر ئەڵمانیا/ دوسلدورف. 108- شیرین سالەی، ئەڵمانیا /ئیسین. 109- ناهید ساڵەی ئەڵمانیا /ئیسین. 110- سیڤان ساڵەی ئەڵمانیا/ئیسین. 111- ئەڤین ساڵەی ئەڵمانیا /ئیسین. 112- عارف کەریم سوید /ستۆکهۆلم. 113-شارا کامیل ژێر سلێمانی/باشووری کوردستان. 114-شوان نووری کەریم لە ئەڵمانیا. 115-عەزیزە عومەر دەباغ لە ئەڵمانیا. 116- هەوراز سابیر لە ئەڵمانیا. 117- شێخ ئیلیاس لە ئەڵمانیا. 118- حەمە شوان لە ئەڵمانیا. 119- دانا محەمەد تاهیر لە ئەڵمانیا. 120-شیلان ئەحەڕەش لە ئەڵمانیا. 121-ئارۆ**

**دانا له ئەڵمانیا. 122- کۆڕەو ئەحەڕەش له ئەڵمانیا. 123-شنە نووری له هۆڵاندا. 124-ئاڤان حەمە تاهیر له ئەڵمانیا. 125- بینایی ڕێکەوت، کۆڵن/ ئەڵمانیا. 126-لەوەند ڕێکەوت کۆڵن/ئەڵمانیا. 127- حاجی ئەحمەد خونجە له ولاتی هۆلاند. 128-نامۆ نووری کۆڵن/ئەڵمانیا. 129- بەختیار ئەنوەر، سلێمانی/باشووری کوردستان. 130-ئاوات محەممەد تەوفێق، ئۆسلۆ/نۆروێژ. 131-سوهەیلا محەممەد ئەحمەد، ئۆسلۆ /نۆروێژ. 132-مەنسوور ئەمیری، ئۆسلۆ /نۆروێژ. 133- شاهۆ کاردۆخی، سلێمانی/باشووری کوردستان. 134- گۆڤەند تاهیر، باشووری کوردستان/سلێمانی. 135-سەلاح حاجی تاهیر، باشووری کوردستان /سلێمانی. 136- کامەران ڕەوف حەمە، باشووری کوردستان/سلێمانی. 137- هەندازیار بروسکە ئیبراهیم میونشین /ئەلمانیا. 138- فەریق موحەممەد،،سلێمانی/باشووری کوردستان. 139- جەمال ئەشرەف قارەمانی/سلێمانی. 140-شارا شالی باشوری کوردستان/سلێمانی. 141-ئازاد شکاکی باشووری کوردستان/سلێمانی. 142-بەختیار شەفیق ئاغا، بەریتانیا/لەندەن. 143- زیرەک حەمید، سلێمانی/باشووری کوردستان. 144- سەلاح ڕەزا سەعید، سلێمانی /باشووری کوردستان. 145-محەمەد ئیمام، سلێمانی /باشووری کوردستان. 146-نیهاد سەراج، سلێمانی. 147-ئارێز داراپوور، هانۆڤەر /ئەڵمانیا. 148-بنار جەلال مەجید، ئەلمانیا/ دوسلدۆرف. 150-ڤانە عومەر ئەڵمانیا/دوسلدۆرف. 151-عومەر ئەحمەد ڕەنگینەی، سلێمانی /باشووری کوردستان. 152- جەمال سالح، سلێمانی/باشووری کوردستان. 153- هیمن مەحموود، سلێمانی /باشووری کوردستان. 154- ئەحمەد محەمەد، ئابلاخی، سلێمانی /باشووری کوردستان. 155-کاوە ئەمین، سلێمانی/باشووری کوردستان. 156-لاوەران ئاغا سیوەیلی سلێمانی/باشووری کوردستان. 157-نەهرۆ هەینی سلێمانی /باشووری کوردستان. 158-نەهرۆ مستەفا**

سلێمانی /باشووری کوردستان. 159-نزار مستەفا سلێمانی/باشووری کوردستان. 160-بورهانی مام خدر سلێمانی/باشووری کوردستان. 161-سەلام قادر، سلێمانی/باشووری کوردستان. 162-کەمال مەحموود، هولاند. 163-دڵشاد ئەحمەد، سلێمانی/باشووری کوردستان. 164-تەها حسێن، سلێمانی/باشووری کوردستان. 165- عومەر ئارام، سلێمانی /باشووری کوردستان. 166-کەژاڵ کەلاری، کەلار/باشووری کوردستان. 167- دیلان بەرزنجی، ئەڵمانیا/بەرلین. 168-رەحمان ئەمینی، لەندەن /کانادا. 169-نەجات مەزهەر، ئەلمانیا/ئیسن. 170-سیڤەر کامەران، ئەڵمانیا/بەرلین. 171-دەوەن هەلۆ محەمەد ئەڵمانیا /بەرلین. 172-دێرین عەلی ئەلمانیا/بەرلین. 173-ئاوات عەبدوللە سیتەکی، ئەلمانیا/بەرلین. 174-دەرون محەمەد بەرزنجی، ئەلمانیا /بەرلین. 175-هیران ئەحمەد، ئەلمانیا/بەرلین. 176-هاوڕێ بەهاری ئۆسلۆ/نۆرویژ. 177-محەممەد پارسا شافعی. 178-قادر شکاک، سلێمانی/باشووری کوردستان. 179-سۆران کاوسی، یەنشۆپینگ /سوید. 180- بێلان شوان، یەنشۆپینگ /سوید. 181-ژووان سەبری سلێمانی/باشووری کوردستان. 182-ئازاد ئاران، ڤییەننا/ ئاوستریا. 183-عەدنان بەکر هەولێر/باشووری کوردستان. 184-ئاسۆ سەید، ئۆسلۆ/نۆرویژ. 185-کەمال حەسەن، سلێمانی/باشووری کوردستان. 186-کوردم ئاوارە سیدنی/ئۆستەرالیا. 187-بەختیار بیارە سلێمانی /باشووری کوردستان. 188-ئەحمەد عارف پاریزگەی ڤیرجینیا /ئەمریکا. 189-ئەنوەر خراجیانی ئەمین،ماڵمۆ/سوید. 190-کوردی کوردستانی /سلێمانی. 191-یەحیا بەرزنجی هەولێر/باشووری کوردستان. 192-هەوار عومەر هەولێر/باشووری کوردستان. 193-خەسرەو بەرواری، سلێمانی/باشووری کوردستان. 194-عومەر شەفەق سلێمانی /باشووری کوردستان. 195- لالە پشتیوان، سلێمانی/باشووری کوردستان. 196- جەمال سوورچی، هەولێر

/باشووری کوردستان. 197-نەوزاد ساڵح، سلێمانی/باشووری کوردستان. 198-شەهلا عەزیز، سلێمانی/باشووری کوردستان. 199-ئاری عوسمان، سلێمانی/باشووری کوردستان. 200-رووناک ئەحمەد، سلێمانی /باشووری کوردستان. 201-ئازاد گەرمیانی سلێمانی/باشووری کوردستان. 202-عەلی رەشید، سلێمانی/باشووری کوردستان. 203-هۆرامی شادمان، سلێمانی /باشووری کوردستان. 204- رێبوار تۆفیق، لەندەن/بریتانیا. شیلان. 205- رەزانووری، ستۆکهۆڵم/سوید. 206-بڵند ناوراس هەولێر /باشووری کوردستان. 207-هیمداد عەلی هەولێر /باشووری کوردستان. 208-جوان عەلی ستۆکهۆڵم/سوید. 209-سەروەر ئامبەر، هەولێر /باشووری کوردستان. 210-رزگار عەلی شۆڤڵ ستۆکهۆڵم/سوید. 211-نیشتا ئەحمەد، سلێمانی/باشووری کوردستان. 212-یاسین حەسەن، هۆڵستێن/ئاڵمان. 213-سەیران کەرەم کەریم، هەولێر/ باشووری کوردستان. 214-چۆمان حەمە تاقییەلدین، باشووری کوردستان. 215-بەختیار مەولانا لەندەن/بریتانیا. 216-رێبوار نووری رەشید سلێمانی/باشووری کوردستان. 217-دلێر کەریم عەلۆ هەولێر /باشووری کوردستان. 218-باست رۆستەم، هەولێر/باشووری کوردستان. 219-هیوا حسێن سلێمانی/باشووری کوردستان. 220-موراد مەنتک، هەولێر/باشووری کوردستان. 221-هونەر جەمال، سلێمانی/باشووری کوردستان. 222- سەرکەوت رەسووڵ، هەولێر /باشووری کوردستان. 223-بڵند تۆفیق فەرەیدوون، ئۆسلۆ/نۆروێژ. 224-فەخرەدین گەرمیانی، ئادەلایدە/باشووری ئۆستەرالیا. 225-دڵنیا شێخ جەمال هەڵەبجە/باشووری کوردستان. 226-بەختیار ئەنوەر، سلێمانی/باشووری کوردستان. 227-رەفیق سابوونچی، سلێمانی /باشووری کوردستان. 228-ئاڤان نەلیە، سلێمانی/باشووری کوردستان. 229- ئاوارە کورد، سلێمانی/باشووری کوردستان. 230-دەوەن مارووف،

**سلێمانی/باشووری کوردستان. 231- هاوسەر ئەحمەد، سلێمانی /باشووری کوردستان. 232-سەمیر م. تاهیر، ئاکرێ/باشووری کوردستان. 233- سەلاح کەرکووکی، هەولێر/ باشووری کوردستان. 234-بژار چەڵەبی لە هۆڵاند.**

**تێبینیی!**

**سوپاس و ڕێز بۆ هاوبیرانی هێژا، کاک حەمەڕەشی هەرەس، کاک هەڵۆ بەرزنجی و کاک پشکۆ ئەمین، لە کۆکردنەوەی ناو و واژۆی نیشتمانپەروەراندا ماندوو بوون و یارمەتیمیاندا.**

# چەن وشەیەک لەبارەی نیشتمانفرۆشان و، دۆخی ئێستا!

**ڕێکەوتی: 29.10.2017**

لە ماوەی سەدساڵی رابردوو کە بە قۆناخی تازەی خەباتی رزگاریخوازیی کورد ئەژمار دەکرێت، **تاوان و خیانەتی نیشتمانی بە چەشنی کارەساتی رۆژی 16ی ئوکتوبەری 2017 ڕوویەنەداوە.** لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە هەموو بزاڤ و شۆرش و کردەوە و هەڵوێستی سەرۆکایەتی کورد لە ماوەی سەت ساڵی رابردوو، دوور بووە لەهەڵە و خیانەت. بەدڵنیاییەوە ئەگەر ڕابردوویەکی خاوێن و نەتەوەییمان هەبوایە، دوای سەت ساڵ ماڵوێرانی و قوربانیدان تووشی ئەم ڕۆژە ڕەش و دڵتەزێنە نەدەبووین کە، چەند دەعبایەکی بەناو کورد، بێئاگاداری سەرکردەیەتیی حیزبەکەیان و خەلکی کوردستان پلانداڕێژن بۆ رادەستکردنی شاری **کەرکووک** و چەندین شار و شارۆچکە و نێوچە و کانزا و سامانی کوردستان بەداگیرکەرانی ئێران و عێراق.

**خەڵکی بەڕێزی سلێمانی!**

ئێوە مێژوویەکی پر لە سەروەریتان هەیە و، داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژووی سلێمانی، نەیانتوانی چۆکتان پێ دابدەن. ئەمڕۆکە وا رژێمەکانی داگیرکەری ئێران و عێراق بە هاوکاریی چەن خۆفرۆشێکی پارەپەرست، شارەکەیان لێ داگیرکردوون. ئەو بنەماڵە خۆفرۆش و نیشتمانفرۆشە ناوبانگ و کەسایەتی مام جەلالیان بەکار هێنا بۆ هەرزانفرۆشکردنی

کوردستان. پێویستە دەسەڵاتیان بنبڕبکەن و ڕۆحی جەلال تاڵەبانی و هەموو شەهیدان دڵخۆش بکەن. بەردەوام بن لە درێژەدان بە مێژووی پڕ لە سەروەریتان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

**لێرەدا با لە گۆڕیشدا بێت، " جەماوەری کوردستان با بچنە سەر گۆڕی مام جەلال و پرسن لێی: "دەیان ساڵ ڕۆلەی قارەمانی ئەم نیشتمانەت هاندا سینگی خۆیان بکەن بە قەلخانی بەرگری لە نیشتمانەکەیان، بۆچی نەتتوانی هاوسەر ومندالەکانی خۆت بەو دروشم و وتانەت پەروەردە بکەیت کە هەفتەیەک پاش کۆچی دواییت نیشتمانەکەت نەفرۆشن!؟''..**

خیانەتی بنەماڵەی تاڵەبانی و نیشتمانفرۆشانی دیکەی هاوبەشیان هاوکاتبوو لەگەڵ ئەنجامدانی سەرکەوتووانەی راپرسیی سەربەخۆیی کوردستان. دوای 100 ساڵ دەرفەتێک ڕەخسا بۆ کورد کە لە ئازادیدا دەنگ بۆ سەربەخۆیی و ئازادی خۆی بدات. هیوایەکی بۆ پەیدا بوو، هەست و باوەڕ بەخۆبوون و متمانە بەخۆکردنی تێدا بووژایەوە. هەموو بەشەکانی کوردستان سەرکەوتنی باشووریان بە سەرکەوتنی خۆیانزانی. راست لەم کاتە پڕ لە هیوا و هومێدەدا، کوڕە گەورەکەی تاڵەبانی و دایکی و خزمانی، دەیان هەزار هێزی چەکداری داگیرکەرانیان رژاندە کوردستانەوە، شان بەشانی داگیرکەران جێژنی داگیرکردنەوەی کوردستانیان گێرا.

کۆچووڕەو و شینگێران و ئەنفالی خاک و نەتەوە ئەمجارەیان بەدەستی کورد خۆی، دڵی هەموو کوردستانییەکی هەژاند.

شەپۆلی ناهومێدی باڵی بە سەرتاسەری کوردستاندا کێشا. دەرفەت ڕەخسا بۆ زوڕناژەن و هەلپەرستان و بەکرێگیراوانی داگیرکەر، تا لە دژی سەربەخۆیی و ئاواتی پیرۆزی نەتەوەیەک، دەست بکەن بە گاڵتە و سووکایەتیکردن.

ئەوی ئێستا رژیمەکانی ئێران و عێراق لە باشوور دەیکەن لە نێوبردنی هەرێمی کوردستان و هێنانە سەرکاری سەرۆکایەتییەکی بە کرێگیراوە لە سلێمانی. ترکیاش بە تەمایە لایەنی پارتی وابەستەی سیاسی و ئابووری خۆی بکات. لەبەر ئەوە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ هێشتنەوەی ورە و باوەڕ و متمانەی نەتەوەی کورد و بەردەوام بێت لە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان. تەنیا بە ورەی بەرز و پێڕەوکردنی پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان دەتوانرێت ئەم دۆخە مەترسیدارە پووچەڵ کرێتەوە.

سەرکەوتن بەسەر ئەم دۆخە ئاڵۆز و مەترسیدارە، بە ئازایەتی و بوێری و باوەڕی نەتەوەیی سەرۆکایەتی هەرێم و کاک مەسعوود بارزانییەوە بەستراوە. کاک مەسعوود ڕۆژێک پێش **ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان** لە **هەولێر** گوتی: **"ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ دواوە!".** چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەین لە بەڵێنەکەی پاشگەز نەبێتەوە. بەڵێن بداتەوە بە جەماوەری کوردستان بەردەوامە لەسەر ئاوات و ئامانجە نەتەوەییەکانی و لەژێر هیچ گوشار و بارودۆخێکدا لانادا لێی.

لێرەدا دەنگۆی وازهێنانی کاک مەسعوود بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێم، نەک هەر چارەسەر نییە، بەڵکوو ئاڵۆزی و

پشێوی زیاتر لە نێو نیشتمانپەروەران و جەماوەری کوردستان و پێشمەرگەدا دروستدەکات. چۆنکە لای جەماوەری کوردستان بە هێما و سونبولی یەکێتیی نەتەوەیی و پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەناسرێت. لە ئاستی دەرەوەش وەک نوێنەر و گوتەبێژی پرسی کورد ناسراوە.

لە کۆتاییدا، با ئەو دەستە خۆفرۆش و نیشتمانفرۆشانە دڵنیابن، تەمەنی نگریسی خۆیان و **"ئاغاکانیان"،** زۆر کورتتر لەوەیە کە خەونی پێوەدەبینن و لەوە زیاتر شەرمەزار دەبن کە هەن.

**سەرکەوتن هەر بۆ نەتەوەی کورد و بنەماڵەی شەهیدان و ڕۆڵەکانی دڵسۆزی کوردستان دەبێت.**

## وتووێژی گۆڤاری

## Politeiajornal, zhmaray 2

## Behari 2019

**لەگەڵ: سیروان کاوسی**

**1- کاک سیروان کاوسی تکایە ئەگەر بەکورتی ژیانی خۆتان بۆ خوێنەرانی گۆڤاری پۆلیتیا باس بکەن.**

***- وەرامی پرسیاری (1):** لەسەر داوای بەڕێزتان، 64 ساڵ سەربردە و بیرەوەریی تەمەنم لەم چەن دێڕەی خوارەوە پێشکێشی خوێنەرەوەی هێژای گۆڤارەکەتان دەکەم. کورتەی ژیانم بەم چەشنە بووە: لە مانگی رەزبەری ساڵی 1954ی زایینیی لەشاری **سنە** و لە گەڕەکی **قەتارچییان** لە بنەماڵەیەکی پڕ حەشیمەت، هاتوومەتە دنیا. پێنج برا و سێ خوشکم هەیە. باوکم سنەیی و دایکیشم خەڵکی گوندی **''دێرمۆڵی''** سەر بە ژاوەرۆ و هەورامانە و، پاڵیداوە بە چیای سەرکێش و جوان و رازاوەی **''عەوالان''** ەوە. لەتەمەنی (7) ساڵیمەوە مالەکەمان باری کرد و لە **سنە**وە چووین بۆ **سەقز**. خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و دواناوەندین لە **سنە و سەقز و کرماشان** تەواو کردووە.

ساڵانی مێردمنداڵیم واتە شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بەهۆی شۆرشی ئەیلوولەوە، کەش و هەستێکی کوردایەتیی لە شار و گوندەکانی رۆژهەڵات سەریهەڵدابوو.

زۆربەی خەلک پاشنیوەڕوان گوێیان لە رادیۆی دەنگی شۆرش دەگرت. لە بیرمە وێنەی **مەلامستەفا و خوشکە لەیلاقاسم** بە دیواری جەن دووکانێکەوە بوو. رۆژێکیان لە دەرەوەی قوتابخانەکەمان کابرایەکی کورتەباڵام بینی رانکوچۆخەیەکی جوانی لە بەردابوو، ریشی ساف تاشیبوو، دەمانچەیەکی دابوو لەبەری پشتوێنەکەی. جامانەیەکی رەش و سپی بەسەرەوە بوو. گوتیان ناوی **''کوێخاشەریف''**ە، هاوڕێکانی خۆی خستووەتە داوی ئەمنیەوە، هەموویان کوژراون، حکوومەتیش پاداشی کردووە. خەڵکی قسەی خراپ و جنێویان دەدا پێی. ئەمە باسی سەردەمی بزووتنەوە جەکدارییەکەی **سلێمانی موعەینی و شەریفزادە و مەلا ئاوارە** و هاوڕێیانییەتی، کە زۆربەیان تێداچوون. رژێمی شا بۆ رێگرتن لە بەرزبوونەوەی هەستی کوردایەتی و ترساندنی خەڵک، دەستیکرد بە لەسێدارەدانی ئاشکرای پێشمەرگەی رۆژهەلات. **رۆژێکیان تەرمی سمایلی شەریفزادەم بینی بە گوریس پێچابوویانەوە لەپێشی زرێپۆشێکیان دانابوو، بەنێو شاری سەقزدا گێرایان. هاوکات لەگەڵ ئەم بزووتنەوە شۆرشگێڕییە، ژمارەیەک چەتەش پەیدابیوون و، رێگرییان دەکرد، رژێمی حەمەڕەزاشا، بۆ چەواشەکردنی خەڵک، پێشمەرگەشی هەر بە چەتە نێو دەبرد.**

لە پۆلی هەشتم بووم، وا بزانم مانگی گوڵان بوو، رۆژێکیان مامۆستاکەمان سەرقاڵی وانەگوتنەوە بوو، لە پڕ لە جادەکەی تەنیشت قوتابخانەکەمانەوە کەسێک بە بڵیندگۆ جاڕیدەدا و، دەیگوت وەرن بۆ سەربازگەی شار، چەتە لەسێدارە دەدەن، بێ

ئیزن وەرگرتن لە مامۆستا و بەڕێوەبەر، تێکرای قوتابیی پۆلەکان بەرەو سەربازگەی شار رۆیشتین. هەزاران پیر و لاو و منداڵ، ژن و پیاو و ورد و درشتی شار هەواڵەکەیان زووتر زانیبوو، لە پێش ئێمەوە بوون. تێکڕای حەشیمەتەکە وەک مێرووله رووی لە سەربازگە کرد. پاش زیاتر لە دوو سەعات چاوەروانیی پیاوێکی سووکەلەی لاوازیان هێنا، ناوی **''ئەولمەجی''** بوو، خەڵکی گوندی **هێجانانی** پەنای **سەقز** بوو. لەبەر چاوی خەڵکەوە گوللەبارانیانکرد و حەشیمەت سەربازگەی چۆڵکرد. لە رۆژی دواییدا حەشیمەتی شار و دێ رژانەوە سەربازگەی شار، **''نامێق''** سەردەستەی چەتەکانیان هێنا. پێش گوللەبارانکردنی **نامێق**، وەک دوێنێ چوومە پێشی پێشەوە بۆ ئەوەی بزانم گوللەباران، یان لە سێدارەدان چۆنە؟ ئیستاش دوای دەیان ساڵ ئەو دیمەنانە لە بەرچاوم ماون و، رژێمی حەمەڕەزا شای بە وتەی خۆیان، خاوەن شارستانێتیی 2500 ساله، بۆ چاوترسێنکردنی گەلی کورد، منداڵیشی بانگێشتدەکرد دیمەنی گوللەبارانکردن ببینن. ئەمەش واتای ئەوەیە نەگبەتی و بێبەختیی نەتەوەی کورد هەر ئەوە نییە، خاک و نیشتمانەکەی داگیر و دابەشکراوە، بەڵکوو بندەستی کۆمەڵەڕژێمێکی دڕندە و دیکتاتۆر و رەگەزپەرست و دواکەوتووە..

**ساڵی 1978** لەشاری **کرماشان** بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە، ساواک هەڵیکوتایە سەر ماڵەکەم لە گەڕەکی **''جوانشێر''** کە بە گەڕەکی **پاوەییەکان** بەناوبانگە، ماوەی شەش مانگ بە نهێنی و

له چەن شارێک ژیام. دوای رووخانی یەکجارەکیی رژێمی پاشایەتی و، هاتنەسەرکاری رژێمی کۆماری ئیسلامیی، کاتێ **ئایەتۆڵلا خومەینی** لە مانگی گەلاوێژی ساڵی 1979 فتوای جیهادی لە دژی نەتەوەی کورد دەکرد، من لە **کرماشان** بووم. هەزاران کوڕ و کچی سەر بە **موجاهدینی خەڵکی ئێران** و دەیانهەزار خەڵکی سڤیلی شارەکانی ئێرانم بینی، چاوەڕوان بوون لە کرماشانەوە بیاننێرن بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد. لە کرماشانەوە گەڕامەوە بۆ **سەقز** و، بڕیارمدا لە گەڵ رۆڵەکانی گەلەکەم چەکی پێشمەرگایەتی بکەمە شان بۆ پارێزگاریی لە نەتەوە و نیشتمانم. دوای چەن مانگێک بوومە فەرماندە و وەک داشەهارە کەوتمە ئەو نێوە، ساڵی نەخایاند، سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەم بەرەوڕووی راگوێزانی زۆرەملێ و زیندان و خۆشاردنەوە و، تالانکردن و داگیرکردنی ماڵ و سامانیان هاتن. ئاسەواری ئەو کارەساتەی بەسەر بنەماڵەکەم هات ئێستاش هەر ماوە و، کۆتایی نەهاتووە. ساڵانێک بە ناخۆشی و دڵەراوکێ و بێهیوایی تێپەڕبوون. لە وەرزی پایزی ساڵی 1988 رێی ئاوارەییم گرتەبەر و، بەرەو ترکیا هەڵاتم و، لەلایەن نووسینگەی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری **ئەنکارا**، وەک پەنابەری سیاسیی وەرگیرام. لە مانگی 12ی ساڵی 1989 چوومە وڵاتی **نۆروێژ**. لێرەوە ژیان و کاری سیاسی و نەتەوەییم دەستپێکرد. لە ساڵانی نێوان 1998-1991 ئەندامی سەرکردەیەتیی **پارتی سەربەخۆیی**

**کوردستان** و، سەرنووسەری گۆڤاری **''ئاڵا''** و، بەرپرسیاری دەسگەی ڕاگەیاندنی پارتەکە بووم.

**2- ناوی ئەو بەرهەمانەی کە تا ئێستا نووسیوتانن و بەتەمان لە داهاتوو بڵاویان بکەنەوە چین؟**

**وەرامی پرسیاری (2)**: ئەو بەرهەمانەی تاکوو ئێستا نووسیومن، بریتین لە:

1- **''ئەفیون''** سێ جار چاپکراوەتەوە، چاپی یەکەمی ساڵی 2009 یە.

2- **''مێژووی دەسەڵاتدارێتیی ئاینیی لەئێران'' (لە سەفەوییەوە تا ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا)،** ''بەرگی یەکەم'' ساڵی 2010 چاپکراوە.

3- **''کۆبەرهەم''** (بەرگی یەکەم) ساڵی 2011 چاپکراوە.

4- **''هۆکارەکانی بەدەوڵەتنەبوونی کورد''** (بەرگی 1) ساڵی 2015 چاپکراوە.

5- **''زەلکاو''** چاپی یەکەم، مانگی گوڵانی ساڵی 2018 بڵاوکراوەتەوە.

6- **''کۆبەرهەم''** ، (ژمارە 2)، ئامادەی چاپە، هاوینی ئەمساڵ، 2019 بڵاودەکرێتەوە.

7- **''وتووووێژ''**، ئامادەی چاپە، (پایزی ئەمساڵ 2019) بڵاودەکرێتەوە.

8- هەروەها بەرپرسیارێتیی دەسگەی راگەیاندنی **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**، بەڕێوەبردنی رادیۆی کۆنگرە **(رۆژاڤا)** بۆ ماوەی سێ ساڵ بە هاوکاریی ژمارەیەک لە هاوبیرانی نەتەوەیی وەک **گۆران دەرگەزێنی، شیلان و شوان بەرزنجی**.

9- نووسینی پێشەکی و **''دەستوور و پێڕەوی نێوخۆیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان''** و، داڕشتن و ئامادەکردنی وەک پەرتۆک، لەساڵی 2002، لەلایەن نووسینگەی کۆنگرە لە لەندەن، دووهەزار دانەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە. هەروەها بڵاوکردنەوەی **(53)** ژمارە **گۆڤاری کۆنگرە** لەنێوان ساڵانی 1998 بۆ ساڵی 2011. زۆربەی ژمارەکانی کۆنگرە لەگەڵ چەندین پەرتۆک و گەڵێک بابەتی سیاسی و رۆشنبیریی نەتەوەیی لە سایتی کۆنگرە لەم لینکەی خوارەوە دانراون: www.kncsite.com

10- بەرێوەبردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بە ناوی **''رۆناهی''** لە **KomarTV** بۆ ماوەی ساڵێک. نێوەندی وەشانی کەناڵەکە لە شاری **''ماڵمۆ''** بوو لە وڵاتی سوید. بەرنامەی رۆناهی بە هاوکاریی **هاوبیران رێبوار نەڵاسی، کەژاڵ مەرزبان، رزگار موکری، بەیان محەمەدی و هاوڕێ میرۆیی** لە نەورۆزی ساڵی 2012 ەوە بۆ نەورۆزی ساڵی 2013 حەفتەی دوو رۆژ بەردەوام بوو. بەشێک لە بەرنامە و دیمانەی **''رۆناهی''** لەسەر ماڵپەڕی کۆنگرە دانراون.

**پرسیاری 3- کاک سیروان کەی و چۆن لەتەک کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا ئاشنا بووی؟**

***- وەرامی پرسیاری (3) :** لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە وڵاتی نۆروێژ، رێکخراوەیەکی فەرهەنگی و نەتەوەیی بە ناوی **''کۆمەڵەی یەکگرتووی دێمۆکراتیکی کوردستان''** دامەزرا بوو. ئەندامانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان کە ئەوکات منیش ئەندامیان بووم، لە دامەزرانی ئەم کۆمەڵە فەرهەنگییەدا دەوری سەرەکییان گێرا. کۆمەڵەکە سەدان ئەندامی هەبوو. هۆی بەهێزی و زۆربوونی ئەندامەکانی لەراستیدا لەبەر شەڕی نێوخۆیی بوو لەنێوان **یەکێتی نیشتمانیی کوردستان** و، **پارتی دێمۆکراتی کوردستان** لەباشوور، لەبەشی رۆژهەڵاتیش، کێشە و ئاڵۆزیی نێوان هەردوو باڵەکەی **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.** جا یەکێتی نیشتمانی و باڵەکەی حیزبی دێمۆکرات کە بەباڵی **کاک جەلیل گادانی و مەلاحەسەنی رەستگار** نێوبڕۆیبوو، لەگەڵ ئەم کۆمەڵە فەرهەنگییەی ئێمە بوون. **هەموو جارێ بە گاڵتەوە بە نوێنەرەکانی یەکیتی و باڵەکەی حیزبم دەگوت: هیواموایە یەکنەگرنەوە با کۆمەڵەکەمان لاواز نەبێ و بتوانین خزمەتی ئەو مندالانە بکەین!** بەداخەوە ناکۆکیی حیزبایەتی لەو ئەورووپایەش گەیشتبووە ئاستێک، ئەندامانی هەردوو باڵەکەی حیزب، هەموو پێوەندییەکی هاوڕێتی و خزمایەتییان لەگەڵ یەکدی پچراند و، تەنانەت زەختیان لەمنداڵەکانیشیان دەکرد، واز لە هاوڕێتیی یەک بهێنن و، هاتووچۆی یەک نەکەن. لە یەکێ لە کۆنگرەکانی ساڵانەی **فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان،** لاوێکی ژیر و رۆشنبیر، لەنێو هۆڵی کۆنگرە بەدەنگی بەرز هاواری کرد و، گوتی: **''حیزبەکان، وازمان لێ بهێنن! کوردستانتان**

**تێکداوە، خەریکن ئەورووپاش لەئێمە تێکدەدەن!**". ئیتر شەڕەچەقۆ و دارکاریکردنی ئەندام  و لایەنگرانی یەکێتی و پارتی لە شارەکانی ئەورووپا با لەولاوە بوەستێ، کە چۆن لە باتی پێکەوە هەوڵبدەن بۆ بە جێنۆسایدناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە، ئاوڕوو و کەرامەتی کوردیان لەبەر چاوی خەڵکی ئەورووپا دەشکاند.

جا لە کۆمەلەکەدا، بەشێ لە کوردەکانی رۆژاڤای کوردستانیش ئەندام بوون. زۆر کاری باشماندەکرد. کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بۆ منداڵان و کلاسی موزیکی کوردی و، بەڕێوەبردنی بۆنەی نەورۆز و هەڵەبجە و گەلیک چالاکییتر. لەساڵی 1994 ەوە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کۆمەلەکە و، هاوکات ئەندامی فیدراسیۆنی کۆمەڵەکوردستانییەکان بووم. لەساڵی 1996 بووم بە بەرپرسیاری رێکخراوەکە. هاوکات لەگەڵ چالاکینواندن لەم کۆمەڵەفەرهەنگییە، هەروەها گۆڤاری **''ئاڵا''** شم بڵاودەکردەوە. ئەدرەسی مامۆستا **جەمال نەبەز** لە ڕێگەی هاوڕێکەوە پێمگەیشتبوو. دوو ژمارەی ''ئاڵا'' و، راپۆرتی سالانی کۆمەلەکە و، هەروەها چەن دانە بڵاوکراوەی کۆمەلەکەم ناردبۆی و تەلەفۆنەکەی خۆشم نووسی بۆی. دوای چەن رۆژێ تەلەفۆنیکرد و، زۆر پەسنی ناوەرۆکی بلاوکراوەکانی کۆمەلەکەی کرد و، هەروەها دوو وتاری نێو **''ئاڵا''** شی بەدڵ بوو. ئەوجا بە کورتی ئامانج و بیروباوەڕ و پێکهاتەی **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی** گێرایەوە بۆم، لەکۆتاییدا وتی: **ئەم نووسراوانەی ناردووتن، کۆپییاندەکەم و، دەینێرم بۆ کاک جەواد مەلا لە لەندەن، ئەو**

**سەرۆکی کۆنگرەیە و، پێم باشە پێوەندییتان هەبێت!** ئەمە سەرەتای ئاشنابوونی من بوو لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانیی، دیارە مامۆستا نەبەزم بەنێو لە ساڵانی زووترەوە دەناسی، ساڵانی سەرەتای هەشتاکان لە نێوچەی بندەسەلاتی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی لە باشوور دەژیام، رژێمی بەعسی عێراق نێوینابوو ناوچەی **(منع التجول)، ''رێبەندکراو''.** نێوی **جەمال نەبەز و عەبدوڵلا پەشێو**م وەک دوو نووسەر و شاعیری نەتەوەیی بیستبوو.

ئیتر دوای جەن رۆژ کاکە جەواد مەلا تەلەفۆنیکرد و، لەڕێگەی پۆستەوە هەموو بەڵگەنامە و راپۆرتی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ناردبۆم تا ئەوکات هەیانبوو. پێوەندیی نێوانمان بەردەوامبوو. لە ساڵی 1998 و لە مانگی ئۆکتۆبەر، بانگێشتی کۆنگرەی چواری کۆنگرەی نیشتمانیی کرام کە لە لەندەن بەڕێوەچوو. لە نێزیکەوە بۆ یەکەمجار جەمال نەبەز و جەواد مەلا و گەلێ کەسایەتیی سیاسی و نەتەوەییم بینی.

**پرسیاری 4- رۆڵێ بەڕێزت لە کۆنگرەی نیشتمانی چ بوو و چەند ساڵ و چۆن ئەندام و هاوکاری کۆنگرە بووی؟**

***- وەرامی پرسیاری (4):** وەک لە وەرامی پرسیاری سەرەوە ئاماژەمداپێی، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1998 بەفەرمیی بانگێشتی کۆنگرەی چواری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کرام. لەو سال و کاتەدا ئەندامی سەرۆکایەتیی **پارتی سەربەخۆیی کوردستان** بووم. پارتی سەربەخۆیی لە ساڵی 1989 لە ئەورووپا دامەزرابوو. لە کۆبوونەوەی پارتی سەربەخۆییدا پێشنیازیان کرد

به نوێنەریتیی پارتەکە بەشداری کۆنگرەی چواری **KNC** بم لە لەندەن. وتارێکم نووسی و لەڕۆژی 10/11/98 چوومە هۆڵی کۆنگرە و لەنێزیکەوە **دوکتۆر جەمال نەبەز و هەندازیار برووسک ئیبراهیم و کاک جەواد مەلا و ژنەڕاڵ عەزیز عەقراوی و دوکتۆر موزەفەر پەرتۆما، شێخ لەتیف مەریوانی، شێخ عومەر غەریب، هونەرمەند حەمەڕەشی هەرەس، دوکتۆر جەمال رەشید، دوکتۆر کوردستان موکریانی، پەروین موشیروەزیری و دەیان کەسایەتیی دیکەم ناسی. دوای چەندین ساڵ بەدیداری مامەقالەی دەباغی شادبوومەوە**. چەن سەتکەس لە نێویاندا چەندین ئەندام پەرلەمانی بریتانیا و، نووسەر و هەروەها شارەداری گەڕەکی گەورەی **هامرسمیسی لەندەن** بەشداری کۆنگرە بوون.

کۆنگرەی چوار، دوو ڕۆژ بەردەوامبوو. چەن بڕیارێکی دەرکرد. دوای تێپەڕبوونی دوو رۆژ، سەرۆکایەتیی کۆنگرە داوایانکرد لێم، بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە بنووسم. هەروەها بەرپرسیارەتیی دەسگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی بگرمە ئەستۆ. دەبوو لە پێشدا خۆم لەگەڵ پارتی سەربەخۆیی کوردستان یەکلایی بکەمەوە. پارتی سەربەخۆیی ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی بوو کە لەلایەن **پێ کێ کێ** وە بەڕێوە دەبرا. بەشداریکردنم لە کۆنگرەی چواری **knc** و، بۆچوون و شیکردنەوەی خۆم لەبارەی جیاوازییەکانی نێوان **کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** لە هەشت لاپەڕەدا نووسی و، ناردم بۆ ئەندامانی سەرکردەیەتی و ئەندامانی پارتی سەربەخۆیی، ئەوجا داوای کۆبوونەوەم کرد و، لە کۆبوونەوەی سەرکردەیەتیشدا

پێشنیازم کرد لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بکشێینەوە، ببین بە ئەندام لە کۆنگرەی نیشتمانیی. ڕێکنەکەوتین، من و بەشێ لە ئەندامانی سەرکردەیەتیی کشاینەوە و، لە مانگی یانزەی ساڵی 1998 ەوە بە فەرمیی بووم بە ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، بە یەکجارییی وازم لە حیزبایەتیی هێنا. لە کۆتایی ساڵی 1998 ەوە تاکوو ساڵی 2011 ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆنگرە، بەرپرسیاری راگەیاندنی کۆنگرە، هەروەها بەرپرسیاری کۆنگرە بووم بۆ بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان.

**پرسیاری 5- ئایدیای کۆنگرە نیشتمانی کوردستان لە لایەن چ کەسانێکەوە هاتە ئاراوە؟ کۆنگرە لە کەینێوە، چۆن و بە دەستپێشخەری چ کەسانێک دامەزرا؟ کێ بوون ئەو کەسایەتییە زانا و ناسراوە نەتەوەییانەی کە بوونە ئەندامی کۆنگرە؟**

**وەرامی پرسیاری (5):** بیری دامەزرانی نێوەندێکی نەتەوەیی بە ناوی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، سەرەتا لەلایەن دوکتۆر جەمال نەبەزەوە بوو. چەن مانگێ پێش دامەزراندنی کۆنگرە، پێوەندیی گیرا بە دەیان کەسایەتییەوە و، لە مانگی گوڵانی ساڵی 1985, **knc** لەلایەن **دوکتۆر جەمال نەبەز، ژنەرال عەزیز عەقراوی، پرۆفیسۆر ساڵح گابوری، دوکتۆر موزەفەر پەرتۆما، شێخ لەتیف مەریوانی، جەواد مەلا و، هەندازیار برووسک ئیبراهیم** دامەزرا. هاوکات لەگەڵ دامەزرانی کۆنگرە، پێوەندیی گیراوە بە دەیان کەسایەتی و ئەکادمی و رۆشنبیر و نووسەرەوە. سەرۆکی کۆنگرەی یەکەم **ژنەڕال عەزیز عەقراوی** بوو. لە کۆنگرەی (2) وە تا کۆنگرەی (6) کە دواکۆنگرەی کۆنگرەی نیشتمانیی بوو، کاک

**جەواد مەلا** سەرۆکی بوو. لە کۆنگرەی نیشتمانیدا جگە لەو کەسایەتییە ناودارانەی نێویانمهێنا، هەروەها چەندین کەسایەتی و زانای دیکەی وەک **دوکتۆر حسێن خەلیقی، رەهبەر جەلال مامش بەرپرسی کۆنگرە لە وڵاتی فنلاند، مامۆستا ئەحمەد هەردی شاعیر و ئەندامی دامەزرێنەری ''کاژیک''، عەبدولڕەزا سووختا، پرۆفیسۆر سەلاح جموور، فەرهاد زەینعەلۆش، دوکتۆر کوردستان موکریانی، یاساناس کامیل ژیر، دوکتۆر جەمال رەشید، بنەماڵەی زانا و نیشتمانپەروەری گەورە ئاپۆ عوسمان سەبری، رەوشەن بەدرخان، شوان بەرزنجی، سمکۆ عەلی، گۆران دەرگەزێنی** و دەیان نیشتمانپەروەری دیکە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەندام و هاوبیری کۆنگرە بوون، یان خۆیان بە هاوبیروباوەڕی نێزیکی کۆنگرە زانیوە.

**پرسیاری (6)- ئامانج یان ئامانجگەلی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان چ بوون؟**

**وەرامی پرسیاری (6)** : ئامانجەکانی کۆنگرە بریتیبوون لەم **(9)** خاڵەی خوارەوە:

1- کۆنگرە تێدەکۆشی بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بە کورد بزانێ و، خۆی بە خاوەنی خاکی کوردستان بزانێ.

2- کۆنگرە تێدەکۆشی بۆ دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بە ڕێگەی دیپلۆماسی و خۆشکردنی زەوینەی راپرسیی (رێفراندۆم)، بە سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و، نوێنەرانی دنیای ئازاد و دێمۆکرات، بۆ ئەوەی

نەتەوەی کورد بتوانێ لە ئازادیدا دەنگ بدات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی.

3- کۆنگرە تێدەکۆشی بۆ رزگارکردنی نەتەوەی کورد لە مەترسیی قەڵاچۆکردنی نەتەوەیی و کوشتاری بە کۆمەل و یەک لەدواییەک و، راگوێزانی بە کۆمەڵ و، جەنگی بێکۆتایی و جێنۆسایدکردنی خاک و زمان و فەرهەنگ و ئابووری و سامان و کانزای کوردستان.

4- کۆنگرە تێدەکۆشی بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچانەی بەپێی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بەعەرەب و بەترک و، بە فارسکردنی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان داپڕێندراون.

5- کۆنگرە تێدەکۆشی بۆ سڕینەوەی هەموو شێواز و شوێنەوارێکی داگیرکاری و پاشکەوتویی لەکوردستان و، بە کارهێنانی سامانی نەتەوایەتی، بە تایبەتی نەوت، بۆ ئاوەدانی و گەشەپێدانی کوردستان. هەروەها دابینکردنی یەکسانی و دێموکراسی لەسەر بناخەی سیستەمی سیکۆلاریزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و سەربەرزانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە کە شیاوی نەتەوەی کورد و هەموو کوردستانییەک بێت.

6- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان رێز و مافی یەکسان دادەنێ بۆ هاووڵاتیانی ناکورد کە پێشینەیەکی چەن هەزاران سالەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانیی دەزانن.

7- کۆنگرەی نیشتمانیی تێدەکۆشی بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و جێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیارنامەی

مافی مرۆڤی جیهانیی لە کوردستان. رێز دەگرێت لە هەموو بیروباوەڕێکی جیاوازی سیاسی و ئاینی و رەگەزی و چینایەتی و هەروەها ژن بێت یان پیاو.

8- کۆنگرە تێدەکۆشی بۆ دامەزراندنی پێوەندیی ئاشتی و ئاسایش لەگەڵ گەلانی هاوسێ لەسەر بناخەی یەکسانی و بەرژەوەندیی هاوبەش. کۆنگرە هەروەها رێز لەو پەیمان و رێککەوتنە جیهانییانە دەگرێ، کە بۆ سوودی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤن و، بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش لە نێوچەکە و لە جیهان، بە کارێکی گرنگ و پێویست دەزانێ.

9- کۆنگرە تێدەکۆشی بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتدارێتیی نەتەوەی کورد لەسەر خاک و نیشتمانی و دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆ و سیکۆلار لە کوردستان.

**پرسیاری (7)- لە سەرەتای دامەزراندنی کۆنگرەی نیشمانی کوردستانەوە چەند کۆنگرە بەڕێوە چوون؟ کۆنگرەکان لە کوێ بەڕێوە دەچوون؟ بە شێوەی ئاسایی، چەند کەس بەشداری کۆنگرە دەبوون؟ شێوازی پێوەندی و کاری کۆنگرە چۆن بوو؟ چەند لقی هەبوون؟**

**وەرامی پرسیاری (7) :** بێ لە کۆنگرەی دامەزرانی کۆنگرە کە مانگی گوڵانی ساڵی 1985 لە لەندەن بەسترا، سەرجەم شەش کۆنگرە بەڕێوەچوون. **کۆنگرەی (1) لە لەندەن، لەساڵی 1989. کۆنگرەی (2) ساڵی 1991 لە لەندەن، کۆنگرەی (3) ساڵی 1996 لە پاریس، کۆنگرەی (4) و (5) و (6) لە لەندەن**. لە کۆنگرەکاندا

له 200 کەسەوە بۆ 400 کەس بەشدارییان کردووە. پێوەندییەکان بەڕێگەی ئینتەرنێت و، فاکس و تەلەفۆنەوە بوو. لقەکانی کۆنگرە بریتیبوون لە راگەیاندن، لقی باشوور، لقی رۆژهەڵات، پێوەندیی دیپلۆماسی. کۆمیتەی سکاندیناڤیا، کۆمیتەی ئەڵمانیا.

**پرسیاری (8) شێوەی هاوکاری و پێوەندی کۆنگرە لەتەک هێزە کوردییەکاندا چۆن بوو؟ بە پێچەوانەوە هێزە کوردییەکان و حکومەتی هەرێم لەتەل کۆنگرەدا پێوەندی چۆن بوو؟ ئایا کۆنگرە لەتەک رێکخراوگەلی سەر بە نەتەوەکانی تریش پێوەندی هەبوو؟**

**وەرامی پرسیاری (8):** لەبارەی پێوەندیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و حکوومەتی هەرێم و بەگشتی حیزبەکوردییەکانەوە، کۆنگرە وەک پرنسیپ مەرجی رزگاربوونی کوردستانی لە یەکێتیی نەتەوەییدا دەدیت. داوای دەکرد هەموو پێکەوە لەژێر چەترێکی نەتەوەیی، پلاتفۆرم و درۆشمێکی هاوبەشی نەتەوەییدا کۆببینەوە. لەگەڵ حکوومەتی هەرێمیش چەن جارێ هەوڵدرا و، کۆبوونەوە سازکرا و، خاوەنی ئەم دێڕانە چەن جارێ لە نێزیکەوە بەشداربووم، یان ئاگاداری کۆبوونەوەکان بووم. هاوبیرانی باشوور، **دوکتۆر کوردستان موکریانی و مامۆستا کامیل ژیر و زانای گەورە کۆچکردوو دوکتۆر جەمال رەشید و کاک حەمەڕەشی هەرەس و شێروان رەشید و نزار محەمەد** و چەندین هاوبیری دیکە، لە کوردستان لەگەڵیان کۆبوونەوە، بەڵام داواکەی کۆنگرەیان پشتگوێ دەخست. چەن هۆکارێ لەپشتی ئەم

هەڵوێستەی حکوومەتی هەرێمەوە بوو. باوەڕیان بە سەربەخۆی و دەوڵەتی کوردی نەبوو. نەیاندەویست داگیرکەرانی کوردستان گومان لە عێراقیبوونیان بکەن. پێوەندی و بەرژەوەندیی ئابووریيان لا زەقتر و تۆختر بوو. نەیاندەویست و ئێستاش رێنادەن حیزب و رێکخراوەی نەتەوەیی یان نانەتەوەیی لەنێو سنووری دەسەلاتیان گەشەبکا و، ئاپۆرە و حەشیمەتی لێ کۆببێتەوە. ئەوجا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دوای دەیان ساڵ مانەوەیان لە باشوور، پەروەردە و کولتووری سیاسی باشووریان وەرگرتووە. بەنێو حیزبی رۆژهەڵآتن و بەکردەوە و بیرکردنەوە، دەقاودەق حیزبی باشوورن. بیر و عەقڵی کوێخاگەردانیی بەسەریاندا زاڵە. ئەوی بیری لێناکەنەوە، بەرژەوەندیی کوردە و، ئەوی بیری لێدەکەنەوە گەیشتن بەدەسەڵات و، پاشقولگرتن و بە عەرزدادانی یەکدییە. زۆر ئاسایی بوو کە هیچیان بەپیری بانگەوازی کۆنگرەوە نەیەن. ئەوجا **''پێ کێ کێ''** ش، چەن جارێ بەرەوڕووی سەرۆکایەتیی کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی بوونەوە و، لە هەڵکوتانە سەر کۆبوونەوەی کۆنگرە و لێدان و درۆشمدان و هێنانەخوارەوەی ئاڵای کوردستان لە ئەڵمان، هەتا گرژی و ناکۆکیی سازکردن لە **ترابلسی لیبی** کە کۆنگرەی نیشتمانیی لەلایەن دەوڵەتی لیبیاوە بەفەرمیی بانگێشتکرابوو، تا تۆمەت خستنەپاڵ کۆنگرە گوایە سەر بە پارتی و بارزانییە...، بەگشتی هۆکاربوون لە نەبوونی پێوەندییەکی باش و تەندروست و نەتەوەیی لەنێوان کۆنگرە و حیزبەکاندا.

لەبارەی پێوەندیی نێوان کۆنگرە و، رێکخراوەی نەتەوەیی و نەتەوەییەکانەوە، مخابن زۆر خراپ بوو. هۆی سەرەکیی ئەمەش

خۆبەزلزانی و ناکۆکیی کۆن و، بۆچوونی کەسیی لەبارەی ئەوانی دییەوە بوو کە وەک ئێمە نەتەوەیی بوون. پەراوێزخستن و بە هێندنەگرتنی دەیان نەتەوەیی دڵسۆز و پاک کە لە دەرەوەی بازنەی کۆنگرە بوون، خۆپەرستی و پارە و پێوەندییی شاردنەوە، بێمتمانەی و نووسان بە سەرۆکایەتییەوە، دوای جەن ساڵێک، زۆر گران و خراپ بەسەر کۆنگرەدا شکایەوە و، تووشی قەیران و پشێویی نێوخۆیی کرد و، ئەو دەزگە نەتەوەیییە جوانە کە ماوەیەک جێی هیوا و ئاواتی ژمارەیەک لە نەتەوەیییەکانی راستینەی کوردستان بوو، هەرەسیهێنا و، تێکۆشین و خەبات و چالاکیی وەستا. لەبەر ئەوە ئەو کەس و دەستەو گرووپە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرانەی بە تەمان لەداهاتوودا دەزگەیەکی نەتەوەیی سازبکەن، باشوایە و پێویستە بەوردی لە هۆکاری شکستی رێکخراوە نەتەوەیییەکانی پێش خۆیان بکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی هەر بەو رێچکەکوێر و شکستخواردووەدا نەچنەوە.

**پرسیاری (9) مەرجەکان و شێوەی ئەندامێتی لە کۆنگرەدا چۆن بوو؟ سەرۆکایەتی کۆنگرە چۆن هەڵدەبژێردا؟ پێوەندی گرووپگەلی جیاوازی نەتەوەیی بە کۆنگرەوە چۆن بوو؟**

**وەرامی پرسیاری (9):** مەرجەکانی ئەندامەتی، ئەو کەسەی دەبوو بە ئەندام لە کۆنگرە، دەبوو پێشینەی جاشایەتی و خیانەتی بەرامبەر نەتەوە و نیشتمانی نەبووبێ، مرۆڤێکی رەوشتبەرز و خاوەن کەسایەتیی بێت. دەسپاک و داوێنپاک بێت.

باوەڕی تەواوی بە سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەبێ و، بە کردەوە خەباتی بۆ بکات.

بۆ وەرگرتنی ئەندام دەبوو یەکێ لە هاوبیران ناوی بەرزکاتەوە و بیناسێنێ، کورتەیەک لە بیروباوەڕ و کەسایەتیی باس بکات. دوای قەبووڵکردنی دەبوو پسوولەی ئەندامەتی پڕکاتەوە و، نێو و واژۆی خۆی لەژێری بنووسێ. پسوولەی ئەندامەتی ئاوا نووسرابوو:

**ئەز .......... جێی سەربەرزی و شانازییەکی گەورەیە بۆم بە ئەندامەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان وەردەگیرێم. ئەز، بە نیشتمانم، بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بەبیروباوەڕم سوێند دەخۆم، تا دواهەناسەی ژیانم بۆ پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی و، بۆ ئازادیی کوردستان تێبکۆشم. کار و ئەرکی پێسپێردراوی کۆنگرە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەجێ بگەیەنم. بەرامبەر ئەرکی پێسپێردراوم کەمتەرخەمی و سستی نەکەم.**

**ئەز، بە ئاڵای کوردستان و، بە نیشتمانم سوێند دەخۆم کە نهێنییەکانی کۆنگرە بپارێزم، بەرامبەر هاوبیرانم، بەرامبەر دارایی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، بەرامبەر نەتەوەکەم پاک و دڵسۆز و وەفادار بم. هیچ کردەوەیەک ئەنجامنەدەم ببێتە هۆی زیانگەیاندن لە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، بەرژەوەندیی نەتەوەکەم.**

**نێو و واژۆی ئەندام .........**

**نێو و واژۆی کۆمیتەی بەرپرسیار:**

**ڕێکەوت: .........**

سەرۆکی کۆنگرە لە کۆنگرەکاندا هەڵدەبژێردرا و، سەرۆکایەتیش دوای کۆنگرەکان لەلایەن سەرۆکی کۆنگرە، بە پرسوڕاوێژ لەگەڵ **دوکتۆر جەمال نەبەز** هەڵدەبژێردران. جۆری پێوەندیگرتن بە کەسایەتییە نەتەوەییەکانەوە، لە هەر وڵاتێ نیشتەجێی بوونایە، ئەندامانی کۆنگرەی ئەو وڵاتە پێوندیی دەگرت لەگەڵیان.

پێوەندیی کۆنگرە بە گرووپ و پارتی جیاوازی نەتەوەیی باش نەبوو، باشتروایە بڵێم پێوەندیی نێوان نەتەوەییەکان بەگشتی باش نەبوو. ئەمەش چەن هۆکاری بوو، بەشێکیم لە کتێبی **''زەلکاو''** دا نووسیوە و، خوێنەرەوە دەتوانێ لەوێ بیانخوێنێتەوە. بەداخەوە بەشێکی ئەو ناکۆکییانە لووتبەرزی و کێشەی تایبەتی نێوان کەسەکان بوو. ئەمەش کارکردی هەبوو لە پشتگوێخستنی یەکتری، هەروەها ترسی لەدەسدانی پلەی سەرۆک و سەرۆکایەتیی. ئەگەر کێشەی نەتەوەییەکان لە یەک خاڵدا بگونجێنین دەبێ بڵێین، نەتەوەییەکان خۆشیان بە تەواوەتیی لە ناخی بیروباوەڕەکەیان تێنەگەیشتوون و، هەر بە بیری هۆزایەتی و حیزبایەتی و نێوچەگەرێتی و شار و زاراوە پەرستییەوە خۆیان کردووە بە دەمڕاست و نوێنەری بیروباوەڕەکە. ئەمەش زیانی لەبیری نەتەوەیی داوە و، بیری نەتەوەیی دوای سەت ساڵ تێکۆشین و چالاکیی، نەیتوانیوە ببێت بە ڕێکخراوێکی بەرفرە و پێگەی جەماوەریی لە کوردستان پەیدابکات.

**پرسیاری (10): شێوەی کاری ڕاگەیاندنی کۆنگرە چۆن بوو؟ ئایا کۆنگرە ڕۆژنامە، ڕادیۆ، ماڵپەڕ یان تەلەفزیۆنی هەبوو؟ کۆنگرە چۆن بەشی دارایی خۆی بەڕێوە دەبرد؟**

**وەرامی پرسیاری (10):** ڕاگەیاندنی کۆنگرە لە کۆتایی ساڵی 1998ەوە کە بەرپرسیارەتییەکەی بە من سپێردرا، لە یەکەم هەنگاودا دامەزرانی ماڵپەڕێک بوو بە ناوی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. مەبەستیش ئەوە بوو ماڵپەڕەکە ببێت بە پەرتۆکخانە و ئەرشیڤێکی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی تایبەت بە کوردستان و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان. هەروەها بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک بەناوی **''کۆنگرە'' کە زمانڕەوشی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان** بێت. ژمارەکانی گۆڤارەکە لە نێوان دوو تا سێ مانگ بڵاودەکرایەوە. خستنەڕێی ڕاگەیاندنی کۆنگرە سووک و هاسان نەبوو. لەساڵی 1998 بۆ ساڵی 2002، کەمپیوتێرێکی مەکنتاشی مۆدێل کۆنم هەبوو، چەن ژمارەیەکی کۆنگرەم پێ بڵاکردەوە، لەناکاو تێکچوو، بردم بۆ **سوید** لەگەڵ هاوبیری خۆشەویستم **مامۆستا دوکتۆر حسێن خەلیقی** بردمان بۆ دووکانی کوردێکی کەمپیوتێرزان، بۆی چاکنەکرا، دوای مانگێ هاوڕێی خۆشەویستم، کاک **کەریم دانشیار نووسەر و کەسایەتیی خۆشەوسیتی شاری مەهاباد و، ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی لەساڵی 1980-1979،** لەپێوەندییەکی تەلەفۆنی بوومان پێکەوە، وتی ئەپڵ مەکنتاشێکی چاکی هەیە و، پێویستی نییەپێی. چوومە شاری وێسترۆسی سوید و دوای ساڵانێکی زۆر بەدیداری یەک شادبووینەوە، جگە لە خزمەت و مێواندارێیەکی باشی کوردانە،

هەروەها کەمپیوتێرەکە و، هەرچی کەلووپەلییەتی بە خۆڕایی داپێیم. زۆر سوپاسیم کرد و، بە خۆشحاڵییەوە گەڕامەوە بۆ ئۆسلۆ. بە دەسپێکردنەوەی کاری راگەیاندن هێند کەیفم سازبوو، موکریانی گوتەنی: **''بە کلکم فیتووم لێدەدا!''**. دوای ئامادە کردنی گۆڤاری **''کۆنگرە''**، لە چاپخانەیەکی ئۆسلۆ 100 دانەم لێ چاپدەکرد، لەڕێگەی پۆستەوە دەمنارد بۆ ئەدریسی هاوبیران و کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان کە لام بوون. دانەیەکیشم دەنارد بۆ لەندەن ئەوانیش لەوێ چاپیاندەکرد و بڵاویاندەکردەوە و بۆ باشووری کوردستانیشیان دەنارد. بۆ دانانی بابەتی تازەش لەسەر ماڵپەڕەکە، پووڵم دەدا بە هاوبیرێکی کۆنی دەیان ساڵەی پارەخۆشەویست، بە تکا و ڕجا هەتا کارەکەی دەکرد و، ژمارەکانی کۆنگرەمان بەسکانکراوی لەسەر ماڵپەڕەکە دادەنا. لە ساڵی 2002 پووڵم لە بانک قەرزکرد کەمپیوتێرێکی تازەی **''پی سێ''** م کڕی لەگەڵ پرینتێرێکی باش و، ئینتەرنێتم دانا لەسەری و، ئیتر ژمارەکانی کۆنگرە و، زۆر بابەتی دیکە بە ڕێکوپێکی دەگوێزرانەوە سەر ماڵپەڕەکە. هاوڕێیەکی نۆروێژیم بەناوی **''تۆم''** هەندازیار بوو لە کۆمپانیای ئەپڵ، کاریدەکرد، ماوەی هەشت مانگ خۆبەخشانە یارمەتیدام و، تەنیا جارێ قەبووڵیکرد شەرابێکی سووری بۆ بکڕم. دوای ئەو، لە ڕێگەی کەسێکەوە فێربووم چلۆن فایلەکان بخەمە سەر ئینتەرنێت. کێشەی دیکەم لە ئامادەکردنی گۆڤاری کۆنگرە ئەوە بوو، ئەو هاوبیرانەی هاوکارم بوون لە گۆڤارەکە، هەموویان لە تەمەنی من و لە سەرووی تەمەنی منەوە بوون، وەک من دژوار و زەحمەت بوو بۆیان بە خێرایی خۆیان لەگەڵ دیاردەیەکی پێشکەوتووی وەک کەمپیوتێر

ڕێکبخەن. لەبەر ئەوە وتار و نووسینەکانیان بەدەسنووس دەنارد و، منیش دەبوو بە وتارەکانی خۆشمەوە لە سەرڕا تایپ بکەم و، لەلایەنی زمانەوانیشەوە هەمووی وەکیەک بەو شێوازە داڕێژم کە بۆ گۆڤار و راگەیاندنی کۆنگرە رەچاومدەکرد. جگە لەمانە، خۆبەخشانە و بە ماندووبوونێکی زۆر کاری تایپ و ئامادەکردنی بەشێ لە کتێبەکانی دوکتۆر جەمال نەبەز، لەگەڵ نووسینی کتێبی خۆم، ئەمە بەکورتی شێوەی کاری راگەیاندنی کۆنگرە بوو.

کۆنگرە ماڵپەڕی هەبوو، ئێستاش ماڵپەڕەکە ماوە، ئەمەش لینکەکەیەتی: **www.kncsite.com** . هۆی هێشتنەوەی ماڵپەڕی کۆنگرە لەبەر ئەوەیە، ئەرشیڤێکی دەولەمەندە بۆ چینی رۆناکبیر و خوێندەوار و بۆ هەر نیشتمانپەروەرێ پێویستی بە سەرجاوە و زانیاریی هەبێت. کۆنگرە هەروەها ماوەیەک رادیۆ و تەلەفزیۆنی دانابوو. لە ڕۆژی 11ی مارچی ساڵی 2005 تلەفزیۆن و رادیۆی کۆنگرە، بەناوی **''رۆژاڤای کوردستان''** دەستی بەوەشانکرد. تلەویزیۆنەکە هەفتەی سەعاتێ، رۆژانی هەینی، رادیۆکەش 24 سەعات بەرنامەکانی پەخشدەکرا. دەستەی ئامادەکاری رادیۆکە، **هاوبیران گۆران دەرگەزێنی، شیلان شۆرش و شوان بەرزنجی و، من بووین،** چەن هاوبیرێکی دیکەش جارجارە داوای هاوکارییان لێکراوە.. تلەویزیۆنی رۆژاڤا دوای سێ مانگ لەبەر نەبوونی پووڵ، پەکیکەوت. رادیۆکەش دوای سێ ساڵ و سێ مانگ ئەویش لەبەر بێ پارەیی بێدەنگبوو. لە دامەزرانی تی ڤی و رادیۆکە بووجە و پووڵەکەی چۆن دابینکرا؟ دوای ماوەیەک بۆچی پووڵ و بووجەی لێبڕا؟ ئەمەیان هەر کاک جەواد مەلا و کاک دوکتۆر

جەمال نەبەز دەیانزانی. من وەک بەرپرسیاری راگەیاندن ئەوەم بەلاوە گرنگبوو، بەرنامەکانی رادیۆکە ئامادەبکەم. باوەڕ و متمانەی زۆرم وایلێکردم پرسیار لەبارەی چاوکانیی بووجەی میدیا و دارایی کۆنگرەوە نەکەم، بەدڵنیاییەوە بۆچوونەکەم هەڵەبوو. چەشنی کارکردنی ئەم بەڕێزانە کە لە بێمتمانەییانەوە سەرجاوەیدەگرت، دوای ماوەیەک زیاتر تەشەنەیسەند و، زۆرینەخایاند، هاوبیرانی لەندەن لەسەر شێوازی چەوتی بەڕێوەبردنی نووسینگەی کۆنگرە لە لەندەن و چەندین هۆکاریتر، هاتنەدەنگ و چەن جارێ کۆبوونەوە کرا و، لە دوو کۆبوونەوەیاندا منیش چووم و بەشداربووم، ژمارەیەک کەسایەتیی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر وەک **شێخ لەتیف مەریوانی** و **مامۆستا محەمەد شەیدا** و **ئازاد قورئانی و سابیرکۆکەیی و شێروان رەشید و حەمەسالح کەرکووکی** و چەندین هاوبیری دڵسۆزی دیکە، لە کۆنگرە کشانەوە و وازیانهێنا. کۆنگرە لە دامەزرانییەوە تاکاتی وستانی چالاکی و خەباتی، ، کۆمیتە یان ئۆرگانێکی نەبوو بەناوی **''دارایی''.** ئەگەر پارە و پووڵێکیش بووبێ لەملا و لەولا دەسکەوتبێ، هەر سەرۆکی کۆنگرە کاک جەواد و، دوکتۆر جەمال نەبەز زانیویانە و کەسیدیکەی لێ ئاگادار نەکراوە.

ئەمە لەکاتێکدا بوونی دەزگەی دارایی بۆ نێوەندێکی نەتەوەیی لەریزی سەرەکیترین خاڵ و بەندییەتی و پێویستی بە بوونی کۆمیتەیەکی کارا و لێزان و شارەزا لە ئابووری هەیە. هەروەها لە دانانی رادیۆ و تی ڤی کەشدا، کاری راست و بەجێ و نەتەوەیی ئەوە بوو، نەک هەر ئەندامانی دامەزرێنەر و

سەۆکایەتیی کۆنگرە، بەڵکوو تێکرای ئەندامان و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و رۆناکبیران بانگێشت بکرایەتن و لە کۆبوونەوەیەکدا گرنگیی بوونی میدیایەکی نەتەوەیی بخرایەتە ڕوو، راوبۆچوونیان وەربگیرایە چۆن بتوانن بە هەوڵی هەموویان ئەم دەنگە رەسەن و نەتەوەییە بەردەوام بکەن! بەڵام هەزار مخابن.....

**پرسیاری 11- ئایا پێتان وایە کە تەلەفزوێنێکی نەتەوەیی دەتوانێ باندۆڕێکی زۆری لەسەر هۆشیاری نەتەوەیی کورد هەبێت؟ چەندە ئەوە بۆ کورد دەلوێ کە تەلەفزوێنێکی نەتەوەیی هەبێت و لەمپەرەکان چین؟**

**وەرامی پرسیاری (11):** بەدڵنیاییەوە تلەفزیۆنێکی نەتەوەیی شۆرشێکی گەورە و مێژوویی لە هەموو کوردستان دەخاتەڕێ. هەست و باوەڕی یەکبوون و هاوخەمی و هاوچارەنووسیی لەنێو کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان پێکدێنێ. کورد تێدەگات چارەنووس و مان و نەمانی پێکەوە گرێدراوە. تەلەڤیزیۆنێکی نەتەوەیی، بیری رزگاریی خاک و رزگاریی نەتەوە و نیشتمان لای تاکی کورد دەکاتە بیر و ئامانجێکی پیرۆز. بوونی تەلەڤیزیۆنێکی نەتەوەیی، فەرهەنگی رێزگرتن بەرامبەر بیروباوەڕی جیاوازی نێوکۆمەڵگە، ئاین و ئاینزای جیاواز و خۆشەویستیی بەرامبەر گەل و نیشتمان لای تاکی کورد پێکدێنێ. بۆ ئەمەش پێویستە پێش دانانی تەلەڤیزیۆن، دەستەی بەڕێوەبەر، یان ئەو ژمارە کوردە نیشتمانپەروەرانەی بەم ئەرکە پیرۆزە هەڵدەستن، لەناخی مەزنیی کارەکەیان تێبگەن، بەرنامەیەکی زانستانە و نەتەوەیی بۆ

ڕەچاوبکەن کە هەموو سات و کاتێکی پەخشی تەلەڤیزیۆنەکە لەخزمەتی پێگەیاندنی ئاستی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی نەتەوەی کورددا بێت.

تاکوو ئیمڕۆ هەموو ئەو بیرکردنەوە و کۆبوونەوانەی لەلایەن نەتەوەییەکانەوە بۆ دانانی میدیایەکی نەتەوەیی کراون، سەرکەوتوو نەبوونە،

**پرسیاری 12- پێوەندی ئەندامانی کۆنگرە ئێستا لە تەک یەکتردا چۆنە، ئایا هاوکاریتان هەیە بۆ هیچ پڕۆژەیەک؟ هەندێک جار بەیاننامە بە ناوی هاوبیرانی کوردایەتی دەردەکەن، دەتوانن ئەمە کەمێک بۆ خوێنەران ڕوون بکەنەوە؟**

**وەرامی پرسیاری (12):** زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە پێوەندیمان لەگەڵ یەک ماوە. ماوەی زیاتر لە ساڵێکیش دوای ڕاگیرانی کۆنگرە، کۆبوونەوەکانی ئەندامانی کۆنگرە لە سکاندیناڤیا بەردەوامبوو. بیرمان لە کردنەوەی کەناڵێکی سەربەخۆی نەتەوەیی کردەوە، بەڵام کۆسپی سەرەکیمان نەبوونی بووجە و پارە بوو. بۆیە هەوڵەکەمان سەرینەگرت. لەدۆخی ئێستادا هیچ پڕۆژەیەکمان نییە.

لەبارەی **''کۆمەلەی هاوبیرانی کوردایەتی''** یەوە، دوای نەمانی چالاکیی کۆنگرە بیر لە دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی نەتەوەیی کرایەوە کە نێوەندەکەی لە باشوور بێت. بۆ ئەمەش بە پێشنیازی هاوبیر **کاک کامیل ژیر** لە وەرزی بەهاری 2013 لە گوندی **''ستیەک''** لە سلێمانی کۆبوونەوەیەک سازکرا و زۆربەی

هاوبیرانی باشوور. تێیدا بەشدار بوون منیش بە نوێنەرێتیی هاوبیرانی سکاندیناڤیا و چەندین هاوبیری دیکە لە ئەورووپا لە کۆبوونەوەی "سیتەک" بەشداربووم. بەداخەوە ئەو پلان و بەرنامەی بۆ گەشەی ئەم ڕێکخراوە تازەیە بیری لێکرابووەوە، وا دەرنەچوو، لەبەر ئەوە تەنیا ئەوەی پێکراوە جارجارە بەیاننامەیەک بڵاوبکاتەوە.

**پرسیاری 13- زۆر باس لەمە دەکردرێت کە کورد پێویستی بە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی/نیشتمانی هەیە بەڵام هەموو جارێک شکست دەهێنی. دوایین هەوڵ کۆنگرەیەک بوو کە بە دەستپێشخەری بارزانی ڕێک و تەنیا لە ئاستی یەکەمین دانیشتندا مایەوە و تەواو بوو. یان بۆ نموونە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (ک ن ک) هەیە. پێتان وایە بۆچی ئەو هەوڵانە سەرناگرن؟ سەکەریکترین لەمپەرەکان بۆ دامەزراندنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بە تایبەت و دامەزراوەگەلێ نەتەوەیی بە گشتی چین؟**

**وەرامی پرسیاری (13):** کورد نەک هەر پێویستی بە سازی یان نێوەندێکی کوردستانیی هەیە، بەڵکوو بۆ نەتەوەی کوردی کۆیلەی ژێرپێکراوی نیشتمانداگیرکراوی پارچە پارچە کراو، بێ دامەزرانی کۆنگرە یان چەترێکی نەتەوەیی، ناتوانێ ڕزگاری و سەربەخۆیی بەخۆیەوە ببینێت. هیچ حیزبێ هەرچەندە گەورەش بێ، ناتوانێ نوێنەرێتیی تێکڕای نەتەوەی کورد بکا و، ناتوانێ کورد بە ئامانج بگەیەنێ. کوردستان پێکهاتەیەکی چینایەتی و ئاینی و ڕەگەزیی جۆراوجۆرە و، تەنێ نێوەندێکی کوردستانییە

دەتوانێ هەموو ئەم پێکهاتەجیاوازانە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و، پێکەوە تێبکۆشن بۆ رزگارکردنی نیشتمانەکەیان و دامەزرانی سیستەمێکی سیکۆلار کە بە یەکسانیی مافی هەموو ئەم پێکهانە جیاوازانە دابین بکات. حیزبایەتیی بریتییە لە بیری پارێزگاریکردن لە ئیدۆلۆژی، یان چینێکی تایبەتی نێو کۆمەڵگە و لەسەر بناخەی دەسەلاتی حیزبی و بەرژەوەندیی ئابووریی دادەمەزرێت، نەک بۆ رزگارکردنی نەتەوەیەکی بندەست. بۆ نەتەوەی کورد کە هیچ ئەزموون و شارەزاییەکی لە کاری پێکەوەژیان و دێمۆکراسی نییە و، ئەوی دەیزانێ و بینیویەتی کردەوە و فەرهەنگ و سیاسەتی نامرۆڤانەی داگیرکەرانییەتی، بوونی دەزگەیەکی نیشتمانیی دەبێت بە زانستگەیەکی دێمۆکراسی بۆی. لە کاتی رزگاربوونی کوردستان زۆر ساناترە بۆی سیستەمێکی سیکۆلار قبوڵ بکا و، بەرپەرچی هەر جۆرە سیستەمێکی تاکپەرستیی بداتەوە کە زالە بەسەر رۆژهەڵاتی ناڤیندا.

ئەوجا ئەوەی کە حیزبێ هەڵدەستێ، سازییەکی نەتەوەیی دادەنێ، تەنیا بۆ چەواشەکردنی خەڵک و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە و بەکارهێنانی ئەو نێوەندە نەتەوەییەیە بۆ ئامانج و بەرژەوەندیی حیزبیی. چۆنکە سەرلەبەری حیزبەکان بە ئاشکرا خۆیان بە هاووڵاتیی وڵاتانی داگیرکەر دەزانن و ئەمەش ناشارنەوە و هەموو هەولێکیان بۆ ئەوەیە ببن بە بەشێ لە دەسەلات لە پێتەختی وڵاتانی داگیرکەر و، لەو بەشەی کوردستانیش دەوریان هەبێ کە سەر بە وڵاتانی داگیرکەرە. لەبەر ئەوە نەتەوەییەکان

کارێکی هەڵە و نانەتەوەیی دەکەن، دەبن بە ئەندام لەنێو دەسگەیەکی بەناو نەتەوەیی، کە لەلایەن حیزبیکەوە دادەمەزرێندریت. بۆ نموونە، **کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان** کە سالانی ساڵە دامەزراوە، ساڵ دوای ساڵ کزتر و لاوازتر بووە، چۆنکە پاشکۆ و گریدراوی سیاسەتەکانی حیزبە دامەزرێنەرەکەیەتی کە پێ کێ کێ یە. دامەزرانی کۆنگرەی نیشتمانیی یان هەر سازییەکی نەتەوەیی لەلایەن بارزانیی، یان سەرۆکی هەر حیزبێکی دیکەوە بێت، یەکەم مەرجی ئەوەیە، ئەگەر بەڕاستی یڕوایان هێناوە بە سەربەخۆیی کوردستان، حیزبەکەیان هەڵوەشێننەوە و، سازییەکی گشتگیری کوردستانیی دامەزرێنن. جۆنکە تاکی ناحیزبیی کورد و تاکی سەر بە حیزبەکانی دیکە، هەست ناکەن دەبن بە ئەندامی پارتی بارزانیی، بەڵکوو دەبن بە ئەندامی دەسگەیەکی سەرتاسەریی کوردستانیی، کارێکی وا بەدڵنیاییەوە لەخزمەتی بارزانیی، یان سەرۆکی هەر حیزبێک دەبێ بەم هەنگاوە هەڵدەستێ، هەروەها لە خزمەتی رزگاریی یەکجارەکیی نەتەوەی کوردیشدا دەبێت.

**14- بە پێی ئەزموونی کارکردن لە رێکخراوەیەکی سیاسیی نەتەوەییدا، چ پێشنیارگەلێکتان هەیە بۆ ئەو پرۆژەی هاوشێوە؟**

**وەرامی پرسیاری (14):** بە باوەڕی من، هەر تاک و دەستە و گرووپێ خۆیان بە نەتەوەیی دەزانن و بیر لە رزگاریی کوردستان دەکەنەوە، لەپێشدا و، بەر لە هەر کارێ، پێویستە لەگەڵ خۆیان راستگۆ بن و، بێترس و شەرم، بە وردی بیر لە گەورەی و دژواریی رزگاریی کوردستان بکەنەوە، بیر لەوە بکەنەوە کە هیچ

دەسکەوت و بەرژەوەندییەکیان نییە و نایانبێ و، دەبێ ژیان و کات و تەنانەت گیان و تەمەنی خۆشیان بخەنە خزمەتی ئەو پڕۆژە پیرۆز و هاوکات دژوار و سەختەوە.

یەکێ لەو کێشە نێوخۆییە سەقەت و چەوتانەی بووە بە خۆرە و شێرپەنجە و وەک نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراوی لێهاتووە، کێشەی سەرۆکایەتییە. **ئەگەر لەنێو زۆربەی گەلان سەرکردەی گەورەی لێهەڵکەوتووە و خەڵک و نەتەوەکەی بەسەرفرازی و بەختەوەریی گەیاندووە، بۆ کورد بەپێچەوانە بووە و، سەرکردەی کورد کێشە و کارەسات وماڵوێرانیی بەدیاری هێناوەبۆی. زۆربەی زۆری ئەو نەهامەتی و شکست و شەڕی نێوخۆیی و لەشکرکێشیی داگیرکەران بۆ سەر کوردستان، بەفیت و پیلان و جاشایەتی سەرکردەی کوردەوە بووە. سەرکردەی کورد، کێشەی رەوانی و نەخۆشیی دەروونیی خۆی بەسازکردنی حیزب و بوون بە سەرۆک چارەسەر کردووە و، گەل و خاک و نیشتمان و خوێنی دەیانهەزار رۆڵەی کوردی خستووەتە خزمەتی نێوبانگ و بەرژەوەندی و دەسەلاتی خۆیەوە. ناکۆکیی نیوخۆیی حیزبەکان، سووکایەتی و زۆرجار تێرۆری کەسایەتی و جەستەی و دەرکردن و دەستە و کۆتلە کۆکردنەوە، هەمووی لەنەخۆشیی سەرۆک و سەرۆکایەتییەوە سەرجاوەدەگرێت. لەبەر ئەوە ئەگەر بڕیار لە دامەزرانی سازییەکی نیشتمانیی دەدرێ، پێویستە ئەندامانی دامەزرێنەری پڕۆژەیەکی وا پیرۆز، بیری سەرۆک و سەرۆکایەتیکردن لە خۆیاندا بمرێنن. دەستوور و میکانیزمێکی**

**واش دابنرێت، زەوینەی ئەوە خۆشنەکرێت، لەنێو رێکخراوەکەدا پاش ماوەیەک یەکێ بەرزبکرێتەوە و، ئەویش خەڵکی هەلپەرست و چەپڵەلێدەر لەدەوری خۆی کۆکاتەوە و، ریسەکە بکاتەوە بە خوریی.**

بەکورتی، دەتوانین کێشەی کوردستان لەسێ خاڵدا بگونجێنین: **1 -** دابەشبوونی کوردستان لەنێوان رژێمەکانی داگیرکەری و بەکارهێنانی جێنۆسایدی هەمەچەشنە بۆ تووناکردنی کورد کە زیاتر لە سەتسالە بەشێوازی سیستەماتیک بەڕێوەدەچێ. هەر یەکێ لەم رژێمانە گرێدراوی پێوەندیی سیاسی و سەربازی و ئابووریی نێوچەی و جیهانین و، بۆ دەسگەیەکی نەتەوەیی لەسەری پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد بکات لەسەر هەموو جۆرە پێوەندییەکی رژێمەکانی داگیرکەر بە وڵاتان و زلهێزەکان و، خاڵی بەهێز و لاوازی ئەم پێوەندییانە بناسێت. **2-** سێ چارەکەسەدەیە حیزب و رێکخراوەی کوردی سازکراون و، سەرلەبەریان خەباتی نەتەوەی کوردیان دابەش و پارچە پارچە کردووە و، خۆیان بەهاووڵاتیی وڵاتانی سەر بە داگیرکەران دەزانن و، هەموو تاوانێکیان بەرامبەر کورد ئەنجامداوە و دۆزی کوردیان بە چەقبەستوویی هێشتووەتەوە. سەرەرای قوربانیدانی بێئەژمار، کورد نەیتوانیوە هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵبگرێت. زۆربەی حیزبەکان، بە درۆشمی نەتەوەیی و ئاڵای کوردستانەوە، سەرلێشێواوییەکی زۆریان لەنێو کورددا درووستکردووە و،

هەموو سنوور و پرنسیپێکی نەتەوەیی شێوێندراوە. پێ کێ کێ لەقەندیل، دژی دەولەت-نەتەوە دەدوێ. لە میدیاشییەوە **ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان** بە سەرۆکی نەتەوەیی نێودێنێ، ئەگەر ئاپۆ سەرۆکی نەتەوەی کوردە، بۆچی نابێ بەسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان؟ لەباشووریش وەک بۆق و کیسەڵیان لێهاتووە، هەم لەئاودا دەژین، هەمیش لە وشکایی. عێراقین و، نەتەوەیی و کوردستانیشن! یان **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان** کە پاشنێوەکەی ''**ئێران**''ە، زیاتر لە پەنجاساڵە لە هەر ئێرانییەک خۆی پێ ئێرانیترە، کەچی لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان هەموو ساڵێ هەڵدەپەڕێ!! لەبەر ئەوە تێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد ئەرکی سازییەکی نەتەوەیی ڕاستینەیە. **3- بەهۆی سیاسەتی پڕ لە هەڵەی حیزبەکانەوە، چینێکی زەبەلاحی بەنێو ڕۆشنبیری ڕەخنەگری خۆبژێن و هەلپەرست و ماڵپەرست و درۆزن و زۆربلێ و هیچنەکەر لەدەرەوەی وڵات پێگەیوە، لەنێو حیزبەکان بن، یان لەدەرەوەی حیزبەکان نێوەرۆکی ئەمانە وەکیەکە و جگە لە خزمەتی خۆیان و دڵخۆشکردنی خۆیان بە چالاکیی سەر فەیسبووک و ئینتەرنێت و قسەوباسی نێو کۆڕومێوانی چ خێر و بەرهەمێکیان نییە بشێ نێوی خزمەتی لێبنێی.** هاوکات لەگەڵ ئەم کەشەی بەسەر کوردی ئۆرووپادا زالە، ژمارەیەک کوردی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز هەن کە لە دەرەوەی وڵات دەژین و سالانی ساڵە دڵسۆزانە ئەوی لە دەستیان هاتبێ درێخیان نەکردووە و، لە ئەگەری سازبوونی سازییەکی کوردستانیی کە

دڵنیابن لێی، هەموو توانایەکیان بەکار دێنن بۆ گەشە و سەرکەوتنی.

دوا وتەم ئەوەیە، هەر دەسگەیەکی نیشتمانیی دێنتە نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە، ئاگاداری ئەم کێشە و ئاڵۆزییانە بێت لەلایەن حیزب و سیاسەتکار و ڕۆشنبیری خۆبژێنی کوردەوە تووشی بووە. خستنبەڕووی کێشەکان، واتای ئەوەیە رزگارکردنی کوردستان، پێویستی بە باوەڕ و متمانەبەخۆکردنێکی پۆڵایین هەیە. لەدەرەوەی وڵات دەتوانرێ کاری باش بکرێت، بەڵام چەق و نێوەندی خەبات و تێکۆشینە نەتەوەییەکە کوردستانە. دەیانهەزار رۆڵەی رۆناکبیر و دڵسۆز لە نێوخۆی کوردستان هەن کە وەک شانەی هەنگوین پێویستیان بە چاندنی هزر و پەروەردەیەکی نەتەوەیی هەیە. نەتەوەی کورد و کوردستان شیاوی ئەم ژینە سەرشۆڕانەیە نییە. هۆشیارکردنی نەتەوەی کورد بە مافی رەوا و مرۆڤی و مێژوویی خۆی، هەوێنی رزگارکردنیەتی و ئەوکات خۆی دەتوانێ بە هۆشیارییەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.

**بچووکی هەموو کوردێکی پاگژ و نەتەوەیی:**

**سیروان کاوسی**

**6/6/2019**

**تێبینیی:**

**ئەم گفتووگۆیە، لە گۆڤاری ''پۆلیتییا جۆرنال'' (ژمارە 3)، بڵاودەکرێتەوە. بۆ خوێندنەوەی گۆڤارەکە، ئەم لینکەی خوارەوە (بەشی کوردی) کلیک بکە:**

**www.politeiajornal.co**

## بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر

1 – پەرتۆکی ''ئەفیون'' چاپی یەکەم و دووەم، لە سالی 2009 لە وڵاتی نۆروێژ چاکراوە. چاپی سێیەم، لە سلێمانی لەلایەن ''سەنتەری ئاشتی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە''، لەساڵی 2012 چاپ و بلاوکراوەتەوە.

2 - ''مێژووی دەسەڵاتدارێتیی ئاینیی لە ئێران''، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ساڵی 2010 لە شاری ئۆسلۆ لە نۆروێژ چاپ کراوە.

3 - ''کۆبەرهەم – ژمارە 2'' ساڵی 2011 لە شاری ئۆسلۆ، لە وڵاتی نۆروێژ چاپ کراوە.

4 - ''هۆکارەکانی بە دەوڵەتنەبوونی کورد''، لە شاری کۆنکان – لە تایلاند، تایپ و کراوە بە پەرتۆک. لە مانگی خەرمانانی 2015 لە شاری ئۆسلۆ، لە نۆروێژ چاپ کراوە.

5 - پەرتۆكی ''زەلكاو''، مانگی گوڵانی ساڵی 2018 لە شاری ''كۆنكان'' لە ''تایلاند''، لە شێوەی پەرتۆك تایپ و ئامادە كراوە و لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو كراوەتەوە.

6 - پەرتۆكی ''كۆبەرهەم – ژمارە 2'' لە تایلاند تایپ كراوە و كراوە بە پەرتۆك، لەسەر هێڵێ ئینتەرنێت لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 2019 بڵاو كرایەوە.

*- بۆ دەسكەوتنی هەر یەكێ لەم پەرتۆكانە، یان هەر سەرنج و رەخنە و تێبینی و پێشنیازێكتان هەیە، لە رێگەی ئەم ئێمەیلەوە پێوەندیی بگرن:

Sirwan.kawsi@gmail.com

Sirwan Kawsi

Collected Works
No - 2



# Articles, Essays And Interviews With The Kurdish Media

First Edition:

Khonkaen, Thailand, June 2019